# ناسیۆنالیزمی کوردی
# وهۆکارەکانی
# کامڵنەبوونی

ئازاد تۆفیق خەیات

سلێمانی
٢٠١٢

- ناوی کتێب: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی
- نووسەر: ئازاد تۆفیق خەیات
- بابـــەت: لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی
- تایپ: نووسەر
- نەخشەسازی بەرگ وناوەوە: پەیام ئەحمەد
- هەڵەبڕیی: کارزان عەبدوڵلاّ
- زنجیرەی گشتی کتێب: (٩٠٤)
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: لەریا/ سلێمانی
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

- ژمارەی سپاردنی (٢٦٦٨)ی ساڵی (٢٠١٢)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوانی دراوەتیٚ

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن وچاپ وبلاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی

گردی ئەندازیاران
ژمارەی تەلەفۆن : ٣٣٠١٩٤٩

# وتەیەکی پێویست

پێشتر، ساڵی (٢٠٠٩) لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (نوێبوون) دا ئەم بابەتەم بە کورتی بڵاوکردەوە. بەڵام، دواتر بە باشم زانی کە هەمان بابەت بە پوختی وفراوانتر، جارێکیتر دووبارە بکەمەوە بەو مەبەستەی سوود بە کتێبخانەی کوردی وخوێنەری بەڕێز بگەیەنێت.

# سوپاس وپێزانین

سوپاس وپێزانینم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی لە گەلاڵەکردن وبەئەنجامگەیاندنی ئەم بابەتەدا یارمەتیدەرم بوون، بەتایبەت:

هەژار مەعروف قادر، ناسراو بە (دەوەن)ی شاعیر

د. محەمەد تۆفیق محەمەد

پێشەوا جەزا محێدین

جارێکیتر لە کانگای دڵمەوە سوپاسیان دەکەم.

# پێڕست


**پێڕست** ............................................................................

**پێشکەش** ............................................................................

**پێشەکی** ............................................................................

**دەسپێک** ............................................................................

**کورتەیەکی مێژوویی** ............................................................

**پێناسەی چەمکی ناسیۆنالیزم** ...................................................

**بەهای جیۆسیاسی وجیۆستراتیژی کوردستان** ..............................

**تەوەری یەکەم/ هۆکارە سەرەکییەکان:** ..............................................

- **نەخوێندەواری وهەژاری** .......................................................
- **پێگەی کورد وهاوکێشە سیاسییەکان** .......................................
- **لاوازیی هەستی نەتەوایەتی** .................................................
- **کاریگەریی ئایینیی** ........................................................
- **بالادەستیی خێڵایەتی** .......................................................

**تەوەری دووەم/ هۆکارە لاوەکییەکان:** ............................................

- **کەمی ڕێژەی دانیشتووان** ...................................................
- **سایکۆلۆژیای تاکی کورد** ..................................................

**دەرەنجام** ............................................................................

**پاشکۆکان** ............................................................................

**سەرچاوەکان** ........................................................................

# پێشکەش

**پێشکەشە بەو کوردەی بڕوایەکی ڕەهای بەوە هەیە کە بەر لە هەموو شتێك، کوردە.**

# پێشەكی

**بابەتی ناسیۆنالیزم، یەكێكە لە پرسە سەرەكییەكانی گەلی كورد. هەڵبەت، ئەم لێكۆڵینەوەیە یەكەم بابەت یان یەكەم لێكۆڵینەوە نییە سەبارەت بەوەی وترا، بەڵكو یەكێكە لەو بابەتگەلانەی تیشك دەخاتە سەر هۆكارەكانی كامڵنەبوونی ناسیۆنالیزمی كوردی ونەخولقاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی كوردی، یان فاكتەری دەستەبەرنەبوونی كەش وبارودۆخێكی وەها، كە تیایدا ئەو دەوڵەتە چەكەرە بكا وخەونی هەرە مێژینەی ئەم گەلە بەدیبێت.**

**لەڕاستیدا، هەرچەندە ناونیشان وسەردێڕی لێكۆڵینەوەكە مانایەكی گشتگیری هەیە، كە خۆی لە هۆكارگەلێكی مێژینەیی وهەنووكەییدا دەبینێتەوە وتایبەت بە گەلێكی ستەمدیدەیە بە گشتی، بەڵام زیاتر لەسەر كوردستانی باشوور چڕبووەتەوە، یاخود باشتروایە بڵێم تایبەت ومەبەست لە (ویلایەتی مووسڵ)ە. وەلێ، ئەو سەردەمە، چەندین كارەكتەری مرۆیی ودەوڵەتیی لەخۆدەگرێت وخاوەنی چەندین خەسڵەتی كات وسەردەمی جیاجیایە، كە لەم ناوچەیەدا بە درێژایی سەدەیەك مۆڵی خواردووە وزۆریان بە چارەسەرنەكراوی وناتەواوی ماونەتەوە، تا ئەمڕۆ. جا بۆیە، لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە هەوڵ دراوە تاووتوێی كێشەكە لە ڕوانگەیەكی زانستی ومێژوویی وسیاسی وئایینی وكۆمەڵایەتییەوە بكرێت.**

**سەرەنجام، لێكۆڵینەوەكە، لە دوو تەوەری سەرەكی ولاوەكی پێكدێت، كە هەڵگری چەندین خەسڵەتی جۆراوجۆرن. دیارە، هەموو ئەوانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا، لە كورتەیەكی مێژووییدا خراونەتە ڕوو، ئەمە بێجگەلەوەی تیایدا پێناسەی چەمكگەلێكی وەك ناسیۆنالیزم وجیۆستراتیژی وجیۆسیاسی ودیمۆكراسی ودواتریش بەها وپێگە وگرنگی خاكی كوردستان ومێژووی ناوچەكە كراوە. هەڵبەت، بوون ودۆزینەوەی سامانی سروشتی، كە لێرەدا مەبەست لە نەوتە، لەو سەردەمە وبگرە ئێستاش گەورەترین كێشە ومالوێرانیی وداگیركاریی بۆ خەڵكی ئەم ناوچەیە دروستكردووە. واتە، لەبری ئەوەی ببوایە بە سوود وقازانج ومایەی مسۆگەربوونی ئاییندەیەكی گەش بۆ ئێمە، كەچی گەورەترین دەسكەوت، هەژاری ونەخوێندەواری ودواكەوتوویی وپەرتەوازەیی وزاڵبوونی ئەقڵی خێڵایەتی وپاشەكشەی ئاوەزباوەڕی بوو. بۆیە، بابەتەكە پێناسەیەكی كورتی ئەم حەمكە دەسكەوتانەی لەخۆ گرتووە. وێڕای ئاماژەدان بە ڕێژەی نەتەوەی كورد لەئاست نەتەوەكانیتر، وهەروەها خستنەڕووی سایكۆلۆژیای تاكی كورد، یاخود دەسەڵاتدارانی كورد لەو دەمەدا. سەربار، بە دەرەنجامی ئەم لێكۆڵینەوەیە، كۆتایی بە بابەتەكە هێنراوە.**

**یەكێك لە هۆكارە سەرەكییەكانی كامڵنەبوونی ناسیۆنالیزمی كوردی، ئامادەنەبوونی هەستی نەتەوایەتیی بووە لەو سەردەمەدا، كە خۆی لە نەبوونی پرۆژەی نەتەوایەتییدا دەبینێتەوە. لێ، لەوەش گرنگتر، نەتوانینی سیاسەتكردن بووە لەلایەن نوخبەی دەسەڵاتدارەوە. هەڵبەت، ئەمەش بۆ باڵادەستیی ئەقڵییەتی خێڵایەتی وكاریگەریی ناوچەیی وئایینیی وزۆر شتی تر دەگەڕێتەوە. هەرزەگۆییە، گەر تەنها دەستەبژێری دەسەڵاتداری كورد تاوانبار بكرێت، بەوەی نەیتوانیوە وەك پێویست سەر لە هاوكێشە سیاسییەكانی ئەو سەردەمە دەربكات. خۆ ئەگەر واشبێت، ئەی چی بە چاوچنۆكیی ولەرزۆكیی**

سیاسـەتی زلهێزانـی ئـەو سـەردەمە وئێسـتا وتـەنها لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەنـدی وگوێنـەدان بـە هەسـت وسۆزی مرۆیی وجینۆسایدی گەلان بڵێین؟ هەردەم، زلهێزێکی وەك بەریتانیای مەزن، بەرژەوەندی خۆیی بەلاوە گرنگتر بووە لە قەتڵوعامی گەلێکی بێدیفاع. هەربۆیە، بە سەرنجدان لە سیاسەتەکانی، دەبینین لـە دواسـاتە چارەنووسسـازەکاندا پەشـیمان بووەتـەوە لـە هەڵوێسـت وگفتـەکانی پێشـووی. ئەمـەش، وەك ئامـاژەم پێـدا، بۆ لەبەرچـاوگرتنی بەرژەوەندییـەکان دەگەڕێتـەوە. کەواتـە، هـەردەم سیاسـەتکردنی ئـەو زلهێزانــە لەســەر بــڕی قــازانج وبەدەســتهێنانی زۆرتــرین ســوود وەســتاوە، بــەوەی بەرەوپێشچــوونی بەرژەوەندییە هەمەلایەنەکان، یەکلاکەرەوەی هەموو هاوکێشە سیاسییەکان وکێشـەکان بـووە. لە هەمبـەر سیاسەتگەلێکی نامۆراڵی قێزەونی لەوجۆرە، هەردەم بەلای گەلی کوردەوە نەنگی وشوورەیی بووە، کە لـە دوا ساتەکاندا لە بەڵێنەکان وگفتەکانی خۆی پەشیمان بێتەوە، بۆیە نـەیتوانیوە لـە ڕوانگـەی کوردبـوونی خۆیـەوە سـەر لـەو هاوکێشـە وجـۆرە مامەڵـە وهەڵوێسـتە شـەرمەزارییە دەربکا، وزۆر بـە ئاسـانی بووەتـە قوربانیی ئەو هاوکێشە سیاسییە چەپەڵانە.

پێدەچێت، یەکێك لە کوشندەترین هۆکاری فەراهەمنەبوونی دەوڵـەتی نەتـەوەیی کـورد، نـەبوونی ئـەو هەسـتە نەتەوەییـە بێـت کـە خوڵقێنـەری میکـانیزمی ئـەو دروسـتبوونەیە، کـە بەهۆیـەوە گـەلی کـورد دەگاتـە دوائامـانجی خـۆی، ئـەویش گەیشـتن بـە ترۆپکـی سـەروەرییە. بـەڵام، لـەبری ئـەوە، نـەبوونی پرۆسـەیەکی ئاوەزمەندانـە وڕەنگدانـەوەی ناوچـەگەرێتی لـە زۆربـەی شـۆڕش وهەوڵەکانـدا وزاڵبـوونی فاکتــەری ئــایین وململانێکــان وکــارابوونی دژەسیاســەتی ئیقلیمیــی ونێودەوڵــەتیی، تێکــدەر ولەمپــەڕ دروستکەری بەردەم هەموو ئەو هەوڵانە بووە.

بە شێوەیەك لە شێوەکان ولە بەشێکی بابەتەکەدا، ئامـاژە بـە هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق کـراوە، وپێویستیی کـارە گرنگـەکانی کابینـەکانی حکومـەتی هـەرێم وڕۆڵگێڕانـی لـە هەلومەرجـە هەنووکەییـەکان وچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتە دەرەکیی وناوخۆییەکان وهەوڵ وتێڕوانینەکانی بـۆ دیمۆکراسـی کۆمەڵایەتی وناسیۆنالیزم وپرۆژەی نەتەوەیی وئایینـدەی هەرێمەکـە خراوەتـە ڕوو. هـەروەها، پرۆتۆکـۆڵ وپەیوەندییە نێودەوڵەتییە ئابوورییەکان وگەشەسەندنی بواری وەبەرهێنان وزۆرێکیتر. وێڕای، ئامـاژەدان بە بوونی گەندەڵی وحزبایەتی وکەموکوڕی ومیکانیزمی چارەسەرکردنیان.

لـە کۆتاییـدا، هیواخـوازم بـەم لێکۆڵینەوەیـە، تـوانیبێتم بـەردێك بخەمـە سـەر بـەردێك بـۆ زیـاتر گەشەسەندن وبنیاتنانی زیاتری کتێبخانەی کوردی، تا بەهۆیەوە شـووناس وفەرهـەنگ وکـەلتوور وزمـان وپێگە وڕەگەزی نەتەوەی کوردم گەشتر وپاراوتر وتۆکمەتر بێت.

ئازاد تۆفیق خەیات
٢٠١١

# دەسپێك

**ئەی ڕەقیب**
**هەر ماوە قەومی کورد زوبان**
**نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان**
**کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە**
**زیندووە، قەت نانەوێ ئالآکەمان** [1]

دەشێت، گوتاری ناسیۆنالیزم وهۆشیاری نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا، وا هەڵبسەنگێنین کە لە ئاستی پێویستدا نییە. بەو مانایەی، هێشتاکە کۆمەڵگاکەمان بەرەو کامڵبوونی ناسیۆنالیزم وپرۆژەی نەتەوەیی وبنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی نەچووە. هەروەها، دەشێت باس لەوەش بکەین کە کۆمەڵگاکان کاتێك گۆڕانکاری تیایاندا دروست دەبێت، ئیدی بەرەوپێش دەچن وسەرەتاکانی (شار) بەدیدەکرێت لەگەڵ دەرکەوتنی چینی بۆرژوا. بەمانای، دروستبوون وبەکارخستنی کارگە وبازرگانی ودواتریش فراوانبوونی شار، لێرەوە چرۆکانی ناسیۆنالیزم هێدی هێدی دەست بە گەشانەوە وبوژاندنەوە دەکەن. بەڵام، بەپێچەوانەوە کۆمەڵگای کوردی زیاتر (گوندنشین) بووە، گوند سیمای سەرەکی گۆمەڵگاکە بووە، واتا درەنگ دەرکەوتنی شار وچینی بۆرژوا ودرەنگ چرۆکردنی چەمکی ناسیۆنالیزم، لە بەرامبەر بالآدەستی خێڵ ونەخوێندەواری ودواکەوتوویی.

لە ئەنجامی پەرەسەندنی، دەسەلآتی سەرمایەی پیشەسازی (بێگانە)، پیشەسازی (ناوخۆ) بەرەو لەناوچوون ڕۆیشت وئابووری کشتوکاڵی وکالآی جوتیارانیش ڕوویکردە بازاڕی جیهانی، بەمەش هەندێك لە ناوچەکانی کوردستان بووە سەرەڕێگای کاروانی بازرگانی وکەلوپەلی خۆماڵی دروستکراو وبەرهەمەکانی کوردستان ئەنێردرانە دەرەوە، لەبەرامبەر کەلوپەلی پێویست لە دەرەوە بۆ ناو کوردستان. هاتنی سەرمایەی بێگانە، ڕێگربوو لەبەردەم سەرمایەی بازرگانە خۆماڵییەکاندا، بەو هۆیەوە دەستیان کرد بە کڕینی زەوی لە جوتیاران. لە ئەنجامی ئەم کارەش، جوتیارەکان بەهۆی لەدەستدانی زەوییەکانیان، بەناچاری ڕوویانکردە شارەکان وبوونە هێزی کار وچینی کرێکار، بەمەش شارەکان بوونە مەڵبەندی بازرگانی..[2] بەڵام، ئەم گۆڕانکارییەی کۆمەڵگای کوردی، هاوکات نەبوو لەگەڵ هەمان گۆڕانکاری کۆمەڵگاکانی تر، لەبەرئەوەی دەشێت سەرەتای سەدەی نۆزدە بە دەسپێکی گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی لەقەڵەم بدەین..

سەرچاوە مێژووییەکان، گەواهی ئەوە دەدەن کە خاکی کوردستان پێگەی نەتەوەی کورد بووە. بەڵام، هەنووکەش کورد نەیتوانیوە چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ ئەو پێگەیەی خۆی بەدەست بهێنێت، جا

---

[1] شیعری هەستی نەتەوایەتی وفیکری کوردایەتی، شاعیری مەزنی نەتەوەی کورد، (دڵدار).

[2] هیوا عەزیز سەعید: ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری کوردستان (١٩٠٠– ١٩٥٨)، بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ وبلآوکردنەوە– سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٥١– ١٥٢

نەزانی وکەمتەرخەمی خۆی بوو‌بێت، یا هۆکاری سیاسی وپیلانی نێودەوڵەتی. لەوەش گرنگتر، نەبوونی یەکدەنگی ویەکهەڵوێستی ویەکێتی گوتاری کوردییە..

ئێمەی کورد، هەردەم دەبێت سوپاسگوزاری ئەو ڕۆژنامەوانە بیانییانە بین، کە بەهۆی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهیدەوە، هاتبوونە کوردستانی باشوور ومەرگەسات ومەینەتییەکانی گەلی کوردیان بە ڕای گشتی جیهان گەیاندبوو، لەوانەش ڕۆژنامەنووسانی نەرویژی (ئاستور لارشین) و(کلار کامپینت)، فینلەندی (یوسی ڤیوتیللا)، کوردی تورکیا (ڕەمەزان ئۆز تورك) * وفۆتۆگرافەری ئێرانی (د. ئەحمەد ناتقی) وزۆرێکیتر. بەلاّم، ئەمڕۆ ڕۆژنامەوان وکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، وەك پێویست نەیانتوانیوە لە سایەی ئازادییەکاندا، ئەو مەینەتییانە بکەنە هەوێنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی، بۆ سەرخستنی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی وگوڵوەچنەی ڕۆحی خاوێنی شەهیدان وعومەری خاوەر. ئەمڕۆکە، گەلی کورد خاوەنی پێگە ودەسەلاّتی سیاسی وحکومەتێکی لۆکاڵیی خۆیەتی، بەلاّم مەخابن، کەناڵێکی ئاسمانی حکومی یەکگرتومان نییە بە ناوی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)ەوە، کە بە تەواوی وەکی پرۆژەیەکی نەتەوەیی، کەلتوور وزمان وشوناسی کورد، بۆ جیهانی دەرەوە پەخش بکات.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، کورد هەردەم ئەو کارتە یا پەیژەیە بووە، کە ئیمپراتۆریەتە بالاّدەستەکانی ناوچەکە بەسەریدا سەرکەوتوون بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، واتە کورد هەردەم ئامڕاز بووە، بۆیە نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنێت. خۆ ئەگەر شۆڕش یا ڕاپەڕینێکی کوردی لە سنوورێکی بەرتەسکدا بەرپا بووبێت، ئەوا نەیتوانیوە گشتگیر بێت وڕای گشت کورد بەدەست بهێنێت. ئەمە وبێجگەلەوەی، شکستی ڕاپەڕینەکان، پێناچێت توانیبێتی ببێتە پەندێك بۆ داهاتووی گەلی کورد. لەمبارەیەوە، مێژوونووسی کورد (محەمەد ڕەسوڵ هاوار)، * ئاماژە بەوە دەدات کە مێژوونووسی

---

* ڕەمەزان ئۆز تورك: ڕۆژنامەوانێکی کوردی تورکیایە، ئەو کەسە بوو کە پاش کیمیابارانەکە گەیشتە هەڵەبجە و وێنەی کارەسات ومەرگەساتی عومەری خاوەری گرتبوو، ناوبراو بەهۆی ئەو وێنەیەوە چەندین خەلاّتی جیهانی وەرگرتبوو.

* محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شاعیر وڕۆژنامەنووس ومێژوونووسی گەورەی کورد، لە (١/ تەمموز/ ١٩٢٣ز) لەدایك بووە، ئەو کاتەی بەریتانیا لە هەمان ساڵدا شاری سلێمانی وناوچەکانی تری کوردستانی باشووری بۆمباباران کرد. کاك هاوار، محەمەد کوڕی ڕەسووڵ کوڕی حەمەی جوامێر ئاغایە. قۆناغەکانی سەرەتایی وناوەندی وئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، دواتر کۆلێژی قانوون وسیاسە لە بەغدا تەواو دەکات. باوکی محەمەد ڕەسوڵ هاوار خەڵکی گوندی (شیوەکەل)ە لە شارباژێر وخێزانەکەشی خەڵکی (کەمالاّن)ە. یەکەمین کارەسات کە هاوار بە چاوی خۆی بینی، کارەساتی شەڕی بەردەرکی سەرای (٦/ ئەیلوول/ ١٩٣٠ز) بوو. یەکەمین بەرهەمی بلاّوکراوەی ناوبراو بۆ تەمەنی هەژدە ساڵی دەگەڕێتەوە، کە پارچە شیعرێك بوو بە ناونیشانی (وێنەی کوردستان) کە ساڵی (١٩٤٢ز) لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بلاّوکرابووەوە. هاوار زیاد لە (١٥) کتێبی چاپکراوی هەیە وچەندین شیعر ونووسین وچیرۆك وبەرهەمی ئەدەبی تریشی هەیە کە لە گۆڤار وڕۆژنامەکاندا بلاّوکراونەتەوە. (١٩٤٦ز) خێزانی پێکهێنا، کاتێکیش حزبی هیوا دروست بوو، ئەم بووە یەکێك لە ئەندامە کاراکانی. هاوار بە درێژایی ژیانی وبەهۆی کوردایەتییەوە زۆر تەنگوچەڵەمە وسەرگەردانی وڕاوەدونانی دیوە، هەربۆیە ساڵی (١٩٥٤ز) دەگوێزرێتەوە بۆ قەلاّدزێ وپاشان بۆ دهۆك وپاش چەند ساڵێك دەیگەڕێننەوە بۆ سلێمانی. ناچار لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٦١ز) ڕوودەکاتە بەغدا، ولەوێ دەبێتە فەرمانبەر. بەهۆی نالەباری ژیانیەوە ساڵی (١٩٧٩ز) کوردستان جێدێڵێ وڕوودەکاتە هەندەران ولە شاری (لەندەن) دەگیرسێتەوە، دووبارە لەوێش دەستدەکاتەوە بە نووسین، هەرچەندە ساڵی (١٩٩٢ز) بە سەردانێك وهێنانەوەی پرۆژەیەکی ئەدەبی دێتەوە شاری سلێمانی. مەخابن ناوبراو، لە

کورد (ئەمین زەکی بەگ)، * لە هەمووکەس زیاتر هەستی بەوە کردووە، کە کورد پەندی لە ڕووداو وبەسەرهاتەکان وەرنەگرتووە.[1]

گەر چەمکەکانی نەتەوە ونەتەوەخوازی وهەستی نەتەوایەتی وناسیۆنالیزم، دیاردەیەکی تا ڕادەیەك نویٚ بن لەچاو هزر وئایدیۆلۆژیا ودیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تردا، ئەمە مانای نوێترین پێناسەی تایبەت بە شوناسی نەتەوە جیاجیاکان، ئەوەندە نابێت هاتووەتە کایەوە. دەشێت ئەم چەمکانە لە سەردەمانێکی پێشتردا وبە شێوازێکی تر ودەربڕینێکی تر بوونی بووبێت، واتە تا ڕادەیەك مەبەستەکەی ئێمەی پێکابێت. بەڵام، ئاشکرایە لە دوای سەدەی هەژدەی زایینییەوە بەتایبەت دوای شۆڕشی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩ز)، ئەم چەمکانە بە جوانترین شێوە خۆیان دەرخستبوو. بەمانای، دەستەواژەی ناسیۆنالیزم لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە کامڵبوونی تەواوی بەخۆوە بینی.........

کاتێك ئاماژەمان بەوەدا، کە شێوەیەك لە هەستی نەتەوایەتی دەشێت لە سەردەمانی پێشوودا بەدیکرابێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ناسیونالیزم وچەمکە هاوشێوەکانی لە دێرزەمانەوە لەنێو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا ئامادەبوونیان بووبێت، هەروەك چۆن ئامادەنەبوونیشیان ناگەیەنێت. کەواتە کۆمەڵگاکان بەهۆی ڕوداو وداگیرکاری وهۆکارە مێژووییەکانەوە جۆرێك هۆشیارییان بۆ تاکەکانیان بەرهەم هێنابوو،

---

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (٣٠/ ١١/ ٢٠٠٦ز) لە نەخۆشخانەیەکی لەندەن ولە تەمەنی (٨٢)ساڵیدا، بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. دواتر تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ سلێمانی ولە گردی (مامەیارە) بە خاك سپێردرا.

* محەمەد ئەمین زەکی بەگ کوڕی حاجی ئەوڕەحمانی کوڕی مەحموود بەگە: ساڵی (١٨٨٠ز) لە گەڕەکی (گۆیژە) لە شاری سلێمانی لەدایك بووە وبەرەبەیانی ڕۆژی هەینی، مانگی تەمموزی ساڵی (١٩٤٨ز) لە تەمەنی (٦٨) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات ولە (گردی سەیوان) بەخاك دەسپێردرێت. ساڵی (١٨٩٢ز)، لە سلێمانی خراوەتە بەر خوێندنی سەرەتایی، پاش ساڵێك خراوەتە قوتابخانەی (ڕوشدییەی سەربازی) لە هەمان شار. قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی تەواو کردبوو، تا گەیشتبووە پلەی مامۆستای وانەبێژی (مێژووی جەنگ) لە کۆلێژی ئەرکان لە (ئەستەنبوولّ). ناوبراو، لەگەڵئەوەی ئەفسەرێکی سەربازی وئەندازیاری پلاندانان بووە لە سەربازیدا، بەڵام زیاتر خۆی بە مێژوونووسین وديراساتی مێژووییەوە خەریك کردووە. ئەمین زەکی بەگ، لەبەرئەوەی دۆستێکی نزیکی (ئەتاتورك) بووە، بۆیە کراوە بە جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپای حەوت لە ئەستەنبوولّ. کاتێکیش، دەوڵەتی نوێی عێراق لە (١٩٢٠ز) دا پێکهێنرا، ئەو گەڕایەوە بۆ عێراق وبووە مامۆستا ودواتریش فەرماندەی کۆلێژی سەربازی، هەتا ساڵی (١٩٢٥ز). واتە، لێرەوە بواری سەربازی بەجێهێشت وخەریکی کاری سیاسی بوو. بەمەش، وەك نوێنەرێکی شاری سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەڵبژێردرا. ڕۆژی (١٤/ تشرینی دووەم/ ١٩٢٥ز)، بە فەرمانێکی تایبەت بووە وەزیر لە دووەم وەزارەتی (عەبدولموحسین سەعدون)دا. ئەمین زەکی، لەو ساتەوە تا (شوباتی ١٩٤٢ز)، یازدە جار بووەتە وەزیر. تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد، ئەندامی (ئەنجوومەنی پیران) بوو. ناوبراو، مێژوونووسێکی گەورەی باشووری کوردستانە، بە یەکەمین مێژوونووسی کوردی سەردەمی نویٚ دادەنرێت کە هەوڵی دابیٚ بە شێوەیەکی زانستییانە ڕەچەڵەکی کورد بخاتە ڕوو. لە (١٥/ مارس/ ١٩٣١ز) دا، شاکاری (خولاسەی مێژووی کورد وکوردستان)ی بەچاپ گەیاند، کە بە بڕوای زۆرینەی توێژەران ولێکۆڵەران لە دوای شاکاری (شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی)یەوە، ئەمە دووەم پەرتووکی گرنگە دەربارەی بنەچە وڕەسەنی نەتەوەی کورد. هەڵبەت، ناوبراو هەستێکی نەتەوەپەروەری پاڵنەری سەرەکی ئەم کارانەی بووە، لەگەڵ بەچاپگەیاندنی چەندین توێژینەوە وبابەتی گرنگی تر.

[1] محمد ڕەسوڵ هاوار: کورد وباکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە تا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٥

ئەوجا بەرنامەڕێژی بێت یا کاردانەوە، بەرزی ئاستی تێڕوانینی تاکەکان بێت یان گەڕان بەدوای شوناسدا. ئەوروپای خۆرئاوا، پێشەنگی جیهان بوو لەم ڕووەوە، وەڵێ فەرەنسا لەنێویاندا سەرقافڵەی کاروانی سەربەخۆیی وداهێنەری چەمکەکانی سەروەری وئازادی ودەوڵەتی نەتەوەیی بوو، لە کاتێکدا کەسانێکی تر پێیان وابوو ئینگلیزەکان ڕچەشکێنی ئەو دیاردەیە بوون، ئەمەش بە پشتبەستن بە شۆڕشی پیشەسازی ئینگلیزی ساڵی (١٦٨٨ز)، کە بە مەزنترین هۆکاری گۆڕانکاری وداهێنانی چەمکەکانی ڕۆشنگەری وکۆلۆنیالیزم وبۆرژوا وپیشەسازی وئابووری هەژمار دەکرا.

ئاشکرایە، دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم، پەیوەستە بە دەرکەوتنی گوتاری نەتەوەیی وچینی بۆرژوا وچەمکی شارستانێتی وبەرەوپێشچوونی پیشەسازی ودروست بوونی کارگە وشارەوە. لەوەش زیاتر، دەتوانین بڵێین دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم، بەرهەمی قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی وئابوری وفەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایەیە. یاخود، بەمانای، ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە.[1]

تێکڕای ئەم وتانەی باسکران، ئاماژەدانێك بوو بە مەبەستێکی گرنگ، کە خۆی لە ناسیۆنالیزم وگوتاری نەتەوەیی کوردیدا دەبینێتەوە، گوتارێك کە هێشتا کامڵبوونی تەواوی بەخۆوە نەبینیوە. ئەمە بێجگەلەوەی، خودی گوتارەکەش جوگرافیایەکی دیاریکراوی نەبووە ونییە، بەهەمان شێوە پرۆژەیەکی نەتەوەیش بەرهەم نەهاتووە، کە هەڵگری ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بێت. وێڕای نەبوونی هەڵوێستێکی یەکگرتووی ناسیۆنالیستانە کە تاکە ڕۆشنبیرەکانی کورد داینەمۆی بن، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ناسیۆنالیزم بەبێ ناسیۆنالیست ونەتەوە وزمان وکەلتور وفیدراسیۆن وجوگرافیا، مانایەکی ئەوتۆ نابەخشێت ووەکی کوتینی ئاسنی سارد وایە. کەواتە، دەبێت ودەبوو، تاکی کورد خۆی هەوڵی گۆڕانکاری بدایە لەنێو کۆمەڵگاکەیدا، هاوکێشە سیاسییەکانی بە گوتاری ناسیۆنالیزم و یەکێتی وپرۆسەی نەتەوەیی وبەرژەوەندییە ستراتیژییە باڵاکانی خۆیی یەکلایی بکردایەتەوە.

مێژوو، گەواهی ئەوە دەدات، کە کورد لە ماوە جیاجیاکاندا، خاوەنی چەندین میرنشین بووە، دەسەڵات وجوگرافیایەکی دیاریکراو ونفوز وهەندێکیان چەك وجبەخانە وسکەی پارەشیان لێداوە، زۆربەیان یەکلاکەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە بوون وپێگەی دیاری خۆیان هەبووە. بەڵام، دەکرێت بپرسین: ئەدی ئەوانە چییان لێهات، کوان ئەوانەی مێژوو باسی لێکردوون، ئەوانەی باپیرانمان بە شکۆمەندییەوە بونەتە حیکایەتخوان بۆیان؟ لەگەڵئەوەی، ئەم وتانەی باسکران ڕاستییەکی مێژوویین، بەڵام بێجگەلە ئاسەوار ووێنە وشێوە کەلتوورێکی بەجێماو، دەشێت بخرێنە خانەی ئەفسانە ونادیارەوە، لەبەرئەوەی هەر خۆشمان دەتوانین بپرسین: گەر ڕۆژگارێك بووبێت پێگە ودەسەڵاتی کورد هێندە فراوان بووبێت؟ ئەدی لەپای چی، ئەمڕۆکە کورد هێندە لاواز وبێ نیشتمانێکی سنوور دیاریکراو ویەکنەگرتووە؟ دەبێت سوپاسی خوا بکەین، بەوەی ئەو حەمکە وێنە ونووسین ودۆکیۆمێنتانەی ماونەتەوە شاهیدی ئەم ڕاستییە مێژووییانەن...

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٧٥

نووسەر (کەریم یەڵدن)، * ئاماژە بەوە دەدات، کە ئیمپراتۆریەتەکانی عوسمانی وفارسی لە سەدەی شازدەوە وبەمەبەستی هێشتنەوەی ئاشتی وئارامی لەسەر سنورەکانیان، مۆڵەتیان بە ئۆتۆنۆمی کوردیدا..[1] بەڵام ئەمە ئەوەی نەدەگەیاند کە کورد هەتاسەر بە ئارەزوی خۆیان حوکمڕانی خۆیان بکەن، بەڵکو ڕۆژگارێك هاتە پێش کە کوردی تێدا بەئاگا هێنرایەوە لەو خەوە خۆشەی لێیکەوتبوو. بەداخەوە، دەبوایە کورد باش ئەو ڕاستییەی بزانیایە کە تورك وفارس، لەگەڵئەوەی دامەزرێنەر وڕێپێدەری میرنشینەکانیان بوون، ڕۆژگارێکیش دەبێت کە هەر ئەوان کۆتاییپێهێنەری دەسەلاتەکانیان بن. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ڕاستییە، نووسەر (وەدیع جوەیدە)، * ئاماژەی بەوە داوە کە لە ساڵانی (١٦٥٠–١٧٣٠ز)، عوسمانییەکان زۆربەی میرنشینە ئۆتۆنۆمییە کوردییەکانیان لە ناوچەی دیاربەکر ووان سەرکوتکرد، پرۆسەی نەهێشتنی میرنشینە کوردییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا تەواو بوو..[2] بێگومان، هاوشێوەی ئەم پرۆسەیە، کوردستانی بن دەسەڵاتی فارسیشی گرتبووەوە..

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، ژمارەیەکی گەورەی ڕۆشنبیرانی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، تا دەهات بە مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی وبیرۆکەی ناسیۆنالیزم ئاشنا دەبوون. لەو ڕۆژگارەدا، تەمەنی ئەم مۆدێلە لە ئەوروپا، نزیکەی سەدەیەك دەبوو، مۆدێلی فەرەنسی وئینگلیزیش دیارترین شێوەکانی ئەم مۆدێلە تازەیەی ناسیۆنالیزم بوون..[3] جارێکیتر، دەکرێت بپرسین: ڕۆشنبیرانی کورد هەتا چەند ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم مۆدێلە نوێیە دا پەیدا کرد بوو؟ ئایا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا دەڕۆیشتن؟ لەلایەکی ترەوە، ولەگەڵ فشاری ئیمپریالیستی دەرەوەدا، ئەدی ناسیۆنالیزمیش لە ناوەوەڕا، کۆڵەکەکانی ئیمپراتۆریەتی لەبەریەکدی دەترازان. ئاخۆ، کورد چ

---

* دکتۆر کەریم یەڵدن: کەسایەتییەکی سیاسی وپارێزەر ونووسەرێکی دەرکەوتووی کوردستانی ڕۆژئاوایە وئێستاکە لە تاراوگەیە، سەرۆکی کۆمەڵی کورد وبەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوی مافی مرۆڤە لە بەریتانیا. خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوە ونووسین و وتاری کوردییە.

[1] کەریم یەڵدن: کورد لە عێراق، و: شاهۆ بورهان،چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٣

* پرۆفیسۆر وەدیع جوەیدە: وەدیع کوڕی ئیلیاسە ولە بنەماڵەی ناسراوی جوەیدەیە، لە خێزانێکی کریستیانیی عەرەبیی زمان. ناوبراو لە شاری (بەسرە) لەدایك بووە، پاشتر خێزانەکەیان ڕووی کردووەتە (بەغدا). وەدیع جوەیدە، قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی لە بەغدا تەواوکردووە، پاشتر لە ساڵی (١٩٤٢ز) کۆلێجی مافی لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە. ناوبراو لە وەزارەتی (تەموین) بووەتە کارمەند و وەك پشکنەر کاری کردووە. لە کۆتایی ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم، بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کارەکانی سەردانی ناوچە کوردییەکانی عێراقی کردووە. دواتر، لە کۆتایی ساڵی (١٩٥٢ز)دا عێراق جێدەهێڵێ ورووودەکاتە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ساڵی (١٩٦٠ز)، لەوێ دکتۆرا تەواودەکات ودواتر پەیوەندی بە زانکۆی (ئینديانا)وە دەکات. ساڵی (١٩٨٥ز)، وەك پرۆفیسۆرێکی مێژوو خانەنشین بووە. بەڵام، پاشان چووەتە زانکۆی (کالیفۆرنیا) و وەك پرۆفیسۆرێکی مێژوو کاری کردووە. لە ڕاستیدا، ئەم بەرهەمەی نامەی دکتۆراکەی بووە کە ساڵی (١٩٦٠ز) پێشکەشی زانکۆی (سەرەکۆسە)ی ئەمریکای کردووە. دواتر، ساڵی (٢٠٠٦ز) ئەم بابەتە وەك کتێب لەلایەن دەزگای چاپی سەرەکۆزەوە بەچاپ دەگەیەنرێت.

[2] پ. د. وەدیع جوەیدە: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، بنەما وپەرەسەندنی، و:ی. پ. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی سیما– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٥١

[3] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم و سەفەر، کورد لە دیاسپۆرا، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦٠

سوودێکی لەم لەبەریەکترازانە دی؟ چ ڕۆڵێکی بۆ بەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ دی؟

مێژوونووسی گەورەی کورد (ڕەفیق حلمی)، [*] لە یاداشتەکانیدا ئەو ڕاستییەی خستووەتە ڕوو کە: "مەسەلەی کورد وسەربەخۆیی کوردستان، هەر لە ڕووی سستی وفڕوفێڵی ئینگلیزەوە بەم ئەنجامە نەگەیشت، بەڵکو لەمەدا کوردەکان خۆشیان بەشدارن وئەتوانم بڵێم کە تانووتی گەورەتر ئەبێ لە کوردەکان خۆیان بگیرێ. چونکە، جارێ کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد، کە ناوچەیان لە ئەستەنبووڵ بوو، وە لەگەڵئەوەی بەشێکی ئەندامە ناودارەکانی، خەڵقی سلێمانی بوون، ئەوەیان بە بیر نەهاتبوو کە بە ناوی کۆمەڵەکانەوە ئەمانە بنێرنە سلێمانی بۆ یارمەتی شێخ مەحموود وڕێکخستنی کاروباری حکومەتەکەی. لە کاتێکدا، ئەمانە ئەچوونە ئاسیای بچووك و ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی تورکیا، ولە ناو کوردەکانی ئەو ناوەدا تەقەلای بێسوودی کوردایەتییان ئەدا، کە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری دامەزراندنی کوردستان تێدەکۆشان. بەڵام، ڕوویان نەدەکردە هەرێمی سلێمانی وهەوڵی ئەوەیان نەئەدا کە لە شێخ مەحموود کەڵك وەرگرن وحکومەتەکەی لە دەسکاری ناڕاست ونەفامەکان بپارێزن.

ئەوانەش کە لە تورکیا بوون، بەتایبەت سەرەك عەشیرەتەکان وناودارەکان، بە چەشنی تورکە نیشتمان پەروەرەکان وبەڵکو لەوان زیاتریش، پشتی (مستەفا کەمال)یان گرتبوو، وە بڕیاری شەڕی ڕزگاریی وڵاتی شەریکایەتی کورد وتورکیان دابوو. ئەو شەڕەی، کە داخەکەم ئەنجامەکەی (مەحکەمەی ئیستیقلال)ی لێ پەیدابوو، کە لاوەکان گەورە ناودارەکانی کوردی بەکۆمەڵ ئەخنکاند وئەیکردن بە نیشانی تفەنگ وشەست تیرەوە.

---

[*] ڕەفیق حلمی: مێژوونووس ونووسەری بەرزی کورد، ڕەفیق حیلمی کوڕی ساڵح ئەفەندی کەرکووکی کوڕی مارف ئاغای عەزیز ئاغای بابەکر ئاغای مەلا وەیسییە، ساڵی (١٨٩٨ز) لە گەڕەکی (ئیمام قاسم) لە شاری (کەرکووك) لەدایك بووە. ساڵی (١٩٠٩ز)، خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی (کفری) تەواو کردووە. دواتر، لەگەڵ خانەوادەکەیدا کۆچ دەکەن بۆ شاری (سلێمانی)، ناوبراو لەوێ دەچێتە قوتابخانەی (ڕوشدییەی سەربازی)، وهەر لەوێش ساڵی (١٩١١ز) خوێندن تەواو دەکات. پاشان، دەچێتە شاری (بەغدا) وهەر لەوێش خوێندنی ئامادەیی لە ساڵی (١٩١٣ز)دا تەواو دەکات. لەوێ، لەبەر زیرەکی ولێهاتوویی خۆی لە لایەن مامۆستا (عەبدوڵڵا حلمی)یەوە نازناوی (حلمی) پێدەبەخشرێت. پاشتر ڕەفیق حلمی، کۆچ دەکات بۆ (ئەستەنبووڵ) ولەوێ دەچێتە کۆلێژی ئەندازیاری– بەشی بیرکاری، هەر لەوێش پەیوەندی بە (کۆمەڵەی هێڤی– هیوا)وە دەکات، وسەرەتای کاری سیاسی دەست پێدەکات. دوای ئەوەی، لە ساڵی (١٩١٨ز)دا خوێندن تەواو دەکات، ئیدی دەگەڕێتەوە عێراق و وەکی کەسێکی سیاسی وڕۆشنبیر وخاوەن مەعریفەیەکی تەواو دەردەکەوێت. پاشان، لە حکومەتی یەکەمی شێخ مەحموودی حەفیددا (١٩١٨– ١٩١٩ز)دا دەبێتە نووسەر وسەردەفتەری شێخی نەمر. ناوبراو، لەگەڵئەوەی ڕۆشنفیکرێکی مەزن بوو، هاوکات زمانەکانی عەرەبی وفارسی وتورکی وئینگلیزی وفەرەنسیشی دەزانی. هەربۆیە، وەك خاوەن ئیمتیاز وسەرنووسەر ووەرگێڕی کۆمەڵێك لە گۆڤارەکانی (ڕۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستقلال، بانگی حەق)ی ئەو سەردەمەدا کاری کردووە. لەبەرئەوەی، وەك کەڵە ڕۆشنبیر ووەرگێڕی ئەفسەرە سەربازییەکانی ئینگلیز کاری دەکرد، بۆیە هەردەم جۆرێك لە ناکۆکی ودژە بیروباوەڕ بەرۆکی گرتبوو، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە ڕەواندز بگیرێت ودواتریش بگوازرێتەوە بۆ کۆیە. پاش دەرچوونی لە زیندان، ڕاستەوخۆ دەچێتە بەغدا ودووبارە لەوێش بەشداری لە چەندین ڕاپەڕین وبزوتنەوەی شۆڕشگێڕیدا دەکات، دواتر دەگەڕێتەوە سلێمانی وساڵی (١٩٢١ز)یش (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان– جمعیة استقلال کوردستان) ڕادەگەیەنێت. ڕەفیق حیلمی، لەگەڵئەوەی ژیانی سیاسی پڕ لە کێشمەکێش بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نووسەرێکی بەتوانا بوو، خاوەنی (١٠) بەرهەمی چاپکراون وتێکڕای یاداشتەکانیشی لە شەش بەرگدا تۆمار کردووە. ناوبراو لە (٤/ ئاب/ ١٩٦٠ز) بە خوێن پژانی مێشك، کۆچی دوایی کرد.

بەخت، زۆر یارمەتی (مستەفا کەمال)ی * دەدا. فەرەنسە وئیتالیا، کە دۆستی ڕۆژی شەڕی ئینگلیز بوون، لەو ڕۆژەدا ببون بە لایەنگری مستەفا کەمال. حکومەتی ئەستەنبووڵ، کە دۆستی ئینگلیز ودوژمنی مستەفا کەمال بوو، خۆی پێ ڕانەگیراو کەوت، وسەڵتەنەتی بۆ بەجێهێشت. رووسە شوورەوییەکان، لێی نزیك کەوتبوونەوە وبە پارە وچەك یارمەتی لەشکرەکانی تورکیان ئەدا. لە ئاست ئەم هەموو کارەساتەدا، ئینگلیز، چاری نەما وسەریان لە بەرامبەر واقیعدا چەماندەوە. دەستی دۆستایەتییان بۆ دوژمنی دوێنێیان درێژ کرد، ولەگەڵ مستەفا کەمالدا کەوتنە بازاڕی ڕێککەوتنەوە. بەینێکیش، کە تورکەکان داوای (موسڵ)یان کرد، ئینگلیزەکانیش بە دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە عێراق، هەڕەشەیان لێکردن. لە ئەنجامی ئەم کارە، لە ژێرەوە پێکهاتن. تورك، وازی لە موسڵ هێنا، ئینگلیزیش دەستیان لە کوردستان وشێخ مەحموود هەڵگرت." [1]

وێڕای ئەم ڕاستییانە، یەکێك لە ڕووداوە دیارەکانی سەدەی بیست لە عێراقدا، بریتی بوو لەو شۆڕشە میللییە خێڵەکییە، کە بە (شۆڕشی بیست) ناونرا. ڕووداوەکانی، سەرجەم ناوچەکانی عێراقی گرتەوە وتا ئێستاش زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە کارێکی نیشتمانیی گەورە بووە. ئەوەش، لە ئەنجامی ئەو بێئومێدییەی خەڵکانی عێراق هەستیان پێکرد، دروستبوو. چونکە، بەریتانیا نەیتوانی ئەو بەڵێن وپەیمانانەی بە گەلی عێراقی دا، بیهێنێتە دی. هەروەها، لە ئەنجامی ئەو هەڵسوکەوتە توندەوە بوو کە فەرمانبەرە ئینگلیزەکان بەرانبەر بە ڕۆڵەکانی عێراق ئەیان نواند.. [2]

---

* مستەفا کەمال ئەتاتورك: (١٨٨١– ١٩٣٨ز) لە سالۆنیك لەدایك بووە، دایکی ناوی (زوبێدە) بووە، باوکیشی ناوی (عەلی ڕەزا) بووە وفەمانبەرێکی سادەی حکومی بووە. ناوبراو، لە خوێندن وژیانیدا کەسێکی زیرەك ولێهاتوو بووە، توانیویەتی بەرزترین پلەی سەربازی بەدەست بهێنێت. بەشداری ئەو ڕەوت وبزوتنەوە شۆڕشگێڕانەشی کردووە کە دژ بە دەسەڵاتی عوسمانی بوون. لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، ولەسەر کەلاوەی دەوڵەتی عوسمانی، کۆماری تورکیای دامەزراند. ناوبراو، ڕێکخەری ڕێبازی ڕەگەزپەرستانەی تورك بوو، ئەم سیاسەتەشی هەتا ئێستا ڕەنگدانەوەی لە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیادا هەیە. دوای ئەوەی نێوانی لەگەڵ سوڵتان تێکدەچێت، ئیدی ساڵی (١٩٢٣ز) سیستمی خەلافەتی هەڵوەشاندەوە، ولە (١٩٢٤ز)یشدا خەلیفایەتی لادا وسیستمی ئایینی هەڵگرت وڕێنووسی عەرەبیشی قەدەغە کرد، ونووسینی بە پیتی لاتینی هێنایە گۆڕێ، بەمەش سیستمێکی سیکیۆلاری سەپاند. ئەتاتورك، زیرەکانە دژی ئەو لەشکرە یۆنانییەی وڵاتەکەی داگیر کردبوو، سەرکردایەتی شەڕی سەربەخۆیی تورکیای کرد. کاتێکیش بووە سەرۆك کۆمار، لەو بەڵێنانەی پاشگەز بووەوە کە پێشتر دابووی بە کورد، بگرە بەپێچەوانەوە بە چەپۆکێکی پۆلایین لەگەڵ نەتەوەی کورد وشۆڕشە کوردییەکاندا دەجولایەوە و وشەی (کورد)ی بە گەورەترین مەترسی لەقەڵەم دەدا، کە هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا بکات. زیندووترین نموونەش بۆ ئەم کارەی، دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی ساڵی (١٩٢٥ ز) بوو، کە بەهۆیەوە گەورەترین جینۆساید وئەنفال وڕاگواستنی دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجام دا. لەوەش زیاتر، قەدەغەکردنی هەموو ئەو خوێندنگە وحوجرە وکۆمەڵ وڕۆژنامە وچاپەمەنییە کوردییانە بوو کە وشەی کوردی تێدا دە خوێنراو بەکار دەهێنرا. نەك هەر ئاخاوتن بە کوردی، تەنانەت وشەی کورد وکوردستانیشی لە فەرهەنگی دەوڵەتە ڕەگەزپەرستەکەیدا سڕییەوە ولەبری ئەوە وشەی (تورکی چیا)ی بەکاردەهێنا.

[1] ڕەفیق حلمی: یادداشت، کوردستانی عراق وشۆڕشەکانی شێخ مەحموود، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوان– بەغدا، ١٩٨٨، ل ٤٧– ٥٠

[2] باقر یاسین: مێژووی خوێناوی عێراق، و: حمە صالح گەلاڵی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان– سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٢٢

پـاش هیـوابڕان وسـەرنەکەوتن، لـە ئـەنجامی بـەڵێنی ئـەم هێـز وئـەو هێـز (مەبەسـت لـە هێـزە ناسیۆنالیستە عەرەبەکانە– نووسەر) وپاش دروستبوونی عێراقی نوێی دەستکرد وهاتنی (فەیسەڵی یەکەم) بۆ سەر حوکم، کورد بەشدارییان لە هەڵبـژاردنی فەیسەڵی یەکەم نەکرد لە (١٩٢١ن)دا (ناوچەی سلێمانی بەشداری نەکرد لە هەڵبژاردنی پاشای عێراق، وکەرکووکیش کاندیدکردنیان ڕەتکردەوە)، وە بـە نائـارامی مانـەوە، دژ بـە دەسـەڵاتی دەسـتکرد. لـە ئـەنجامی ئـەم بارودۆخـە، پادشـای عێـراقیش پەیوەندییـەکی ئاشـتییانەی لەگـەڵ کـورددا بنیـاد نـەنا. ڕاپـەڕینی سـاڵی (١٩٢٣ن)، کـە لەلایـەن شـێخ مەحموودەوە سەرکردایەتی دەکرا وبە پشتیوانی سوپای بەریتانی دامرکێنرایەوە، وە شۆڕشی ساڵی (١٩٢٧ن) کە لەلایەن شێخ ئەحمەدی بارزانەوە بەڕێوەچوو، باشترین دوو نموونەن کە دەلالەت لە خراپی دەستپێکردنی ئەم پەیوەندییە دەکەن.

دواجار، میللەتی کورد لە عێراقی دەستکرددا، هەستی دەکرد کە مافەکانی خوراوە، بۆیە لەو بارودۆخە سیاسییەی بۆی خوڵقێنرابوو ڕازی نەبوو. ئەم وشانەی (ئارنۆڵد وێڵسن)، * کە لەو سەردەمەدا ئەفسەری سیاسی سەرەکیی بەریتانیای مەزن لە بەغدا بوو، ئەو بارودۆخە سیاسییەی ئەو سەردەمە بە تـەواوی ڕوون دەکاتـەوە، کـە وتبـووی: "...... کوردەکـان، نەیاندەویسـت نـە بگەڕێنـەوە بـۆ حکومـەتی تورکی، نە بخرێنە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقییەوە، ..... لە کوردستانی باشوور، چوار لەسەر پێنج، لەگەڵ نەخشەکەی شێخ مەحموودا بوون، کە بریتی بوو لە بنیادنانی کوردستانێکی سەربەخۆ." [١]

فەرمانڕەوایانی ئینگلیـز لـە عێـراق، توانیبویـان گەوجانـە زۆر هـۆز دژی یـەکتر هانبـدەن. چونکە، هێجگار لە توانا ودەسـەڵاتی خۆیـان ڕازی ودڵنیـابوون، بـە پێبەنـدیی ودانـەپاڵی پراگماتیکانـەی هەنـدەك سەرەکهۆز دەسخەڕۆ بوون وبە خۆشەویستی ودڵسـۆزی بـۆ ئینگلتـەرەی تێگەیشـتبوون. تـا هەڵگەڕانـەوە ویـاخیبوونی ئـەو سـەرەکهۆزە بـەنێو دڵسـۆز و وابەسـتانە، ڕایچڵەکاندن وبەهۆشـی هێنانـەوە، دیـارترین نموونەش، شێخ مەحموود بوو. شێخی تەنها تینووی دەسەڵات نا، بەڵکو سەرکردەیەکی لـە دڵ ودەروون وباوەڕەوە نیشتمان پەروەر. سەرکردەیەك، کە ئینگلیز قەت نەیبەخشی، چونکە لەبری ئـەوەی وڵاتەکـەی تەسلیمی ئـەوان بکـات وخـۆیشـی خـەریکی دەسـکەوت چنینـەوە بێـت، هەوڵیـدەدا ئـەوان بـۆ دامەزرانـدنی

---

* ئارنۆڵد تالبۆت وێڵسن: (١٨٨٤– ١٩٤٠ن)، یەکێك لە کارمەندە سیاسییە گرنگەکان وحاکمی سیاسی گشتی بـەریتانیای مـەزن لـە عێـراق بـوو. دوای جـەنگی جیهـانی یەکـەم، لـە ڕێـی داگیرکارییـەکانی بـەریتانیا بـۆ ناوچـەکە، نـاوبراو لـە عێـراق نیشتەجێ بوو. وێڵسن، لەگەڵ (سێر پێرسی کۆکس)ی جێگرەوەی، پلاندانەر ونەخشەسازی دامەزراندنی دەوڵەتی عێـراق ولکێنـەری کوردەکـانی ویلایـەتی مووسـڵ بـە عێراقـەوە بـوون. وێڵسـن، بـاری ئـابووری بـەریتانیای ڕەچـاو کـرد وبناغـەی سیاسـەتی خـۆی لەسـەر گرفتـە داراییـەکانی ئـەو وڵاتـە دارِشـت. ئـەو بـڕوای وابـوو کـە دەشـێت لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی کوردستانەوە زۆر بە ئاسانتر بەرگری لە میسۆپۆتامیا بکرێ. پاش ئەوەی ناوبراو نەیتوانی لـە ڕێگـەی شـێخ مـەحموودەوە بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ کـۆنترۆڵی کوردسـتان بکـا، سـێر پێرسـی کـۆکس لـە (تشـرینی یەکـەمی ١٩٢٠ن) وەك حـاکمی سیاسـی نـوێی بـەریتانیا لـە عێـراق جێگـەی گرتـەوە. لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا، وێڵسـن چـەند کتێبێکـی دەربـارەی میسۆپۆتامیا وویلایەتی مووسڵ وعێراق وسیاسەتی بەریتانیا لە ناوچەکەدا نووسیوە.

[١] د. ئەلبێرت عیسا: ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی سـەردەمی فاشیزم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٨، ل ١٨٢

کوردستانێکی ئازاد هەڵسووڕێنێت.. [1]

کوردە نیشتمانپەروەرەکان، داوای دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیان دەکرد. ئینگلیز، بەڵێنی نیمچە سەربەخۆیی پێدابوون وبەهیوا بوو بە ئاشتبوونەوە لەگەڵ شێخ مەحمووددا، دڵی کوردی پێڕازی بکرێت ولایەنگیرییان دەستخاتەوە. لە ترسی ئەوەی، نەبا چاوگەی کانە نەوتەکانی موسڵ لە دەست بدات، ترسی لە شۆڕش وڕاپەڕینی نوێی شێخ مەحمووود ڕەوییەوە. "...... ئێمە، دەستمان لەوە شتبوو، کە بتوانین بە توانا وشێوازی خۆمان، تورك دوورەپەرێز ڕاگرین. ناچار، شێخ مەحموودمان گێڕایەوە، چونکە لە پتەوی هێزی هەستی نەتەوایەتی کورد دڵنیابووین وبە تاکە بەربەستمان دەزانی." ئەدمۆنسی ئەفسەری سیاسی ئینگلیز، ئەو ڕاستییە ئاوها بێ پەردە دەنووسێت. (١٩٥٧، ل ٣٠٤). [2]

لەم ڕاستی وزانیارییانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەریتانیا وهاوپەیمانانی، لە ڕوانگەی ڕاستکردنەوەی کۆتایی، ئاسەواری جەنگی جیهانی یەکەمەوە، سەیری چارەسەرکردنی دۆزی کوردیان کردووە. واتە، ڕوانینێکی چارەسەرانە، کە خۆی لە ڕاهێنان وپشتگوێ خستن وبێدەنگی، وە ڕوانینێکی کاتیی وچارەسەری کورتخایەندا دەبینییەوە. نەك، ڕوانینێکی وردی دادپەروەرانە، لە گەلێکی پەرت وبڵاو، کە جیهان پشتگوێی خستبێ وهەرگیز گوێ لە دەنگ وتێکۆشانی لە پێناو مافی چارەی خۆنووسین وسەلماندنی شووناس وکەسایەتی نەتەوەییدا نەگرێ. ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە قورسە دژوارە، بووە پاڵنەرێك بۆ گەلی کورد، کە بوون وپێگەی خۆی بۆ جیهان بسەلمێنێت. بەڵام، خۆسەلماندنێك، کە بە شۆڕشی چەکدارانە وخوێنی گەش وتێکۆشانی بێوچان، باجی درا.. [3]

هەردەم سیاسەتی ئینگلیز، نەچەسپاو وگۆڕاو بووە، بە گۆڕانی سیاسەت ودەرەنجام وگشت بەرژەوەندییەکانەوە. واتە، هەردەم هەڵسەنگاندنی بڕی تێچوون ودەسکەوت وداهات وقازانج وبازاڕەکان، بڕیاردەری میکانیزم وجووڵەی سیاسەتی دەرەوەی ئەوان بووە. کاتێك، بەریتانیا، چاوی بڕیبووە گەلان و وڵاتانی ناوچەی کەنداو، کۆمپانیای (هندی ڕۆژهەڵاتیی– ئینگلیزی) تایبەت بە بواری نەوت، وەکی کاری هەموو جارێکی، ئەو ئەرکە گرنگەی گرتە دەست. بەوەی، ساڵی (١٨٢٠ز) نوێنەرێکی پایە بەرزی کە بریکاری کۆمپانیاکە لە بەسرە بوو، بۆ کوردستان بنێرێت، کە (کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ) [*] بوو.

[1] مارتین ڤان برونەسن: ئاغا وشێخ ودەوڵەت، و: د. کوردۆ عەلی، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٣٥– ١٣٦

[2] مارتین ڤان برونەسن: ئاغا وشێخ ودەوڵەت، و: د. کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٤٧

[3] أ. د. غانم محمد الحفو، أ. د. عبدالفتاح علي البوتاني: الكورد والاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١– ١٩٥٨، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع– دمشق، سوريا، ٢٠٠٨، ص ١٥

[*] کلۆدیۆس جەیمس ریچ: (١٧٨٧– ١٨٢١ز)، گەڕیدە وڕۆژهەڵاتناس وشوێنەوارناسێکی بەریتانی بوو، ئەمە بێجگەلەوەی لە ماوەی (١٨٠٨– ١٨٢١ز) ولە سەردەمی والی (داود پاشا) دا، کونسوڵگەری بەریتانی بووە لە عێراق. ڕیچ کەسێکی ڕۆشنبیر بووە وچەندین زمانی زانیوە وزانیارییەکی تەواویشی دەربارەی ناوچەکە هەبووە. ناوبراو نوێنەری (کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵاتی) بووە لە (بەغدا). ڕیچ لە ساڵی (١٨٢٠ز) دا لە بەغداوە گەشتێك بۆ کوردستان دەستپێدەکات، هەروەها ساڵی (١٨٢١ز) سەردانی (قەڵای شرگات– قلعة شرقاط) دەکات. پاش ئەوەی تێکڕای سەردان وتێڕوانین وتێبینییەکانی بۆ

ناوبراو، بە سیفەتی گەشتیار وتوێژەری جوگرافی، زۆربەی ناوچە کوردییەکانی پشکنی، توانی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ میر وسەرۆك هۆز وخێڵ وبنەماڵەکانی ناوچەکە دروست بکات. دواتر، پاش دیراسەکردنێکی ورد لە ڕووی ڕامیاری وئابووری ودیمۆگرافییەوە، توانی ڕاپۆرتێکی تێر وتەسەل لەسەر ئەم بابەتە ئامادەبکات وبیکاتە هەوێنی کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی (چیرۆکی کەسێکی نیشتەجێ لە کوردستان– قصة مقیم في کوردستان). ئیدی لەو ساتەوە، گرنگیپێدانی بەریتانیا بەم بەشەی دەوڵەتی عوسمانی، (واتە کوردستانی باشوور– نووسەر) و ویلایەتەکانی مووسڵ وبەغدا وبەسرە، زیادیکرد.[١]

ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێین، زۆرن ئەو پرسیارانەی خۆیان دەردەخەن، بەهەمان شێوە هۆکارەکانیش زۆرن. مێژووش، هەردەم باسی لە دەسەلآت ومیرنشین وحکومەتە کوردییەکان کردووە، هەروەها لە هۆکاری داڕمان ولەناوچوونیشیان. هەربۆیە، باشتر وایە کەیسی کورد وکێشە لەمێژینەکەی، بە شێوەیەکی ئەکادیمی وزانستی، چەشەکراو بە ڕاستییە مێژووییەکان دوور لە سۆز ودەمارگیری وهەڵچوونەوە ئاماژە پێبدەین. لێرەدا، پێشئەوەی بابەتەکە لە چەند تەوەرێکدا شرۆڤە وشیکار بکەین، کە هەندێك لەو تەوەرانە سەرەکین، وهەندێکی دی لاوەکی، ئەدی باشتر وایە پێناسەیەکی چەمکی ناسیۆنالیزم بکەین..

## کورتەیەکی مێژوویی:

ساڵی (١٩١٤ز)، وپێش دامەزراندنی (کۆمەڵەی خۆییبوون)، ڕاپەڕینێك لە ماڵی گەنجان لە (هەکاری) بە سەرکردایەتی (ئیحسان نوری پاشا) * وهاوەڵەکانی لە ئەفسەرەکان ئەنجام درا، بەلاّم

---

ئەو ناوچانە بە وردی دەنوسێتەوە، بەلاّم دواتر هاوسەرەکەی ئەم زانیارییانە لە ساڵی (١٨٣٦ز) وپاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێك بەسەر کۆچی دوایی ڕۆژهەلاّتناس جەیمس ڕیچدا بلاّودەکاتەوە.

[١] د. حامد محمود عیسی: القضیة الکردیة في العراق من الاحتلال البریطاني الی الغزو الامریکي ١٩١٤– ٢٠٠٤، الطبعة الاولی، عربیة للطباعة والنشر، مکتبة مدبولي– القاهرة، ٢٠٠٥، ص ٤١

* ژانراڵ ئیحسان نوری پاشا: ساڵی (١٨٩٨ز) لەدایك بووە، پاش ئەوەی خوێندنی سەرەتایی وبنچینەیی تەواو دەکات، ناوبراو ڕوودەکاتە ئەستانە بۆ تەواوکردنی خوێندن ودواتریش دەچێتە قوتابخانەی سەربازیی. پاش تەواوکردنی خوێندن، بڕوانامەی خوێندنی سەربازی بەدەست دێنێت ودەبێتە ئەفسەر لە سوپای عوسمانی. لە سەردەمی (ئەتاتورك)دا پلەی سەربازیی بالاّتر بەدەست دێنێت، بەلاّم بەهۆی دڕندەیی سوپای تورکیا دەرهەق بە شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران) ودامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشە ولەسێدارەدانی سەرکردەکانی وڕووخاندنی زۆربەی گوندە کوردنشینەکانی ناوچەکە وقەتلوعامکردنی خەڵکەکەی لە ساڵی (١٩٢٥ز)دا، بۆیە ئیحسان پاشا تێڕانینی بۆ سوپا ودەوڵەتی تورکیا وخودی ئەتاتورکیش دەگۆڕدرێ. ئیدی بیر لەوە دەکاتەوە پەیوەندی بە دەستەبژێرێکی نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕی ڕۆشنبیرەوە بکات، بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بیری کوردایەتی ودامەزراندنی سیستمێکی شۆڕشگێڕانە، تا بەهۆیەوە بگەنە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ وئازاد. هەربۆیە ناوبراو پەیوەندی بە بنەماڵەی (بەدرخانییەکان) وکۆمەڵێك لە شۆڕشگێڕانی کوردەوە دەکات ودواتر لە ساڵی (١٩٢٧ز)دا کۆمەڵەی (خۆییبوون) دروست دەکەن. پاشان کۆمەڵەی ناوبراو، بانگەشە وبڕیاری بەرپابوونی شۆڕشێکی چەکداری لە دژی دەوڵەتی تورکیا دەدات، بۆ ئەم مەبەستە ژانراڵی ناوبراو وەك سەرکردەی ئەم شۆڕشە دەستنیشان دەکرێت، ئەویش چیای (ئاگری) لە زنجیرە چیای (ئارارات) بۆ

سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. لە پاش ئەم ڕاپەڕینە، واتە ساڵی (١٩٢٥ز)، شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران) هەڵگیرسا. هەروەها، ئەویش سەری نەکرت وزۆر لە سەرکردەکانی لە سێدارە درا، وئیحسان پاشا ودوو لە هەڤاڵەکانی بەرەو ئێران هەڵاتن. بەڵام، دواتر ناوبراو، دووبارە چووەوە ڕیزەکانی شۆڕشی (ئاگری) ولە پاییزی (١٩٢٧ز) دەستی بە کاروباری ڕێکخستنی شۆڕشگێڕەکان کرد وهێزێکی بەرگری تێگەیشتووی پێکهێنا. پاشان، ئیحسان پاشا کرا بە سەرکردەی هێزە نیشتمانییەکانی ئارارات. دواتریش، حکومەتێکی نیشتمانیی بە سەرۆکایەتی (ئیبراهیم پاشا حەسەکی) بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژووروی کوردستان پێکهێنا.

پاش زیادبوونی جموجووڵی شۆڕشگێران، شەڕ وتوندوتیژی لە نێوان ئەوان وسوپای تورکیادا پەرەیسەند. هەرچەندە، لە ئایاری (١٩٢٨ز)، حکومەتی تورکیا بەهۆی زاڵنەبوونی بەسەر بارودۆخەکەدا، ناچاربوو پەنا بەرێتە بەر گفتوگۆ، بەڵام، بێ ئاکام بوو. هەربۆیە، حکومەتی تورکیا، تا ساڵی (١٩٢٩ز)، سوپایەکی بێشوماری کۆکردەوە. لە (١١/ ٦/ ١٩٣٠ز) تا (٢٧/ ٧/ ١٩٣٠ز)، سوپا هێرشێکی بەرفراوانی لە ناوچەی پشت دۆڵی (زیلات) کردە سەر شۆڕشگێڕان، بەڵام بێ سوود بوو. لە ئاکامی ئەوەش، سوپای تورکیا دەستی کرد بە کوشتار و وێرانکردنی گوند ودێهاتە کوردییەکان، سەرەنجام (٢٠) هەزار کوردی سیڤیلی قەتلوعام کرد. لە بەرانبەردا، سوپای شۆڕشگێڕانیش، بەرپەرچی ئەو هێرش ودوژمنکارییانەی تورکیای دایەوە وتا (١٣/ ٨/ ١٩٣٠ز)، سەرکەوتنی زۆریان بەدەستهێنا وئەمەش زۆر لەسەر حکومەتی تورکی کەوت.

بەڵام، ئەم سەرکەوتنانە، شای ئێرانی زۆر نارەحەت کرد، چونکە لە هەمان کاتدا جموجووڵی سمکۆی شکاك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بوو. ئەوە بوو، حکومەتی تورکیا، داوای لە حکومەتی ئێران کرد چارەسەرێك بۆ ناوچە سنوورییەکان بدۆزێتەوە. بۆیە، ئێران لەو بەڵێنانەی پێشتر بە کوردەکانی دابوو، کە نەهێڵێت سوپای تورکیا لە خاکی ئێرانەوە لە شۆڕشی کورد بدات، پاشگەز بووەوە. مانای، ئێران لە خاکی خۆیەوە ڕێگای بە تورکیا دا لە ڕۆژهەڵاتەوە هێرش بکاتە سەر شۆڕشگێڕانی کورد. ئەمە لە کاتێکدا، کە فیرقەیەکی سوپای سۆڤێتیش، لە ڕووباری ئاراسەوە پەڕیبووەوە بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ سوپای تورکیا وپاشان دەڤەرەکانی ژووروی ڕۆژهەڵاتیان لە چیای ئاکریێ داگیرکرد. هەر لەم کاتەدا، سوپای ئێران، بەشداری لەگەڵ سوپای تورکیادا کرد، بۆ هێرشکردنە سەر شۆڕشگێڕەکانی ئاکریێ. بەم چەشنە، لە ئەیلوولی (١٩٣٠ز)دا، شۆڕشیان لەناوبرد..[١] مانای، گەر وڵاتانی دەورووپشت ونێودەوڵەتی لە ئاست یەکیشدا ناکۆك بووبن، ئەوا لە ئاست کەیسی

---

سەرکردایەتیکردن هەڵدەبژێرێ. پاییزی هەمان ساڵ شۆڕش بەرپا دەبێت وزیانێکی زۆر بە سوپای تورکی دەگەیەنن. بەڵام بەهۆی گەمارۆدانی ناوچەکە بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن سوپاوە، سەرکردایەتی شۆڕش ناچار دەبێت بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات جووڵە بکەن. هەر بۆیە لە (تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ز)دا ژانراڵ وپۆلێك لە شۆڕشگێڕان بە ناچاری خۆیان دەدەن بەدەست ڕژێمی شاهانشاهی ئێرانەوە و وەك پەنابەری سیاسی لەوێ دەمێننەوە. ژانراڵ ئیحسان پاشا لە (٢٥/ ٣/ ١٩٧٦ز)دا لە تەمەنی (٧٨) ساڵیدا ولە ئێران گیانی پاکی بە خاك دەسپێرێ.

[١] محەممەد ساڵح ئاکرەیی: کورد ودەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆك، ٢٠٠٧، ل ٧٠- ٧٢

کورددا یەکن، وهەرگیز خوازیار نەبوون گەلی کورد ببێتە خاوەنی ماف ودەوڵەتی سەربەخۆی خۆی.

کاتێك باس لەوە دەکرێت، کە بۆچی گەلی کورد تا ئەمڕۆکە نەبووەتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، هەڵبەت هەرزەگۆییە، گەر هەموو تاوانەکە بخەینە ئەستۆی گەلی کورد خۆیەوە. واتە، لەگەڵئەوەی ناکۆکیی خێڵایەتی ودواکەوتوویی ونەخوێندەواریی وهەژاریی وئامادەنەبوونی گوتاری کوردی، تێکڕا فاکتەرێکی سەرەکی وگرنگ بوون، بەلاّم، هاوکێشەی سیاسی وهەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکان وهەلپەی بەدەستهێنانی پێگەی جیۆسیاسی نوێ وملان ملانی زلهێزان وئیمپریالیزم، زۆر سەرەکیتر وگرنگتربوون. پاشئەوەی، میراتیی دەوڵەتی عوسمانی دابەشکرا، وە پاشئەوەی بارودۆخی ناوچەکە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆوە دی، ئیدی بەپێی ڕاسپاردە (١٤) خاڵییەکەی سەرۆکی ئەمریکا، "ودرۆ ولسن،" دەبوایە نەتەوە بێدەوڵەتەکانی سنووری قەڵەمڕەویی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بە دەوڵەتی خۆیان شاد بوونایە. لێ، گەلی کورد، یەکێ لەو نەتەوە بێدەوڵەتانە بوو، کە دواتر وبەپێی ماددەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی پەیمانی سیڤەر، کە لە بەرواری (١٠/ ئاب/ ١٩٢٠ز)دا هاتووە، دەبوو مافە ڕەواکانی جێبەجێ بکرایە.

لە ڕاستیدا، بەهۆی جێبەجێ نەکردن وخۆدزینەوە لەو بەندانەی سیڤەر ولە ڕاسپاردە (١٤) خاڵەکەی سەرۆکی ئەمریکا لەلایەن بەریتانیاوە وتووڕەیی وناڕەزایی دەربڕینی کوردەکان وبارودۆخی شێواوی ناوچەکە ودەستێوەردانی تورکیا وچەند فاکتەرێکیتر، بەریتانیا ناچاربوو شێخی نەمر لە ئەسارەت لە هندستان بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان وجارێکیتر بیکاتەوە بە حوکمداری ناوچەی سلێمانی. لەم بارەیەوە، لە ڕاپۆرتێکی ناو بەڵگەنامەیەکی نهێنی ئەرشیفی بەریتانیادا هاتووە، بە ژمارە (C. O. ١١، ٧٣٠ .O)ی ساڵی (١٩٢١ز)، کە دەڵێ: "کاپتن لەگەڵ ٢٠ کەس کوژراوە ودیارنین، هەتا بڵێی هەڵوێست زۆر ناخۆشە وئەو شەڕ وشکاندنە بەهۆی (مەحمودخانی دزلی)یەوە بووە.... ئەوەی کە ئاگادارین، ئەوەیە کە مەحمودخان بە چەند نامەیەك لەگەڵ (مستەفا کەمال)دا پەیوەندی کردووە."

هەر دەربارەی ئەو بارودۆخە، یەکێکیتر لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، ژمارە (٢٣- ٧٣٠- . - .)، لە فەقەرە (٧١٨)دا باسی ئەو ڕۆژانە دەکات ودەڵێ: " لە ٢/ تەمموز/ ١٩٢١ز دا، سکرتێری مەندووبی سامی بە فڕۆکە چۆتە سلێمانی ودەستی کردووە بە گفتوگۆ لەگەڵ ناسراو وڕۆشنبیرانی ئەو شارە. لە ئەنجامدا، هەموو لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارە ئاڵۆزە، حوکمدارێك بۆ کوردستان دابنرێت. بەلاّم، ئایا کێ هەڵبژێرین؟ بێگومان شێخ مەحموود دەبێت......"

دوای ئەوەش، کاتێك کە ئینگلیزەکان دەستیان لە (حەمدی بەگی بابان وسەید تەهای شەمزینی) شت، ئیتر چاریان نەما کە دووبارە بیر لە هێنانەوەی (شێخ مەحموود) بکەنەوە..[1]

[1] محەمەد ڕەسووڵ هاوار: سەرجەمی بەرهەم- وتارە کوردییەکان، بەرگی چوارەم، لە بلاّوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٦٠- ١٦٥

**شاهبازێ بووم لە مەیدانی شکاری دوژمنا**
**جەهلی میللەت بوو بە زیللەت، هات بەسەر شانی منا** [1]

لەگەڵئەوەی، ئینگلیز، لە (١٠/ تشرینی یەکەم/ ١٩٢٢ز)، بە چاودێری خۆی ولە سلێمانی، ئاڵای دەوڵەتی کوردی هەڵکردبوو بۆ شێخ مەحموود، وبەیانی فەرمانڕەوایی کوردی بە ناوی ئینگلیزەوە ڕاگەیاندبوو، بەڵام هەر ئینگلیز خۆیشی بوو کە دواتر لە هەموو بەڵێنەکانی پەشیمان بووەوە. بەریتانیای مەزن، وای لێکدەدایەوە، کە ئەگەر کورد ببێت بە دەوڵەت، لەبەرئەوەی هاوسنووری ڕووسی بۆڵشەڤیکە، کەوابوو بەریتانیای دوورەدەست لە نەوتی کەرکووك بەشبڕاو دەبێت. جا، وا چاکە "سان ڕیمۆ" یان (عصبە الامم)، پێشتر هەرچییان وتووە ئەوا گریمان کوردی نەگرتووەتەوە. با کورد، هەر ژێردەستە بن، گرنگ ئەوەیە قازانج لە شوێنی خۆی ڕاوەستێ.. [2]

هەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونانەش، ئەوە بوو ئینگلیزەکان لە ڕۆژنامە فەمییەکانی خۆیانەوە لەو سەردەمەدا، لەوانە ڕۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف)ی لەندەنی، ولە سەروبەندی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بە مانشێتێکی گەورە نووسیبوویان: "گەر کوردستان سەربەخۆ بێت، چاڵە نەوتییەکانی کەرکووك دەکەونە بن دەستی سۆڤیەت." [3]

لە لایەکیترەوە، مێژوونووس ڕۆبێرت ئۆڵسن، [*] باس لەوە دەکات کە "پارێزگاریکردنی بەریتانیا لە شێخ مەحموود، لە پاییزی (١٩٢٢ز) وسەرەتای (١٩٢٣ز)، تەنها بۆ سوودوەرگرتن لە کوردەکان بووە، لە بەرانبەر سەختتربوونی هەڵوێستی تورکیا لە هەمبەر مەسەلەی موسڵ. لێ، ئینگلیزەکان کاتێ دیتیان شێخ مەحموود لەگەڵ تورکاندا سەودا ومامەڵە دەکا، بۆیە لە هاوینی (١٩٢٣ز)دا، بۆ جاری دووەم لە حوکم لایاندا." هەڵبەت، هۆکاری دیکەش هەبوون، کە کاریان لە سیاسەتی بەریتانیا لەمەڕ کوردان لە (١٩٢١ز) تا ناوەڕاستی (١٩٢٢ز) کردبێت. بەڵام، تێگەیشتنی ئەوەی کە ئاشتی لەگەڵ تورکیا، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، لەگەڵئەوەی بایەخێکی بنچینەیی هەبوو، بەڵام، هۆکاری زاڵ وسەرەکیش بوو.

ناوبراو، ئاماژەی بەوەش دابوو کە لە ساڵی (١٩٢٠ز)یەوە، دەوڵەتی ئەنقەرە، بڕیاری گرتنەبەری سیاسەتێکی نیمچە ڕۆژهەڵاتیی (واتە ڕوو لە ڕۆژهەڵات- نووسەر) دابوو. ئەم سیاسەتە، تا تشرینی یەکەمی (١٩٢٢ز) پەیڕەو کرا. ئامانجی سەرەکی ئەم سیاسەتە، سوودوەرگرتن لە پەیوەندییە باشەکانی

---

[1] دوو دێڕ لە شیعرەکانی (نووربەخشی)، شێخی نەمر ویەکەمین مەلیکی کوردستان، شێخ مەحموودی بەرزنجی

[2] شێخ رەشید شێخ عەبدولرەحمان قادر: بەریتانیا- تورکیا- ئێران- کورد (١٩١٥- ١٩٣١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١٠، ل ٧٣

[3] دکتۆر عوسمان عەلی: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران جەمال بابان زادە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی، ژمارە (٨)- هەولێر، ٢٠١٠، ل ٤٠٥

[*] ڕۆبێرت ئۆڵسن: مێژوونووس ونووسەر وماموستای زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی (کنتاکی) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەگەڵئەوەی کەسێکی ڕۆشنبیرە، دۆستێکی گەلی کوردیشە وچەندین سەرنج وتێبینی وکتێبی دەربارەی کورد وشۆڕشە کوردییەکان نووسیوە.

**نێوان ئەنقەرە ویەکێتی سۆڤیەت بوو، کە لە (پەیماننامەی دۆستایەتی) (١٦/ ئادار/ ١٩٢١ز) و(پەیمانی قارس) لە ڕێکەوتی (١٣/ تشرینی یەکەم/ ١٩٢١ز)، دوای شەڕی تورك وئەرمەن و(پەیمانی تورکیا وئۆکراین) لە ڕێکەوتی (٢/ حوزەیران/ ١٩٢٢ز)، وەدیهات. دوای (١٠/ تشرینی یەکەم/ ١٩٢٢ز)، تورکیا بڕیاری دا، سیاسەتێکی (ڕووەو ڕۆژئاوایی) بە دروستکردنی پەیوەندی نزیك، لەگەڵ ژاپۆن وتەئکیدکردن لەسەر (پان تۆرانیزم) پەیڕەو بکات. ئاشکرایە، کە ساڵی (١٩٢١ز)، ساڵی سەرکەوتنەکانی تورکان بەسەر یۆنانییەکان وئەو ڕێکەوتننامانەیە کە لەگەڵ فەرەنسە وئیتالیا ویەکیەتی سۆڤیەت وئەفغانستان وئۆکرایندا، مۆریان کردن. هەڵبەت، مەیلی بەریتانیاش بۆ ئاشتی لەگەڵ تورکیا، سیاسەتی بەریتانیای لەمەڕ کوردستان، ملکەچی ئەو ئامانجە کرد. لە ڕاستیدا، لە (٢١/ تشرینی دووەم/ ١٩٢١ز)، (کۆنفرانسی لۆزان) دەستی پێکرد ولە (٢٤/ تەمووز/ ١٩٢٣ز)، مۆرکرا و(کوردستان)یش ناوی نەهات.**

**ئۆڵسن، ئەوەشی خستبووە ڕوو، کە لەمەڕ موسڵ، ئەنقەرە قەناعەتی کردبوو کە شتێکی زۆری وەدەست ناکەوێ. ئەوەی ئەنقەرە بەهیوای بوو وەدەستی بهێنێ، گۆڕانکارییەك لە هێڵی سنووردا بوو، تا بتوانێت لە ڕووی عەسکەریی وئابوورییەوە هەست بە ئاسایش بکا. میللەتانی غەیرە تورك، لە ناوچەی موسڵ، کەوتبوونە دەرەوەی بەرنامەی (ڕۆژئاوایی) ئەنقەرەوە. ئەودەم، سۆڤیەت، پێشنیاری دەکرد کە تورکیا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا، لە ڕێکخستن وجێبەجێکردنی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ ئیدارەی ئەودیوی قەفقاز، بەشداری بکات..[1]**

**دەتوانین، پوختەی ئامانج ومیکانیزمی هەموو ئەم سیاسەتکردنانەی عوسمانییەکان ودواتریش دەوڵەتی تورکیای نوێ، لەم وەڵامگۆیەی سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم)دا [*] هەڵهێنجین، کە وتبووی: "ململانێی دەوڵەتە مەزنەکان، لە پێناوی بردنەوەی هاوڕێیەتی ئێمەدا، مەسەلەیەکە کە پێمان خۆشە،**

---

[1] ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٣٠- ١٣٩

[*] سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم: لە ڕۆژی چوارشەممەی (٢١/ ئەیلول/ ١٨٤٢ز) لەدایك بووە. ناوبراو، کوڕی سوڵتان عەبدولمەجیدە لە ژنی دووهەمی، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، دایکی مردووە. هەردوو زمانی عەرەبی وفارسی فێربووە، وە لای چەندین مامۆستای پسپۆڕ ئەدەبیاتی خوێندووە. دوای لەسەرتەخت لابردنی موورادی برای، لە ڕۆژی (٣١/ ئاب/ ١٨٧٦ز) دا ولە تەمەنی (٣٤ ) ساڵیدا کراوە بە خەلیفە. کاتێك، عەبدولحەمید بوو بە خەلیفە، دەوڵەت بەدەست قەرزێکی زۆرەوە دەینالاند، کە دەگەیشتە (٢,٥٢٤,٠١٠,٨٨٥) لیرەی عوسمانی. هەر لە سەردەمی ناوبراودا بوو کە جەنگی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وڕووسیا هەڵگیرسا وزیانێکی زۆری بە دەوڵەت وگەل گەیاند. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی ئەمدا جۆرێك لە چاکسازی وپێشکەوتنێکی ڕێژەیی بەخۆوە بینی، هەر لە ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی ودامەزراندنی چەندین دامەزراوەی ستراتیژی وبوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری وبازرگانی وکشتوکاڵ وزانکۆ وخانەی هونەری وتازەکردنەوەی سیمای لەشکر بە چەك وجبەخانەی نوێ وزۆر شتی تر. بەڵام، لەبەر ئەوەی دەوڵەت خۆی هەر لە بنەڕەتەوە کرمۆڵ ببوو، بۆیە گەندەڵی بنەبڕ نەدەکرا وتا دەهات سیاسەتی وڵاتانی ئیقلیمی ونێودەوڵەتی دەستێوەردانی زیاتری بەخۆوە دەبینی. ئەمە، بێجگە لە کێشە ناوخۆییەکان وسەرهەڵدانی چەندین گروپ وپارتی سیاسی، کە داوای لەسەر تەخت لابردنی سوڵتان وگۆڕینی سیستمی دەسەڵاتیان دەکرد. سەرەنجام، لە (٢٧/ نیسان/ ١٩٠٩ز) لەسەر تەخت لابرا وڕەوانەی (سلانیك) کرا ولەوێ دەستبەسەر کرا. دواتر، دوورخرایەوە بۆ یەکێك لە کۆشکە دوورەکانی ئەستانبوڵ ولەوێ لە تەمەنی (٧٨) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد ولای سوڵتان مەحموودی دووەمی باپیریەوە بە خاك سپێردرا.

چونکە ئەو نارەحەتییانەمان بۆ کەم دەکاتەوە کە لە چارەسەرکردنی گرفتە سیاسییەکانماندا ڕووبەڕوویان دەبینەوە." [1]

دیارە، پێگەی جیۆسیاسی وجیۆستراتیژیی خاکی تورکیا، باس وخواس ومشتومڕی ئەو زلهێزانە بووە، کەواتە هەموو شتێك کراوە بۆ خۆنزیککردنەوە لە ئەنکەرە. ئیتر، شۆڕشی کورد، بەلای ئەوانەوە چ گرنگییەکی هەبووە؟ چ باکیان بووە لە قەتلوعامی گەلی کورد؟ هەرکاتێکیش، پێویستی کردبێت، جارێکیتر هانی کوردان دراوە بۆ یاخیبوون وناڕەزایی دەربڕین. جا لەبەرئەوەی، زولم وستەمی دوژمنانیش هەردەم ئامادەباش بووە، بۆیە دەسپێکی شۆڕشەکان خێرا بووە. ئەوەتا، هەر ئۆڵسن خۆی لە شوێنێکیتردا، ئامارەی بەوە داوە کە: "بە درێژایی سالأنی (١٩٢٠- ١٩٢١ز)، تێزی جۆراوجۆر، بۆ وروژاندنی کوردەکان لەگۆڕێدا بووە." [2]

هەرزەگۆییمە، گەر بڵێم، سەرجەم شۆڕش وڕاپەڕینە کوردییەکان، بە پێی نەخشە وخواست وتێزی ولأتانی زلهێز بووە. هەرگیز، ئەوە ڕاست نییە، گەر بوترێت، تێکڕای هەڵە وکەم وکوڕییەکان لە ئەستۆی کورد خۆیدا بووە. ڕاستە، گەلی کورد، لەگەڵئەوەی لە سەرجەم هەوڵ وڕاپەڕینەکانیدا نەیتوانیوە وەك پێویست، سیاسەتێکی ئەڵتەرناتیڤی دروست بگرێتەبەر، ناوچەگەریی وناکۆکی وئامادەنەبوونی ناسیۆنالیزم وپرۆژەی نەتەوەیی، سیمای سەرەکی شۆڕشەکانیش بووە، بەلأم گەمەی سیاسی وناڕۆشنیی ولەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی زلهێزان، هەردەم تاکە ئاشتەنگێکی ڕاستەقینە بووە وەك سیاسەتی دیفاکتۆ وداکەوت.

ناکرێت ئامارە بەوە نەدرێت، کە نەك هەر لەنێو تێکڕای خێڵەکاندا، تەنانەت لەناو هیچ تاکە خێڵێکیشدا هەڵوێست یەك نەبووە. بەرژەوەندی تایبەتیی خێڵەکی، ڕۆڵێکی دیارتر وبەهێزتری هەبوو وبەسەر هەستی نەتەوایەتیدا زاڵ ولە پێش داخوازییە نیشتمانییەکانەوە بوو. سەرباری ئەمەش، دوژمنایەتی کۆن وناکۆکی نێوان ئەم خێڵ وئەو خێڵ، دەبوو بەهۆی ئەوەی هەندێ لەخێڵەکان، کە خێڵە ناحەز ونەیارەکانی خۆیان دەدی لایەنی شۆڕش دەگرن، ئەوانیش دەچوونە پاڵ دەسەلأت. [3]

هەڵبەت، سەرکردە سیاسییەکان وڕابەران وکاریزما وشێخان وپیاوانی ئایینی ومنەووەران وکەسایەتی وقەڵەمەکانی کورد، تێکڕا ولە هەموو سەردەمانێکدا، بە هەموو هەوڵ وتێکۆشانێکیانەوە وبە هەموو هەڵەیەکیشیانەوە، هەردەم ڕۆڵە وشووناس وسیمبوولی گەلی کورد وخاکی کوردستان بوون، هەرگیز ناکرێت وکارێکی نەرێنی ونەشیاوە، گەر بە چاوێکی سووك تەماشایان بکەین. وا باشترە، ئێمەی کورد واز لە فەلسەفەی خۆسووککردن بهێنین وبەها بۆ خۆمان دابنێین وسەروەری بۆ ڕابردوو وە ئاییندەمان فەراهەم بکەین، خۆمان وئەوانیش بەکەم نەزانین. لەبەرئەوەی، هەر هیچ نەبێت، لە سەردەمی خۆیاندا هەوڵێکیان بۆ وەرچەرخانی داکەوتی کورد وئاییندەی کوردستان داوە. هەردەم، ژیانی خۆیان،

[1] سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم: یادەوەرییە سیاسییەکانم، و: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، کوردستان، ٢٠١٠، ل ١٠٠

[2] ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠

[3] مسعود بارزانی: بارزانی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٣٣

بۆ بەرزڕاگرتنی کورد وکوردستان تەرخانکردووە. مانای، بەهیچ شێوەیەك ناکرێت سیمبوولەکانی کورد، بە سانایی وسادە وبیٚ بەها ناوزەد وتەماشا بکەین. ئەو کەسایەتییە مێژووییانە وبۆنە نەتەوەییەکان ودیاردە نیشتمانییەکان وخاك وزمان وکەلتوور وفەرهەنگ وپیرۆزییەکان ویەکێتییە ڕۆحییەکانی جڤاتی کورد، تێکڕا پرۆسە وبوونی نەتەوەیی کورد دەخوڵقێنن.

شیاوی باسە، گەلی کورد، هەردەم هەوڵی بەدەستهێنانی مافی ڕەوا وچارەنووسسازی خۆی بە چەك ولەڕێی خەبات وشۆڕشەکانییەوە دەدا، وزۆرجاریش هەوڵی بەدەستهێنانی سۆز وپشتیوانیی وڵاتانی دەدا بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام، ئاشکرایە کە سەرجەمی ئەو وڵاتانە، نەك هەر گرنگییان بە شۆڕشەکان وئایینەدەی کورد نەدەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە کوردیشیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنا. واتە، لەبری ئەوەی کورد بگات بە ئامانج، کەچی خۆی وخودی شۆڕشەکەشی دەبوونە ئامراز. زۆربەی کات، لە گەمەی سیاسیدا، کورد داشێکی جوڵێنراوی کاریگەر بووە، واتە وەك ئەوەی ئاماژەی پێدرا، تەنها ئامرازێکی گەمەکە بووە. داواکراویش، هەردەم بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە هەمەلایەنەکان بووە، ئیدی گرنگ نییە بە چ شێواز وچۆن بەدەست دێت.

کاتێك، ڕەفیق حیلمی، لەسەر خواستی شێخ مەحموود وماوەی زیاتر لە دوو مانگی پێدەچێت تا دەگاتە ئەنکەرە وڕاسپاردەکانی شێخ دەگەیەنێتە بەرپرسانی تورك، بۆئەوەی کۆوەڵامێك بۆ پرسیارگەلێکی شێخ وەربگرێتەوە. بەڵام، بەرپرسانی تورك پێی ڕادەگەیەنن کە: "لەوەتی دەرچوونی ئەوان لە سلێمانی، ئینگلیزەکان داوایان لە شێخ کردووە بچێتە بەغدا. بەڵام، لەگەڵ ئۆزدەمیردا لە ڕەواندز، بۆ خۆپاراستن، شێخ تەرتیباتی خۆیی لەگەڵ کردووە. دواتر، ئینگلیزەکانیش سلێمانییان بۆردومان کردووە." هەروەها، بە حیلمی ڕادەگەیەنن کە: "(حسێن ڕەئووف بەگ)ی ڕەئیس وزەرای تورکیاش، ڕاستەوخۆ (عیصمەت پاشا)ی لە (لۆزان) ئاگادار کردووەتەوە وپێی وتووە، لە موئتەمەرەکەدا بە شیددەت ئەم کارەی ئینگلیز پرۆتێستۆ بکات. وە لە موئتەمەرەکەی لۆزاندا، عیصمەت پاشا داوای موسڵ دەکات، ئومێد وایە وەریبگرنەوە. ئەو کاتە، کوردیش بە ئامانجی خۆیان ئەگەن، ولەگەڵ برای ئایینییان یەکئەگرنەوە ولە چنگی ئیستیعماری ئینگلیز دەرئەچن، وشێخیش جگەلە صەوابی ڕۆژی قیامەت، لە دونیاشدا بگات بە بەری غەزای قارەمانیی خۆی. بەڵام، تا نەتیجەی موئتەمەر دەرنەچێت، لە ئێستادا، ناتوانین هیچ بڵێین."

ڕەفیق حیلمی، تێدەگات کە ئەرکی سەرشانیان ئیتر تەواو، تا تورك داوای شتێکیان لێنەکات، نابیٚ باسی مەسەلەی کورد بکەن. دواتر، بە حیلمی دەڵێن: "بۆ شێخ مەحموود بنووسە، کە ئێمە چۆن بە هاتنتان وبە کردەوەی خودا پەسەندانەی شێخ بەرامبەر بە ئینگلیز خۆشنوود بووین، وبە هەموو هێزێکمانەوە ئامادەین بۆ یارمەتی وسەرکەوتنی شێخ، لە غەزادا. بیریشمان ناچێتەوە، کە لە سەرمانە ئەجری غەزاکەی بدەینەوە. بەڵام، وەڵام، لەسەر کۆبوونەوەی مەجلیسی میللی وئەنجامی لۆزان دەوەستێتەوە." پاشان، حیلمی دەڵیٚ: "تورکەکان، خۆیان زۆر بە سیاسی وئێمەیان بە (!) زانیوە، چونکە نە نامەی ڕەسمیی ونە تایبەتیشیان نەداوینەتیٚ." لە کۆتاییدا، ناوبراو لە یاداشتەکانیدا، ئەوەی

لە خۆی پرسیوە کە: "ئایا مەبەست لە ناردنی ئەم هەیئەتە کە تورك داوایکردووە، چی بووە؟" [1]

ئەمە بێجگەلەوەی، لە کۆتایی بەشی سێیەمی یاداشتەکەیدا، ئاماژە دەدات ودەڵێت: "... بەڵام، من لەگەڵ ئەمەشا کە لەم سینەمایە تێگەیشتم، وام بە باش زانی کە خۆم بە هەڵخەڵەتاو وحۆل بزانم، نەك بە زرنگ و وریا. ئەگەر، قەوماوەکانی (کارەساتەکانی) دوایی، ڕاستی ئەم بیرانەی منی دەرنەخستایە، لەوانە بوو بڵێم بە خۆڕایی ئەم کردەوانەم بە پێچەوانەوە لێکداوەتەوە...." [2]

ئەم ڕاستییانە، ئەوە دەخەنە ڕوو، کە کورد سیاسی نەبووە. گەر، سیاسی ببوایە، دەبوو بزانێت چی دەکات. دەبوو بیزانیایە، کە خاکی کوردستان لە ڕووی جیۆپۆلەتیك وجیۆستراتیژییەوە، زۆر بەهادارە. خۆ ئەگەر، ویستبێتی هاوسەنگییەك لە نێوان تورك وئینگلیزدا دروست بکات بە قازانجی کورد، ئەوە بێگومان بە هەڵەدا چووە. چونکە، کاتێك ئەم هەیئەتە لە سلێمانییەوە جووڵاون، فرۆکەی بەریتانی بە سەر سەریانەوە بووە. واتە، هەر لە سەرەتاوە، ئینگلیزەکان ئاگاداری هەموو شتێك بوون. ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە لەو کاتەدا هەردەم سیاسەت وسیاسەتکردن لە ئینگلیزدا بەرجەستە بووە نەك تورك. وەڵێ، ئەم هەیئەتە، ئەو هەموو ڕێگا دوورەی بڕیوە، لەپای چی؟ ئایا، نەدەبوو وەڵامگەلێك بە نووسین ودۆکیۆمێنتەوە وەربگرێتەوە؟ هەرگیز، شتی وا نەبووە، بابەتێکی وا چارەنووسساز، بە قسە وبەڵێنی سەرزارەکی چەند کەسانێك ببڕێتەوە. وەڵامگۆی قسەکان، ئەوەیە کە لەم سەفەرەی هەیئەتەکەدا، شتێکی ئەوتۆ بەدەست نەهاتبوو. گەر بهاتبا، ئەوا ئەم کەسایەتییە، وەکی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، لە یاداشتەکانی خۆیدا دەیخستەڕوو.

بێگومان، وەك دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو، ولە ئەنجامی هەڵوێستی دژ وناکۆکیی نێوان شێخ مەحموود وئینگلیز، ئەمجارەش شێخ ناچار بوو شار بەجێ بهێڵێت، وڕوو بکاتە ناوچەی سووورداش وئەشکەوتی جاسەنە. بەمەش، کۆتایی بە دووەم حوکمداریی شێخ هات لە سلێمانی، کە لە (٩/ ١٠/ ١٩٢٢ز) دەستی پێکرد، وهەتا شەوی (٤/ ٣/ ١٩٢٣ز) بەردەوام بوو. کە پێشتر، لە هاتنەوەیدا، ئینگلیزەکان وەکو سەرۆکی مەجلیسی میللی سلێمانی ناردبوویانەوە، وپاش ماوەیەك وەك حوکمدار ودواتریش خۆی وەك مەلیکی کوردستان ڕاگەیاند. ئەمە بێ ئەوەی، کە حکومەت یان دەوڵەتی سەربەخۆ بوونی بووبێت، وە یان لە ژێر سایەی ئینتیدابدا بووبێت.. [3]

ئەرێ گەلۆ، مەبەست لەم هەیئەت ناردن وئامادەباشییە، چی بوو؟ ئایا، ئەگەر شێخی نەمر، پاش ئەوەی لە بەرواری (١/ ٣/ ١٩٢٣ز)، کە بۆ دواجار لە لایەن ئینگلیزەوە ئاگادارکرایەوە، بەوەی کە لە ڕێگەی کەرکووکەوە بچێتە بەغدا، بۆ دیدەنی مەندووبی سامی بەریتانی (پێرسی کۆکس)، وەك پێشتر پێیان ڕاگەیاندبوو، لێ بۆ ئاییندەی خۆیی وشاری سلێمانی وگەلی کورد باشتر نەدەبوو؟ ئایا، شاری سلێمانی لە بۆردومان وکوشتار بەدوور نەدەبوو؟ ئەگەر بە شێوەیەکیتر ببوایە، ڕێیتێنەدەچوو

---

[1] ناهیدە ڕەفیق حیلمی: بەسەرهاتی ڕەفیق حیلمی، بەشی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٣٠- ٢٣٥

[2] ڕەفیق حلمی: یادداشت، کوردستانی عراق وشۆڕشەکانی شێخ مەحموود، بەشی سێهەم، ئامادەکردنی پاکیزە ڕەفیق حلمی، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی- بەغدا، ١٩٩٢، ل ١٤٢

[3] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩١

حوكمدارییەکەی شێخ لەباتی هەڵوەشاندنەوە، ببوایەتە ناوکی دەوڵەتۆچکەیەکی کوردی؟ ئەمە بێجگەلەوەی، لەلایەکیترەوە ولە سەرەتای هەمان ساڵدا، واتە (١٩٢٣ز)، شێخ مەحموود نامەی بۆ کونسوڵی سۆڤێت لە (تەورێز) ناردبوو، وە تیایدا داوای یارمەتی وکۆمەك وپارێزگاریکردنی لێکردبوو. هەرچەندە، رووسەکان لە (٨/ ٣/ ١٩٢٣ز)دا، سیاسەتێکی بێلایەنەیان بەرانبەر بەم مەسەلەیە راگەیاندبوو. دواجار، هەموو ئەمانە، نائومێدییەکی بێشوماریان لای ئینگلیزەکان دروست کردبوو. هەربۆیە، ئایندەی حوکمڕانیی شێخ وداکەوتی کورد وچارەنووسی ویلایەتی موسڵ، بەو شێوە نەخوازراو وتراژیدییە کۆتایی پێهات.

باسی تەشکیلاتی ڤانی هەر ئەکەم، بۆ پێکەنین
کەمترین بوو گەورەتر، هەم گەورەتر بوو کەمترین

ناعیلاجم ئیسم وشوهرەت باس ئەکەم، عاجز مەبن
تا ببینن شکڵی وەضعییەت بەجارێ، قارئین [١]

کاتێکیش، باس دێتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد ودەوڵەتە سۆشیالیستەکان، کە بە ئاسمانی یەکیەتی سۆڤیەتدا دەسووڕانەوە، هەردەم (مۆسکۆ) ئەو کلیلە بووە کە دەرگای ئەو دەوڵەتانەی بۆ کردوونەتەوە. پەیوەندی گەلی کورد بە رووسەوە کۆنە، وبۆ سەردەمی (شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزانی دەگەڕێتەوە. ساڵی (١٩١٣ز)، شێخ عەبدولسەلام چوو بۆ (تبلیسی) ولەوێ لەگەڵ ئیسماعیل ئاغای شکاك وپەتریارك مار شەمعوون بنیامین وئەنترانیکی ئەرمەنی، چاویان بە (گراندۆك) نوێنەری قەیسەر کەوت. یەکێك لەو شتانەی لەگەڵی رێککەوتبوون، پێکەوەنانی دەوڵەتێکی شێوە فیدراڵی بوو لە کوردستانی رووسیا وئەرمینیادا. قەیسەر، گفتی دابوو ئەو دەوڵەتە بپارێزێ ویارمەتی پێکەوەنانی بدا. بەڵام، رووداوەکان بەپێچەوانەی ئەوەوە بوون، کە چاوەڕوانی دەکرا وە نەیانهێشت ئەو خەونە بێتەدی. ئەوەبوو، شێخ عەبدولسەلام شەهید کرا، وشەڕی یەکەمی جیهان بەرپابوو، قەسابخانە بۆ ئەرمەنییەکان نرایەوە، مار شەمعوونیش بە دەستی سمکۆی شکاك کوژرا. هەموو ئەم رووداوانە، بوون بە مایەی مردنی پرۆژە رووسییەکە.

هەرچەندە، دواتر شێخ مەحموودی حەفیدیش پێوەندی بە سۆڤیەتەکانەوە کرد ونامەیەکی بۆ (لینین)ی ئاگردەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر نووسی وداوای یارمەتی لێکرد. هەروەها، پێنج سەد جەنگاوەری بارزانی، دوازدە ساڵ لە یەکیەتی سۆڤیەت مانەوە. پوختەی قسە، زەمینەیەکی مێژوویی بۆ پێکەوەنانی پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ مۆسکۆدا هەبوو، نکووڵی لەوەش ناکرێ کە سۆڤیەت دەستی یارمەتی لە کاتگەلی جیاجیادا بۆ شۆڕش درێژ کردووە.

بەڵام، (کرێملن)، هەرگیز دەستی لە بەرژەوەندییەکی خۆی بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد،

[١] بەشێك لە شیعری (بۆ ئیدارەی کوردستانی خواروو)ی شاعیری گەورەی کورد، حەمدی.

هەڵنەگرتووە. لە ڕاستیدا، یارمەتییەکان وپەیوەندی سەرکردایەتی سۆڤیەت بە شۆڕشی کوردەوە، لە ساڵی (١٩٦١ز)ەوە تا ساڵی (١٩٧٢ز) بوو. بەڵام، پاش (١٩٧٢ز)، کە پەیمانی دۆستایەتی وهاوکاری لە نێوان ڕژێمی عێراق ومۆسکۆدا مۆرکرا، وبە بۆنەی فشاری (کۆسیگین) بۆ سەر پارتی، تا بێتە ناو ئەو بەرەیەی کە حزبی بەعس سەرکردەی بوو، وپارتیش بەگوێی نەکرد، هەروەها دەنگوباسی دەستێوەردانی ئەمریکاش لە شۆڕشدا بڵاوبووەوە. ئیتر، وردە وردە گەرما وتینی ئەم پەیوەندییانە نەما وبووە ساردی ولێك دابڕان. [1]

هەڵوێستی ئەمریکاش، هەر لە سەرەتادا ڕۆشن وئاشکرا بوو. یەکەم، لەبەر پێداگریی وسووربوونی شای ئێران بوو، کە دەستیکرد بە یارمەتیدانی شۆڕشی کورد لە دژی حکومەتی عێراق. دووەم، ئیدارەی ئەمریکا یارمەتی شۆڕشی کوردی دەدا، چونکە هێنری کیسنجەر * لە تاران، لە ساڵی (١٩٧٢ز)، بە شای ئێرانی وتبوو: "ڕووسەکان لە پێوەندییان لەگەڵ عێراق، زیاد چوونەتە پێش ودەبێ کارێکی وەهاش بکرێ کە ڕێگە لەم گەندەڵییە بگیرێ." هەروەها، چەند ساڵێك دواتریش، کیسنجەر ئەو ڕاستییەی خستبووە ڕوو وە وتبووی: "ستراتیژیەتی ئێمە زۆر ئاشکرایە، ئەویش بێهێزکردنی هەر وڵاتێکە کە سەر بە سۆڤێتە. چونکە، سۆڤێتەکان، پەیوەندی سوپاییان لەگەڵ عێراق دامەزراند، ئێمەش یارمەتی کوردمان دا." [2]

لە (٢٢/ حوزەیران/ ١٩٧٢ز)، جەنەراڵ (مەنسوور پوور)، نامەیەکی لە (شا)وە هێنا بۆ بارزانی، تێیدا نووسرابوو کە سەرۆکی ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر یارمەتیدانی شۆڕش پێشان داوە، وداواش لە بارزانی دەکا تا شاندێکی پلە بەرز بنێرێ بۆ لێکۆڵینەوە ویارمەتی. لە (٢٢)ی حوزەیراندا، دکتۆر مەحموود عوسمان * وئیدریس بارزانی، * وەك شاند چوونە تاران وشا پێشوازی لێکردن. شا، ئەوەی بۆ

---

[1] مسعود بارزانی: بارزانی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢٠٦– ٢٠٨

* هێنری کیسنجەر: (١٩٢٣–  )، ڕاوێژکاری سیاسی سەرۆکی ئەمریکی، ریچارد نیکسۆن بوو. ساڵی (١٩٧٤ز)، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، کاتێك پشتی کردە بارزانی وشۆڕشی کورد، هەربۆیە دواتر ئەو شۆڕشە دووچاری نسکۆ بوو. کورد هەردەم وا هەست دەکەن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وکیسنجەر بەبێ هۆ خیانەتیان لەگەڵ کردوون. کیسنجەر لە کاتی خۆیدا پاکانەی بۆ خیانەتەکەی دەکرد، وبەهانەی ئەوەی دەهێنایەوە کە پشتیوانیکردنی ئەمریکا وئێران لە کورد، بۆ ئەوە بووە کە هێزی سەربازی عێراق لەلایەن کوردەوە لاواز بکرێت، بۆئەوەی لەدوای شەڕی ئۆکتۆبەری (١٩٧٣ز) عێراق نەبێتە هەڕەشە ومەترسی بۆ سەر ئیسرائیل. کاتێکیش لە ڕوانگەی ئەوەوە پشتگیریکردنی کورد سوودی نەما، ئیدی ئەو وتەیەی دەوتەوە کە (کردەوەی نهێنی لەگەڵ ڕاپەڕاندنی ئەرکدا نابێت تێکەڵ بکرێت). چەند ساڵ پاشتریش، ناوبراو پاکانەی ئەوەی بۆ خۆی وئەمریکا دەکرد وبەهانەی ئەوەی دەهێنایەوە کە بۆچی ئەمریکا چیتر پشتیوانی شۆڕشی کوردی نەکردووە. ناوبراو لە دووتوێی ڕاپۆرتێکدا، هەموو ئەمانەی نووسیبووەوە وئەوەی خستبووە ڕوو کە (شا بڕیارەکەی دا)، بەڵام دانی بەو ڕاستییەشدا نابوو کە (ئەوەی لەگەڵ گەلی کورددا کرا، کە بە درێژایی مێژوو کراون بە قوربانی، مایەی دڵخۆشی نییە). بڕوانە (ڕاپۆرتی کۆمیتەی پایك).

[2] نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١– ١٩٧٥، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢١٣

* دکتۆر مەحموود عوسمان: دکتۆر مەحموود سۆرانی، کەسێکی نۆژدارە وماوەیەکی دووروودرێژە وەك سیاسەتمەدارێکی کوردستانی باشوور ناسراوە. لە میانی شۆڕشی ئەیلوول، لە شەستەکان وحەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا گەورە

ڕوون کردبوونەوە، کە ئەم شتە لەسەر داوای ئەو بووە وڕاستییەکەشی ئەمەیە. هەردوو نێردراو، گەشتەکەیان دەستپێکردەوە وچوون بۆ (واشنتۆن) ولە (١٧)ی تەممووزدا گەڕانەوە بۆ (حاجی هۆمەران).

بڕیار وابوو، ئیدریس ودکتۆر مەحموود، چاویان بە (هێنری کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوە بکەویٚ، بەلاّم لەبەرئەوەی ئەو لەویٚ نابیٚ، بۆیە لەگەلٚ (ڕیچارد هێلمز)ی بەڕێوەبەری هەوالّزانی ئەمریکا (CIA) کۆدەبنەوە. هێلمز، لەو کۆبوونەوەیەدا، لەجیاتی کیسنجەر وتبووی: "ئەم پەیوەندییە، لەسەر داوای شای ئێران بووە، وپێویستە ئەم نهێنییە ڕابگیریٚ، مەرجیش بریتییە لە نهێنیڕاگریی تەواو. بەڕێوەبەریٚتی ئەمریکا، بە چەك وبە پارە یارمەتیتان دەدا. بەڕێوەبەریٚتی، (١٦) ملیۆن دۆلاری بە شێوەیەکی سەرەتایی بۆ ئەمە تەرخان کردووە، بەمەرجیٚ کە بالیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران، ئەلّقەی پەیوەندیمان بیٚ." پاشان، دەرکەوت کە وا ئەو شێلگیرییە لەبارەی پێویستی ڕاگرتنی نهێنی وشاردنەوەی پرسەکەوە، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بەڕێوەبەرایەتی بڕیارێکی تاکتیکیی بیٚ ئاگاداری کۆنگرێس دەرکردبوو، کە بەپێی یاسا دەبێت کۆنگرێس لە هەموو یارمەتیدانێك بە دەرەوە ئاگاداربیٚ ویاسای بۆ دەرکرابیٚ.[١]

پێش دەسپێکردنەوەی شەڕ، لە نێوان حکومەتی ناوەندی وسەرکردایەتی شۆڕش، چەند چاوپێکەوتنێکی یەك بەدوای یەك ئەنجامدران. پارتی دیموکراتی کوردستان، پرۆژەی حوکمی زاتی خۆی پێشکەش بە حکومەتی ناوەند کرد، وبەعسییەکان لەگەلٚ پارتی کۆمۆنیستی عێراق، پرۆژەی خۆیان پێشکەش کرد، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هەردوو پرۆژەکەدا هەبوو، لەوانە مەسەلەی کەرکوك وناوچە کوردییەکانی ناکۆکییان لەسەر بوو. شەڕ، دەستی پێکرد وڕژێم هەموو توانا وسوپای خۆی کە بە نوێترین چەك ئامادە کرابوو وە لە یەکێتی سۆڤیەت دەستی کەوتبوو، خستە کار.

لە سەرەتای مانگی ئاداری (١٩٧٥ز)، کۆنگرەی ئۆپێك بەسترا لە جەزائیر وشای ئێران وسەدام

---

یاریدەدەری بارزانی ودکتۆری تایبەتیشی بووە. ناوبراو ڕۆلێکی سەرەکی لە دانوستانەکانی بەیانی یازدەی ئازاردا هەبوو، بەلاّم دوای نسکۆی (١٩٧٥ز) دکتۆر مەحموود ولاّتی بەجێهێشت ورووی کردە ئەوروپا. پاش ئەوەی خۆی بە نووسینەوە خەریك کرد پاشان پارتێکی تایبەت بە خۆی دامەزراند بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان/ کۆمیتەی ئامادەکاری. دواتر لە سالّی (١٩٧٨ز) گەڕایەوە بۆ کوردستانی باشوور، پاش سالّێك پەیوەندی بە (ڕەسوولّ مامەند)ەوە کرد وپێکەوە (پارتی سۆشیالیستی کوردستان)یان لە عێراق دامەزراند. هەرچەندە لە هەلّبژاردنەکانی (١٩/ ئایار/ ١٩٩٢ز) خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم کاندید کرد بەلاّم بەخت یاوەری نەبوو وە دەنگێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا. ئیستاش ناوبراو لە بەغدا، ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقە (پارلەمانی عێراق).

* ئیدریس بارزانی: (١٩٤٤– ١٩٨٧ز)، گرنگترین کارێك کە ئیدریس بارزانی ئەنجامی دابیٚ، کۆکردنەوەی لایەن وگرووپ وپارتە کوردستانییەکان بوو لە چوارچێوەی (بەرەی کوردستانی)دا و وەستاندنی شەڕی براکوژی نێوان بوو لە شاخ بۆ دواجار. ناوبراو کوڕی پێشەوا مستەفا بارزانی بوو، لە دوای نسکۆی سالّی (١٩٧٥ز) ومردنی بارزانی نەمر، ناوبراو لەگەلٚ مەسعوود بارزانی برای وێکڕا سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد وبەسەر پێیان خستەوە. ئیدریس ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە پیاوێکی عەلمانی وزیرەك وبەڕێز ونەریتپەروەر بووە. لە (١٣/ یەنایەر/ ١٩٨٧ز)، کتوپڕ دلّی وەستاو دوامالّئاوایی کرد، لە دوای ئەوە مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی بنەمالّە وپارتەکەشی گرتە دەست.

[١] مسعود بارزانی: بارزانی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١– ٢١٢

حسێن لەو کۆنگرەیەدا ئامادە بوون. لە ژێرەوە، گفتوگۆ کرا لە نێوان عێراق وئێران، بە هاوکاری جەزائیر وهەردوولا لە (٦/ ٣/ ١٩٧٥ز)دا گەیشتنە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیری خیانەتکار، و(هێنری کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەو سەردەمەدا، ئاگادار بوو لەم پیلانە. هەروەها، یەکێتی سۆڤێتی پێشوو وڕووسەکانیش ئیسراحەتیان بەم ڕێککەوتنە کرد، چونکە پەیمانی دۆستایەتی وهاوکارییان لەگەڵ عێراقدا هەبوو، وپارتی کۆمۆنیستی عێراقی ئەو سەردەمەش لەناو بەرەی نیشتمانی ونەتەوەیی پێشکەوتوودا بوو، کە بەعسیشی تێدا بوو. [1]

دوای ئیمزای قەراردادەکە، شای ئێران بە (ئەرتەشبوود نەسیری) وت، مەلا مستەفا بانگ بکات بۆ تاران، کاتێ هاتە تاران شا پێی وت: "ئێمە ئیختیلاف ومەشاکیلی خۆمان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق کۆتایی پێهێناوە، ئەمانەوێ لەگەڵ عێراق کە جیرانە وزۆربەی خەڵکەکەی شیعەیە، ولانی کەم دوو ملیۆن حەشیمەتی ئەو کوردە ولە هاوڕەگەز وبرایانی ئێمەن. ئەمانەوێ، پەیوەندییەکی دۆستانەمان هەبێ وقەرارداریێکیش لەو بار وبابەتەوە ئیمزا دەکرێ. لە تۆش داوا دەکەم، بە هەموو بەرپرسانی حزبی وپێشمەرگە ڕابگەیەنی، کە لەم سەعاتەوە شەڕ لەگەڵ ئەرتەشی عێراق تەواوبووە وکەس حەقی نییە سەرئێشە بۆ دەوڵەتی عێراق ساز بکات." [2]

پاش ئەم تەفرە وفێڵ وڕووداوە سەیر وسەمەرەیە، ئەمریکا خۆشحاڵی خۆی لەبارەی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەکەی جەزائیرەوە دەربڕی. هەرچەندە، کۆنگرێسی ئەمریکا، نادڵکاوی خۆی دەربڕی، بەرانبەر سیاسەتی شای ئێران وبەڕێوەبەرایەتی ئەمریکا بەرانبەر کێشەی کورد. هەرچەندە، ئەم نادڵکاوییەی کۆنگرێس، هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. ئەم ئەزموونە تاڵەی کورد لەگەڵ ئەمریکا، کاردانەوەی جۆراوجۆری لەسەر واقعی کوردی جێهێشت، هەروەها دوودڵییەکی گەورەی سەبارەت بە ڕاستگۆیی ئەمریکا لەناو ڕۆشنبیران وسیاسەتمەدارانی کورد دروستکرد. ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە، ئەمە هەڵوێستی نێگەتیڤانەی ئەمریکا بووە بەرانبەر بە کورد، تا ساڵی (١٩٩٠ز). بەڵام، لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان بەدواوە، قۆناغێکیتر بۆ کورد دەستپێکرد کە لە زۆر ڕووەوە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت. لەوانەش، پەیوەندییەکانی کورد وئەمریکا وگرنگیدان بە پرسی کورد، ودواتریش پەرەی سەند بۆ پێشوازیکردن لەسەر ئاستی بەرز لە سەرکردەکانی کورد. پاشان، کورد وەك بەشێکی سەرەکی لە ئۆپۆزسیۆن بە شێوەیەکی کارا لە کۆنگرەکانی لەندەن وسەلاحەدین بەشداری کرد. دواتر، لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، شانبەشانی ئەمریکا وهاوپەیمانان بەشداریکرد. لە ئێستاشدا، کورد لە دەسەڵاتی ناوەندیدا، بەشدارە لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا. [3]

بۆچوونێك هەیە پێیوایە، ئەمڕۆ سیاسەت لە کوردستان وبەتایبەت لە هەرێم، لەلایەن هێزی

---

[1] محەممەد ساڵح ئاکرەیی: کورد ودەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣- ١٧٦

[2] عیسی پەژمان: نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥-ی ئەلجەزایر، لە ئارشیفی تەواو نهێنی ساواك، و: ناصری ئیبراهیمی، سوئێد، ١٩٩٧، ل ٩١

[3] بەرزان ئەحمەد کوردە: کورد ودەوڵەت، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١، ل ٢٠٧- ٢١٢

سیاسی نەك دەسەڵاتی سیاسییەوە بەڕێوەدەچیٚ، وتا ئێستاش ئەو هێزە سیاسییانە نەبوونەتە دەسەڵاتی سیاسی وخاوەنی سەروەری سیاسی. واتە، ئەم هێزە سیاسییانەی کە ئێستا حوکمی کوردستان دەکەن، دەسەڵاتی سیاسی سەروەر نین. هەڵبەت، سەروەری سیاسی، بریتی نییە لە دەسەڵاتی هێزی سیاسی دیفاکتۆ. لیٚ، کۆمەڵگای کوردی، لەجیاتی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی تێدا بێت، لەلایەن هێزی سیاسی دیفاکتۆوە بەڕێوەدەچیٚ. هەروەها، بەرژەوەندی سەرکردە وپیاوانی سیاسی بەهێز، ڕێگا بەوە نادات کە سیاسەتی کوردی ببێتە یان بکرێتە سیستمی سیاسی دەسەڵاتدار، چونکە سیستم وبەرپرسیاریی ولێپرسینەوەی تێدایە، وئەوانیش نایانەوێت بکەونە بەر لێپرسینەوە. [1]

کەواتە، دەبێت هەموو کارەکتەرە سیاسییەکانی کوردستان، وهەموو دامودەزگاکان، بە پارلەمان وحکومەت وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وتاك بە تاکی خەڵکی کوردستان وبەتایبەت هەرێم، بە ئاراستەیەك هەنگاو بنێن کە ئەم پرۆسەیەی هەرێمی کوردستانی باشوور نەکەوێتە تەنگژەی سیاسییەوە، ولەبەر بەرژەوەندییەکان وخواستە حزبی وتایبەتییەکان لەبار ببرێت، بەڵکو هەوڵبدریٚ لە قەوارەیەکی مرۆیی دیفاکتۆوە بەرەو قەوارەیەکی سیاسی خاوەن دامودەزگای یاسایی بچیٚ.

ئەو دیٚموکراسییەی کە ئێستا لە هەرێمدا هەیە، توانیویەتی ژیانی سیاسی یان شێوازی دیاریکردنی دەسەڵات وپەیوەندییەکانی دەسەڵاتدارێتی، دیٚموکراتیك بکات. بەڵام، نەیتوانیوە یان نایەوێت ئەم دیٚموکراسییە سیاسییە لانیکەمە، بەرەو دیٚموکراسی لانی زۆری کۆمەڵایەتی وئابووری وفەرهەنگی بەرێت. بێگومان، ئەمەش بەوە دەبێت کە دەسەڵاتی دەستووری ویاسایی، مافەکان وئازادییەکان ودادپەروەری کۆمەڵایەتی وبەشداری سیاسی وگشتی فەراهەم بکات، وتاك وخەڵك لەم بەرهەمانەی دیٚموکراسی بێبەش نەکات. [2] هەڵبەت، "هیچ دیٚموکراتییەتێك بەبیٚ بوونی دیٚموکراتخوازان بوونی نییە، یان بەبیٚ بوونی مرۆڤێك کە هیوای دیٚموکراتییەتە وبانگەشەی بۆدەکات." [3]

لە کۆتاییدا، وێڕای ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، ئێستاش ئەوە چەند ساڵێکە دەسەڵاتێکی لۆکاڵیمان لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانییەوە لە هەرێمی کوردستاندا دامەزراندووە، بەڵام دوای ئەوە نەهاتین چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئەو سیستمە یاساییە دیاری بکەین ودەستوورێك دابنێین، تاوەکو بە هەموو جیهان ڕابگەیەنین کە ئەمە سیستمە سیاسییەکەی ئێمەیە. بۆیە، دەسەڵاتەکەی هەرێمی کوردستان، ئەگەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە دیٚموکراسیش بووبێت، ئەوە تەنها کارێکی واقعی بووە ونەبۆتە کارێکی یاسایی. واتە، شەرعییەتی یاسایی پێنەدراوە وچوارچێوە دیٚموکراسییەکەی دیارینەکراوە. باشترین دەسپێکیش، ئەوەیە کە پرۆژە دەستوورەکەی هەرێم دوای چاککردنی، بخرێتە

---

[1] نوێبوون، گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ئەیلولی ٢٠١١، ل ١٤٦- ١٤٩

[2] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، کانونی دووەم ٢٠١٢، ل ٢١- ٢٤

[3] فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو، و: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٣٧

بەر دەستی گەل، بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم لەسەری. [1]

## پێناسەی چەمکی ناسیۆنالیزم:

ناسیۆنالیزم، واتە نەتەوەپەرستی. بە شێوەیەکی گشتی، بەو ئایدیۆلۆژیا وبزوتنەوە کۆمەڵایەتییانە دەوترێت کە تەنها سەرنجیان بۆسەر نەتەوەیە، وهەستی نەتەوایەتی لە گیانی تاکەکانیاندا بەهێز دەکەن. نەتەوەپەرستیەت، وەك ئایدیۆلۆژیایەك، بریتییە لەوەی هەر گەلێك خاوەن سەروەری بێت وبە نەتەوە لەقەڵەم بدرێت. بە کورتی، نەتەوەپەرستیەت، خواستی گەلە بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین وخۆبەڕیوەبردن.. [2]

لەگەڵ گرنگیی بابەتی ناسیۆنالیزم، بەلام کۆدەنگییەك لەسەر ناوەڕۆك وئەو هۆکارانە نییە، کە بۆچی ناسیۆنالیزم چنگی خۆی توند دەکات لە چین وتوێژێکی بەرفراوانی دانیشتووانی جیهان. پێش هەر دیراسەتکردنێکی ئەم بابەتە، دەبێت پێناسەگەلێکی بنەماکانی نەتەوە بکەین. بەلام، زۆربەی کات ئەم کێشەیە ئاڵۆز بووە، بەهۆی بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی خەڵکەوە، لەمەڕ دەستەواژەکانی "نەتەوە، دەوڵەت، وڵات،" بێئەوەی جیایان بکەنەوە. لەگەڵئەوەی، دوو دەستەواژەکەی دوایی ئاماژەدانە بە قەوارەی سیاسی، بەلام دەستەواژەی یەکەمیان، وەسفی کۆمەڵە خەڵکێك دەکات، کە دەکرێت لەسەر خاکی هەمان دەوڵەت، یان چەند دەوڵەتێکیتر بژین.

کە گەلێك یان گروپە کەسێکی گەورە، دەخوازێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆی هەبێ، یان لانی کەم مافی بەڕێوەبردن وڕێکخستنی تایبەتمەندییە کەلتووری وکۆمەڵایەتی وپەروەردەییەکانی خۆی هەبێ، وبۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجەش چالاکی دەکەن. ئەو پرۆسەیە، بە ناسیۆنالیزم (ناشناڵیزم) یان نەتەوەپەرستیی وە یاخود نەتەوەپەروەریی دەناسرێ. لە کن ئەو کەس وچین ولایەنانەی، باوەڕیان بە بیری ناسیۆنالیزم هەیە، لوتکەی لۆیالْ (ولاء)ی مرۆڤ بۆ نەتەوەکەی دەبێ ودەوڵەتی نەتەوەییش دەبێتە ئامانجی هەرە گەورە ونموونەیی ڕێکخراوە سیاسییەکان وخەباتیش لەپێناو وەدیهێنانیدا دەکەن. [3]

پێناسەی "نەتەوە" یان "ناسیۆنالیزم،" پشت دەبەستێت بە پێوەری بابەتیی، یان خودیی، وە یان بە تێکەڵکردنی هەردووکیان. زۆربەی زۆری، دیاریکردنەکانی ناسیۆنالیزم، پشت ئەستوورە بە جۆرە هێما ونیشانەیەکی دەستنیشانکراو، کە بەگشتی جێبەجێ دەبێت بەسەر ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراودا. وەڵێ، زمانی هاوبەش، ئایین، ئیتنی، ڕۆشنبیری، هەموو ئەمانە وەك پێوەرێك بۆ

---

[1] هەژار غفور سعید: پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی پرەنسیپە گشتییەکانی دانانی دەستوور، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٢٨

[2] گەیلان عەباس: فەرهەنگی ڕامیاری، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکان، کۆمپیوتەر وفۆتۆکۆپی بەفر– سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٦٨

[3] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٧١

دەستنیشانکردنی شوناسی دەوڵەت بەکارهێنراون. هەرچەندە، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی فاکتەرە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزم، دەریخستووە کە زۆربەی کات ئەم فاکتەرانە لە دیاریکردنی نەتەوەیەکی دیاریکراودا، یەکتر پتەو دەکەن..[1]

لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، هەستی نەتەوایەتی، بەرهەمی سەرەتای دەرکەوتنی چینی بۆرژوایە. بە مانایەکی دی، دەرکەوتنی ئەم هەستە، هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی پیشەسازی وگواستنەوەی کۆمەڵگا، لە قۆناغی فیودالییەوە بۆقۆناغی سەرمایەداری. دیارە، هەر بەپێی ڕوانینی هەمان میتۆدی فەلسەفی، هۆشیاری نەتەوەیی بەدوای هەستی نەتەوایەتیدا دێت. لە کۆمەڵناسیی نوێشدا، هەست وهۆشیاری نەتەوەیی، پەیوەستە بە دەرکەوتنی ناسیۆنالیست وناسیۆنالیزمەوە. وەلێ، دیارە تا ناسیۆنالیزم وەکو فەلسەفە وئایدیۆلۆژیا دەرنەکەوێت، بێ شك ناسیۆنالیستیش وەکو بکەرێکی ناکردە یان لاواز، لە ڕووی دروستکردنی ڕووداوەوە دەردەکەوێت. لە ڕاستیدا، باری ئاسایی کۆمەڵگای کوردی، تاوەکو ئێستاش، ئەوەیە کە لەگەڵئەوەی ناسیۆنالیست ئامادەبوونی هەیە، بەڵام ناسیۆنالیزم بوونی نییە. واتە، بکەرێکی بێ بەرنامە وبێ پرۆگرام، کە لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا دەجووڵێت، بە بێئەوەی خاوەن پرۆگرام وفەلسەفە بێت..[2]

لەنێو ناخی ناشناڵیزمدا (ناسیۆنالیزم)، مەفهوومێکی سروشتی مرۆڤ هەیە. ئەگەر، نەتەوە تەنیا بە کۆمەڵگەیەکی سیاسی ڕەوا دابنرێت، ئەوا لەبەرئەوەیە کە سروشتی مرۆڤ حەز بەوە دەکات، بەرەو مرۆڤیتر بچێت ولەگەڵ یەکیدی وێکچوونە کەلتوورییەکانیان هاوبەش بکەن. لەم ڕووەوە، نەتەوەکان کۆمەڵگای ئۆرگانیکین، کە لە یەك کاتدا پەرەدەسێنن. هزرمەندە پارێزگارەکان، هەمیشە ئامادەیی خۆیان وەرگرتووە بۆ برەودان بەم مشتومڕە، لەو باوەڕەوە کە مرۆڤ بوونەوەری ناسەربەخۆن وپشت بەوانیتر دەبەستن، بەبێ ویستی خۆیان دەچنە پاڵ یەکتر، چونکە دەوڵەت ناسنامەی کۆمەڵایەتی وئاسایشیان بۆ دابین دەکات. هزرمەند، بێنێدێکت ئەندرسۆن، * لە کتێبەکەیدا بەناوی (Imagined Communities)، جەخت دەکاتە سەر ئەو خاڵەی کە: "نەتەوەکان، وجوودیان هەیە، وەك وێنەی ئەقڵانی نەك وەکی کۆمەڵگای ڕاستەقینە." ئاشکرایە، هزرمەندی ناوبراو، یەکەمین کەس بووە کە زاراوەی "کۆمەڵگای خەیاڵی ودروستکراو"ی بەکارهێناوە..[3]

سروشتی نەتەوە، مشتومڕی زۆر لەسەرە. بەتایبەتی، ئایا نەتەوەکان گرووپی تایبەتین، یان

---

[1] مارتن غریفیش وتیري أوكالاهان: المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، الطبعة الاولى، مركز الخليج للابحاث- دبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٨، ص ٣٤٠

[2] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥

* بێنێدێکت ئەندرسۆن: بێنێدێکت ڕیچارد ئۆ. گۆرمان ئەندرسۆن، لە (٢٦/ ٨/ ١٩٣٦ز) لە(کۆنمینگ) لە(چین) لەدایك بووە، ڕەگەز ئێرلەندییە، برای مێژوونووس (پێری ئەندرسۆن)ە، ساڵی (١٩٤١ز) خێزانی ناوبراو ڕۆیشتوون بۆ کالیفۆرنیا لەئەمریکا. ئەندرسۆن بڕوانامەکانی لەزانکۆکانی کامبریج وکۆرنێل بەدەستهێناوە. ناوبراو بیرمەندی بواری زانستی سیاسییە، هەروەها پرۆفیسۆری فەخرییە لەزانکۆی (کۆرنێل) لەئەندۆنیسیا، خاوەنی چەندین بەرهەمی جۆراوجۆری زانستییە.

[3] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) – سلێمانی، ٢٠٠٦ ، ل ١١٨

گرووپی کەمینەی پێشوازینەکەر وبێلێبوردەن؟ ئایا، گرووپی بەگومانن، یاخود گرووپی دوژمنکارین دژی نەتەوەکانیتر؟ ئاخۆ، ئایا نەتەوەکان دەتوانن پێکەوە، بە ئاشتی وسازانەوە بژین؟ هەروەها، پەسنی فرەکەلتووری وفرەڕەگەزی، لەنێو سنوورەکانیاندا دەکەن؟ بێگومان، چەند فۆرمێکی ناشنالیزمی نالیبرال وبێلێبوردەن. دیارە، ئەمەش جێبەجێ دەبێت، کاتێك نەتەوە پێناس دەکرێ بە زاراوەی تایبەت وتەسکبین، جودابوونەوەیەکی توند دروست دەکات، لە نێوان ئەوانەی کە ئەندامی نەتەوەیەکن وئەوانەشی کە نامۆن بەو نەتەوەیە. هەربۆیە، ناشنالیزمی تایبەت، ئاکامی ڕوونی لێدەکەوێتەوە، بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. گەر، کۆچبەران وکەمینەکان، لەنێو نەتەوەیەکدا بە "نامۆ" دابنرێن، ئەوا خەڵکی بێگانەی دەرەوەی ئەو نەتەوەیە، دەبێ بە دوژمن وبێمتمانە دابنرێن. تایبەتمەندییەتیی نەتەوەیی، زۆرجار ڕەنگدانەوەی فۆرمێکی "خینۆفۆبیایە،" (واتە، ترس یان ڕق لە بێگانان). لەم جۆرە حاڵەتانەشدا، ناشنالیزم، دەبێتە فۆرمێکی شۆڤێنیزمیی ودوژمنکارانە وچەوسێنەر.

بەلام، فۆرمەکانی ناشنالیزم (ناسیۆنالیزم)، زۆر زەحمەتن لەوانەی کە لەلایەن تیۆریستە دیمۆکرات- لیبراڵەکانەوە ڕاگەیەنراون. لیبراڵەکان، لە ڕووی نەریتەوە، مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ناسیۆنالیزم ڕێچکەیەکی بە لێبوردە ودیمۆکراتییە، کە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ بنەمای ئاشتی نێودەوڵەتی وکۆزمۆپۆلیتانیزم..[1]

ئەنجامی ئەو هەڵوەشانەوەیەی سیستەمی دەرەبەگایەتی، سەرهەڵدانی جۆرێکیتر بوو لە ژیانی سیاسی. چونکە، ئەو بەها ڕۆحیی ودنیاییەی کڵێسا لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، تەواو دژکار وناکۆك بوون لەگەڵ یەکتری. بۆیە، هەوڵەکانی کڵێسە، بۆ چاککردنی پەیوەندی نێوان هەردوو بەها لەوە لاوازتر بوو کە بتوانێت، ئەو ڕەوشە چارەسەر بکات. جگەلەوەش، لەگەڵ جێگیربوونی ڕەوشی ئەمنی وسیاسی وئاڵوگۆڕی بازرگانی هاوبەشدا، ولاتان زیاتر جەختیان دەکردە سەر پەیوەندییە جوگرافییەکان. لەولاشەوە، پەیوەندی هاونیشتمانی وزمان، کە لەسایەی دابەشکردنی جوگرافیاوە بەهێزتر بوون، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پەرەیان دەسەند وکاریگەرتر دەبوون، لەنێو ویلایەت وولاتە دەرەبەگەکاندا. ئەنجامی ئەو جێگیرییە، بووە هۆی سەرهەڵدانی ولاتانی وەکو فەرەنسا وئیسپانیا وئینگلتەرا وسویسرا وئەڵمانیا وهۆڵەندا وڕووسیا وئیتالیا. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو وولاتانە، وسەرهەڵدانی بیرۆکەی هاونیشتمانی ودەوڵەتی نەتەوەیی، ئەوەبوو بە یەکجاری بیرۆکەی سیاسی کڵێسە کۆتایی پێهات وڕێگا خۆش بوو، تاوەکو یاسا وتیۆری سەروەریی ویەکسانی نێوان ولاتان بێتەدی.

بۆ یەکەمجار، دەوڵەتی نەتەوەیی، لە شێوەی سیستمی پاشایەتی ڕەهادا دەرکەوت. چونکە، پێویست بوو پێش ئەوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەهێز دابمەزرێت، ئەو دەرەبەگانە، لەناو ببرێن کە زۆرترین دەسەلاتیان هەبوو لەنێو ولاتەکاندا ودوژمنی دەسەلاتی ناوەندی بوون. جەنگە سەلیبییەکان،

---

[1] ئاندرو هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٦٩- ١٧٢

بەشێکی زۆری ئەو دەرەبەگانەی لەناوبرد وبەشێکی زۆرتریشی لاوازکرد. [1]

پێویستە، بەر لە هەموو شتێك، پێناسەیەکمان هەبێت بۆ (دەوڵەت) ولە مانای دەوڵەت تێبگەین. لە بواری سیستمە سیاسییەکاندا، پێناسەی دەوڵەت گەلێك دیدوبۆچوونی جیاجیا دەگرێتەخۆ. دەوڵەت، بە واتای ئاوێتەبوونی کۆمەڵگایەك وهەوڵدان بۆ کۆکردنەوەیان لە بازنەی دامودەزگایەکی یاسایی، کە کاروباری مرۆڤایەتی ڕاپەڕێنیٚ لەلایەن خودی مرۆڤەوە، وە بۆ خۆیان ڕێککەون کە کۆمەڵگایەکی سیاسی پێکبهێنن ولەو ناوەندەشدا دەوڵەت دابمەزرێنن. لەبەر ئەم هۆیە، دەوڵەتیان هێنایە گۆڕیٚ.. [2]

یەکەم فۆرمی دەوڵەت، هۆزگەرایی بووە. ئەوکات، زۆربەی زۆری دەوڵەتان، لەیەکچوون وهاوشێوەبوون لە زۆر لایەنەوە، ئەگەرچی لە زۆر لایەنی تریشەوە جیاوازبوون. دەوڵەتی هۆزگەرایی، لە ڕووی قەبارەوە، بچووك بووە وسەرۆك هۆزەکان حوکمیان کردووە ولە زۆر شوێنیشدا، ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی یارمەتییان داوە. هەندێك لەو هۆزانە، کۆچەریی بوون، هەندێکیتریشیان بە یەکجارەکی جێگیر بوون لە شوێن وناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا. ئەگەرچی، مەبەستی سەرەکی وململانێی بنچینەیی هۆزەکان، ئەو کاتە لەسەر بالأدەستیی لەنێو ناوچە جوگرافییە جیاوازەکاندا بووە، هەروەها بەرگریکردن لە بەرژەوەندی هۆز بووە، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا، پارێزگارییان لە کۆمەڵێك پەیوەندی بەتینی وەك خزمایەتی وئایین وبەرژەوەندی ئابووری کردووە.. [3]

لەگەڵئەوەی، گەلی کورد، پێکهاتووە لە چەندین هۆز وتیرە وخێڵ، وە لەگەڵئەوەی بەر لە سەردەمانێك، خاوەنی چەندین میرنشین بووە، کە لەسەر بنچینەی هۆزگەرایی وناوچە وخێڵگەرایی دامەزراون، بەلأم ئەدی لەم سەردەمەشدا، گەلی کورد، نەیتوانیوە فیدراسیۆنێك، یەکێتییەك یاخود دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆخۆی بونیاد بنێت، کە کۆی ئەو میرنشینانەی پێشوو بووبێت. یاخود، بابڵێین، تەنانەت نەگەیشتووە بە دەوڵەتی خێڵەکیی وهۆزگەراییش. کەواتە، واباشترە، لە فاکتەرەکانی نەگەیشتنی گەلی کورد بە هیوای خۆی، یاخود لە نەگەیشتنی بە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، بکۆڵینەوە وبیخەینە ڕوو. سەرەتا، دەکرێت لە ڕووی هۆکارە ناوخۆیی ودەرەکییەکانەوە، ئاماژەی پێبدەین. گەلۆ، ئەگەر لە ڕووی هۆکاری ناوخۆییەوە، پێناسەی چەمکی (نەتەوە) بکەین وبەسەر کورددا جێبەجێی بکەین، ئەوا دەبێت پێناسەیەکی بابەتییانە وخودییانەی چەمکی نەتەوە بکەین.. لەڕووی بابەتییانەوە، کە توخمە پێکهێنەرەکانی وەك (خاك، زمان، کەلتوور، مێژوو، نەریت، ئابووری و....هتد) لەخۆ دەگرێت، کورد کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، لەبەرئەوەی خاوەنی تێکرای ئەو ڕەگەزانەیە بە شێوەیەکی ڕێژەیی. بەلأم، لە ڕووی خودییانەوە، کە جەخت لەسەر هەڵوێست وبەهاکان دەکاتەوە، کورد کێشەی هەیە.

---

[1] ڕایمۆند گارفیلٚ گیتیلٚ: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسولٚ وموحسین ئەدیب، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنانووسی وچاپ وبلأوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی،٢٠١٠، ل ١٤٦– ١٤٨

[2] کوردستانی نویٚ: کاکێشان، ساڵی بیستەم، ژمارە (٥٥٣٦)، چوارشەممە، ٢٠/٧/ ٢٠١١، ل ٤

[3] ڕایمۆند گارفیلٚ گیتیلٚ: زانستە سیاسییەکان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣

یـاخود، پێناسـەی خودییانـەی نەتـەوە، بۆ کـورد ناکامڵ وناتـەواوە، لەبەرئـەوەی، "ئێرنسـت ڕێنـان" * وتـەنی: "نەتـەوە ڕیفرانـدۆمێك یـاخود (دەنگـدان)ی گشـتی وبەردەوامـە." بـە مانـای، نەتـەوە لـە ڕووی پێناسەی خودییانەوە، دەبێت بە بەردەوامی خۆی بسەلمێنێت. یاخود، بە مانای: "ئینتیما بۆ نەتەوە، مەسەلەی ڕەگەز نییە، بەڵکو مەسەلەی ئیرادەیە." بۆیە، وەسفی کردبوو بە ڕاپرسییەکی ڕۆژانە.. [1]

دیارە، ئەم خۆناساندنەش، لەڕێی دەوڵەت ودەسەڵاتی سیاسییەوە دەبێت. هەرچەندە، کورد لە ڕێـی "بزوتنـەوە نەتەوایەتییەکانیـەوە" توانیویـەتی بـە بـەردەوامی خـۆی بسـەلمێنێت.[2] وەلێ، ئـەو خۆناسـاندنەش کـە لـەم ڕێیـەوە بێـت، یـان لـەڕێی خـەباتی چەکدارییەوە بێـت، لاوازە. هـەرگیز وەك ئـەو خۆناساندنە نییە، کە لەڕێی دەوڵەتەوە بێت. ئاشکرایە، ئەو نەتەوەیـەی لەڕێگـەی خـەباتی چەکدارییەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، بە شێوەیەکی گشتی لە ناو فەرهەنگێکی سیاسی داخراودا دەمێنێتەوە.. [3]

[3] لێرەوە، واتـە، دوای ئـەو خۆناسینە بەردەوامـە، جۆرێك لـە هۆشـیاری نەتـەوەیی بـۆ تاکـەکانی نەتـەوە دروسـت دەبێـت، کـە بـوونی نەتـەوە ونەتەوایـەتی دەسـەلمێنێت. دواتـر، هـەر دەوڵـەتیش‌ـە، کـە بـەهۆی سـنووری دەسـەڵاتەکەیەوە، نەتەوەیـەك لـە نەتەوەیـەکیتر جیـا دەکاتـەوە. کەواتـە، ئـەوە دەوڵـەت وناسیۆنالیزمە، کە "نەتەوە" دروست دەکەن..[4]

کەواتە، لەبەرئەوەی کورد، هێشتا نەبووەتـە خـاوەنی "دەوڵـەتی نەتـەوەیی خـاوەن سـەروەریی" خۆی، بۆیە بە باشی نازانم بڵێم "نەتەوەی کورد،" بەڵکو دەڵێم "گـەلی کـورد." خـودای گـەورە، پشـتیوان بێت، ئەو ڕۆژە هەر دێتە دی، کە گەلی کورد ببێتـە خـاوەنی دەوڵـەتی سـەربەخۆی خـۆی، ئـەوجا بـێ شـك منیش بە ئازادی وبە دەنگێکی زوڵاڵ، دەڵێم "نەتەوەی کورد."

پێدەچێت، لێکچوونێك هـەبێت لـە نەتـەوە ودەوڵەتـدا، بـەڵام هـەرگیز وانییـە. دیـارە، دەوڵـەتان، حوکمڕانیی گەلان دەکەن لەو ناوچەیەی سنووری بۆ دیـاریکراوە. ئەمـەش، بـە پشتبەسـتن بـە یاسـاکان، فەرمانەکان، باجەکان، دراوەکان، خزمەتی پۆستە، پۆلیس، لەشکر و....هتـد. وێـڕای ئەمانـە، دەوڵـەتان، جەنگ ئەنجام دەدەن، لە پەیماننامەکانیشدا دانوستان دەکەن. دەتوانن، کەسانێك لە زینـدان تونـد بکـەن، ژیان بە چەندین شێوە ڕێکبخەن، ئەمە بێجگەلەوەی جەخت لەسەر سـەروەریی خاکیـان دەکـەن. بـەڵام، لـە بەرانبەردا، نەتەوەکان پێکدێن لە چەندین کۆمەڵە خەڵك، کە باس لە پەیوەندییە هاوبەشەکانی وەك زمان،

---

* ئێرنسـت ڕێنـان: لـە(٢٨/ ٢/ ١٨٢٣ز) لەبـەریتانیا لـەدایك بـووە، لـە(٢/ ١٠/ ١٨٩٢ز) لەفەرەنسـا کۆچـی دوایـی کـردووە. لەگەڵئەوەی مێژوونووس وفەیلەسوفێکی فەرەنسی بووە، بەڵام بەبڕوایەکی تەواوەوە ، وەلائی بۆ بـەریتانیا بـووە. ناوبراو بـەهۆی وەرگێڕانـی کتێبـی عیسـاوە (س.خ) نـاوی دەرکـرد، لەگەڵئـەوەی لەلایـەن کاتۆلیکەکانـەوە تووشـی ڕەخنـەی تونـد بـووەوە. ئەمـە بێجگەلـەوەی لـەدوتوێی وەرگێڕانەکەیـدا، ڕق وکینـەی خـۆیی بـۆ ئـاییني ئیسـلامی پـیرۆز خسـتبووە ڕوو. ناوبراو هـەروەها بـەهۆی پێناسـەکردنی (نەتـەوە)وە هێنـدەیتر ناوبـانگی دەرکـرد. ڕێنـان بـەهۆی تێڕوانینـە ناسیۆنالیسـتە بێوێنەکانیەوە، وەکی کەسێکی گرنگ وبەبەها ناوی دەرکردبوو، بۆیە ببوە سومبولێك لەسومبولەکانی کۆماری فەرەنسـای عەلمانی نەتەوەیی، هەڵبەت زۆرێك لە بینا گشتییەکان وقوتابخانەکان بەناوی ئەوەوە ناونران.

[1] ارنست رينان: ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ٩/ اوكتوبر/ ٢٠١٠، ar.wikipedia.org

[2] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩

[3] کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٣٦)، چوارشەممە، ٢٤/ ١١/ ٢٠١٠، ل ٧

[4] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥

ڕۆشنبیری، شوناسی مێژوویی دەکەن. کۆمەڵێکیتریش هەن، باس لەوە دەکەن کە نەتەوەن ودەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، وەکی فەرەنسییەکان، هۆڵەندییەکان، میسرییەکان، یابانییەکان. کۆمەڵێکیتر، داواکاری دەوڵەتن ودەستیان ناکەوێت، وەك دانیشتوانی تیبت، شیشان، فەلەستینییەکان. هەندێکیتر، داوای سەربەخۆیی دەکەن. نەتەوەی واش هەیە، کە دابەش بووە بەسەر چەندین دەوڵەتدا، وەکو عەرەب، کە بەسەر دوازدە دەوڵەتدا دابەش بووە، یان نەتەوەی کورد، کە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە. [1]

لەڕاستیدا، هەموو ئەوانەی وتران، بەشێکن لە کێشەی کورد، ئەمە وبێجگەلە نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەیی، ئەدەبی، فەرمی وستانداردی دەسەڵاتی کوردی، کە شێوەزمانەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە وتێکڕای کورد کۆکبن لەسەری. دیارە، ئەم هەوڵەش، بە دەوڵەت ودەسەڵاتی سیاسی ئەنجام دەدرێت. پێدەچێت، ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، تێکڕا هۆکارە ناوخۆییەکان بووبن.. [2] ماوەتەوە سەر ئەوەی، ئاماژە بە هۆکارە دەرەکییەکانیش بدەین، کە خۆی لە ڕازینەبوونی زلهێزانی ئەو سەردەمەدا دەبینێتەوە، بەوەی خواستیان لەسەر هاتنەدی مافی چارەنووسی کورد نەبووە. بەمانای، نەخشە وبەرژەوەندی هەمەلایەنە وهاوکێشەی سیاسی ئەو سەردەمەی وڵاتانی چواردەور ونێودەوڵەتیی، دژی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ بووە. لە ڕاستیدا، ئەمڕۆش لەگەڵئەوەی جیهان تاکجەمسەرە، بەڵام هەمان سیاسەت ونەخشەڕێگا وهەڵسەنگاندنی بەرژەوەندی، بەرانبەر گەلی کورد پەیڕەو دەکرێت.

دەکرێت بوترێت، کورد لە مێژوودا، وەك گەلێکی جەنگاوەر ناسراوە، بەلاّم وەك پێویست سیاسەتزان یاخود جڵەوی سیاسەتی باش ڕام نەکردووە. لەوەش زیاتر، ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی کوردی، زۆر کاڵ وکرچ بووە، پرۆژەی نەتەوەیی وەك پێویست ئامادەباش نەبووە، بۆیە ناسیۆنالیستی کورد هەردەم بێتوانا بووە. وەلێ، ویڕای هەموو ئەمانەش، هەردەم گەلێکی لێبوردەی خۆبەختکەری ئامادەباش لەپێناو مافە ڕەواکانیدا بووە. هەرگیز، ئەوە کورد نەبووە کە لە خەباتی خوێناوی وشۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی خۆی خاوبووبێتەوە، بەڵکو ئەوە زلهێزانە کە بێهەڵوێستیی وبێڕەوشتیی وشەیدابوونی عانە وبەرژەوەندی، بێهۆش ومەستی کردوون.

ئاشکرایە، کە سادەترین خاسیەتی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمیی، ئەوەیە کە هەموو نەتەوە کۆبکاتەوە و وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو نیشانی بدات، کە خاوەنی یەك سەرکردایەتییە وئامانجی سەرەکیش، سەربەخۆیی ودروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە لەسەر جوگرافیایەك، کە جوگرافیای هەموو نەتەوەیە، واتە نیشتمان. بێگومان، ناکرێت تەسەوری ئەوەش بکەین کە بەبێ بوونی ناسیۆنالیزم، ناسیۆنالیست بتوانێت پرۆژەی هەبێت. چونکە، لە بنەڕەتدا، کاتێ پرۆژەی نەتەوەیی بوونی هەبوو، ئەوە مانای وایە ناسیۆنالیزم لە پشتی ئەو پرۆژەیەوەیە. بە هەر حاڵ، نەبوونی پرۆژەی سەربەخۆیی ودروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە مێژووی کورددا، پەیوەستە بە نەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە. هەر بۆیە، تێکڕای بزوتنەوەکان، بە بزوتنەوەکەی شێخ مەحمودیشەوە، نەیانتوانیوە خاسیەتی

---

[1] مارتن غريفيش وتيري أوكالاهان: المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، مصدر سابق، ص ٢١٥– ٢١٦

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان– سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٣٤

نەتەوەیی وەربگرن ونەشیانتوانیوە درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن..[1]

بەڵام، هەر لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزم وئایینندەی نەتەوەپەرستییەوە، گەر ئاوڕێك لە نەتەوەگەرایی وهەستی نەتەوایەتی ودەوڵەتە نەتەوەییەکانی ناوچەکە، بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی بدەین، دەبینین کە لەوێش تێکڕای دەستەواژە نەتەوەییەکان نەك هەر کاڵ وکرچ دەرچوون، بگرە پیرۆزییەکی ئەوتۆشیان نەماوە لەچاو چەمکە لاهووتی وتیۆلۆجی (ثیولوجي) وبنەما ئیسلامییەکان، کە ئێستاکێ لە برەودان.

دوابەدوای جەنگی جیهانیی دووەم، وڕەوینەوە وکاڵبوونەوەی دیاردەی ئیمپریالیزمیی وداگیرکاریی، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وزیاتریش لە وڵاتانی عەرەبی، وە پاش ئەوەی ئەو وڵاتانە سەربەخۆییان وەرگرت، لێ باهۆزی نەتەوایەتی وچەمکی ناسیۆنالیزم وهەستی نەتەوایەتی وبگرە ڕاسیزم ودەستەواژە کۆمۆنی وسۆشیالیزمییەکان وتێزە مارکسی ولینینییەکان، بە جۆش وخرۆشەوە سەرتاپای ناوچەکەیان داپۆشی. بەم کارەش، جۆرێك لە ئایدیۆلۆژیا وبیروباوەڕی نەتەوەپەرستیی وپرۆژەی نەتەوەیی وهێزی سیاسیی وبزوتنەوەی کۆمەڵایەتی نەتەوەخواز وچەپڕەو، وەك خواستێکی جەماوەریی فەراهەم ودەستبەکاربوون.

دیارە، چەندین سەرکردە وکەسایەتی کاریزما وشۆڕشگێڕ وبزاڤی ڕزگاریخوازیی، لە سەرجەمی ئەم وڵاتانەڕا وەك دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو هەڵتۆقین. وردە وردە، لە سۆنگەی تێز وتێکستە سۆشیالیزمییەکانەوە، دەنگۆی پێشکەوتنخوازی ومۆدێرنە ویەکیەتی سەرتاسەریی، دەدرا بە گوێی تاکەکاندا. ئەوجا، ڕەوش و واقعی گۆڕانکارییەکان، ئەوەیان دەخستەڕوو کە کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی چەشەکراو بە ناسیۆنالیزم، دوورخستنەوەی تاکەکانی دەویست لە هەموو دیاردە وڕەوتێکی ئایینیی ومەزهەبی وناوچەگەریی. هەروەها، تاك دەبووە برغوویەکی بێبەهای ماشێنێکی زەبەلاح، واتە دەبووە ئامراز لەبۆ ئامانجێکی سەرەکی وگرنگ، ئەوەش بە مەبەستی بونیادنانی ستراکتووری کۆمەڵگایەکی کۆمۆنەی مۆدێرنە، کە تێیدا تاك فێری بڕوا وبیروباوەڕ (العقيدة والايمان)ی نەتەوەپەرستی ببێت. واتە، دەبوو تاك خواستەکان ومافەکانی لە پێناو گەل ونیشتمانی گەورە وبیروباوەڕی حزبایەتیدا بتوایەتەوە. بەمەش، هێدی هێدی پێشێلکارییەکان بەرانبەر بە سەرجەم تاك وبگرە نەتەوە دێرینە ژێردەستەکان وکەمەنەتەوەکان ومەزهەب وئەوانەی هزر وبۆچوونیان جودا بوو، زیادی دەکرد.

ئەوەش ژ بیر نەکەین، کە بوونی ئۆپۆزسیۆن ولێکبوردن وشەفافیەت لە ئەجێندا وکایەی سیاسی ئەو سەردەمە ولەلای پارتە دەسەڵاتدارەکان، هێندە بوونی نەبووە. بەمانای، ئەو یەکێتی خاك وزمان ونیشتمانە عەرەبییە سەرتاسەرییەی لە پارتە نەتەوەپەرست وسۆشیالیستەکان چاوەڕوان دەکرا، چیتر ئەندێشە وفەنتازیا دەرچوو. بەڵکو سەرباری ئەوەشڕا، مۆدێلێکی نوێی دەسەڵاتیان هێنایە کایەوە، کە لێوانلێو لە تۆتالیتاریەت ودیسپۆتیزم ودیکتاتۆریەت بوو، وڵات لەباتی ئەوەی پێشبکەوێ، لێ تا دەهات بەرەو کێشە ونەهامەتی ودواوە دەچوو، گەندەڵی ودواکەوتوویی وهەژاریی وفینۆمینۆی میلیتاریزم وگواستنەوەی دەسەڵاتی باوك بۆ کوڕ، سیمای سەرەکی ئەم کۆمەڵگایانەبوو. چیتر، تاکەکان هەستیان بە دڵسۆزیی وبەو پیرۆزییانە نەدەکرد کە پێشتر ئەوان بەڵێنیان پێدابوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات ببوە

---

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١– ٢١٣

دێوەزمەیەکی قێزەون، گوێدان بە چەمکی نەتەوە ونەتەوەپەرستی، تەنها هەڵوێستێکی ڕاگوزەریانە بوو.

کاتێك گەلی لیبیا، بۆ ماوەی زیاتر لە چوار دەیە، لە ژێر ستەمی دیکتاتۆرێکی شێتی سایکۆپاتدا، شەکەت ببوو، دیارە هیچ دەرەتانێکیان نەبووە، بێجگەلە ڕازیبوون بە داکەوت ودیفاکتۆ. بۆیە، وەکی دیکتاتۆرەکەی عێراق، لیبیای کردبووە گرتووخانەیەکی سەرتاسەریی. پۆلیسی نهێنی ودەزگا داپڵۆسێنەرەکان، سەرجەم کایەکانی ژیان وخێزان وکوچە وکوڵان ودام ودەزگا دەوڵەتییەکانیان تەنیبوو. ئازادی بیرورا وبەشداری سیاسی وئۆپۆزسیۆن وشێوازەکانیتری بوونی دێموکراتیەت، تەنها خەونی شاعیران بوو. سەربار، پارتی سەرکردە وکاریزما وڕابەری پێویست، وە میتۆدی حزب وئاواز وکەرنەڤاڵی سەرکەوتن، داکەوتی ڕۆژانە وزانیاری وداتا گرنگەکانی نێو کتێبی سەوز وفێرگەکان ونووسراوی سەر ساڵنامەکان ومێژوو بوو.

شایانی باسە، دوای ئەوەی کەسە کاریزماکانی دوێنێ کە دواتر بوونە کاربەدەستان ودەسەڵاتی ئەو وڵاتانە، بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ وبگرە هەتاهەتایی دەسەڵاتیان قۆرخکرد. ئیدی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگە وسەنگ وقورساییان بەرەو لاوازیی وئاوابوون دەچوو، وتە گرنگ وتێڕوانین وتیۆرییەکانیان پوچ دەرچوون ولەگەڵ شەماڵی گۆڕانکارییەکاندا ڕۆیشتن. گۆڕینی دەسەڵات و وەلانانی دەسەڵاتداران، بووە یەکەمین وپێشەنگترین داواکاریی زۆرینەی ئەو کۆمەڵگا مرۆییانە. ئیدی لێرەوە، چەمکەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی ونەتەوەپەرستی وناسیۆنالیزم وچەپڕەویی وبەها سۆشیالیزمی وکۆمۆنیزمییەکان کاڵبوونەوە. سەربار، لە بەرانبەردا، بەها ڕۆحییەکان ویەکیەتییە ئایینی ومەزهەبییەکان وئایینی ئیسلامی پیرۆز، باڵادەست وبەهێز بوون. واتە، مۆدێلە کۆنەکە بە مۆدێلێکیتری نوێ گۆڕدرا، کە خەسڵەتگەلێکی نوێی لەخۆگرتبوو.

دیارە، لەم تەم ومژ وسەروبەندەدا، وبە ناوی ڕووخاندنی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان وگۆڕانکاری وبەهاناچوونی سەرجەم گەلان وبەرقەراربوونی دێموکراسیەوە، جارێکیتر خودی ئیمپریالیزمی نوێ هەوڵی دەستبەسەراگرتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات، کە بوونی ئەم دەسەڵاتانە هۆکاری سەرەکییەتی. وەلێ، ئەوەش لە یاد نەکەین، کە ناوبردنی هەموو هەینییەك بە ناوێکی خواستراوەوەڕا، باڵادەستیی وگەشانەوەی ڕەوت وهێزە ئیسلامگەراکان دەگەیەنێت، واتە پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی پێشوو. بەڵام، ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەمڕۆ زلهێزانی ڕۆژئاوا، هاوپەیمانە دێکتاتۆرە تەقلیدییەکانی دوێنێیان فەرامۆشکردووە، تا بە چارەنووسی تاڵی خۆیان بگەن. لە هەمبەر، پێشوازیکردن وهەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ (هاوپەیمانە ئیسلامییە نوێیەکان)، تا ئەوانیش بتوانن دەسەڵات بگرنە دەست. دیارە، ڕۆژئاوا، بەم کارەی دوو چۆلەکە بە یەك بەرد دەکوژێ، لە لایەکەوە قسەی ئەو هێزە ئیسلامییانە دەبڕێ کە ئێستاکە ڕابەرایەتی چین وتوێژێکی بەرفراوانی گەلەکانیان دەکەن ودەسەڵاتیان پێشکەش دەکەن، لە لایەکیتریشەوە بەشداریکردنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بەرهەمهێنانی نەوت، کە ئەمان (بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) پشکی شێریان دەبێت لەو وەبەرهێنان وبەرهەمهێنانی نەوتەدا، بەمانای دووبارە بەدەستهێنانەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییە ستراتیژییە هەمەلایەنەکان. وەلێ، بە دیوێکیتریشدا، دووبارە دەستگرتنەوەیە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەم جارەیان نەك وەکی ئیمپریالیست یان داگیرکەرێك، بەڵکو بە ناوی دێموکراتی وڕیفۆرم وئازادی تاك،

ودواتریش وەکی فریادڕەسێك، ئەمە بێجگەلەوەی پێشتریش پلانی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێی بۆ داڕێژرابوو.

هەڵبەت، لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە ئایا دەسەڵات پەیڕەوکردن لەلای ئەم هێزە ئیسلامگەرایانە، وەکی هێزە چەپڕەو ونەتەوەپەرستەکان بە نشێوی ولاڕێی دیکتاتۆریەت وشمولیەت وئۆتۆکراتیەتدا ناڕۆن ودەسەڵات قۆرخ ناکەن؟ هەڵبەت، ڕۆژئاوا، بەم کارەی سەرجەمی هێزە ئیسلامییەکان وئاییندەی ناوچەکە وباروودۆخەکەی خستووەتە بەردەم پرسیارگەلێك وتاقیکردنەوەیەکی چارەنووسساز. هەروەها، حسابی ئەوەشی کردووە، کە ئەگەر ئەم هێزە ئیسلامییانە بەرژەوەندی باڵای گەلەکانیان لەبەرچاونەگرن، ئەوا ئەمانیش هەمان چارەنووسی دەسەڵاتدارانی پێشوویان دەبێت، کە ئێستاکە هەر ئەمان (واتە هێزە ئیسلامییەکان) بە دەستی خۆیان بەشێك لە سەرکردەکان وڕژێمەکانی پێشوویان ڕیشەکێش کرد. واتە، ئەگەر وانەکرێت، ئەوا قۆناغێکی نوێ لە داهاتوودا، تێکڕای ئەم کۆمەڵگایانە دەگرێتەوە، کە ڕەتکردنەوەی ئەم ڕەوت وپارت وهێزە ئیسلامییانە لەخۆدەگرێت. بە مانایەکیتر، بێئەوەی ئەمریکا وزلهێزان، لە ئاییندەدا خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانیەتی ئیسلامی ومەترسی دەرەکی ئامادە بکەن، لێ نەوەی داهاتووی ئەو گەلانە خۆڕسکانە خۆیان ئەو کارەیان بۆ ئەنجام دەدەن. ئەمەش، مانای دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆی ئێستا ومسۆگەرکردنی ڕامالینی هێزە ئیسلامییەکان لە داهاتووتردا، بەپێی نەخشەی ئامادەکراوی داهاتووی ناوچەکە.

ئاشکرایە، کە لە ئێستادا باشترین نموونە بۆ وەڕزبوون لە هێزە ئیسلامگەراکان، گەلانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە چاوەڕوانی هەلێك دەکەن لە ڕۆژئاوا، تا بەهۆیەوە دارووپەردووی حکومەتی مەلا وفەقێکان بەسەریەکدا تێکوپێك بدەن، وبگەن بە ماف وئازادییەکان وجەستەی شەکەت وماندوویان بۆ هەتاهەتایە بحەوێننەوە. پێدەچێت، ئەم هەنگاوە گریمانەییانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا وباسکران، ببنە هۆی دواخستن یان هەڵوەشاندنەوەی چەمکی "پێکدادانی شارستانیەتەکان" کە ئەمڕۆکە وەك تێز یاخود تیۆرییەك ئامادەباشە. مانای، لەوانەیە، لەبری ئەوەی شارستانیەتی خۆرئاوا وەك کارەکتەرێکی سەرەکی وڕکابەرێکی ژیاری ئاماژەپێدراو ڕۆڵ ببینێت، لێ خودی جڤاتە ئیسلامییەکان، یاخود بە مانایەکیتر، تاکەکانی نێو هەمان کۆمەڵگای ئیسلامی کە پێشتر خوازیاری هەڵبژاردنی ئەم هێزە ئیسلامییانە بوون، ئەو ڕۆڵە ببینن وببنە کارەکتەری سەرەکی.

ناکرێت ئەوەش لە یاد بکەین، کە خودی ئەم کۆمەڵگایانە، لە ئێستادا بەم کارەیان هێدی هێدی پێدەنێنە قۆناغی یاخود سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپای خۆرئاوا. واتە، گەر گریمانەی ئەوە بکەین کە کۆمەڵگا عەرەبییەکان، پێشتر وەکی کۆمەڵگایەکی گریکی چەشەکراو بە فەلسەفە ودواتریش وەك کۆمەڵگایەکی ڕۆمانی شارەزا بە کاروباری یاسا وگەلان ڕەفتاریان کردبێت وناوزەدیان بکەین، ئیدی لێرەوە بەرەو دارمانی چەمکەکانی شارستانیەت وفەلسەفە ودانایی ودیمۆکراسی ودواتریش هزرە لیبراڵی ومۆراڵی ولێکبوردەیی وجیهانگیرییەکان دەچن. کەوابوو، پێناچێت وێنای ئەوە بکرێت کە ئەم کۆمەڵگایانە لەگەڵئەوەی لەدەست سستمە تۆتالیتارییەکانیان ڕزگاریان دەبێت، مانای ئیتر بە لانکی ئازادی ودیمۆکراسی شاد دەبن، بەڵکو لەوانەیە (وەك گریمانەیەك) گۆڕانکارییەکان بەرەو سەرەتای قۆناغێکی نوێیان ڕاپێچ بکات، کە ئەویش دیاردەی فەندەمێنتاڵیزم وکۆنزەرڤاتیزم وپۆپۆلیزم

وسەلەفییەتە، کە دەشێت لە قۆناغێکی داهاتووتردا گەورەترین کۆسپ بن لەبەردەم ئازادی مافی مرۆڤ ودیمۆکراسیدا. ئەمەش مانای، هەنگاونان بەرەو ئەو قۆناغە نوێیەی کە ئێمە لێرەدا بە سەدە تاریکەکانی کۆمەڵگا ئەوروپاییەکان ناوی دەبەین یاخود دەیچوێنین.

لە سۆنگەی ئەم گۆڕانکارییانەوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامە گریمانەییەی کە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەلاتی ناڤین ئێستاکێ لەبەردەرگای، یاخود خۆڕسکانە خۆیان ئامادەکردووە، بۆئەوەی بچنە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستەوە. بەلأم، کاتێکیش گوڵەوەچنەی نەهامەتییەکان دەچنەوە و وەڕسبوون لە دەست داکەوتی تاڵ، لێوانلێو دەبێت ودەگاتە چڵەپۆپە، ئیدی سەرەتای ئەو قۆناغە دەست پێدەکات کە هەموو ترادسیۆنێك وبەهایەکی ڕۆحی و واتا پیرۆزەکان وچەمکی سیکۆلائی بۆ پێچەوانەکەی دەگۆڕدرێت. واتە، ئینجا شۆڕشێکی ڕاستەقینە دەست پێدەکات، کە کۆتایی بە (کۆتایی مێژووی ئیسلامگەرایی)ی ئەم وڵاتانە دێنێت ودەستەواژە دیمۆکراتی وفرەیی ولیبراڵییەکان، جارێکیتر دەبووژێنەوە. سەرلەنوێ، ئەم کۆمەڵگایانە بە دیمۆکراسی کۆمەڵایەتی وئابووری وفەرهەنگی ودیمۆکراتگەلێکیتر شاد دەبن، دەکرێت ئینجا وێنای ئەوە بکەین کە سەردەمی "ڕۆشنگەری عەرەبی" بەدوای خۆیدا بهێنێت. مانای، سەرەتای ڕیفۆرم وگۆڕانکارییەکان، یاخود دووبارە هەنگاونان بەرەو دیمۆکراسی سیاسی وکۆمەڵایەتی وتازەگەریی وسکیۆلاریزم ومۆدێرنیزە وتاکگەرایی، ئەوەش بەپێی "یاسای گۆڕان" یان "پرۆسەی دیالێکتیکی هیگڵ."

گەرچی، لەو چرکە ساتەدا، دەوڵەتانی زلهێز وئەمریکای زەبەلاح، دەستێوەردان وکاریگەرییەکی بەرچاویان لە خولقاندنی ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییانەدا دەبێت، بەلأم خودی گۆڕانکارییە ڕادیکاڵییەکان زادەی پێداویستییەکانن لەنێوخۆی ئەو کۆمەڵگایانەدا. لەو ڕوانگەیەی، جام کە پڕ بوو، لێی دەڕژێ. بۆچوونگەلێکی بیرمەندان وسیاسەتوانان هەن، ولەو بڕوایەدان کە وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا، بەهۆی کێشە ئابووری ودارایییە کەڵەکەبووەکانییەوە، چیتر خوازیار نییە لە ناوچەکەدا ڕاستەوخۆ بەشداری دەستێوەردانەکان بکات. ئەوەش، بەهۆی بڕی ئەو تێچوونە زەبەلاحانەی بودجەی ئەو کارگەلانە پێویستییەتی. هەربۆیە، بۆچوونگەلێکیتر پێیان وایە "سیاسەتی ئەمڕۆی ئەمریکا، کار لەسەر ڕاڕایی وشلۆقیی بارودۆخەکان دەکات."

وێڕای ئەوەی، هێزی ئەمریکا، لە زۆر ڕەهەندەوە (بۆ نموونە، ڕەهەندی سەربازیی)، لە ئێستادا زۆر مەزنترە لەچاو ساڵی (١٩٩١ز)، بەلأم تواناکانی ئەم وڵاتە بۆ خۆئامادەکردن وئاڕاستەکردنی هاوبەش وداڕشتنەوەی فاکتە جیهانییەکان، پاشەکشەیەکی گەورەی بەخۆوە بینیوە. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر، بەسەر تاجلەسەرنانی ئەمریکا وەك سەرکردە وڕابەرێکی جیهان، کەچی ئەمڕۆ وەك دیمۆکراتییەکی ترساو وتەنیا لە جیهانێکی ناحەز ونەیار، لە ڕووی سیاسییەوە، دەردەکەوێت. بە ڕوانین لە ڕابردوو، دەبینین لە ئێستادا کۆی بەجێهێنانی کارە گرنگەکانی ئەمریکا، ڕوو لە کورتییە. هەربۆیە، نەمانی هێمنی وئاسایش لە ئێستادا زۆر بەربڵاوە، گەرچی تێکڕای ناکۆکییە بەردەوامەکان لە جیهاندا، لە دوای نەمانی شەڕی ساردەوە کەمی کردووە. لێ، توانا ناوکییەکان، لە چوار دەوڵەتیتر بڵاوبوونەتەوە، دوانیان بە ئاشکرا، دوانی دی بە شێوەی تەم ومژاوی. بەرەوپێشچوونی بابەتەکانی خۆشگوزەرانیی مرۆیی، یەك هەڵوێست نییە، ئەمە بێجگەلەوەی ترسەکانی ژینگە، یەکەمییەکی بەرزی بەخۆ نەدیوە. لەبەرئەوە، وەك

دەرەنجامێکی بەشەکی بۆ ئەم هەموو هیوابڕانانە، سەرکردایەتی ئەمریکا، زۆرێك لە ڕەوابوونی خۆی لەدەستدا، وڕاستگۆیی جیهانیشی لاواز بوو، بێجگەلە پیسبوونی هەڵوێستی مۆراڵیی ئەمریکا.[1]

## بەهای جیۆسیاسیی وجیۆستراتیژیی کوردستان:

بەو پێیەی جوگرافیای خاکی کوردستان، هەڵگری بەهایەکی جیۆسیاسی وجیۆستراتیژییە. لێ، باشتر وایە سەرەتا پێناسەیەکی ئەم دوو چەمکە بکەین.

جیۆسیاسی، دەستەواژەیەکی باوە، باس لە کاریگەریی جوگرافیا لەسەر سیاسەت دەکات. بەڵام، دواتر ئەم دەستەواژەیە گەشەیکرد، بەشێوەیەك کە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو بۆ چەندین ئاماژەدان بەکار دەهێنرا، بەوەی ئاماژەدانێکی تەقلیدی بوو بۆ پەیوەستبوونەکان وپەیوەندییە هۆکارەییەکان، لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی وشوێنی جوگرافی، لەبۆ مەرجی سنووردار. زۆربەی کات، وا لە جیۆسیاسی دەڕوانرێت کە کۆمەڵێك پێوەری فیکری ستراتیژی وسیفاتی دیاریکراوە، لەسەر بنەمای گرنگیی ڕاددەیی هێزی وشکانیی وهێزی دەریایی، لە مێژووی جیهاندا. هەڵبەت، دیراسەکردنی جوگرافیای سیاسی، شیکاریی جوگرافیا ومێژوو وزانستە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ سیاسەتی شوێن وشێوازەکان، بە پێوەری جیاجیا، لەخۆ دەگرێت. هەربۆیە، دواتر بۆ ئاماژەدان بۆ دیراسەکردنی کاریگەریی جوگرافیا لەسەر سیاسەت بەکارهێنرا. دواتریش، چەندین مانای جۆراوجۆری لەخۆگرت.[2]

سیما وخەسڵەتەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی– سیاسی کوردستان، ڕەوشێکی جیۆسیاسی تایبەتی لە ناوچەکەدا دروستکرد. وڵاتێکی وا شاخاوی، کە جیهانی ئێرانی لە هی تورکی وعەرەبی جیادەکاتەوە، ئیتر هەر بە بۆنەی جێگەی جوگرافی خۆیەوە دەبوایە ناچار ڕۆڵی سنووری سروشتی ئیمپراتۆریەکان ببینێ. وڵاتی کوردان، هەر لە کۆنەوە مەیدانی پێکدادانی ئێران ودەوڵەتانی ئاسیای بچووك بووە. شەپۆلەکانی داگیرکەران، لە ڕۆژهەلات ولە ڕۆژئاواوە، لەسەر تۆپکی چیاکانی کوردستان تێکەڵ بە یەکدی دەبوون. کوردستان، هەر وەك شانۆیەکی هەمیشەیی مایەوە، کە سوپاکانی دوژمنی یەکدی، لەسەری یەکتریان قڕ دەکرد، ولە هەمان کاتیشدا، وڵاتی کوردانیشیان وێران دەکرد وە کلتوورەکەیان دادەتەپاند. لە گێژاوی ململانێی سیاسی لەبن نەهاتوودا، هێزی جەنگیی کورد، لەلایەن هەردوو ئیمپراتۆرەوە بەکار هاتووە. کوردیش، بە وڵاتی وێرانکراو وشار ولادێی ڕووخاو وبەهای کەلتووریی خۆی، نرخەکەی دەدایەوە. دەستنووسەکان، پێش ئەوەی بە دەستی نەوەکانی دواتر بگەن، سووتاون وئەوانەی مابوونەوەش مات ولانەوازبوون، وتا ئەم دواییە ئینجا وەدەنگ هاتوون. بەخشینەوەی کوردستان، لە نێوان ئێران وتورکیای عوسمانی، لە سەرەتای سەدەی شازدەدا بوو. بەپێی پەیمانی ئێرانی– تورکی ساڵی ١٦٣٩(پەیمانی زەهاو– نووسەر)، سنووری ناوچەکانی هەردوولا لە

---

[1] زبيغنيو بريجنسكي: الفرصة الثانية، ثلاثة رؤساء وازمة القوة العظمى الاميركية، ت: عمر الايوبي، دار الكتاب العربي– بيروت، لبنان، ٢٠٠٧، ص ١٨٦– ١٨٨

[2] جيوسياسية: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ٢٤/ يوليو/ ٢٠١١، ar.wikipedia.org

کوردستاندا دیاریکران، وقەلاَکانی کوردانیش تەختکران. زۆرانبازی ئەم دوو ئیمپراتۆریا بەهێزانە، لە پێناو کوردستان، پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئیتنیکی وسیاسی کوردانی دواخست. بەلاَم، نەیتوانی رایگریٚ وکۆتایی بۆ دابنیٚ. بنچینە وبنەماکانی خەباتی نەتەوەیی رزگاریخوازی میللەتی کوردیش، هەر بۆ ئەو رۆژگارە دەگەرێتەوە، کە هەتا رۆژی ئەمرۆش هەر بەردەوامە..[1]

گەر بێینە سەر دەستەواژەی جیۆستراتیژی، دەتوانین وا لێکی بدەینەوە کە تێکەلّەیەکە لە هەردوو زانستی جوگرافیا، کە تۆپۆگرافیا (سروشتی زەوی) لەخۆ دەگرێت، لەگەلّ زانستی ستراتیژیەتی سەربازیی وگرنگیی پێگەکان. هەربۆیە، هەردەم جیۆستراتیژیی، بە بنەمای سەرجەم پلانە سەربازییە ستراتیژییەکانی سەربازان دادەنرێت. [2]

لەم روانگەیەوە، دەتوانین ئاماژە بە (ئەگزەینەفۆن) بدەین، کە ناوبانگێکی گەورەی بۆ کورد (کاردۆخییەکان) دروستکرد. چونکە، کوردەکان لە سالّی (٤٠١ پ. ز)ەوە پەلاماری سوپا دەهەزار شەرکەرەکەی ئەویان لە نزیك شارۆچکەی (زاخۆ)ی ئێستا دا، وهونەرەکانی شەرکردنیان بە جوانی بەکارهێنا. [3] واتە، بەلّگەی مێژوویمان لەبەردەستدایە، کە ئەم پێگە ئاماژەپێکراوە، لە دێرزەمانەوە هەر پێگەی کورد بووە..

جوگرافیای کوردستان، نیشتمانی یەکەمی وەچەی مرۆیی دووەمە، وبەر لە هەزاران سالّ لەمەوبەر هەر نیشتمانی مێژوویی نەتەوەی کورد بووە. دیارە، بە تایبەتمەندییە نەتەوەیی وسەربەخۆکەی، کۆمەلّێکی ئیتنی جیاوازی لە گەلانی رۆژهەلاَتی ناوەراست دروست کردووە. هەلّبەت، چوارەمین گەورە نەتەوەیە لەسەر خاکی خۆی، بێئەوەی تا ئەمرۆش شووناسێکی رامیاری هەبێت. وەلیٚ، کوردستان لەگەلّئەوەی هەرێمێکی شاخاوییە، بەلاَم یەکێتییەکی جوگرافیی پەیوەستدار وسەرتاسەریی نییە، ئەوەش بەهۆی چیاکان ورووبارەکانیەوەیە. هەرچەندە، خاوەنی گرنگییەکی ستراتیژی وئابوورییە، بە شێوەیەك کە جوگرافیای دلّی رۆژهەلاَتی ناڤینە وبووەتە پردێکی ستراتیژی، کە ئەورووپا وزەریای هندی بەیەکەوە دەبەستێت. وێرای ئەوانە، لەبەرئەوەی لە نێوان ولاَتانی تورکیا وئێران وعێراق وئازەربایجان وئەرمینیادا دابەش کراوە، بۆیە هەردەم بە (پۆلّەندا)ی رۆژهەلاَتی ناوەراست وەسف دەکرێت. ئەوەش، لەبەر ئەو لێکچوونەی لە دابەشکردنی کوردستانی ئێستا وپۆلّەندای ئەو کاتەدا بووە، واتە پێش ئەوەی پۆلّەندا شێوەی سیاسی خۆی وەربگرێت..[4]

گەر، جیۆستراتیژیی وجیۆسیاسی، باس لە جوگرافیا وتۆپۆگرافیا ودانیشتوان وپلانی ستراتیژی وکاروباری سەربازیی ولەشکر وپێگە وسیاسەت ولەو جۆرە بکات، دەکرێت ئەمە تیۆریی

---

[1] ی. ئی. ڤاسیلیەڤا: کوردستانی خوارووی رۆژهەلاَت– لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، و: د. رەشاد میران، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاَوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٥– ١٦

[2] أسماء هانم: جیوستراتیجي، اجابات، ٢١/ ٩/ ٢٠٠٩، ejabat.google.com

[3] میریلا گالیتی: کلتووری کوردی لە دانراوی ئیتالییەکاندا، و: ئیدریس عەبدوللاَ مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاَوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی– دهۆك، ٢٠٠٨، ل ٥

[4] د. محمد زکي البرواري: الکورد والدولة العثمانیة، الطبعة الاولی، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزیع– دمشق، سوریا، ٢٠٠٩، ص ١٥

وهزرگەلێکی ئەو زانا وبیرمەندانەمان بخاتەوەبیر، کە لە کاتی خۆیدا باسیان لە گرنگیی پێگەی ستراتیژیی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست دەکرد. هەربۆیە، دەشێت بلّێین پێناسەی ئەم چەمکانە، تیۆریی وبیردۆزەکانی زانایان (هالّفۆرد ماکندەر وە نیکۆلاس سپایکمان)مان دێنێتەوەیاد، کە لە کاتی خۆیدا باسیان لە تیۆری (دلّی جیهان) دەکرد. وەلێ، چەمکی دلّی جیهان، مانای ئەوەی دەبەخشی کە: (کێ کۆنترۆلّی ولاّتە پەراوێزەکان بکات، کۆنترۆلّی ئۆراسیا دەکات. کێ کۆنترۆلّی ئۆراسیاش بکات، کۆنترۆلّی جیهان دەکات)"..[1]

هەلّبەت، ئەو کات مەبەست لە دلّی جیهان، یەکێتی سۆڤێت و ولاّتانی هاوپەیمانانی دەوروپشتی بووە. دیارە، پشتێنە پەراوێزەکەش، ولاّتانی ئەوروپای ڕۆژهەلاّت وڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ویابان وئەو دورگە و ولاّتانە بووە کە دەکەوتنە پشتەوەی یەکێتی سۆڤێتی جارانەوە. بەمانای، تێکڕای ولاّتانی چواردەوری یەکێتی سۆڤێت وهاوپەیمانانی، بە شێوەیەکی بازنەیی..[2]

دەشێت بوترێت، چەمکی جیۆسیاسی وجیۆستراتیژیی وخاکی کوردستان لە کوێ وتیۆرگەلێکی ئەم زانایانە لە کوێ، چ پەیوەستبوونێك لە نێوان ئەم دوو بابەتە جیاوازەدا هەیە؟ یاخود بوترێت، ئەگەر بابەتەکە باس لە هۆکارەکانی کاملّنەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات، ئەدی بۆچی تیۆری دلّی جیهان وپشتێنەی پەراوێزیی قوت بووەوە؟ پێویستە ئەوە ژ بیر نەکەین، کە لەگەلّئەوەی بابەتەکان وناوەکان جیاوازن، بەلاّم گولّەوەچنەی مەبەست وڕاڤەکاریی یەك شتە. واتە، ڕاستە، چەمك وبابەت وناو، جودان، بەلاّم لە ڕووی مەغزاوە یەك مەبەست دەگەیەنن، کە ئەدگار وڕوخساری لێکۆلّینەوەکە بەرهەڤ دەکات. ئەوجا، دەسپێکی قسەکان، کۆتەلّی ویلایەتی موسلّە، کە لێرەدا دەمانەوێت لەگەلّ تیۆری دلّی جیهاندا، شەن وکەوێکی وردی لەبۆ بکەین.

هەلّبەت، بەو پێودانگەی کە ویلایەتی موسلّ دوێنێ وئەوڕۆکە، ناوچەیەکی جیۆسیاسی وجیۆستراتیژیی گرنگی پڕ شۆڕەتە. کەوابوو، ئەم ویلایەتە لەم ناوچەیەدا، چەقی گەمە وناکۆکی وکێبڕکێکانە. ئەو کێبڕکێیانەی، کە تا دەمێك نەیدەهێشت هێلّەکانی بڕۆکسل بە تەواوی بێرەدا ڕێگوزەر بکات. جا، ئاخۆ ئەم ویلایەتە، بە سنوورێکی جودا بمێنێتەوە، یاخود لەگەلّ باکوور یا باشوور لێکبدرێت؟ دیارە، ئاخۆگەلێك، بێنە وبەردەی زۆری دەوێت، لە نێوان بەشداربوانی گەمەکەدا، ئەو گەمەیەی وەکی شەترەنج دێتە پێش چاو. بێمکووڕیکردن، هەر لە سەرەتاوە شیمانەی ئەوە دەکرا کە گەلی کورد، ئەو ڕیزە سەربازە بن کە بەبێ ویست وئیرادەی خۆیان، جێگۆڕکێیان پێدەکرێ وبەرەوپێش دەجوولّێنرێن. گەر پێویستیشی کرد، لە پێناو شادا، قوربانییان پێدەدرێت. سەربار، گرنگ ئەوەیە، گەمەکە بە شێوەیەك کۆتایی پێبێت کە لانیکەم، بەشداربوان لە بەرژەوەندی وقازانجی خۆیان دلّنیابن.

شایانی باسە، دەکرێت لە ڕێگەی ئەم بابەت وڕوونکردنەوەیەوە، هاوشێوەبوونێك لە ڕووی ناوەڕۆکەوە فەراهەم بکەین. بەوەی، کرۆکی مەبەستی تیۆری "دلّی جیهان" بەسەر ئەم بابەتی لێکۆلّینەوەیە بە گشتی و ویلایەتی موسلّ بە تایبەتی جێبەجێ بکەین. گەر، ڕوونتر قسە بکەین، دەکرێت

---

[1] د. محەمەد عەبدولغەنی: جوگرافیا و پەیوەندییە سیاسییە نێودەولّەتییەکان، و: جەزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥، ل ٤٠٩

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەرستانی دەرزی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبلاّوکردنەوەی سلێمانی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢١٢

ویلایەتی موسڵ بە دڵی جیهانی ئەم دوو بیرمەندە بچوێنین. هەربۆیە، بەریتانیا وفەرەنسا وڕووسیا وتورکیا وعێراق و وڵاتانی بەشداربوو لەو گەمە سیاسییەدا، هێندە گرنگییان بەم ناوچە ستراتیژییە کوردنشینە داوە. وێڕای ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، مانای وایە، ئەوەی دەستبگرێت بەسەر ویلایەتی موسڵدا، دەست دەگرێت بەسەر ناوچەکەدا وبە مانایەکیتریش، دەتوانێت دەستبگرێت بەسەر نەوتی ناوچەکەدا ولە هەمان کاتیشدا، خۆی لە ئاوە گەرمەکانی کەنداو نزیك بکاتەوە وجێپێی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە پێگەیەکی ستراتیژییە، قایم بکات. ئەو ڕۆژهەڵاتەی، ئاسیا وئەوروپا بەیەك دەگەیەنێت. بەمەش، مسۆگەریی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان، دەستەبەر وزامن دەبێت.

کەواتە، لەوە گەیشتین کە مێژووی زۆربەی گەمە سیاسییەکان، بەم میکانیزمە وبە هەڵسەنگاندنی بڕی قازانج ولەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خود، ئەنجام دراوە ودەدرێت. داخۆ، گەلی کورد، لەم گەمە وهاوکێشە سیاسییەدا، ئایندە وبڕی قازانج وبەرژەوەندی بالای خۆی لەبەرچاو گرتبوو؟ یاخود باشتر وایە بڵێین هەڵسەنگاندبوو؟

پێش ئەوەی کۆتایی بەم چەمکانە بهێنین، هەر لە نێوکۆی ئەم بابەتەدا، دەکرێت ئەوەش بخەینە ڕوو، کە لەگەڵ ئەم هەموو نەهامەتییەی بەسەر گەلی کورددا هاتووە ولەگەڵ نەبوونی سیاسەتوان ولاوازیی ناسیۆنالیزم وهۆشیاری نەتەوەیی وگرنگیی بابەتی جوگرافیا وستراتیژیەت، بەڵام خودی ناسیۆنالیزم کە لەگەڵئەوەی دەشێت بەرەو سستی ولاوازی ومتبوون بچێت، وەلێ ناکرێت بەجارێك لەناوبچێت ونەمێنێت. واتە، ناسیۆنالیزم، بەپێی شوێن وکات، دەکرێت تووشی نشوستی ونشێوی ببێت، بەڵام لە ساتەوەختێکیشدا، زۆر بە گڕ وتینەوە دەبوژێتەوە. دیارە، نموونەشمان بۆ ئەمە گەلێ زۆرە، بەوەی هەرگیز خەباتی نەپساوەی گەلی قارەمانی کورد، لەبن نەهاتووە وهەرگیز نایەت. دوای هەموو نسکۆی شۆڕشێکی کورد، سەرلەنوێ شۆڕشێکیتر بە مۆدێل وگڕ وتینێکیترەوە، خوڵقاوە. بەو مانایەی، فەلسەفەی مێژوویی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، پاش ئەوەی لە قۆناغێکەوە پێدەنێتە قۆناغێکیتر، بەشێك لە هەڵە وکەم وکوڕییەکانی قۆناغی پێشووی ڕادەماڵێت. بەمەش، ئەو شۆڕش وبزوتنەوە نوێیە، جۆرێك لە تازەگەریی وخەسڵەتی کوردبوونی زیاتر لەخۆ دەگرێت. تاوەکو، بە پرۆسەی نەتەوەیی ودواتریش بە دیموکراسی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری وفەرهەنگی وچەمکەکانی مافی مرۆڤ وڕایگشتی وزۆرێکیتر ئاشنا ببێت. کەواتە، دەربڕینی ڕەشبینیی وبێئومێدیی لە تێکڕای خەبات وئاییندەی گەلی کورد، هەرگیز شیاو نییە.

لەو ڕوانگەیەوە ولە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ولە دووتوێی پرسی ویلایەتی موسڵ وکێشە سنوورییەکانی، کۆمسیۆنێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە سنوورەکانی عێراق پێکهێنرا. وەلێ، پاش گەڕان وکارکردن لەو بوارەدا، ئەندامێکی ئەو دەستەیە بۆچوونی وابووە کە زۆرینەی کوردەکانی لای باکوور، وەکو چەتە مامەڵە دەکەن وبەرژەوەندی بێگانە دەخەنە سەرووی بەرژەوەندی خۆیانەوە.[١] بەڵام، ڕەوڕەوەی مێژوو، ئەوەی بۆ پشتڕاستکردینەوە کە ئەو بۆچوونە نەك هەر ڕاست نییە، بەڵکو هەمان

[١] E. af Wirsen: کۆمسیۆنی ویلایەتی موسڵ، لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، و: کاوە ئەمین، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان– هەولێر، ٢٠١٠، ل ٨١

کوردی چەتەی باکووری کوردستان (لە ڕوانگەی ئەو ئەندامەوە- نووسەر)، ئێستاکە زۆرینەیەکی ورە بەرزی مەچەك پۆڵاییینی چەشەکراو بە کوردایەتی وهەستی نەتەوایەتی لێدەرچووە. لە لایەك، بە ئاشتی ولە لایەکیتر بە خەباتی چەکداریی، دەیەوێت مافە ڕەواکانی خۆی بەدەست بهێنێت. یاخود، کوردەکانی کوردستانی خۆرئاوا، کە پێشتر بەهۆی سیاسەتە تۆقێنەر وجینۆسایدەکانی ڕژێمی سووریاوە، تا ڕاددەیەك زمان وشووناس وناسیۆنالیزمی خۆیان لەدەست دابوو، وە یان هەندێکیان ناچاربوون بەرگی عەرەبی بپۆشن. بەڵام، ئەوڕۆ بە چەشنێکیتر دەرکەوتوون. زیندووترین نموونەش، ئەوە بوو کە بینیمان کاتێك کەسایەتی سیاسەتمەدار وشۆڕشگێڕی کورد (مەشعەل تەمۆ)، [*] ڕۆژی هەینی (٧/ ١٠/ ٢٠١١ز) لە شاری قامیشلۆ بە دەستی بەکرێگیراوانی ئەو ڕژێمە تیرۆر کرا، [١] چۆن سەدان هەزار تاکی کورد لە شارەکانی کوردستانی خۆرئاوا، ڕژانە سەر شەقامەکان ودەنگی ناڕەزاییان بەرزدەکردەوە، بێ سڵەمینەوە لە تانك وتۆپ وپیاوانی ڕژێم. ئەمە، بێجگەلەوەی ئەم کارە نامرۆڤانەیە بەجۆرێك دەنگی دایەوە، کە بووە مایەی ناڕەزایی دەربڕین لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی باشوور، بە تێکڕای سەرۆکایەتییەکانیەوە، هەروەها کۆشکی سپی ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ویەکێتی ئەوروپا وزۆر لە وڵاتانیتر، ئەو کارەیان مەحکوم وپرۆتێستۆ کرد. بەمانای، لەو ساتەوەختەدا کە ترس ومەینەتی سیمای سەرەکی بوو، ئیرادە ودەنگی ناڕەزایی وهەستی نەتەوایەتی وکوردایەتی، ئاوێزانی یەکتر بوون لە گیاپۆشی ناسیۆنالیزمدا.

هەڵبەت، ئەمڕۆی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش، لەگەڵ دوێنێیدا زۆر جیاوازە، هەرچەندە جۆرێك لە سیڕەی بێدەنگی، خەسڵەتی ماوەیەکی دیاریکراوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەوێ بوو، بەڵام دیارە داکەوتی ئێستای کوردەکانی ئەوێندەرێ، هەڵاوێردی ئەوڕۆ ودوێنێیە. کەوابوو، فەلسەفەی سیاسی وماتریاڵیزمی دیالێکتیکیی ومێژوویی شۆڕشەکانی گەلی کورد، پێیناوەتە قۆناغی نوێوە قۆناغ بە قۆناغ لە ململانێی نوێبوونەوە وتازەگەریدایە، وچەك وخەباتی چەکداریش، خودی ماتریاڵ وڕۆحی ئەو بزوتنەوە وشۆڕشانەیە. ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێین، ئەوە هەستی نەتەوایەتی وکاریگەریی ناسیۆنالیزم وگرنگیی پێگەی ستراتیژی وجیۆپۆلەتیکە، کە لە یەك کاتدا سەرجەم لاوان وچین وتوێژەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، ڕادەچڵەکێنێ وخوێنی گەرم وگەشی کوردایەتی بە تێکڕای دەماری مەردایەتییاندا دەبزوێنێ..

---

[*] مەشعەل تەمۆ: ساڵی (١٩٥٨ز) لە شارۆچکەی (دەرباسیە)ی سەر بە پارێزگای (حەسەکە) لەدایك بووە. سیاسەتمەدار وکەسایەتییەکی دیاری ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ڕۆژئاوابوو، پێشتر سەرۆکی (پارتی ڕەوتی ئایندە- حزب تیار المستقبل) بووە، ئەو پارتەی کە ساڵی (٢٠٠٥ز) لەلایەن خودی ناوبراوەوە دامەزرێنرا. مەشعەل تەمۆ، هەڵگری بڕوانامەی (ئەندازیاری کشتوکاڵی) بووە، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە خەریکی کاری ڕێکخستن وحزبایەتی بووە، دواتر وەك کەسێکی سیاسەتوانی نێو کوردانی سووریا دەردەکەوێت. ساڵی (٢٠٠٨ز)، لەلایەن ڕژێمی سووریاوە دەستگیر دەکرێت، وبە تۆمەتی کێشە دروستکردن بۆ هەژموونی دەوڵەت ولاوازکردنی هەستی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، سێ ساڵ زیندانی دەکرێت. بەڵام، دواتر وبەهۆی کاریگەرییەکانی بەهاری عەرەبی وخۆپیشاندانە ناڕەزاییەکانی نێوخۆی سووریا وناوچە کوردییەکانی، ڕژێم ناچاردەبێت لە مانگی حوزەیرانی (٢٠١١ز)دا ئازادی بکات. مەخابن، لە ڕۆژی (٧/ تشرینی یەکەم/ ٢٠١١ز)دا، بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕژێم لە شاری (قامشلۆ) تیرۆرکرا.

[١] کوردستانی نوێ: ساڵی بیستەم، ژمارە (٥٦٠١)، هەواڵ وڕاپۆرت، یەکشەممە، ٩/ ١٠/ ٢٠١١، ل ٤

ئێستاش، کاتی ئەوە هاتووە، لێرەوە شەنوکەوێکی لێبڕاوانە لە مێرگی لێکۆڵینەوەکەدا بکەین، وبزانین ئەم دەڤەرە لە ڕووی تەوەرە ئاماژەپێکراوەکانەوە، وبە درێژایی مێژووی کورد، چ گوزەراوە؟ بۆیە، سەرەتا وای بە باش دەزانم، هۆکار وتەوەرەکان پۆلێن بکەین. واتە، هەر لە فاکتەرە سەرکییەکانەوە تا هۆکارە لاوەکییەکان وبەرهەڤکرنی داتا وفاکتەکان.

## تەوەری یەکەم/ هۆکارە سەرەکییەکان:

أ- نەخوێندەواری وهەژاری
ب- پێگەی کورد وهاوکێشە سیاسییەکان
ت- لاوازیی هەستی نەتەوایەتی
پ- کاریگەریی ئایینی پیرۆزی ئیسلام
ج- بالآدەستیی خێلأیەتی

## تەوەری دووەم/ هۆکارە لاوەکییەکان:

أ- کەمی ڕێژەی دانیشتوانی کورد
ب- سایکۆلۆژیای تاکی کورد

دوای ئەوەی، تەوەر وهۆکارەکانمان پۆلێن وخاڵبەندکرد، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، ئەکادیمییانە وە لە ڕوانگەیەکی زانستی ومێژووییەوە وبەپێی دۆکیۆمێنتەکان، لەم لێکۆڵینەوەیەدا فاکتەکانی گەلێکی زوڵملێکراوی دابەشکراو، بخەینەڕوو.

## تەوەری یەکەم/ هۆکارە سەرەکییەکان:

### أ- نەخوێندەواری وهەژاری

**بخوێنن، چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان**
**هەموو ئان وزەمانێ، عەینی قەڵغان وسوپەرتانە**
**بە خۆڕایی لەدەستی بەرمەدەن، ئەم خاکە شیرینە**
**کە تۆزی وەك جەواهیر وسوورمە وکوحلی بەسەرتانە [1]**

کوشندەترین هۆکارە، بەوەی نەخوێندەواری ناهێڵێت تاکەکانی کۆمەڵ ڕۆشنبیر وتێگەیشتووبن، ڕێگریشە لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ، دژایەتی هەموو گۆڕانکارییەك دەکات کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات، هەردەم تاکەکان بە کوێری دەهێڵێتەوە. دیارە دەسەڵاتە سیاسییە داگیرکەرەکانی کوردستانیش، بە درێژایی مێژوو ڕێگربوون لە ئەلف وبێی کوردی، ئەمە بێجگەلەوەی بەربەستیشە لەبەردەم چەمکەکانی ناسیۆنالیزم وسەروەری ودەوڵەتی نەتەوەیی. کاتێك، شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩ز) سەرکەوتنی بەرایی بەدەستهێنا، وپێشئەوەی فەرەنسا بەناوی دێمۆکراتییەوە فراوانخوازی وداگیرکارییەکانی پەیڕەو بکات، ڕاستەوخۆ هەوڵی خوێندەواری وفێرکردنی ئەلف وبێی دا بۆ تاکی فەرەنسی. لەمبارەیەوە، (بوید شیڤەر) ئاماژە دەدات بەوەی لە فەرەنسادا داخوازی لەسەر فێربوونی زمانی دایك وبەکارهێنانی لەبواری خوێندندا زۆر جەختی لەسەر دەکرا، بەماوەیەکی کەم هەمان بۆچوونیش تێکڕای جیهانی ڕۆژئاوای گرتەوە. هەربۆیە، پاش شۆڕشی فەرەنسی، زمانی نەتەوەیی جێگەی گرنگیپێدانی حکومەتەکان بوو. هەروەها، ناوبراو باسی (ژان ژاك ڕۆسۆ) * دەکات وئاماژە بەوە دەدات کە جەختی لەسەر گرنگی خوێندەواری کردووە، بەوەی منداڵی پۆلۆنی لە سەرەتای ژیانیەوە تا گەورە بوون، دەبوایە بە خوێندنەوە ونووسینی پۆلۆنییەوە خەریك بکرایە، هاوتا لەگەڵ فێربوونی زانستەکانی تردا. هەموو ئەمانە، لە پێناوی بنیاتنانی هاوولاتییەکی پۆلۆنی چەشەکراو بە هەست وسۆزی نەتەوایەتی (مواطن

---

[1] کۆپلەیەك شیعری نیشتمانپەروەریی شاعیری گەورەی کورد، ئەحمەد موختار جاف.

* ژان ژاك ڕۆسۆ (١٧١٢– ١٧٧٨): لەشاری (ژنێڤ) لەسویسرا لەدایك بووە، لەبنەماڵەیەکی فەرەنسی پرۆتستانت مەزهەب هاتۆتە دنیاوە. باوکی پیشەی سەعاتچی بووە، هەر لەمنداڵییەوە ژیانی پڕ نەهامەتی بووە، هەفتەی دوای لەدایك بوونی دایکی دەمرێت وپووری دەیگرێتە خۆی. سەرەتای تەمەنی بە پیشەی هەڵکۆڵین دەستپێکرد، بەڵام لەتەمەنی شازدە ساڵیدا ڕوودەکاتە ئیتالیا، ساڵی (١٧٤١ز) دەچێتە پاریس، پاش ماوەیەك ئەویش جێدێڵێ وروودەکاتە ڤینیسیا ودەبێتە نووسەری باڵیۆزی فەرەنسا. لەتەمەنی (٣٣) ساڵیدا دەگەڕێتەوە پاریس ولەوێ خێزان دروست دەکات، بەڵام بەهۆی هەژاری ودەست کورتییەوە منداڵەکانی دەنێرێتە هەتیوخانە. لەم قۆناغەدا زۆر سەردانی فەیلەسوفەکاان دەکات، بەتایبەت (دیدرۆ). ساڵی(١٧٦٢ز) دووکتێب بڵاودەکاتەوە: (پەیمانی کۆمەڵایەتی، ئەمیل)، لەسەر نووسینی (ئەمیل) ڕەخنەیەکی زۆری ئاڕاستە کرا لەلایەن باوەڕداران وفەیلەسوفانەوە. بەر لەشۆڕشی فەرەنسی بە دەساڵ، کۆچی دوایی کردووە.

متحمس). لەلایەکی ترەوە، باس لە (مۆنتسکیۆ)ش * دەکات، وبەهەمان شێوە ئەویش جەختی لەسەر گرنگی بواری خوێندن کردبوو، بە مەبەستی چەسپاندنی خۆشەویستی نیشتمان وپارێزگاریکردن لە حکومەت.. [1]

ئێستا، زانیمان ئەوروپای ڕۆژئاوا لەو ڕۆژگارەدا، چەندە گرنگیان بە خوێندنداوە، لەگەڵئەوەی ساڵانی پێشتریش چەندین زانکۆ وپەیمانگا وخوێندنگەی ئاینی تێدا بووە، گەرچی زیاتر کەمینەیەکی ئەریستۆکراتی دەوڵەمەند سوودمەند بوون. واتە، خوێندەواری، فاکتەر وئامرازگەلێکی گرنگ بووە بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجێکی سەرەکی، کە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەك بووە. بەڵام، گەر بێینە سەر کوردستان، دەبینین نە لەو ڕۆژگارە ونە دواتریش، نەك زانکۆ وپەیمانگا، بگرە خوێندنگەی ئاینیش هێندە دیار وبەرچاو نەبووە، گەر هەشبووبێت زۆر کەم بووە. کەسایەتی (تاڤێرنەر) * کە گەڕیدەیەکی فەرەنسی بووە لە سەدەی حەڤدەهەمدا بە کوردستاندا تێپەڕ ببوو، بەم شێوەیە باسی کورد وناوچەکەی کردبوو: " کورد تێکڕا مرۆڤێکی ڕەق وئاکاردرشتن، موسوڵمانن، دەنکە دەنکە مەلا وشەرعزانیان تێدایە، زۆریان بڕوا بە ئەفسانە وپڕوپووچ هەیە." [2]

دیارە، ناوبراو لەو ماوەیەدا بەهۆی سروشتی کارەکەیەوە، هەڵسوکەوتی لەگەڵ کوردانـدا کردووە، تێگەیشتووە کە کۆمەڵگایەکی یەکجار نەخوێندەوار ودواکەوتووە. ئاشکرایە، کۆمەڵگای دواکەوتوو، بڕوای تەواوی بە ئەفسانە وشتی پڕوپووچ هەیە. ئەوەی باسکرا، کورتەیەك بوو لە گرنگیی فاکتەری خوێندەواری وکاریگەرییەکانی نەخوێندەواری لەسەر کۆمەڵگا... (فەرهاد پیربال)، لە

---

* مۆنتسیکیۆ: شارڵ دی مۆنتسیکیۆ، ساڵی (١٦٨٩ز) لە هەرێمی (بۆردۆ) لە فەرەنسا لە بنەماڵەیەکی ئۆرستۆکرات وخانەدان هاتووەتە دنیاوە. ناوبراو، خەریکی خوێندنی یاسا بووە، تاوەکو دواتر بووەتە ڕاوێژکار لە پارلەمانی بۆردۆ. بەڵام، بێجگەلە کاری فەرمی خۆی، ئارەزووی نووسین ولێکۆڵینەوە ودانانی کتێبی هەبووە. ساڵی (١٧٢١ز)، واتە شەش ساڵ دوای مردنی (لویسی چواردەهەم)، ناوبراو یەکەمین بەرهەمی خۆی بە ناوی (نامە فارسییەکان)ەوە بڵاوکردەوە. ساڵی (١٧٤٨ز)، پاش ئەوەی گرنگترین کتێبی بەناوی (ڕۆحی یاساکان)ەوە بڵاودەکاتەوە، کە ماوەی (٢٠) ساڵ خەریکی داڕشتنی دەبێت، ودوابەدوای ئەوەش لە ساڵی (١٧٥٠ز)دا کتێبێکی تر، وەك پاشکۆی ئەم بابەتە بە ناوی (بەرگری لە ڕۆحی یاساکان) بڵاودەکاتەوە. دیارە ئەم نووسین وهەوڵدانە بەردەوامە کاریگەرییەکی نەرێنی زۆر لەسەر تەندروستی ناوبراو دروست دەکەن. هەر بەو هۆیەوە، ولە ساڵی (١٧٥٥ز) لە گەشتێکی بۆ (پاریس) گیانی بە خاك دەسپێرێ. شایانی باسە، مۆنتسیکیۆ ئەو بیریارە سیاسییە مەزنە بوو کە توانی بنەمایەکی مۆدێرن وپێشکەوتووتر بۆ مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بێنێتە ئاراوە. هەرچەندە، ئەم تیۆرەی ناوبراو، دەربارەی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، لە (جۆن لۆك)ی فەیلەسووفی بەریتانییەوە وەرگیراوە.

[1] بوید شیفر: القومیه عرض و تحلیل، دار مکتبة الحیاة- بیروت، لبنان، ١٩٦٦، ص ٣١٣- ٣١٩

* جین باپتیست تاڤێرنەر (١٦٠٥- ١٦٨٩ز) بازرگانێکی فەرەنسی بووە ونەخشەی جوگرافی وکاڵا وقوماش وبەردی بەنرخی دەفرۆشت. ناوبراو لە پاریس لەدایك بووە، وهاوسەردەمی لویسی چوارەم بووە. ساڵانی (١٦٣٢- ١٦٦٣ز) شەش جار هاتووەتە ئێران وتورکیا. لە دووەمین وپێنجەمین سەفەریدا بە ناوجەرگەی کوردستاندا تێپەڕیوە وبەهۆیەوە ژیان وبارودۆخی کوردان شارەزا بووە. تاڤێرنەر لە گەشتێکیدا سەردانی شەرەفخانی پاشای بەتلیسیشی کردبوو. بەدرێژایی ئەو ماوەیە خەریکی هاتوچۆی بازرگانی بووە لەنێو وڵاتانی تورکیا وئێران وهندستان، لە گەشتێکیدا بۆ ڕوسیا وسیبریا لەوێ لە تەمەنی (٨٤) ساڵیدا کۆچی دوایی کردبوو..

[2] گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد: بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، ١٩٨١، ل ١٥٠

کتێبەکەیدا ئاماژەی بە سیاحەتنامەکەی (ئەولیاچەلەبی) * داوە، کە وتبووی: "عەبدالّخانی میری بەتلیس، (٧٦) بەرگ کتێبی فارسی وعەرەبی وتورکی لەگەڵ (١٠٥) نامیلکەی جۆراوجۆری هەیە، کە زۆربەیانی بە فارسی، نووسیبوو"..[١]

کەواتە، بەم قسەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە نووسینی پەخشان لە کوردستان لە ساڵانی (١٦٥٠ز)دا، بە شێوەیەکی گشتی بە عەرەبی وتورکی وزۆربەی جاریش بە زمانی فارسی بووە. ئەوەش لەبیر نەکەین، کە شەرەفخانی باپیرە گەورەی عەبداڵخانیش، کاتێ شەرەفنامەی مێژووی کوردانی نووسیوەتەوە لە ساڵی (١٥٩٦ز)دا، ئەویش هەر بە فارسی نووسیویەتی نەك بە کوردی. جگە لەمەش، مەلا مەحموودی بایەزیدی، لە (عادات ورسوومانتنامەی ئەکرادیە)دا لە ساڵی (١٨٦٠ز)، دوپاتی دەکاتەوە کە (د نێڤ ئەکراداندا، مەکتووب وکاغەزێد وان، فارسی العبارە دبن. خوندنا ترکی وزمانی ترکی کێم دزانن، کتێبێد ترکی لتك وان موعتەبەر نینن.) ئەم سێ بەڵگەیەی، سیاحەتنامە وشەرەفنامە وبایەزیدیی، بۆمان ڕووندەکەنەوە کە نووسینی نامە وکتێب و وتار وپەخشان لەو ساڵانەدا (١٥٠٠- ١٨٦٠ز)، بە شێوەیەکی گشتی وپێش هەموو زمانێکی دیکە، بە زمانی فارسی بووە. [٢]

مانای، لەگەڵئەوەی لەو سەردەمانەدا خوێندەواری بەو جۆرە نەبووە، خۆ ئەگەر نووسینێکیش بەدی بکرایە، ئەوا بە ئەلفوبێ وفەرهەنگی عەرەبی وتورکی وفارسی بووە نەك بە کوردی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کۆمەڵگاکەمان ئەگەر دەنکە دەنکەیەك خوێندەواری تێدا بووبێت، ئەوا لە ڕووی هەستی نەتەوایەتی وناسیۆنالیزمەوە زۆر هەژار بووە.

باری سروشتی کوردستان، وژیانی سەختی زۆربەی دانیشتوانی وپەرەسەندنی ژیانی کۆچەری ونیمچە کۆچەری، لەگەڵ چەند دیاردەیەکی تری لەو بابەتە، بوونە هۆی ئەوەی نووسین وخوێندەواری وخوێندن لەناو کورددا درەنگ پەیدا ببن، یان لەسەرخۆ پەرەبستێنن. هەربۆیە، نووسینەوەی مێژوو لە ناو کورددا، زۆر درەنگ سەری دەرهێنا. ڕاستە، زۆربەی گەلانی تری ڕۆژهەڵات، لەو بارەیەوە وەك کورد وابوون، بەڵام لە ڕۆژگارێکی زۆر زوودا، مێژوو بووە پێشەی ڕووناکبیرانی عەرەب وئەرمەنی هاوسێی کورد. بەو جۆرە، سەدان ساڵ، تۆماری مێژوو لای کورد، بریتی بوو لە گۆرانی وداستان وئەفسانەی سەر زاری خەڵکی.. [٣]

* ئەولیا چەلەبی یان دەروێش محەمەدی زللی (١٦١١- ١٦٨٥ز) گەڕیدە ونووسەرێکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، خاوەنی کتێبی(سیاحەتنامە)یە، کە بە یەکێك لە باشترین سەرچاوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری وکەلتووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی حەڤدەدا دەژمێردرێ. ناوبراو، ساڵی (١٦٥٥- ١٦٥٦ز)، سەردانی گەلێك ناوچەی کوردستانی کردووە، بەتایبەت شاری (بەتلیس) ودەوروبەری، وە تێبینی چڕ وپڕیشی دەربارەی هەر شتێك کە بینیوە، نووسیوە.

[١] د. فەرهاد پیربال: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٢٤

[٢] د. فەرهاد پیربال: کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چاپی سێیەم، ئەندێشە بۆ چاپ وبڵاوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٢٨

[٣] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو، چاپی دووەم، دەزگای هیڤی بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٨١

**کەسایەتی کورد، (میقداد مەدحەت بەدرخان)، * وەك پیاوێکی منەوەری سەردەمەکەی خۆی، بڕوای وابووە، کە کۆمەڵگای کوردی بە خوێندەواری وشارەزابوون دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت. بەڵام، لە چوارچێوەی پەیڕەوکردن وخۆبەستنەوەیەکی ڕاستەقینەوە بە ئایینی ئیسلام وبە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامییەوە. هەڵبەت، لە سایەی دەستوور ودەسەڵاتی سوڵتانێکدا، کە بە ڕاستی لە خەلیفەکانی ڕاشدین بچێت.. [1]**

**ئەفسەری ئینگلیز، مەیجەر سۆن، * لە یاداشتەکانیدا، کاتێك باس لە شاری سلێمانی دەکات،**

---

* میر (میقداد مەدحەت بەگ کوڕی میر بەدرخان پاشا)یە، کەسێکی ڕۆشنبیر ویەکەمین ڕۆژنامەنووس ودامەزرێنەری بزاڤی کوردییە. گەورە قەڵەمێکی کوردە، کە بێجگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی تورکی وفەرەنسی وعەرەبیشی دەزانی. میری ناوبراو، ساڵی لەدایکبوون وکۆچی دوایی نەزانراوە. بەڵام، ساڵی (١٨٩١ز) هاتووەتە میسر، لە (٢٢/ نیسان/ ١٨٩٨ز) دا توانی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان)ەوە لە قاهیرە بەچاپ بگەیەنێت، کە بە شێوەزمانی کرمانجی سەروو نووسرابوو، ئەمە بێجگەلەوەی ناوبراو لە کاتی بەچاپگەیاندنی هەر ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیەدا، هەزار دانەی ڕەوانەی کوردستان دەکرد بێ بەرانبەر، تا منەووەرانی کورد بە هەواڵی کوردستان وجیهان ئاشنا ببن. ئەمەش بە گەورەترین خزمەتکردنی گەلی کورد لە ڕووی ڕۆشنبیری وسیاسی ومەعریفییەوە دادەنرێت. دیارە لە ساڵی (١٨٩٨ز) لە (قاهیرە) پێنج ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) بڵاودەکاتەوە. هەرچەندە دواتر لە ترسی هەڕەشەکانی سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم)، وە بۆئەوەی بەهۆی ئەمەوە براکانی زیندانیی نەکیرێن وئەشکەنجە نەدرێن، ناچار دەگەڕێتەوە ئەستەنبوول. بەڵام، ساڵی (١٨٩٩ز) لەگەڵ (عەلی بەگ)ی برای دا، هەوڵ دەدەن زەمینە بۆ شۆڕشێکی نەتەوەیی خۆش بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نابن. ساڵی (١٩١٠ ز)، ماوەیەك پاش ڕاگەیاندنی حکومەتی دەستووری لە ئەستەنبووڵ، ناوبراو بەشداری لە دامەزراندنی (جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی)دا دەکات. بەپێی هەندێك سەرچاوە، ماوەیەکیش دەبێت بە موتەسەڕیفی شاری (دێرسیم)، بەڵام لەو مێژووە بەدواوە هیچ شتێکی ئەوتۆ لەبارەیەوە نازانرێ. شتێکی حاشا هەڵنەگرە، کە بنەماڵەی (بەدرخانییەکان) پێشەنگی ئەو بنەماڵە ومیرنشینە کوردییانە بوون، کە هەردەم لە خزمەتی پێگە وشووناس وگوتاری کوردیدا بوون.

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢

* مەیجەر سۆن: ئێلی بانستەر سۆین، لە (١٦/ ٨/ ١٨٨١ز) لە (کینزینکتۆن) لەدایك بووە. باوکی ناوی (ولیەم سۆن) ودایکی ناوی (ماری ستیل) بووە. ساڵی (١٨٨٩ز) دەخرێتە بەر خوێندن، هەر زوو وەك قوتابییەکی زیرەك وبلیمەت ناو دەردەکات ودێتە پێش، بە توانای خۆی، خۆی فێری زمانی فەرەنسی وژەنینی چەند ئامێرێکی مووزیکی دەکات. لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە، خەریکی خوێندنی ئەنگلۆ- ساکسۆنی دەبێت. ئەم کارەی، هاندەرێکی باش دەبێت بۆی لە ئێران. ساڵی (١٩٠٢ ز) سەردانی ڕۆژهەڵات دەکات، ولە بانکی شاهانەی فارسی لە (تاران) بۆ ماوەیەك کاردەکات. لەبەرئەوەی زمانی فارسی بە باشی دەزانێت، هەربۆیە ساڵی (١٩٠٣ز) چوارینەکانی (عومەر خەیام) وەردەگێڕێت. گوایە ساڵی (١٩٠٥ز) بڕوا بە ئاینی ئیسلام دێنێت، (تەنها ڕووکەش بووە- نووسەر) وزۆر دڵخۆشیش دەبێت بەوەی لە ئێرانە، بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکانییەوە لەگەڵ کونسوڵگەری ڕووسیادا، ناوبراو ناچار دەبێت ساڵی (١٩٠٧ز) واز لە کارەکەی لە بانك بهێنێت وبە ناوی (میرزا غولام حسێنی شیرازی) بەرەو خاکی کوردستان بکەوێتە ڕێ. ناوبراو، زمانی کوردیش بە باشی فێردەبێ ونووسینی لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە هەبووە. دواتر وەك سیخوڕێکی بەریتانیای مەزن کار دەکات ودەبێتە ئەفسەرێکی سیاسی پلەدار لە سلێمانی. پاش ئەوەی، لە (ئاداری ١٩١٩ز)ەوە سۆن جێگەی (مەیجەر نۆئێل) دەگرێتەوە ، ئیدی بە توندی ناوچەکەی بەڕێوە بردووە و وەك دوژمنێکی سەرسەختی شێخ مەحموودی نەمر وحوکمڕانییەکەشی دەرکەوتووە، ئەمەش وا لە ناوبراو دەکات کە وەك کەسێکی خۆشەویست لەناو خەڵکی سلێمانیدا دەرنەکەوێت. بەڵام، وێڕای هەموو ئەمانەش، دەوترێت کە پشتیوانی سەربەخۆیی کوردی کردووە وهەوڵی بە فەرمیکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانە ودام ودەزگا حکومییەکان داوە وخۆی لە ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە نزیك کردووەتەوە

دێتە سەر بابەتی (زمان). هەرچەندە، ناوبراو ئاماژە بە لێهاتوویی کورد وخەڵکی شاری سلێمانی دەکات، لە ڕووی تێگەیشتن وزانینی چەند زمانێکیترەوە، لەپاڵ زمانی کوردیدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ئەوانە هۆکاری ئابووری وسیاسی وجوگرافی وئایینیی وتێکەڵایەتییە خێڵایەتیی وخزمایەتییەکانن.

هەژێی گۆتنە، ئەفسەری ناوبراو، دەنووسێت ودەڵێت: "زمانی کوردیی، زمانی هەموو ناوچەکەیە، جگە لە بەشی تورکمانیی وعەرەبیی.... کوردەکان، سەرکەوتوون لەوەدا کە گرنگی بە زمانەکەیان دەدەن، تا پشتگوێ نەخرێت. لە ئاڵتوون کۆپرییەوە تا کەرکووك، هەردوو زمانەکە بە یەکسانی بڵاوە وگوندەکانیش نۆبە دەکەن، هەندێجار تورکیی وهەندێجار کوردیی، گوندیش هەیە تێکەڵە. کەرکووك، لەوانەیە هەموو زمانەکانی تێدا بەکار بهێنرێت...... من، هەر سێ زمانەکانی عەرەبیی وکوردیی وتورکییم وەك یەك لە بازاڕەکاندا گوێ لێبووە، کە بەکارهاتووە. هەروەها، تورکمانیی، زمانی بنەڕەتییە لەناو دانیشتووانی ناوچەی باشووری کەرکووك، کوردیی وتورکمانییش، لە گوندەکاندا بەکاردێ وعەرەبییش لە باشوور وڕۆژئاوادا بەکاردێت. هەر کە گردەکان دەرکەوت، ئیدی زمانی کوردی دەسەپێت.....

دواتر، ناوبراو، ئەوەش دەخاتە ڕوو کە: " .... لە سلێمانی، فارسی زۆر گرنگە، زۆربەی خەڵك دەتوانن قسەی پێبکەن ولێی تێبگەن، بەڵام هەندێکیان زۆر باشی دەزانن. بە شێوەیەکی گشتی، زمانی فارسی لە بازاڕ وخان وقاوەخانەکاندا ون نەبووە. لە سلێمانی، خەڵکێکی زۆر دەبینی کە لێی تێدەگات، ودەتوانێت لەگەڵت بدوێت، هەروەها هەر هەلێ بۆ بڕەخسێت، حەز دەکات پێی بدوێت، چونکە کورد زۆر ڕێز لە زمانی فارسی دەگرێت وحەزی لە زمانەکەیە. زمانی نووسین، لە هەموو ئەم ناوچەیەدا، لە سلێمانییەوە بۆ قەرەداغ وڕانیە، بۆ باکووری ڕۆژهەڵات، تەنها فارسییە وهەموو پەیوەندییەکی ئیش وکار بەم زمانەیە. قوتابیان، دەبێت لە هەردوو قوتابخانەی ئایینیی وئەکادیمیی سەربازیدا، فێری ببن ودوکاندارەکانیش دەبێت بتوانن نامەی پێبنێرن. لە شاری سلێمانیدا، هەندێ کەس، لە تورکی تێدەگەن وقسەی پێدەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە حکومەتەوە هەیە. بەڵام، ئەوەی کە دەتوانێت پێی بنووسێ وبخوێنێتەوە، کەمن. زۆر بە باشی، لە عەرەبیش تێدەگەن، بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی سلێمانی لەگەڵ بەغدادا. چونکە، ژمارەیەکی زۆر، ساڵانە سەردانی بەغدا دەکەن وتێکەڵیان دەبن. زمانی ناو شارەکە، کوردییە، ودیالێکتی موکرییە. بەڵام، وشەیەکی زۆری عەرەبی تێکەوتووە و وەك دەڵێن، زمانی نووسین، فارسییە." [1]

لە نێوکۆی ناسیۆنالیزم وپرۆژەی نەتەوەییدا، دەکرێت باس وخواسێکی توخمە پێکهێنەرەکانی

---

وماوەیەکیش سەرنووسەری ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لە سلێمانی بووە.. دواتر، ناوبراو لەبەرئەوەی تووشی نەخۆشی (سیل) دەبێت، بۆیە پزیشکە تایبەتییەکانی ئامۆژگاری ئەوەی دەکەن کە بە زووترین کات بگەڕێتەوە بۆ (لەندەن) بەمەبەستی چارەسەر. بەڵام، بەهۆی کاریگەریی نەخۆشییەکەیەوە، ناوبراو پاش ئەوەی بەرەو لەندەن کەوتەڕێ، هەر لە ناو کەشتییەکەدا ولە ڕێگای گەڕانەوەدا، ڕۆژی (٢٤/ شوبات/ ١٩٢٣ز) ولە تەمەنی (٥٨) ساڵیدا، کۆچی دوایی دەکات. ناوبراو، لە دوای خۆی کۆمەڵێك نووسراو وکتێبی دەربارەی نەتەوەی کورد بەجێهێشتووە.

[1] مەیجەر سۆن: سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، و: مینە، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی (٨)- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣٩- ٤٠

"میللەت" شەن وکەو بکەین. لەم ڕووەوە، ئاماژەیەکی کورت بە فاکتەرێکی سەرەکی گەل، کە "زمان"ە دەدەین، هەرچەندە پێشتر ڕاڤەکاری وچەند ڕاوبۆچوونێکمان لەو بارەیەوە خستە ڕوو. ڕاستییەکی ڕوون وئاشکرایە، کە هەرگیز میللەتان بە ڕەگەز یان فاکتەری "زمان" لێکجودا دەکرێنەوە، یاخود "زمان" لە جەوهەردا، ئەوەیە کە نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکیتر جیادەکاتەوە، وەیان "ئێمە" لە "ئەوان" جیادەکاتەوە. بە مانای، یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی جوداکاری وناسینەوەی میللەتان، فاکتەری زمانە، کە دەبێتە شوناس بۆی. ئەمە وچەندین فاکتەری وەك مێژووی هاوبەش، ئایین، کەلتوور، دابونەریت، هەڵسوکەوت، ئیتنی، پۆشاك، پێگەی جوگرافی وزۆر فاکتەریتر.. تەنانەت، زمانی هاوبەش، کارەکتەرێکی سەرەکییە بۆ هەوڵدان لەبۆ بەدەستهێنان وسەرخستنی پرۆسەی نەتەوەیی، یاخود چڕکردنەوەی هەوڵەکان لەبۆ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی.. ئەم زمانە هاوبەشە، یەکێکە لە گرنگترین هێماکانی نەتەوە، کە بەکاردەهێنرێت. لە ڕاستیدا، زمانی هاوبەش، هۆکارێکی لە ڕادەبەدەر گرنگی یەکخستنی نەتەوەیە.. [١]

وەلێ، زمان، بەتایبەتی زمانی نەتەوە یان زمانی ئەدەبی وفەرمی هیچ نەتەوەیەك بەو شێوەیەی ئێستاکێ نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی چەندین پرۆسەی مێژوویی ودەسەڵاتدارێتیدا هاتووەتە کایەوە. لە پێشدا، چەندین شێوەزمان (دیالێکت) هەبووە، پاشان لە ئەنجامی پێداویستی مێژوویی ئەو میللەتە یان ئەو گەلە، یەکێك لەو شێوەزمانانە بوونەتە بنچینە، بۆ پێکهێنانی زمانی یەکگرتووی ئەو گەلە یان ئەو نەتەوەیە. زمانی کوردی، سەرەڕای بوونی سێ شێوەزمانی گەورەی (گۆرانی، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی ژوروو)، بەڵام ئەم زمانە بووەتە یەکێك لە پێکهێنەرە کاریگەر وجیاکەرەوەکانی کورد لەگەڵ میللەتانی دیکەدا. هەرچەندە، ئەگەر کورد خاوەن دەسەڵات ودەوڵەتێکی هاوبەش ویەکگرتوو ببوایە، بێگومان هەوڵی بەدیهێنانی زمانی فەرمی وئەدەبیی یەکگرتووی خۆیی دەدا..[٢]

لە لاپەڕەکانی (٣٨٤٠- ٣٨٤٣)ی کتێبی (٥)ی (قاموسلئەعلا- قاموس الاعلی)، لە (ئەستەنبوڵ ١٣١٤- ١٨٩٦ز)، کە بە گەورەترین ئینسایکلۆپیدیای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دادەنرێت، لێ باس لە کوردستان دەکات، وتیایدا هاتووە: "ئەگەرچی، ناتوانین پێ لەسەر ئەوە دابگرین، کە ئەدەبیاتێکی کوردی هەیە- ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە زانایانی کورد، لە دێرزەمانەوە خۆیان بۆ زمانی عەرەبی وفارسی تەرخان کردووە ونرخیان بۆ زمانەکەی خۆیان دانەناوە- بەڵام لەگەڵئەوەشدا، لە کۆنەوە ژمارەیەکی زۆر شیعر بەو زمانە وتراوە. لەبەرئەوەی، ئەلفبای عەرەبی، زۆر بەچاکی دەتوانرێت زمانی کوردی پێبنووسرێت، هەر وەکو فارسی، بۆیە هەندێك شیعر وبابەتی ئەدەبی بەو زمانە نووسراون." [٣]
هەڵبەت، یەکێك لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی وکێشەی سەرەکی کورد، گرنگینەدان بە زمانی خود بووە، کە دەکرێت بخزێنرێتە خانەی نەخوێندەوارییەوە.

لە دوای ڕووخاندنی حکومەتەکەی شێخ مەحموود لە ساڵی (١٩٢٣ز)، خەباتی گەلی کورد بۆ پاراستن وبەڕەسمی ناسینی زمانەکەی بەردەوام بوو. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان ساڵانی (١٩٢٥ز) تا

[١] مارتن غریفیش وتیري أوكالاهان: المفاهیم الاساسیة في العلاقات الدولیة، ، ص ٣٤٠

[٢] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣- ٢٤

[٣] E. af Wirsen: کۆمسیۆنی ویلایەتی موسڵ، لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩

(١٩٧٠ن)، نەتوانرا زمانی کوردی وەك زمانێکی ڕەسمی بخرێتە دووتوێی مادەکانی دەستوورەکانی عێراقەوە، تەنها زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی بوو..[١]

دەکرێت، ئەم بەشە بە وتەیەکی ئەتاتورك کۆتایی پێبێنین، کە لە کاتی خۆیدا ودەربارەی گرنگیی زمان وەك یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی لەدەستدانی ناوچەگەلی (باڵکان) ئاماژەی پێدابوو. ئەو، وتبووی: "ئێمە، ئەو کاتە باڵکانمان لەدەستدا، کە هێشتمان بە زمانەکەی خۆیان بخوێنن."

بێمکووڕیکردن، هەژارییش بە هەمان شێوە، کاریگەریی خۆیی هەبووە وهەیە، بەوەی هەردەم ڕێگر بووە لە گەیاندنی پەیامی ناسیۆنالیزم، مەحاڵە کۆمەڵگای هەژار لە چەمکەکانی نەتەوە وناسیۆنالیزم وپرۆژە ویەکبوون تێبگەن، گەر تێشبگەن ئەوا مەیلی گۆڕانکارییە لە واقعی تاڵی ژیانیان، نەك تێگەیشتنێکی زانستییانە ودروست لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵ. دەکرێت، هەلاوێردنێك لە نێوان کۆمەڵگاکاندا لە ڕووی باری ئابووری وبژێوی ژیانەوە بکەین، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بزانین ئایا کۆمەڵگای کوردەواری ئێمە، لە ڕووی توانای ئابووری وداهاتی بەروبوومیی وکێڵگەیی وئاژەڵدارییەوە، بەتوانایە؟ ئاخۆ، ئەوانەی باسکران، تا چەند ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگاکەمان تۆکمە ودەبوژێننەوە؟ وەك ئاشکرایە، کۆمەڵگای کوردەواری، لە دێرزەمانەوە بەهۆی تۆبۆگرافیای خاکەکەی وزۆریی مێرگ ولەوەڕەوە، زیاتر خەریکی ئاژەڵداریی وکشتوکاڵ بووە. واتە، مسۆگەربوونی بژێوی ژیان. بەڵام، بەدرێژایی مێژوو، دەسەڵاتە ئیسلامگەرا وتۆتالیتار ومیلیتار وهەروەها سەپاندنی زۆری باج وخەراج وشالاوە یەکلەدوای یەکەکان وکۆمەڵکوژی وئەنارشیەتی ناوچەکەش، هەردەم هۆکاری سەرەکی وبەربەست بوون لەبەردەم بەرەوپێشچوون وگەشەی خۆڕسك وسروشتیی کایەکانی ژیاندا. هەربۆیە، سەرجەم چین وتوێژەکان، لە گوزەرانێکی ناهەموار وهەژارییەکی بەرچاو وبەردەوامدا بوون، ئاستەکانی ژیان وبژێوی وداهاتی کۆمەلاّن، زۆر نزم بوون. هەڵبەت، قسەمان لەسەر توێژەکانی دەسەلاّتە دیینی ودنیەوییەکان وئاغا ودەرەبەگەکان نییە. کەوابوو، ئەو فاکتەرە ئاماژەپێدراوانەی سەرەوە وناکۆکی ونادادپەروەریی وبلاّوبوونەوەی نەخۆشی وقاتوقڕیی ونەخوێندەواری وچەندین هۆکاریتر، فاکتەری کاریگەری هەژاریی کۆمەڵگاکەمان بوون.

میرنشینە کوردییەکان، بە مەبەستی پاراستن ومانەوەی دەسەلاّتی ئیداری وسیاسییان، دەبوایە باج وخەراج وسەرانەی خۆیان بدایەتە سوڵتان، یاخود شا. هەردەم، خەڵکی ڕەشوڕووت وجووتیار وکەمدەرامەت، پێشکەشکەری ئەم سەرانەیە بوون، نەك خودی میر خۆی. گەڕیدە (پێترۆ دێللا ڤال)، * لە گەشتەکەیدا، کاتێك دێتە کوردستان وماوەیەك دەمێنێتەوە، زۆر بە وردی تەماشای هەڵسوکەوتی کورد دەکات، هەر لە کەسێکی سادەوە تامیر. ئەو دەڵێت: " سەردەمی سوڵتان ئەحمەدە، تورك وعەجەم لە شەڕێکی دوور ودرێژدان، (خان)ی بەدەسەلاّتی بەتلیس، بەڵێنی بە سوڵتان دابوو (١٢٠٠٠) سەربازی تەیاری بە هەموو مەسرەفێکەوە بۆ ڕەوانە بکات." ناوبراو، بەردەوام دەبێت ودەڵێت: "ئەوەی بچێتە

---

[١] خەلیل عەبدوڵلاّ: زمانی کوردی لە دەستورەکانی عێراقدا ١٩٢٥- ٢٠٠٥، ژمارەی زنجیرە (٤٦)، لە بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٥

* پێترۆ دێللا ڤال: گەڕیدەیەکی ئیتالیی بووە، لە سەرەتای سەدەی حەڤدە دا سەرانسەری ڕۆژهەلاّت گەڕاوە. کەسێکی ئاریستۆکرات بووە، لەسەردانیدا بۆ کوردستان زۆرشتی بینیوە وبە ئەمەکەوە گێڕاونێتییەوە،بۆیە سەرچاوەیەکی ڕاستە.

خزمەت سوڵتان، نابێت بە دەستی ڕووت بچێت. ئەو دیارییانەی خان بۆ سوڵتانی ناردبوون ئەمانە بوون: دوو کوڕی لاڵ، دوو ئەسپی ڕەسەن، دوو سەگی ڕەسەن، پێنج شەهێن، نۆ چاکەتی قەیفە، نۆ چاکەتی ساتان (سەتەن)، ئەوەندەی تریش چاکەتی دەستکردی شام، چەند چاکەتێکی دیکەی ئاوریشم وخوری تایبەت، مافوورێکی گرانبەها کە پیاو لە پانی ودرێژییەکەی هەردەم سەری سووڕدەما، هێندە گەورە بوو بە دوازدە زەلام هەڵدەگیرا." [1]

ئاخۆ، میر، ئەم حەمکە دیارییە بەنرخەی ناردبووی بۆ سوڵتان، گشتی بە پارەی خۆی کڕیبووی؟ یاخود بارگرانییەکی تر بووە بەسەر خەڵکی ناوچەکەوە؟ خۆ ئەگەر میری بەتلیس، هەروەك میرانی تری کورد، هێندە دڵسۆزی سوڵتان بووبێت، ئەدی لەپای چی دواتر تێکڕا تەفروتونا بوون؟ ئایا، بەم کارەی میر، هێندەیتر هەژاری لەم ناوچەیە، وەکی ناوچەکانیتری کوردستان پەرەناسێنێت؟ ئەمانە، پرسیارگەلێکن، کە کورد دەبێت وەڵامێکی ڕاست وزانستیانەیان بۆ وەربگرێت.

محەمەد ئەمین زەکی بەگ، لە ساڵنامەی عوسمانیی ساڵی(١٣٠٧)ی ڕۆمی، بەرامبەر (١٨٩٢ز)، لیستی داهات ودەرچوو (مصروفات)ی لیوای سلێمانی لە خشتەیەکدا خستووەتە ڕوو، کە تیایدا دەسەلأتدارانی عوسمانی لە داهاتی پارێزگای سلێمانی مەسرەفی ئیدارەیان داپۆشیوە، ویەك ملیۆن (قووروش) ڕەوانەی خەزێنەی گشتی دەوڵەت کراوە. واتە، لە دەوڵەتەوە پشتگیری دارایی ڕەوانەی ئێرە نەکراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، سەرەڕای خراپی ونالەباری ئیداریی، لێرەوە پارەی زیادە بۆ دەرەوەی سنووری پارێزگا ڕەوانە کراوە. لە کاتێکدا، سلێمانی، خۆی زۆر پێویستی بە داهاتی خۆی هەبووە. [2]

ئەگەر دەستەم ڕەسەد، بە چەرخی گەردوون
ئەزو پورسەم، کی ئین چونەست وئان چوون
یەکیرا دادەیی، سەد کونە نیعمەت
یەکیرا قورصی جو، ئانوودە دەرخوون [3]

واتە: ئەگەر، دەستم بگات بە چەرخی گەردوون، یەخەی ئەگرم ولێی دەپرسم، بۆچی خەڵك وا جیاواز دروستکراون. هەندێکیان، لە ناز ونیعمەتدا دەژین، هەندێکیشیان تا نانێکی جۆیان دەستگیر دەبیّ، خوێنیان ئەبیّ بە ئاو.

---

[1] گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد: بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، ١٩٨١، ل ١

[2] مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەلأیەتییەکان ١٨٢٠- ١٩٢٠، لە بلأوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٥٠

[3] پارچە شیعرێکی کلاسیکی، شاعیری هەرە کۆن ومەزنی کورد، بابە تاهیری هەمەدانی (عوریان).

## ب- پێگەی کورد وهاوکێشە سیاسییەکان

کوردستان، ناوچەیەکی فراوانی چەماوە ڕوخسارە، لە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە زۆربەی ڕۆژهەڵاتی تورکیا، باکوری عێراق، بەشێکی بەرچاوی ڕۆژئاوای ئێران، چەند بەشێك لە باکوور وباکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، هەندێك ناوچە لە باشوور وباشووری ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیا پێکدێت.. [1]

(هیرۆدۆت)، [*] یەکەم کەس بووە کە ناوی (کارداکیس)ی بردووە ((وەك ئاماژە دانێك بە کورد))، ئەم ئاماژەدانەش پێش ناوی (کاردوخۆی)، (کاردۆخی) ئێکزەینەفۆن (٤٣٠- ٣٥٤پ.ز) دەکەوێت. هەرچەندە، ئەم دوو ناوەی ئاماژەی پێدرا، لە ڕووی زمانەوانییەوە تا ڕادەیەك لێك جودان، بەڵام یەك مەبەست دەگەیەنن کە ناوی کوردە.. [2] ئەم ڕستانە، گشتی ڕاستیگەلێکی مێژووین، بەوەی ڕاستە پێگەی ئێستای کورد هەزاران ساڵ لەمەوبەر هەر جێنزرگەی باوباپیرانمان بووە، وبستێك خاکی هیچ نەتەوەیەکیشمان داگیر نەکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە درێژایی مێژوو خاکمان داگیرکراوە. وە لەگەڵئەوەی، داگیرکەران تاوانبارن لەم کارەدا، بەڵام کورد خۆیشی بڕێك لەو تاوانەی بەردەکەوێت. مێژوو، زۆر شتی سەیر وسەمەرە دەگێڕێتەوە، کەوا کورد زۆربەی کات خۆی پاڵنەرێکی سەرەکی بووە بۆئەوەی خاکی داگیر بکرێت، جا لە دڵپاکی خۆی بووبێت یا نەزانی یان بەرژەوەندی تەسکی خێڵ.

مێژوو، گەواهیی ئەوە دەدات کە (کەریم خانی زەند)(١٧٠٥- ١٧٧٩ز) کەسایەتییەکی کوردی سیاسەتوان وبەهێزی سەردەمی خۆی بووە، توانیویەتی تێکڕای خاکی ئێران بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، سوپا بە فەرمی هەتا مردن (خان)ی وەك فەرمانڕەوای ئێران ناساند. خان، شاری (شیراز)ی خوارووی فارسی کردە پایتەخت، دواتر ئەم کەسایەتییە توانی نەیارانی ببەزێنێت، بۆیە خاکی ئێران لە سەردەمی ئەودا بۆ ماوەی بیست ساڵ ئاشتی وئارامییەکی ڕێژەیی بەخۆوە بینی.. [3] لە ڕاستیدا، دوای نەمانی (نادر شا)ی ڕەگەز فارس، ودامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز لەلایەن کەریم خانەوە، بەڵام ناوبراو نەیتوانی بڕیارێکی بوێرانە بدات، بەوەی خۆی وەك پادشای وڵات ڕابگەیەنێت، بەڵکو پەنای بردە بەر منداڵێکی بچوکی شا وکردییە شای ئێران. خان، نەیویست نازناوی شا لەخۆی بنێت، بۆیە ناتۆرەی (وەکیلودەولە) (وکیل الدولة)ی لەخۆی نابوو، بەمانای (جێگری سەرۆك).. [4]

دیارە، لە دوای کوژرانی "نادر شا،" کەریم خان کە لە کوردەکانی هۆزی گەورەی زەند بوو،

---

[1] پ. د. وەدیع جوەیدە: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، بنەما وپەرەسەندنی، و:ی. پ. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی سیما- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٢

[*] هیرۆدۆت (٤٨٤- ٤٢٥ پ.ز) لە شاری (هالیکارناسۆس) لە هەرێمی (کاریا بادرن) لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیای بچوك لەدایك بووە، پێش ئەوەی ئەم شارە لەلایەن هەخامەنشینییەکانەوە داگیربکرێت، سەر بە قەڵەمڕەوی یۆنان بووە.

[2] د. فرست مرعي:كردستان في القرن السابع الميلادي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه- السليمانيه،٢٠٠٦،ص٣٠

[3] أرشاك سافراستيان: الكرد و كردستان، ت: أحمد محمود الخليل، دار الزمان للطباعة و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى- دمشق، سوريا، ٢٠٠٨، ص ٦٤

[4] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٢

تەختی پادشایی ئێرانی کەوتە دەست، وماوەی (٣٠) * ساڵ فەرمانڕەوایی ئێرانی کرد. پاش مردنی کەریم خان، "ئاغا محەمەد" ناوێك، کە پلەی "میر ئاخوریی" هەبوو، وە لە بەرەی تورکە قاجارییە قزڵباشەکان بوو. لێ، دوای مردنی خان، کوڕەکەی هاتبووە سەر تەختی پادشایی. بەڵام، دواتر ئاغاخان لە پۆستەکەی دوورخرایەوە، بەوەی گوایە نیازی پاك نەبووە بەرانبەر بە کوڕی کەریم خان. دوای ئەمە، قاجارییەکان بەم هۆیەوە هەستان بە بەرپاکردنی شۆڕش دژی کوڕەکەی خان. لە ئەنجامدا، لەشکرەکانی زەندیان تێکشکاند وشاری کرمانیان گەمارۆ دا، وکوڕی کەریم خان وبنەماڵەی زەندیان قەڵاچۆ کرد. سەربار، ئاغا محەمەد، خۆی بە زیندوویی، هەردوو چاوی کوڕەکەی کەریم خانی دەرهێنا، وبەم شێوەیە تورکە قاجارییەکان توانییان ئێران داگیر بکەن وناوبراویش بوو بە پادشای نوێی ئێران.

لەو سەردەمەی ڕۆژگاری قاجارییەکاندا، گەر کورد لێهاتوو ببوایە وهەڵەی نەکردایە، وهەروەها پیاوی لێهاتوو وە شیاوی وەك نادر شای هەوشار وکەریم خانیان هەبوایە، کە کەسانێکی ڕامیارزان بوون، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەوڵەتی ئێرانیان دەکەوتە دەست. کورد، زۆر لە کۆنەوە، مانای هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە نابووت وهەژاری مەزهەبایەتی بووە. ئاشکرایە، کە لە دوای نادر شا، کوردەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانلی، دژی کەریم خان وەستانەوە، لەبەرئەوەی شیعە بوو. هەرچەندە، خودی کەریم خان هەردەم هاواری دەکرد "من کوردم." [١]

یەکێك لە هۆکارەکانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی (شێخ سەعیدی پیران)(١٩٢٥ز)، زیاتر دەرەنجامی توندوتیژی ناسیۆنالیزمی تورك دەرهەق بە کورد وجێبەجێنەکردنی بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر بوو. ڕاستە، بزوتنەوەکە بە ڕێبەرایەتی شێخێك دەستی پێکرد، بەڵام دواتر بزوتنەوەکە زۆر زیاتر لەوەی شێخ ئارەزووی دەکرد، تێکەڵ بە بیروباوەڕی نەتەوەیی ببوو، لەلایەن نیشتمانپەروەرانیشەوە پشتیوانی لێدەکرا. شێخ، بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی زۆرینەی خەڵك، بەیاننامەیەکی دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی وگێڕانەوەی خەلافەت دەرکرد، دواتر بە ڕاگەیەندراوێك کوڕێکی سوڵتان (عەبدولحەمید)ی بە سوڵتانی کوردستان دانا.. [٢] ئەویش (سەلیم ئەفەندی) کوڕی سوڵتانی ناوبراو بوو، کە پاش هەڵاتن، لە تاراوگە لە (بەیروت) دەژیا... [٣] بەڵام، لەگەڵ ئەمانەشدا، ڕاپەڕینەکە زیاتر مۆرکێکی نەتەوەیی پێوە دیاربوو، بەوەی لە (٢١/ ٣/ ١٩٢٥ز) کە یەکێکە لەو ڕۆژانەی بۆنەیەکی نەتەوەیی کوردی تیادا یاد دەکرێتەوە (واتە نەورۆز)، بڕیاری دەستپێکردنی ڕاپەڕین درا لە باکوری کوردستان. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕاپەڕینە، بریتی بوو لە (سەربەخۆیی بۆ کوردستان وبونیادنانی حکومەتێکی نەتەوەیی). بۆ جێبەجێکردن وبەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، هەوڵیاندا سوود لە سۆزی ئاینیی ونەتەوەیی تاکی

---

* لێرەدا، نووسەر (٣٠) ساڵی داناوە بۆ ئەو حوکمڕانیکردنەی کەریم خان کە ڕاستترە، هەرچەندە پێشتر بە بڕوای نووسەرێکیتر ئاماژەمان بە (٢٠) ساڵ دابوو.

[١] شێخ ڕەشید شێخ عەبدولرەحمان قادر: بەریتانیا– تورکیا– ئێران– کورد (١٩١٥– ١٩٣١)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢– ١٤٦

[٢] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٦٣

[٣] د. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دا (١٨٨٠– ١٩٢٥)، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢١٥

کوردی وەربگرن..[1] بەڵام، دەرەنجامەکان بەو شێوەیە نەبوون، کە خوازراو بوو. ئەمەش، بۆ نەبوونی پلانێکی تۆکمە وشارەزاییەکی تەواو لە بواری سیاسەت، وباش خۆئامادە نەکردن بۆ گەمەیەکی سیاسی، وبگرە کارانەبوون لە بەشداریکردن لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە ونێودەوڵەتیدا.

**زۆر لاوی ئازات، لە کۆڕی خەبات، خوێنی خۆیان ڕشت**
**زۆر شێخ و پیران، لە زانا وژیران، خۆیان دا بە کوشت**
**بۆتان، شەمزینان، چیای شیرین، پیران، ئاگری داغ، ساسۆن**
**دەربەند، شارەزوور، مهاباد سووری، ڕووگەی نەوەی تۆن**
**دڵ چاك و پاکین، ئازا وبێباکین، ڕۆڵەی ئەوانین**
**بە دڵ داوای سەربەخۆیی تۆ وتۆڵەی ئەوانین**[2]

دەشێت بپرسین، ئایا کورد، نەدەبوو ئاگاداری گۆڕنکارییەکان ببوایە؟ نەدەبوو ژمارەیەکی گرنگی نێو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە ببوایە وپێگەی خۆیی قایم بکردبایە؟ نەتەوەی تورك، بە خواستی خۆی ولە ئەنجامی گۆڕانکارییە جوگرافی وسیاسییە ڕیشەییەکانی ناوچەکە، هەوڵی گۆڕانکاریدا، لە ستراکتووری دەسەڵات لەنێو خۆیدا. بەڵام، کورد، لەگەڵ هەژان وڕاپەڕینی خۆیدا، خواستیشی ئەوەبوو ڕێگری لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی ئەوان بکات، وهەوڵی گەڕانەوەی ئیسلامگەرایی وخەلافەت بدات. یاخود، دەتوانین بڵێین، کورد لەو گۆڕانکارییە هەرێمی ونێودەوڵەتییانە، هێندە بەئاگا نەبوو، بۆیە بەو ئاکامە گەیشت..

کاتێك، کەمالییەکان، خەونیان بە دەستبەسەراگرتنی ویلایەتی موسڵەوە دەبینی، کوردەکانیش دەیانویست لەسەر جوگرافیای ئەو ویلایەتە دەوڵەتی کوردی خۆیان دابمەزرێنن. هەربۆیە، کەسایەتی (عیسمەت ئینۆنۆ)، [*] لە وتەیەکیدا لە کۆنگرەی یانەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆشنبیری تورکدا وتبووی: "ئێمە، بەئاشکرا نەتەوە پەرستین، ناسیۆنالیزم تاکە هۆکاری یەکێتیمانە وڕەگەزێکی تر جگەلە زۆرینەی تورك نفووزی نییە، دەبێت بەهەر نرخێك بێت هاونیشتمانییەکانمان بکەین بە تورك، ئەوانەش لەناو ببەین کە دژایەتی تورك وتورکایەتی دەکەن. دەمانەوێ ئەوانەی خزمەتی وڵات دەکەن، تورك وتورکپەرست بن." هەڵبەت، ئەم وتانەی ناوبراو، هاوتا بوون لەگەڵ وتەی (ئەتاتورك)دا، کە لە تشرینی یەکەمی (١٩٢٢ن)دا لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکدا، لە ئەنقەرە، وتبووی: "ئەو دەوڵەتەی

---

[1] هیوا عەزیز سەعید: ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠– ١٩٣٩)، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)– سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١١٠– ١١١

[2] چەند بەیتێك لە شیعری نەتەوەیی وشۆڕشگێڕیی شاعیری گەورەی کورد، هەژار موکریانی.

[*] عیسمەت ئینۆنۆ(١٨٨٤– ١٩٧٣ن)، گەورە ئەفسەری مستەفا کەمال ئەتاتورك بووە. لەدوای مردنی ئەتاتورك لە (١٩٣٨) ئەم بووە بە سەرۆك کۆمار، هەندێك دەڵێن ئینۆنۆ بە ڕەچەڵەك کورد وخەڵکی ناوچەی ئینۆنۆ بووە.

**دروستمانکردووە، بریتییە لە دەوڵەتێکی تورکی." [1]**

**لە دوای، سەرکەوتنی شۆڕشی بۆڵشەڤیك (١٩١٧ز)، ولە میانەی دەرکەوتنی پێگەی کورد، لەنێو هاوکێشە سیاسییەکانی ئەو کاتەدا، واتە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا. مێژوو، چەندین نموونەمان لەوبارەیەوە بۆ دەخاتە ڕوو. "دیارە، لە دژی سۆڤێت، کۆلۆنیالیزمی میلیتاریی ڕۆژئاوایی، لەبەر بەرژەوەندی خۆی وای بەباش دەزانی کە هەست وسۆزی کورد بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. بۆیە، کەسایەتی شۆڕشگێڕ ونـاوداری کـورد، "شـێخ مـەحموودی حەفیـد"ی * وەك حوکمداری کوردستانی باشـوور، دەستنیشان کرد. لەمبارەیەوە، حاکمی گشتی سیاسی ئینگلیز لە عێراق بە وەکالەت، کۆلۆنێل ئارنۆڵد وێڵسن، دەسەڵاتی بە مەیجەر (نۆئێل) * دابوو کە (شێخ مەحموودی گەورە)ی هێزی بەرزنجە، بکاتە نوێنەری بەریتانیا لە سلێمانی. هەرچەندە، ڕێنوێنییەکانی وێڵسن بۆ نۆئێل، ئەوەبوو کە شێخ مەحموود تەنیا سەرۆکایەتی ئیدارەی سلێمانی پێبدرێت.. [2]**

**کەڵە ڕۆشنبیری کوردی ئەو سەردەمە، مامۆستا ڕەفیق حیلمی، گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر ئیش وکار لەو کاتەدا بە دڵی مەیجەر نۆئێل بچەرخایە، گەلی کورد بە گەلێ لە ئامانج وهیواکانی**

---

[1] د. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دا (١٨٨٠– ١٩٢٥)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨– ٢٢٤

* شێخ مەحموودی حەفید (بەرزنجی): (١٨٨١– ١٩٥٦ز)، یەکێکە لە نەوەکانی خانەوادەی شێخەکانی قادری، کە چەند سەدەیەك بەر لە ئێستا ڕەچەڵەکیان هەبووە. ساڵی (١٩١٨ز)، بەریتانییەکان کردیانە فەرمانداری سلێمانی ودەوروبەری. بەڵام، دواتر شێخ لە بەریتانییەکان یاخی بوو، وە شۆڕشی لە دژیان بەرپا کرد وخۆی کردە مەلیکی کوردستان. هەربۆیە، بەریتانییەکان شاری سلێمانییان بۆردومان کرد وشۆڕشەکەی شێخیان دامرکاندەوە. دوای ئەوەی دوا شۆڕشی شێخ، ساڵی (١٩٣١ز) دامرکێنرایەوە، ئیدی شێخ لە (داریکەلی) ژیانی بەسەر دەبرد. لە ماوەی حوکمدارییەکەیدا، سێ جار فەرمانڕەوایی شاری سلێمانی ودەوروبەری کردووە، بە سێ ماوەی جیاجیا. شێخ مەحموودی حەفید، لەگەڵ ئەوەی یەکێك لە سومبوولە نەتەوەیی ومێژووییەکانی کورد بووە، لە هەمان کاتیشدا شۆڕشەکانی بە هێما سەرەتاییەکانی بیری کوردایەتی لە باشووری کوردستان دادەنرێت.

* ئێدوارد ویلیام چارڵز نۆئێل (نووێڵ): (١٨٨٦– ١٩٧٤ز)، ئەفسەرێکی سیاسی بەریتانیا بووە، ولە ساڵی (١٩١٩ز)یەوە لە سلێمانی کاری کردووە. ناوبراو، هێندە دڵسۆز وپشتیوانی کورد بووە، بۆیە کارمەندانی ئۆفیسی کۆلۆنیاڵی، ناتۆرەی (لۆرەنسی دووەم)یان لێناوە. نۆئێل، باوەڕی بە کارامەیی وبەهێزیی هزری کوردایەتی هەبووە، هەربۆیە خەباتی بۆ ئەوە دەکرد، یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد، یاخود هەر نەبێت، هەرێمێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی لە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیای مەزن بۆ کورد دابمەزرێنێت. ناوبراو، ڕۆڵێکی گرنگی لە دامەزراندنی شێخ مەحموودی حەفید وەك حوکمداری سلێمانی هەبوو. بەڵام، لەبەرئەوەی لە لایەك شێخ مەحموود نکووڵی لە هاریکاریکردنی بەریتانییەکان دەکرد ولە لایەکیتریشەوە ئەتاتورك لە تورکیادا سەرکەوت، بۆیە حکومەتی بەریتانیا پشتیوانیی ئەرکی نۆئێلی لە باکووری کوردستان نەکرد، کە لەگەڵ چەند کوردێکی باشووردا چووبووە ئەوێ تا هانی کوردەکانی باکوور بدات بۆئەوەی پەیوەندی بە حکومەتی کوردستانی باشوورەوە بکەن. دواتر، ناوبراو لەسەر کارەکەی لادرا ومەیجەر سۆن لە شوێنی دانرا. نۆئێل، ڕاپۆرتێکی (٧٧) لاپەڕەیی دەبارەی ئەزموونی خۆی لە کوردستان، بە ناوی (یاداشتی مەیجەر نۆئێل دەربارەی ئەرکە تایبەتییەکەی لە کوردستان، لە ١٤/ حوزەیران– ٢١/ سێپتێمبەر/ ١٩١٩) نووسیوە.

[2] دەیڤید کۆرن: ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکاند بە عێراقەوە– پێرسی کۆکس وئارنۆڵد تی. وێڵسن، وەرگێڕانی: ئاوات عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاك، ٢٠٠٧، ل ٢٧

خۆی شاد دەبوو. بەلآم، نۆئێل، لە پاش ماوەیەکی کەم لە کوردستان دوور خرایەوە، وئینگلیزەکان بە قسەی خۆیان بە ئیشێکی تایبەتی ناردبویان بۆ ناوچەی قەفقاس. ئەمە وبێجگەلەوەی ناوبراو، لە راپۆرتەکانیدا لایەنی کوردەکانی گرتووە، وبە گەرمییەوە پشتگیری کردووە لە مەسەلەی ڕەوای کورد.[١]

بەلآم، بەپێچەوانەوە، بەهۆی لێڵی وشاراوەیی هەڵوێستی بەریتانیاوە، هەر لە سەرەتاوە شێخ دژی خواستی ڕۆژئاوا دەجولآیەوە. جولآنەوەیەك، كە گومان لای عوسمانییەکان لە لایەك وئینگلیزیش لەلایەکیتر دروست بکات. لە یاداشتەکانی مامۆستا "ڕەفیق حیلمی"دا هاتووە، كە شێخی نەمر، نامەیەك بۆ ئۆزدەمیر * لە ڕەواندز دەنێرێت. گوایە، لەو نامەیەدا سیاسەتێکی بێوێنەی نواندووە، بەوەی توانیویەتی دڵی تورك ڕاگیر بکا ولە کورد نەڕەنجێن، هەروەها دڵی ئینگلیزیشی نەڕەنجاندووە وهەردوولاشیان بە یەکیان نەزانیوە.[٢]

لەگەڵئەوەی ئەم زانیارییانە، لە دووتوێی یاداشتنامەکانیدا ئاماژەیان پێدراوە، بەلآم بە بڕوای من ئەم قسەیە زۆر ڕێی تێناچێت، لەبەرئەوەی ئینگلیز هێندە خاو نەپێچراوەتەوە. باشترین نموونەش، ئەوەیە كە دوای ئەوەی لە ڕۆژی (١٠/ تشرینی یەکەم/ ١٩٢٢ز)دا، بە شێوەیەکی ڕەسمی، ولە ژێر چاودێری دەوڵەتی بەریتانیادا، ئالآی دەوڵەتی کوردی هەڵکرا، وسیستم دامەزرا بە سەرکردایەتی فەرمانڕەوا شێخ مەحموود. بەلآم، لە جیاتی هەموو شت، ئینگلیز سەید تەهای نەهری بانگێشت کرد بۆ بەغدا، وناوبراو لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزدا کەوتە وتوویژ. پاشان، هەر لەسەر ڕەزامەندی ئینگلیز، سمایلخانی سمکۆ، هات بۆ سلێمانی، بۆ دیدەنی شێخ مەحموود. ئینگلیز، سمایلخانی ماوەدابوو، كە لە ناوچەی ڕەواندز دابنیشێت. لەوەش گرنگتر، ئەوەبوو كە ئەم دوو پیاوە، هەردووکیان دژی تورك بوون وئۆزدەمیریان خستبووە ناو گۆماوێکی مەترسییەوە. بۆیە، بە چوونی سەید تەها بۆ بەغدا وسمایل خان بۆ سلێمانی، ئۆزدەمیر لە جم وجووڵ کەوت وبەرانبەر بە داخوازییەکانی کورد وشێخ مەحموود، هیچی بۆ نەکرا..[٣]

---

[١] یاداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستان: و: حسین احمد جاف وحسین عثمان نێرکسەجاڕی، مطبعة اوفسیت حسام- بغداد، ١٩٨٤، ل ٧- ٩

* ئۆزدەمیر یان ئۆزدەمیر پاشا: بەمانای گیانپۆلا یان خود ئاسن، كە نازناوی ئەفسەرێکی بالآدەستی چەرکەسی ولآتی (میسر) بە ناوی (عەلی شەفیق)ەوە بووە، کەسایەتییەکی بەهێزی ناو سوپای تورك ولایەنگرێکی سەرسەختی مستەفا کەمال ئەتەتورك بووە. ناوبراو، لەسەر خواستی ئەتاتورك وبۆ ئاژاوەنانەوە لەو ناوچەیەدا، لە (١٥/ حوزەیران/ ١٩٢٢ز) بە مەفرەزەیەکی بچووکەوە هاتبووە ڕەواندز. دیارە، کێشە دروستکردن بۆ کورد وهاوپەیمانان وبەتایبەت بەریتانیا، کارنامەی سەرەکی ناوبراو وهاوپەیمانە تورکە (جل خوارەکان)ی بووە. دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی تورکی نوێ، ئۆزدەمیری وەك کارتێکی فشار بەکاردەهێنا. ئەمە بێجگەلەوەی، ناوبراو بە ناوی ئایینەوە مەرامەکانی تورکی جێبەجێ دەکرد. هەڵبەت، جێپێیەکی بەهێزی لە ناوچەکەدا هەبووە وپەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرەك عەشیرەتەکان وتەنانەت شێخ مەحموودیشدا هەبووە.

[٢] شێخ ڕەشید شێخ عەبدولرەحمان قادر: بەریتانیا- تورکیا- ئێران- کورد (١٩١٥- ١٩٣١)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥

[٣] شێخ ڕەشید شێخ عەبدولرەحمان قادر: بەریتانیا- تورکیا- ئێران- کورد (١٩١٥- ١٩٣١)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥- ١٣٣

ئـەوەش ژ بـیر نەکـەین، دواتـر ولـە (١٠/ یەنایـەر/ ١٩٢٣ز)دا، شـێخ مـەحموود، وەك (مـەلیکی کوردستان) وبە واژۆی خۆی، نامەیەکی ئاڕاستەی کونسوڵگەری ڕووسیا لـە ئازەربایجان کردبوو، کە لـە ڕێگەی ئەوەوە دەسەڵاتدارانی سۆڤێت ئاگاداربکاتەوە لە خواستەکانی گەلی کورد، کە ئەمە دەقەکەیـەتی: "...... بەڵام، دەتوانم یەك شت بڵێم، ئەویش ئەوەیە کە گەلی کورد بـەتێکڕا، گەلی ڕووس بە ڕزگارکـەری ڕۆژهـەڵات دادەنـێن، لەبەرئـەوە گـەلی کـورد ئامادەیـە چارەنووسـی خـۆی بـە چارەنووسـی ئێـوەوە ببەستێتەوە، وە تاکە شتێکی گرنگیش کە سەرقاڵی کردبین، داواکاریی پشتگیریکردنمانە. گەلی کورد، شـێلگیرانە چـاوەڕوانی دامەزرانـدنی ئـەو پەیوەندییانـەی نێوانمانـە. خـۆ ئەگـەر، ئـەم پەیوەندییانـە دروستبوو وە ئـەو تـەواوکاری وپێکهاتنـەی خـەوی پێـوە دەبینم هاتـەدی، ئەوساکە گەلی کورد ڕزگاری دەبێت...... هەوڵەکانمان وخەبات وتێکۆشانمان لە مێژوودا بە پیتی زێڕین دەنووسرێ." [1] لە ئەنجامی ئەم کـارە، بـەریتانیا، ناچـاربوو جـارێکیتر نـاوبراو لەسـەر تـەختی دەسـەڵات بهێنێتـە خـوارەوە وشـاری سلێمانیش بە تۆپ وفرۆکە وبەشێوەیەکی دڕندانە ونامرۆڤانە، بۆردومان بکات.

لـە ڕاسـتیدا، شـێخ مـەحموودی حەفیـد، بـەهۆی کونسـوڵی سـۆڤێتەوە ولـە ڕێگـەی (ئەحمـەد خواجە)وە، ئەم نامەیەی ئاڕاستەی سەرۆکی دەوڵەتی سۆڤێت (لینین) * کردبوو. هەرچەندە، لە نامەکەدا، داوای پەیوەندییـەکی هەمەلایەنـە وهاوکـاریکردنی گـەلی کـوردی کردبـوو، بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـەکانی. بەڵام، لە دوای مردنی (لیـنین)، نامەکـە فـەرامۆش کرابـوو.. [2] (واتـە، دواتـر لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی نـوێی

---

[1] د. حامد محمود عیسی: القضیة الکردیة فی العراق من الاحتلال البریطاني الی الغزو الامریکي ١٩١٤– ٢٠٠٤، مصدر سابق، ص ٦١٤

* ڤلادیمێـر ئیلـیچ ئۆلیـانۆف، ناسـراو بـە (لیـنین): (٢٢/ ابریـل/ ١٨٧٠– ٢١/ یەنایـەر/ ١٩٢٤ز)، لـە شـاری (سیمبرسـك) (ئۆلیانۆڤیسك– ئێستا) لەدایك بووە، دوای ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە، لە شاری (قازان) بووەتە خوێندکاری کۆلێژی یاسا، بەڵام بەهۆی بەشداریکردنی لـە خۆپیشاندانە خوێندارییەکاندا، لـە خوێندن بێبـەش کـراوە ودواتـر بـەهۆی بیروبۆچوونە مارکسییەکانییەوە بۆ (سیبریا) دوور خراوەتەوە. کەسێکی ڕۆشنبیر وشۆڕشگێڕ وسەرۆکی پـارتی بۆلشـەڤی وشۆڕشـی بۆلشـەڤییەکان، وە دامەزرێنـەری ئـایینزای لینینـی سیاسـی بـوو. لیـنین، هـەردەم خـەریکی نووسـینی بابـەتی ئابووری وسیاسـی بـووە، ئـەو کەسـەش بـوو کـە دروشمـی (زەوی ونـان وئاشـتی) بـەرزکردەوە. لـە کـاتی شۆڕشـی سـاڵی (١٩٠٥ز)ی ڕووسیا، ناوبراو گەڕایەوە نیشتمان بۆ بەشداری کردن لە یاخیبوون لە دژی حکومەت. ساڵی (١٩١٦ز)، کاتێك پـارتی کرێکـارانی سۆشیال دیمۆکراتی ڕووسیا دووچاری دابەشبوون بوو، لیـنین سـەرۆکایەتی پـارتی بۆلشـەڤی گرتـە دەست. پـاش ئـەوەی، شۆڕشـی (فێبرایـەری ١٩١٧ز) سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا وکۆتـایی بـە دەسـەڵاتی قەیسـەری ڕووسیا هێنرا، ئیدی حکوومەتێکی کاتی لە ڕووسیادا هاتەکایەوە. هاوکات، ئەڵمانیاش ڕێگەی بە لینین وهـاوەڵانی دا بگەڕێنـەوە ڕووسیا. بەڵام، لە (ئۆکتۆبەری ١٩١٧ز)دا لینین سەرکردایەتی شۆڕشێکی گرتە ئەستۆ کە بـە دەسەڵاتگرتنەدەسـتی پـارتی بۆلشەڤی کۆتایی هات، بەمەش وڵات دووچاری شەڕی ناوخۆ هات. پاش ئەوەی ناوبراو، توانی یـەکێتی سۆڤیەتی جـاران دابمـەزرێنێت، ئیـدی لـە (٨/ نۆڤەمبـەری ١٩١٧ز)یـەوە تـا (٢١/ یەنایـەری ١٩٢٤ز) بـە فـەرمی دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت. هەرچـەندە سـەرەتا وڵات تووشـی مەترسـی داگیرکـردن لەلایـەن ئـەڵمانیاوە بـووەوە، هەربۆیـە ناچـار بـوو ڕێککەوتننامـەی ئاشتی لەگەڵ بەرلین واژۆ بکات. ناوبراو، ساڵی (١٩١٨ز) هەوڵی کوشتنی درا، بەڵام لە ئەنجامدا بە سەختی بریندار بوو، ئەمـە سـەرەتای ئـەو هۆکـارە بـوو کـە وردە وردە لـە گۆڕەپـانی سیاسـی دوورکەوێتـەوە. تـا لـە سـاڵی (١٩٢٤ز) بـەهۆی نەخۆشییەوە بۆ دواجار چاوی لێکنا.

[2] کوردستانی نوێ: ساڵی بیستەم، ژمارە (٥٣٩١)، یەکشەممە، ٣٠/١/ ٢٠١١، ل ١٩

سۆڤێتەوە، ئەو نامەیە فەرامۆش کرابوو– نووسەر).

نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، پێش شێخی نەمر، کەسایەتییەکیتری ناوداری کورد (کامیل بەدرخان)، کە میر یا شازادەشیان پێدەوت، هەر لە سەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا مانگی یەکی (١٩٢٣ن) لە سۆڤیەت (ڕووسیا) بووە. بەو هیوایەی، کاربەدەستانی دەوڵەتی ڕووسیا بۆ پشتگیری لە کێشەی کورد ڕابکێشێت. ناوبراو، خۆی وبنەماڵەکەی خزمەتێکی زۆری دەوڵەتی ڕووسیایان کردووە. لە بەڵگەنامەکاندا دیارە، ئەم کەسایەتییە هەوڵێکی زۆری داوە، کە بە پشتیوانی ڕووسیا پاشان سۆڤیەت، کوردستانێکی سەربەخۆ ڕابگەیەنرێت.

لە ڕاستیدا، داواکانی ناوبراو، یەك لەدوای یەك بەبیانووی جۆراوجۆر وبەدرۆ وبەڵێنی بێکردەوە پشتگوێ دەخرێن وتەنانەت خیانەتیشی لێدەکەن، تا وای لێدێ سۆڤیەت بەجێبهێڵێت. وەزارەتی پاراستنی سۆڤیەت و وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت (چیچیرین)، ڕێگەی پێدەدەن سۆڤیەت بەجێبهێڵێت وڕێگریی لێنەکەن، بەو مەرجەی نەگەڕێتەوە و(ڤیزە)ی گەڕانەوەی بۆ سۆڤیەت پێنەدرێت. وەلێ، بەجێهێشتنی خاکی ڕووسیا لە لایەن کامیل بەدرخانەوە، لە مانگی یەکی ساڵی (١٩٢٣ن) بووە. واتە، پاش ئەوەی شێخ مەحموود، نامە ونوێنەرانی خۆی پەیتاپەیتا بۆلای نوێنەرانی سۆڤیەت وسەرکردەکانیان دەنێرێت. کەواتە، چۆن کاربەدەستانی سۆڤیەت ئامادە دەبن یارمەتی شێخ مەحموود بدەن، لە کاتێکدا کامیل بەگ پاش ئەو هەموو ساڵ وئەو هەموو خزمەتەی کردوویەتی دەردەکرێت وسۆڤیەت جێدەهێڵێت. ئاخۆ، دەبێت چ وەفایەك یان نیازپاکییەکی تریان بەرانبەر بە کەسایەتییەکیتری کوردی وەك شێخ مەحموود، یاخود کێشەی کورد هەبێت، جگە لە یاریکردن وبەرەو هەڵدێربردن وکەڵك وەرگرتن؟

بێ شك، بە دەرکردنی کامیل بەگ لە سۆڤیەت، تورکە کەمالییەکان، دیارییەکی گەورەیان لە بەلشەڤیکەکان وەرگرت. دیارە، بەلشەڤیکەکان بەم کارەیان، دۆستایەتی و وەفادارییی خۆیان بەرانبەر بە کەمالییەکان نیشاندا. دەکرێت بپرسین، کامیل بەگ پاش دەرچوونی لە سۆڤیەت، یان بە واتایەکیتر، پاش هەڵاتنی، بۆچی شێخ مەحموودی ئاگادار نەکردووەتەوە کە واز لە بەلشەڤیکەکان بهێنێت؟ تۆ بڵێی، ناوبراو پەیام ونامەیەکی لەم بارەیەوە بۆ شێخ نەنووسیبێت؟ تۆ بڵێی، شێخی نەمر ئاگای لە دەرچوونی کامیل بەگ نەبووبێت؟ [١]

هاوکات، لەگەڵ سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤێت لە ئەرمینیا، سیستمی ڕۆژئاوایی، ئەو بەربەستە پارێزەرەی لەدەستدا کە لە(ئەرمەن وکورد)دا بەرجەستە ببوو، وە کە بەهۆیەوە ڕێگری لە کشانی شاڵاوی سیستمی سۆشیالیستی دەکرد، ڕووەو وڵاتە کۆلۆنیالەکانی ڕۆژئاوا لەو ناوچەیەدا. پێدەچێت، ئەمە هۆکارێك بێت بۆ وازهێنانی ڕۆژئاوا لە "پەیماننامەی سیڤەر" وپاڵپشتیکردنی هەردوو ڕژێمی لایەنگری ڕۆژئاوا، واتە ئێران وتورکیا، وەك بەربەستێکی پۆڵایین لە بەرانبەر کشانی فیکری سۆشیالیزم، ڕووەو ناوچەکە. دیارە، لێرەوە گڵۆپی سەوز بۆ هەردوو ڕژێمی تورکی وئێرانی هەڵکرا، بۆ جینۆسایدکردن

---

[١] دوکتۆر ئەفراسیاو هەورامی: کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا وسۆڤیەتدا، زنجیرەی کتێب (٩٠)، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٣١– ٣٢

وقەتلۆعامکردنی کەمەنەتەوایەتییەکانی نێو خۆیان، لەبەرانبەر هەر جموجوولێکدا، بەتایبەت بەرانبەر بە گەلی کورد.." [1]

لە بەڵگەنامەیەکی "وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت" دەربارەی کێشەی کورد، ئاماژە دراوە بەوەی: {{هەندێك لە ڕێبەران ورێکخراوەی کورد لەخەباتی ڕزگاریخوازیدا، گەلێکجار هەوڵیانداوە بە مەبەستی یارمەتی وەرگرتن ودرێژەپێدانی خەبات، پەیوەندی بە نوێنەرانی یەکیەتی سۆڤێتەوە بکەن. یەکەم هەنگاو، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٢ز)، کە کۆمیتەی ئەرزەڕۆمی ((خۆییبوون)) * بڕیاریدا، بە یارمەتی وپشتیوانیی سۆڤیەت، سەربەخۆیی کوردستان وەدەست بهێنێت. بۆ ئەو مەبەستەش، سەرۆکی کۆمیتە (خالید بەگی جوبرانلی ویوسف زیا)، بە ناوی کۆمیتەی کوردی (ئەستانبوڵ)ەوە لە ئەنکەرە، سەردانی باڵیۆزخانەی ئێمە دەکەن.

لە وەڵامی، داواکاریی نوێنەری ئێمە، بۆ هەڵوێست وەرگرتن، لیژنەی کۆمیسیاریای گەلیی وەزارەتی دەرەوە، لە ڕێکەوتی (٨/ ٣/ ١٩٢٣ز) بڕیاریدا: "نە پشتیوانیی کوردە جوداخوازەکان بکرێت دژی تورك، وە نە پشتیوانی ئیمپریالیزمی تورك دژی کوردەکان بکرێت، بەڵکو هاوسۆزیی تێکۆشانی کوردەکان بن بۆ دژایەتی بەریتانیا." سەرەڕای سەرنەکەوتنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێمە، کەچی کۆمیتەی کوردەکان، درێژەی بە سیاسەتی لایەنگیریکردنی سۆڤیەتدا. لەگەڵئەوەی، ئێمە ئامادە نەبووین، چیتر لەگەڵ کوردەکان وتووێژ وپەیوەندیمان هەبێت، کەچی کۆمیتەی کوردی پێی ڕاگەیاندین: کۆمیتەکەیان وگەلی کورد، لە لایەنگریکردنی سۆڤیەت هەر بەردەوام دەبن. هەروەها، لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٣ز)دا، کونسوڵی ئێمە لە تەورێز، نامەیەکی لە لایەن (شێخ مەحموود)ەوە پێدەگات، تیایدا داوای یارمەتی وپشتیوانیی وحیمایەی ئێمە دەکات.}} [2]

وێڕای ئەوەی، شێخ مەحموودی نەمر، لەلایەن ئینگلیزەوە وەك حوکمدارێك دانرابوو، بەڵام ناوبراو دژایەتی دەکردن ولەلایەکیتریشەوە پشتگیری لە سیاسەتی عوسمانیزم ودواتریش کەمالیزم وکۆمۆنیزمی شوورەوی دەکرد. هەموو ئەمانە، فاکتەری تێکشکێنەری شۆڕش ودەسەلاتی کوردی ئەو سەردەمە بوون. هەربۆیە، زۆر زەحمەتە لە ئێستاشدا چوار پارچەی خاکی کوردستان هەروا بە ئاسانی یەکبگرێتەوە. وەلێ، دەکرێت ئەو هەڵوێستەی شێخی نەمر، وەك پەرچەکردارێکی نیشتمانیی، لە بەرانبەر سیاسەتی ڕۆژئاوا، وهەست وسۆزی گەلانی ئەو سەردەمە بە گشتی وگەلی کورد بە تایبەتی بەرانبەر بە

---

[1] دراسة موجزة لتاريخ الكورد و كوردستان الحلقة (١– ٢): الجمعية الكوردية اللبنانية الخيرية، ٢٧/ ٣/ ٢٠٠٨

* خۆییبوون: پارتێکی سیاسی کوردی سەرتاسەریی بوو. ڕووناکبیرە ئەریستۆکراتەکانی تاراوگە لە ئۆکتۆبەری (١٩٢٧ز) لە (بحەمدون– لوبنان) دایانمەزراند. (جەلادەت بەدرخان) یەکەم سەرۆکی بوو، وە بارەگای هەمیشەییان لە (حەڵەب– سووریا) بوو، هەرچەندە سووریای ئەو کات، بندەستی فەرەنسییەکان بوو. ئاشکرایە، کە پارتی (خۆییبون)ی کوردی وپارتی (داشماك)ی ئەرمەنی لە نزیکەوە هاریکاری یەکترییان دەکرد، لە بەرانبەریشدا فەرەنسا وبەریتانیای مەزنیش جۆرە هاوکارییەکی سەرەتاییان دەکردن. خۆییبون، دەیویست بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی بەتوانا پێك بهێنێ، کە هێندە پسپۆڕ بێت ئیدی پشت بە سەرۆك هۆزەکان نەبەستێت. هەر ئەوان بوون کە یارمەتی ژەنراڵ (ئیحسان نوری پاشا)یان داو ڕاپەڕینی (ئارارات)یان لە ساڵی (١٩٢٧– ١٩٣٠ز) بەرپاکرد. بەلام، لەبەرئەوەی دواتر فەرەنسا ملکەچی فشارەکانی تورکیا بوو، بۆیە سەرەنجام فەرەنسا چالاکییەکانی خۆییبوونی لە حەڵەب قەدەغە کرد.

[2] دوکتۆر ئەفراسیاو هەورامی: کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا وسۆڤیەتدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣

ئایینی ئیسلامی پیرۆز وشۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧ز) وبلاوبوونەوەی کۆمۆنیزم، سەیر بکرێت.

مێژوونووسی کورد، (محەمەد ڕەسووڵ هاوار)، گوڵەوەچنەی ئەم پرسیارگەلەی وەرام داوەتەوە لە دووتوێی نووسینەکانیدا، نووسیویەتی: "..... بەلأم بەداخەوە، ئەو ئاواتەی کورد نەهاتە دی. هۆی سەرەکیشی، ئەو ئاڵوگۆڕە بوو لە هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانەدا کە پەیمانەکەیان مۆر کردبوو، بە تایبەتی هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا، کە دوای ئەوەی توانیبووی حکومەتی تورکیای کەمالیی لە دەوڵەتی سۆڤێتی دووربخاتەوە. کە لە ڕاستیدا، ولە سەرەتادا ئەو دۆستایەتییەی نێوان سۆڤیەت وکەمالییەکان، بناغەی بەهێزبوون وچەسپاندنی ڕژێمی کەمالییەکان بوو، هەر وەك لە دەق وسەرچاوەکاندا باسکراوە. بەرانبەر بەو خۆکشاندنەوەیەی تورکیا لە سۆڤیەت ووازهێنانی لە داواکردنەوەی ویلایەتی موسڵ، ئینگلیزەکانیش بەڵێنیان دا، کە دان بە بوونی حکومەتی تورکیا ودەسەلأتداریی حکومەتی کەمالیدا بنێن وسیاسەتی خۆیان بەرانبەر بە کورد بگۆڕن." ناوبراو، دواتر باس لەوەش دەکات، کە "جگە لە پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز سەبارەت بە مافی کورد، بەداخەوە کورد خۆیشی وەکو لە زۆر هەڵوێستدا ڕوون بووەتەوە، کە چۆن لە ناسکترین کاتدا، هەل ودەرفەتی زۆرلەباری لەکیس خۆی داوە." [١]

کەواتە، گەلی کورد، وەك پێویست نەیتوانیوە کارتەکان وەکی فشار بەکاربهێنێت، لەو گەمە سیاسییەی باسکرا، سەرکەوتوو وچاپووك وئاوەزمەند نەبوو. نەیتوانیبوو، لە هاوکێشەی سیاسی (ڕووس– ئینگلیز– تورك)دا، ژمارەیەکی بەهاداری کاریگەر بێت. دەمێك ئامڕازی تورکەکان، دەمێکی دی ئامڕازی ئینگلیزەکان ودواتریش ڕووسەکان بووە. هەرگیز، نەیتوانیوە خاوەن ئامانج بێت، لەبەرئەوەی نەیتوانیوە فیدراسیۆنێك وکۆدەنگییەکی سەرتاسەریی کوردستانیی بەدەست بهێنێت بۆ پرسە ڕەواکەی خۆی. هەردەم، بە درۆ وبەڵێنە بریقەدارەکانی دوژمنان هەڵخەڵەتاوە. لە کاتی پێویستدا، دوژمنان ئەوپەڕی سوودیان لێوەرگرتووە، داگیرکەران لە دژی بەرژەوەندی یەکتر، کوردیان بەکارهێناوە. هەربۆیە، کورد، تائێستاش باجی هەڵەکانی خۆی دەدات.

کاتێك، دەڵێین کورد وەك پێویست سیاسەتی نەکردووە، مەبەستمان لەو هەموو بەرژەوەندی وفێڵأنەیە کە دەوڵەتانی ئیقلیمی وزلهێزان بەکاریان هێناوە وبناغەی سیاسەتەکانیان لەسەر داڕشتووە. پێدەچێت، کورد لە دڵسافی ونەزانیی خۆیەوە کەوتبێتە داوەکەوە. بۆ نموونە، هەندێك هەڵە لە تێڕوانینی ناواقعییانەی سمکۆ وسەید تەهای نەهریدا هەبووە، بۆ مەسەلەی هاوسەنگی هێزەکانی نێودەوڵەتی وهەرێمی. وەك ئەوەی، هەردووکیان داوای پشتیوانییان لە بەریتانیا کردبوو، لە دژی تورکیا وئێران. ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە پێشتر بەریتانیا لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی وازۆی ئەوەی کردبوو، کە یەکیەتی ئەو دوو دەوڵەتە دەپارێزێ. چونکە، ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی، ئەو سیاسەتە بوو کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بەسەر بەریتانیادا سەپێندرابوو. بە مانای، بەرژەوەندییە ستراتیژییە ئیمپریالییەکانی بەریتانیا، بریتی بووە لە ڕاگرتنی شەپۆلی کۆمۆنیستی وفراوانخوازییەکانی سۆڤیەتی بەرەو ئاوە گەرمەکانی کەنداو. بۆیە، بەریتانیا ویستوویەتی قەوارە ناسیۆنالیستە نیشتمانییەکان بپارێزێ، هەتا ببنە بەربەستێك لە بەردەم خزینی ڕووسیا. جا لەبەر ئەوە، دروستبوونی

---

[١] محەمەد ڕەسووڵ هاوار: سەرجەمی بەرهەم– وتارە کوردییەکان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢– ١٩٣

**دەوڵـەتی کـوردی، دەبـووە سـەرهەڵدانی دیـاردەی نائـارامی ولـەتبوونی قـەوارە ناسیۆنالیسـتەکان، کـە دەرهاویشتەی ڕێککەوتننامەی (سایکس- بیکۆ)ی ساڵی (١٩١٦ز)، (لۆزان)ی (١٩٢٣ز) بوون. تەنانـەت، ڕووسەکانیش لای خۆیانەوە، دۆستایەتی سەرکردایەتی تورکیا وئێران وعێراقیـان زۆر پێچاکتر بوو، لـە بەدەستهێنانی دۆستایەتی سـەرکردایەتی جوڵانـەوەی کـورد، کـە بـە بـڕوای ئـەوان لەسـەر بەرژەوەندییە خێڵەکی وئیقلیمییەکان بنیات نرابوو.** [1]

**بـەپێی بەڵگەنامەیـەکی بـەریتانی، زۆر نهێنـی، ژمـارە (FO.٣٧١/١١٤٦٠) لـە (١٠/ شـوبات/ ١٩٢٦ز) کە لە (ئای. ئاڕ. بۆردلۆن) (جێگری نێردراوی گشتی مەزن لە عێراق) (نائب المندوب السامي العـام في العـراق)ەوە بـۆ سـێر (لیـۆ. ئـیم. ئیمـری) (وەزیـری کاروبـاری کۆلۆنیالـەکان) (وزیـر شـؤون المستعمرات) نێردراوە، لە خاڵی (٥)ی ئەم بەڵگەنامەیەدا نووسراوە:"...... بەڵام، بـەپێی بـەیانی دووەم، کە لەو نامەنێرییەی (مراسلة) لە بروسکەی ژمارە (٦٧٦) ولە بەرواری (٢٨ی تشرینی یەکەم)دا هـاتووە وپێشتر ئاماژەی پێدراوە، ئەمە دەقەکەیەتی: حکومەتی شاهانەی بەریتانی وحکومـەتی عێراقـی، دان بـە مافی کورد لە ناو عێراقدا دەنێن، لە دامەزراندنی حکومـەتێکی سـەربەخۆدا، لـەنێو سنووری باسـکراودا. هیواداریشـە، بـە زووتـرین کـات، ڕەوتـە کوردییـە جیاوازەکـان لـە نێـوان خۆیانـدا بگەنـە ڕێککـەوتنێك، بـە مەبەستی شێوازی ئەو حکومەتە وسنووورە جوگرافییەکەی. هـەروەها، نوێنـەری خۆیـان بنێـرن بـۆ بەغـدا، بـۆ گفتوگـۆکردن لەسـەر سروشـتی پەیوەندییـە ئـابووری وسیاسـییەکان، لـە نێـوان خۆیـان وحکومـەتی بەریتانی لەلایەك، وە لەگەڵ حکومەتی عێراقی، لەلایەکیترەوە.**

**شـایانی باسـە، لـە (بـەیان)ی ئاماژەپێـدراودا، بـاس لـە (شـێخ عەبدولکـەریم) لـە (قادرکـەرەم) لـە قەزای (کفری) کراوە، وە لە بەرواری (٢٤/ کانوونی یەکەم/ ١٩٢٢ز) لەو ڕۆژنامە کوردییەی لە (سلێمانی) دەردەچێت، بڵاوکراوەتـەوە.... ئەمـەش، بـۆ هێورکردنـەوەی ئـەو بارودۆخـە نائارامەیـە، کـە لـە ئـەنجامی پیلانگێڕیی شێخ مەحموود وبەتایبەت پەیوەندییە گوماناوییەکانی لەگـەڵ تورکەکانـدا هاتووەتـە ئـاراوە. ئەم بەیانە، بە ئانقەست وبەئامادەبوونی شێخ عەبدولکەریم، کە پێشتر لایـەنگری شێخ مـەحموود بـووە وئێستا لێی بێزار بووە، دەرکراوە. ئەمەش، بۆ ئەوە بووە کە حکومەتی عێراقیی، ویستوویەتی لە ڕێگەی ئـەو بەیانـەوە، سـەرکردایەتییەکی کـوردیی میـانڕەو وئەڵتـەڕناتیڤی شـێخ مـەحموود، بدۆزێتـەوە.... لەوەدەچێت، لەو کاتەدا، شێخ عەبدولکەریم ئەو کەسە بووبێت کە هەڵگری ئەو پێوەرانەیە.**

**بـەڵام، دوای چـەندین وتوێـژی سـەرنەکەوتوو، ئیـدارەی بـەریتانی گەیشـتە ئـەو بڕوایـەی کـە زۆر ئەسـتەمە سـەرکردایەتییەکی ئەڵتـەرناتیڤ، خـاوەن ڕوانگەیـەکی پەسـەند ژ بـۆ داواکارییـەکانی کـورد، بدۆزێتەوە.... لەبەر ئەم هۆیانە، لەو بڕوایەدام کە نە حکومەتی بەریتانی ونە حکومەتی عێراقی، هیچیان بەرپرسـیارێتی جێبەجێنـەکردنی ئـەم بەیانـەیان ناکەوێتـە ئەسـتۆ. کوردەکـانیش، لـە بـەکارهێنانی ئـەم هەلـەدا سـەرکەوتوو نـەبوون، لەبەرئـەوەی یەکقسـە ویەکهەڵوێسـت نـەبوون..... خـۆ ئەگـەر، سـەرلەنوێ بانگەشەی ناسیۆنالیزمیی ئەکتیڤ بووەوە وبە پشتبەستن بە بەیانی ئاماژەپێدراو، داوای ئۆتۆنۆمییان**

---

[1] دکتۆر عوسمان عەلی : چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران جەمال بابان زادە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی، ژمارە (٨)- هەولێر، ٢٠١٠، ل ٤١٧

کرد، ئەوا ئێمەش پێیان دەڵێین، مافی ئۆتۆنۆمیتان بەسەرچوو، لەبەرئەوەی نەتانتوانی سوود لە بەیانی (٢٤/ کانونی یەکەم/ ١٩٢٢ز) وەربگرن. ئەو بەیانەی، لە کاتی خۆیدا ئەو مافەی پێبەخشیبوون...." [1]

لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی تری بەریتانیدا، هاتووە: "داگیرکردنی خاکی ئێران لە ساڵی (١٩٤١ز)، لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەت وبەریتانیا، وە لابردنی (ڕەزا شا) لەسەر تەخت، بوونە هۆی نەمانی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی، لە سەرجەم ناوچەکانی ئێراندا. لە ئازەربایجان وکوردستان، کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتەوە، دروشمی ئۆتۆنۆمی لەلایەن سۆڤێتییەکانەوە هاندەدرا، ئەوەی ڕێگەی خۆشکرد بۆ دامەزراندنی (کۆماری ئازەربایجانی دیمۆکرات وکۆماری مەهابادی کوردی). دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانیی دووەم، وقایل نەبوونی هێزەکانی سۆڤیەت بە کشانەوە لە باکووری ئێران، یەکەم کێشەی نێوان ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا ڕوویدا. لەو بوارەشدا، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، زۆر بە گەرمی پشتی حکومەتی ناوەندیی تارانی دەگرت. مایسی ساڵی (١٩٤٦ز)، هێزەکانی سۆڤیەت، ناچاربوون لە باکووری ئێران بکشێنەوە، لە بەرانبەر ئیمتیازی (نەو سەراخ)، کە کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە، ئەو ئیمتیازەی دواتر لە پەرلەمانی ئێرانیی تازەهەڵبژێردراوی ساڵی (١٩٤٧ز)دا پەسەند نەکرا. پاشان، سوپای ئێرانی، ئەو ناوچانەی داگیرکردەوە کە بەدەست سۆڤێتییەکانەوە بوون. بەو جۆرە، ڕژێمەکەی پیشەوەری، لە ئازەربایجان وڕژێمە کوردییەکەی مەهاباد ڕووخان." [2]

کەواتە، لە هەلومەرجی کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم، ولە ئەنجامی دروستبوونی ئەو بۆشاییەی دەسەڵات لە ئێران بە گشتی وناوچە کوردنشینەکانی بەتایبەتی. کۆماری دیمۆکراتی کوردستان، (کۆماری مەهاباد)، بانگەشەی دروستبوونی خۆی بە گوێی گشت کوردێکی ناوچەکەدا دا. کۆماری مەهاباد، هەوڵی دروستکردنی زۆرترین پەیوەندی دا لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، بەڵام ئەم پەیوەندییانە زیاتر خۆی لە یەکیەتی سۆڤیەتدا دەبینییەوە. هەربۆیە، هەڵوێستی بەریتانیا و ولاتانی ڕۆژئاوا بە گشتی، بەرانبەر بە حکومەتی مەهاباد، بە بایەخدانیان بە نەوتی کوردیی ڕوون ببوەوە. پێشتریش، ئاماژە بەوە درا، کە بەهۆی کاریگەریی جەنگی جیهانیی دووەمەوە، کۆماری کورد لە مەهاباد وکۆماری ئازەربایجانی ئێرانی دروست ببوو. بەڵام، لەبەرئەوەی ئەم حکومەتەی مەهاباد، هاوسۆزیی خۆیی لەگەڵ سۆڤیەتدا دەربڕیبوو، ئەمە مانای ئەوەی دەگەیاند کە ئەم حکومەتە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوادا یەکناگرێتەوە، کە لەو کاتەدا دەتوانرا بەهۆیەوە کێڵگە نەوتییە کوردییەکان بخرایەتە سەر ناوچەکانی خۆبەڕێوەبردنی ئەو حکومەتە کوردییە.. [3]

کاتێکیش، کۆماری مەهاباد، پاش کەمتر لە ساڵێك دوچاری ململانێی خێڵە کوردییەکان وناپاکی وپەیوەندیکردن بە تارانەوە هات. پێشەوا قازی محەمەد، وەك چارەسەرێك بۆ کێشەکە وهەستکردن بە

---

[1] الكورد في الوثائق البريطانية: ت: د. عثمان علي، تسلسل الكتاب (٣٥)، الطبعة الاولى، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر- اربيل، ٢٠٠٨، ص ١٥٠- ١٥١

[2] د. کەمال مەزهەر: کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گلۆری- بەیروت/ هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٥٥٧- ٥٥٨

[3] پرۆفیسۆر پاڤیچ: کوردستان ومەسەلەی کورد، و: عبدالخالد صابر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٤٦- ٤٧

بەرپرسیاریێتی وڕێگرتن لە خوێنڕشتن وتالانکردنی شاری مەهاباد لەلایەن دز وجەردە وچریك وبەکرێگیراوانی (هەمایۆن)ی سەر بە حکومەتی ناوەند وڕەشەکوژی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلات، خۆی چوو بەپیر سوپای شاهانەی ئێرانەوە، ئەو سوپایەی (٦٠٠)سەرباز و (١٢) ڕەشاش و(٢) تۆپی دوورهاوێژی هەبوو، لە بەرانبەر (١٧٠٠٠) هەزار هێزی پێشمەرگەی ئامادەباش، بۆ بەرگریکردن لە کۆمار وسوپاکەی.. [1] زۆر بەداخەوە، ئاکامی ئەم کارەی، دەرەنجامگەلێکی نێگەتیڤانەی لێکەوتەوە، واتە لەجیاتی ئەوەی ئاو بکرێت بە ئاگرا، ملی پێشەوا کرا بە پەتا.

کەواتە، لە دوای واژۆکردنی ئیمتیازی نەوت، لە نێوان سۆڤیەت وئێرانییەکان، هێزەکانی ڕووسیا گەڕانەوە شوێنی پێشووی خۆیان. دەرکەوت، کە هیچ نەخشەیەك لەلایەن سۆڤیەت یان سەرکردەکانی کوردستانەوە نەبووە، بۆ دەستخستنە ناو کاروباری کوردەکانی تورکیا وعێراق. دوا بەدوای دەستکەوتنی ئیمتیازی نەوت، مەسەلەی کورد بووە لاوەکی وتەنانەت ڕووسیا کوردی بە کۆسپ دادەنا، لەبەردەم سوود وەرگرتن لە ڕژێمی (قەوام سەڵتەنە).[2]

گەلی برادەرینە، تێکڕای ئەوانەی وتران، کارلێکی بەرژەوەندی وهاوکێشە سیاسییەکان ونەزانینی گرنگیی پێگەی کوردی نیشاندا، ساویلکەیی هزر وئاوەزی نەتەوەی کورد و ونبوونی گوتار ویەکدەنگیی هۆز ودڕندەیی نەتەوە هاوسێکانیا خستەڕوو. هەرگیز، بەرژەوەندییە بالاکانی ولاتان، نەیانهێشتووە کورد توانای ئەوەی هەبێت وەکی کارەکتەرێکی کاریگەر لە گەمەی سیاسیدا یاری بکات. مەخابن، گەلی کورد خۆیشی، گرنگی پێگەی خۆیی نەزانی وتێشووی سەفەری هاوکێشە سیاسییەکەشی پێنەبوو.

سالی (١٩٦٣ز)، کاتێك دەسەلاتی عێراق کەوتە دەست بەعسییەکان، ڕژێمی تازە وازی لە داواکردنەوەی (کوەیت) هێنا، وهێزە مۆڵدراوەکەی ناو بەسرەی ڕەوانەی باکوور کرد. لە سێ قۆڵەوە، بە سێ لەشکرەوە پەلاماری کورد درا. عێراق، جگە لە سوپا، کەڵکی لە خێڵە کوردەکانی لایەنگری خۆی وەردەگرت ودەستەی چەکداری بە ناوی سوارەی (سەلاحەدین)ەوە لێ دروست کردبوون. هەروەها، لە خێڵە عەرەبەکانیش، بەناوی سوارەی (خالید بن ولید). ئەمە، بێجگەلەوەی لەم ماوەیەدا، ڕاوەدونان وگرتنی شیوعییەکانیش درێژەی هەبوو. لەم کاتەدا، سۆڤیەت، بەهۆی بۆمبارانکردنی ناوچە بێپەناکانی کوردستان، یاداشتێکی ناڕەزایی دایە دەولەتی عێراق، هەروەها تورکیا وئێرانیشی لە هەر جۆرە دەستێوەردانێك هۆشیار کردەوە.

لە مانگی (٥)دا، کۆماری مەغۆلستان، داوای لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە کێشەی کورد بخاتە بەردەستی کۆبوونەوەی داهاتووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەم جۆرە، دەرکەوت کە ولاتە شیوعییەکان، حەزیان لە دەستێوەردانی ئەم پرسە هەیە. هەرچەندە، ڕای گشتی ولاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا وئەمریکا، لەگەڵ کورد هاوسۆزییان پیشان دەدا. بەلام، لە لایەکیترەوە، ئەمریکا وبەریتانیا بەهۆی پەیوەندی باشیان لەگەڵ تورکیا وئێران، هەوڵیان ئەدا کە هەستی ئەم دوو

[1] کوردستانی نوێ: سالی حڤدەهەم، ژمارە (٤٧٤٨)، چوارشەممە، ١٧/ ١٢/ ٢٠٠٨

[2] دکتۆر عوسمان عەلی: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران جەمال بابان زادە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی، ژمارە (٨)– هەولێر، ٢٠١٠، ل ٣٩٥

**ولاّته بەم هۆیەوە نەوروژێنن. کاتێکیش، سۆڤیەت ناردنی چەکی بۆ عێراق ڕاگرت، بەریتانیا وەك پێش شۆڕشی (١٩٥٨ز)، ناردنی چەکی بۆ عێراق دەستپێکردەوە، هەروەها ئەمریکییەکانیش. بەم جۆرە، سۆڤیەت ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوای تاوانبارکرد، بە بەشداری لە کوشتاری خەڵکی کورد. بەلاّم، چەند ڕۆژێك پێش کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەغۆلستان داواکەی خۆی کشاندەوە. ئەم کارە، بووە هۆی نائومێدییەکی زۆر لای کوردەکان. لەبەرئەوەی، مەغۆلستان هاوپەیمانێکی تەواوی سۆڤیەت بوو، بۆیە بە هاندانی ئەو، ئەم کارەی کردبوو. دەرکەوت، کە سۆڤیەت لەبەر کورد، نایەوێت دەوڵەتانی عەرەب لە خۆی بڕەنجێنێت.**

**(جەمال عەبدولناسر)یش، ڕایگەیاند، کە لەگەڵ هەندێ ماف بە کوردەکاندایە، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا، بە توندی دژی هەر جۆرە جیاخوازییەك دەوەستێتەوە. کاردانەوەی (مەلا مستەفا)ش * لەسەر ئەم پرسە، ئەوە بوو کە وتی: "ئێمە، نامانەوێت مافەکانی خۆمان لە ڕێگەی گفتوگۆوە، لە ژووری داخراودا وەرگین، بەڵکو مافەکانمان بە شەڕ وسەرکەوتنی دوای سەرکەوتن وبەهۆی چەکەکانمانەوە بەدەست دێنین." [١]**

**لە سەردەمانێکی دواتردا، بەتایبەت بەر لە نسکۆی ساڵی (١٩٧٥ز)، گەلی کورد وبزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی، جارێکیتر ولە ئاکامی گەمەیەکی سیاسی تری نێودەوڵەتیدا، لە ڕێی چەندین بەڵێنی سەرزارەکی ودرۆوە، بە زۆر خزێنرایە نێو شەڕێکی نەخوازراوەوە. بەرژەوەندی زلهێزان، گەلێکی**

---

*** مەلا مستەفا: ژانراڵ مستەفا بارزانی (١٩٠٣– ١٩٧٩ز)، ناودارترین سەرکردەی کوردی سەدەی بیستەم بوو لە باشووری کوردستان. بارزانی هێمای بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردە، لە ئاستی کوردستانیش پاڵەوانێکی ئەفسانەیی هەموو گەلی کوردە. هەردەم لە میدیا ڕۆژئاواییەکان بە (پڵنگی کوردی) ناوزەد دەکرا. کاتێك بارزانی مەلۆتکە بوو، عوسمانییەکان ئەویان لەگەڵ دایکیدا لە زیندان توند کرد، پاشان شێخ عەبدولسەلامی دووەمی برا گەورەیان لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە تاوانی لایەنگری نەکردن لە سێدارە دا. ناوبراو سێ ژنی هێناوە وده کوڕ وچەند کچێکی لێیان هەبووە. بارزانی لە سەرەتای سییەکاندا، پشتیوانیی لە شێخ ئەحمەدی کاکی کرد وپێکەوە نەیانهێشت ئاشوورییەکان لە خاکی بارزانییەکان نیشتەجێ بکرێن. پاش ئەوەی لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا بارزانی توانی دەرباز بێت وبەرهەڵستیی حکومەتی عێراقی بکات، بەلاّم لە کۆتاییدا ناچار بوو بەرەو سنووری کوردستانی ڕۆژهەلاّت هەڵبێ ولە کۆمارە کوردییە تەمەن کورتەکەیدا پلەی (ژانراڵ) بەدەست بهێنێت. بارزانی بووە سەرۆکی (پارتی دێمۆکراتی کوردی) کە پاشتر بووە (پارتی دێمۆکراتی کوردستان)، هەرچەندە پێشتر لە عێراق ولە (١٦/ ئاب/ ١٩٤٦ز) دامەزرابوو. دوای ڕووخانی (کۆماری مەهاباد) ناوبراو خۆی بەدەستەوە نەدا ولە ئاوی ئاراس پەڕییەوە وخۆی گەیاندە یەکیەتی سۆڤێت. ساڵی (١٩٥٨ز)، کاتێك ڕژێمی پادشایەتی لە عێراق لەناو چوو، ناوبراو گەڕایەوە بەغدا. بەلاّم ساڵی (١٩٦١ز) بارزانی شۆڕشێکی نوێی دژی حکومەتی عێراقی بەرپا کرد. دواتر دژی باڵی (مەکتەبی سیاسی) خۆی کەوتە شەڕ وبەزاندنی. ساڵی (١٩٧٠ز) بەیانی یازدەی ئازاری لەگەڵ حکومەتی بەعس مۆر کرد، بەلاّم خۆدزینەوەی بەعس لە بەندەکانی، بووە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی (١٩٧٤ز)، هەرچەندە بەهۆی خیانەتی نێودەوڵەتی وئیقلیمییەوە ئەو شۆڕشە لە (١٩٧٥ز)دا تووشی نسکۆ بوو. ناوبراو ناچار بوو وەك پەناهەندەی سیاسی ڕوو لە ئەمریکا بکات ولەوێ بمێنێتەوە، دواجار بەهۆی نەخۆشییەوە لە (ئاداری ١٩٧٩ز)دا چاوی لێکنا ومالّئاوایی یەکجارەکی لە ژیان کرد. سەرەتا لە خاکی ئێران نێژرا، بەلاّم دواجار لە ساڵی (١٩٩٣ز)دا تەرمەکەی بۆ خاکی کوردستان هێنرایەوە ولە بارزان نێژرا.**

**[١] حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وسیاسی، و: سامان عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، لە بلاّوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، زنجیرە (١٩٢)، چاپخانەی گەنج– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٢٢– ٢٢٧**

بێدیفاعی کردە سووتماك. گەلێك، کەوتە بەر شالاوی هێزە ناوچەیی ونێودەوڵەتییەکان، جارێکیتر بووەوە قوربانیی سیاسەت وبەرژەوەندییە گلاوەکانیان. شایستەی وتنە، لە ئەنجامی تێکشکانی هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی سوپای عێراق وبەکرێگیراوانی بۆ سەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە ماوەی هاتنەسەر حوکمی دووەمی بەعس، لە (١٧/ ٧/ ١٩٦٨ن) تا (١٩٧٠ن). بەعسییەکان، لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، بیریان لە ڕێگەچارەی ئاشتییانە وپێکهاتنەوە کردەوە. جگە لەمەش، یەکیەتی سۆڤیەت، بەردەوام هانی ڕژێمی بەعسی دەدا، کە لەگەڵ کورددا ڕێگەی ئاشتی هەڵبژێرێ ودان بە مافەکانی کورددا بنێت (بەرژەوەندییەکان وایان دەخواست– نووسەر). ڕژێمی بەعس، بۆی دەرکەوت، لە سەرەتادا پێویستە گەورەترین کۆسپ، کە شۆڕشی کورد بوو، چارەسەر بکا، بۆئەوەی بتوانێت خەریکی لابەلاییکردنەوەی کێشەکانی تری بێ. ئەوە بوو، دوای چەندین هاتووچۆی شاندی شۆڕش وحکومەتی بەغدا، زەمینەسازی کرا بۆ ڕێکەوتنی ئاشتی، لە (١١/ ٣/ ١٩٧٠ن)دا.

بەلاَم، شێخ باباعەلی شێخ مەحموود، لە ڕۆژەکانی یەکەمی (١٩٧٠ن)دا، نامەیەکی گرنگی (حەمە ڕەزا شای ئێران)ی بۆ بارزانی هێنا، کە تێیدا، شا ئامادەیی خۆیی نیشاندابوو بۆ هەرچییەك کە بارزانی داوای بکا، بەمەرجێك ڕێککەوتننامەکە لەگەڵ بەغدا واژۆ نەکا، داواشی لێکردبوو، سەردانی تاران بکات. بەلاَم، ڕێککەوتننامەکە، لەلایەن سەرۆککۆماری عێراقەوە، لە شەوی (١١/ ٣/ ١٩٧٠ن) بۆ خەڵکی عێراق وکوردستان ڕاگەیەنرا، کە بە (بەیانی یازدەی ئازار) ناسرا، وە مافەکانی کوردی لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا کۆکردبووەوە. هەڵبەت، لە پاڵ خاڵە پۆزەتیڤەکانی ئەم بەیاننامەیەدا، چەندین خاڵی لاوازیش هەبوو، کە دواتر بوونە کێشەیەکی گەورە لەبەردەم ئاشتی نێوان هەردوولادا. خاڵی هەرەلاواز، ئەوەبوو کە دەبوایە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چاودێر بووایە بەسەر جێبەجێکردنی بەندەکانەوە. هەروەها، ناوچەی ئۆتۆنۆمی ساغ نەکرابووەوە وبەجێهێڵدرابوو بۆ کاتێکی نادیار، وبە فەرمی (کەرکووك) نەهاتبووە ناو ئیدارەی ئۆتۆنۆمییەوە. بڕیاریش وابوو، لە ناوچە کێشەدارەکاندا، پاش ساڵێك تێپەڕبوون بەسەر ڕێککەوتنەکەدا، سەرژمێری بکرێت، بۆئەوەی بگەڕێتەوە سەر قەڵەمڕەوی ئۆتۆنۆمی. بەلاَم، نەك سەرژمێریی نەکرا، بگرە سیاسەتی تەعریبیش لە ناوچەکەدا، گڕ وتینێکی تری بەخۆوە دی..[1]

گەر، چاوێك بەم وتانەدا بخشێنین، دەبینین ئەمڕۆ گەلی کورد، لە هەمان کێشەدایە. ڕاستە، ئەمڕۆ دوێنێ نییە، بەلاَم دراوسێکانمان هەمان دراوسێی دوێنێ بوون. ئۆتۆنۆمی گۆڕدراوە بە فیدراڵی، دوو جەمسەریی، بووەتە یەکجەمسەریی، بەلاَم سیاسەت وبەرژەوەندی، هەمان شتە. ئەمڕۆ، یەکێك لە کێشەکانی کورد، نەگەڕاندنەوەی کەرکووك وناوچە جێناکۆکەکانە، جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠)ە وەك پێویست، دواخستنی سەرژمێرییە، دیارینەکردنی سنووری هەرێمی کوردستانە. بە مانای، هەمان کێشەی چل ساڵ لەمەوبەر. تەنها ئەوە نەبێت، بارودۆخی سیاسی جیهان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە، جۆرێك لە میانڕەویی پێوەدیارە، جیهانگیریی بالادەستە، میدیا

[1] نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١– ١٩٧٥، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣– ١٧٧

وڕایگشـتیی لـه وڵاتـه پێشـكەوتووەكاندا مسـۆگەر وئـازادە. لـەوە بترازێـت، گەمـەی سیاسـی سـەردەم وبەرژەوەندییەكان، هەمان شتن. عەقڵییەتی خێڵایەتی كورد وناوچەگەریی وحزبایـەتی، هـەر زاڵـە بەسـەر بەرژەوەندییە نەتەوەییە باڵاكانی كورددا. بۆیـە، مـن وەك خـۆم، ئێسـتا وەك ئـەو سـەردەمە دەبیـنم، تـەنها ئەوەی گۆڕدراوە، دەموچاوەكان وچەك وسەردەمەكەیە.

مێژوونووسـی بـەناوبانگی ڕووس، لازەرێـف، * دەربـارەی بەیاننامـەی یـازدەی ئـازاری سـاڵی (١٩٧٠ز) دەڵێت:"دانـانی بەغدا لـە ساڵی (١٩٧٠ز)، بـە مـافی كـورد لـە ئۆتۆنۆمیـدا، تـەنها بەڵگەیـەكی قـانوونی ڕووكـەش نییـە. ئـەم دانپێدانانـە، لـە ناچـارییەوە بـوو لـە بەرانبـەر سـەركەوتنەكانی خـەباتی شۆڕشـگێڕیی كـورددا، كـە مسـتەفا بـارزانی ڕێبەرایـەتی دەكـرد. هەرچـەندە، شـتێكی زۆر كـەم لـەم ڕێككەوتنـە جێبـەجێ كـرا. ئـەم دانپێدانانـە، سـەردەمێكی گـرنگ بـوو لـە خـەباتی ڕزگـاریخوازیی هـەموو كورددا، كە ڕێگەی چارەسەركردنی پێشان دەدا. هەروەها، ڕێككەوتنی (١١/ ئازار/ ١٩٧٠ز)، گرنگییەكی نێونەتەوەییشی هەبوو....."[١]

لە ڕاستیدا، مادەی یاخود (بڕیاری ٢)ی ڕێككەوتننامـەی یـازدەی ئـازار، ئاماژە بـەوە دەدات كـە: "بەشـداریكردنی برایـانی كـورد لـە حـوكمڕانی، وجیـاوازی نـەكردن لـە نێـوان كـورد وئـەوانیتر، لـە گرتنەدەستی وەزیفە گشتییەكاندا، لە نێویاندا پۆستە گرنگ وهەستیارەكانی دەوڵـەت وەك وەزارەتـەكان وسـەرۆكایەتییەكانی سـوپا وهتـد، پێشـتر وئێسـتاش لـە كـارە گرنگەكانـە كـە حكومـەتی شـۆڕش مەبەستییەتی جێبەجێی بكات....."

لە لایەكیترەوە، (بڕیاری ١٠)، دەڵێت: "ڕێككەوتن لەسەر هەمواركردنەوەی دەستووری كاتی، بەم شێوەیە: ( أ ) گەلی عێراقی، پێكدێت لـە دوو نەتـەوەی سـەرەكی، كـە نەتـەوەی عـەرەب ونەتـەوەی كـوردە. ئەم دەستوورە، بڕیار لە مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد ومافـەكانی تێكڕای كەمەنەتـەوەكانیتر دەدات، لـە چوارچێوەی یەك عێراقدا."[٢] هەڵبـەت، ئـەو ئۆتۆنۆمییـەی گـەلی كورد چاوەڕوانی دەكرد، هـەروەها ئـەو دەستوورە هەمیشەییەی مژدەی شادی وخۆشی وسەرفرازی پێبوو بۆ گـەلی كـورد، وئـەو مافـە نەتەوەییە

---

* میخائیل سیمینۆڤیچ لازەرێف: ساڵی (١٩٣٠ز) لـە شاری مۆسكۆ هاتووەتـە دنیاوە، هـەر لـەوێ نراوەتـە بـەر خوێندن. مێژووی لە زانكۆی مۆسكۆ خوێندووە، لە ساڵی (١٩٥٦ز) بڕوانامەی دكتۆرای لە مێژوودا وەرگرتووە، ولە ساڵی (١٩٧٠ز) دا، دكتۆرای ناوكیی لە مێژووی كورددا بەدەستهێناوە. وەكو باسكاری زانستی، لە ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتناسیی مۆسكۆ كاری كردووە ولە هەمان كاتدا، لە زانكۆی مۆسكۆ وگـەلێ دەزگـای زانسـتیی تـردا وانـەی وتووەتـەوە. هـەروەها، كارمەنـدی دەزگای بڵاوكردنەوەی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات لە مۆسكۆ بووە، كە گرنگترین بەرهەمـەكانی ڕۆژهەڵاتناسـی ڕووسـی وگـەلێ لـە بەرهەمـە كلاسیكییەكانی ڕۆژهـەڵاتی تێدا لەچاپ دراوە. نـاوبراو، خـاوەنی كۆمـەڵێ كتێـب ولێكۆڵینـەوە وبـاس و وتـاری لەسەر مێژووی نوێی كورد بڵاوكردووەتەوە. ناوبراو پاش (٥٤) ساڵ خزمەتكردن لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە مۆسكۆ، كـە (٥٠) سـاڵی ڕەبـەقی بـۆ زانسـتی كوردۆلۆجیـا وبابـەتی كـورد تـەرخانكردبوو، ڕۆژی (٧/ ئـازار/ ٢٠١٠ز)، بـۆ دواجـار چاوەكانی لێكنا، بەمەش سەردەمانێك لە سیاسەتی سۆڤیەتی ودواتر ڕووسی لە دیراسەكردنی كورددا كۆتایی پێهات.

[١] پرۆفیسـۆر م. س لازەرێـف: كـورد وكوردسـتان فاكتـەرەكانی دروسـتبوونی كێشـەكە، و: دكتـۆر جـەبار قـادر، لـە بڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان- سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٦٣

[٢] د. حامد محمود عیسى: القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي ١٩١٤- ٢٠٠٤، مصدر سابق، ص ٦٤٠- ٦٤٢

ئاماژەپێدراوانەی کورد، کە دەبوو دواتر لە دوتوێی مادده دەستوورییە هەموارکراوەکاندا جێبەجێ بکرایە، تەنها نووسینێکی بێ بەهای سەر کاغەز وکاروانکوژەی بەیانییەکی تەپوتۆزاوی بوو، وهیچیتر..

دوای بەستنی، ڕێکەوتننامەی هاوڕێیەتی وهاوکاریی سۆڤیەت- عێراق، لە (٩/ ٤/ ١٩٧٢ز)دا. سۆڤیەت، وردە وردە جێپێی خۆیی لە کەنداو قایم دەکرد، دەیتوانی هێزی دەریایی خۆی بنێرێ بۆ (ئوم قەسر)، کە تاکە بەندەری عێراق بوو لەسەر کەنداو، لە بەرانبەر ناردنی چەك وتەقەمەنی بۆ عێراق. ئەمەش، دوای ئەوە پەرەی سەند، کە بەریتانیا ڕایگەیاند لە کەنداو دەکشێتەوە. لێرەوە، ململانێی نێوان ئەمریکا وسۆڤیەت لەسەر کەنداو دەستی پێکرد. بەتایبەت، بەرزبوونەوەی نرخی نەوت وزیادبوونی بایەخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وکەنداو بۆ ئەمریکا. عێراق، بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوەی لەگەڵ سۆڤیەت، توانی لە (١/ ٦/ ١٩٧٢ز) کۆمپانیای نەوتی عێراقیی، خۆماڵی بکا. ئەمەش، مەترسییەکی زۆری بۆ شا دروست کرد. بەم هۆیەوە، شای ئێران، هەوڵیدا خۆی لە سەرکردایەتی شۆڕشگێڕی کورد نزیك بکاتەوە. بەلام، لەبەرئەوەی هەوڵەکانی شا بێئاکام بوو، بۆیە بە ناچاریی، ڕووی لە سەرۆککۆماری ئەمریکا (ریچارد نیکسۆن) وڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەوسای ئەمریکا (هێنری کیسنجەر) کرد وپێی ڕاگەیاندن، کە لە دوای ئەو ڕێککەوتنەوە، بالانسی هێزەکان تێکچووە وعێراق بووەتە هەڕەشەیەکی گەورە، بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. لێرەوە، یارمەتیدانی کورد لەڕووی دارایی وکۆمەکەوە لەلایەن ئەمریکاوە، یەکێك بوو لە پلانە سەرەکییەکان، کە ئەمەش لەسەر داخوازی شا بوو. محەممەد ڕەزا شا، لە (٢٢/ ٦/ ١٩٧٢ز) نامەیەکی بە ژەنەراڵ (مەنسوور پوور)دا نارد بۆ بارزانی، کە تیایدا ڕەزامەندی سەرۆکی ئەمریکای بۆ یارمەتیدانی شۆڕشی کورد، ڕاگەیاندبوو.

کاتێك، سەدام حسێن، لە سەرەتای حەفتاکاندا سەردانی (مۆسکۆ)ی کرد، بۆئەوە بوو کە لە ڕێی سەرکردایەتی سۆڤیەتەوە فشار لەسەر بارزانی دروست بکات. هەربۆیە، سۆڤیەت، لە مانگی شەشی (١٩٧٣ز)دا، سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی خۆیی لە (بەغدا) ناردە لای بارزانی، بۆ چوونە ناو بەرەیەکی نیشتمانیی بە سەرکردایەتی ڕژێمی بەعس، کە حزبی شیوعی عێراقیشی لەخۆ گرتبوو،بەلام، دوای ئەوەی بارزانی، ئەم داوایەی سۆڤیەتی ڕەتکردبوەوە و ڕازی نەبوو بە ئۆتۆنۆمییەك کە کەرکووك لەخۆ نەگرێت، ئیدی سۆڤیەت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کورددا گۆڕی. واتە، لە هاوڕێوە گۆڕدرا بۆ دوژمن، هەروەها چارەسەرکردنی دۆسییەی کەرکووکی بۆ ئەمڕۆمان بەجێهێشت..[١]

وەك دیارە، پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد وئەمریکا وئێران، نهێنی ولە ڕێگەی دەزگای (CIA) و(ساڤاك)ەوە بووە. وەلێ، هەرگیز ئەم کارە، بارزانی دڵخۆش نەدەکرد. بۆیە، سەرکردایەتی شۆڕش، هەوڵی زۆریدا بۆئەوەی پەیوەندییەکان بە ئاشکرا ونووسراو بێت. بەلام، نە ئێران نە ئەمریکا، تەنانەت سۆڤیەتیش ئامادەیی نیشان نەدەدا، کە لەگەڵ کورد، ئەم جۆرە پەیوەندییە ساز بکەن. هەرچەندە، سۆڤیەت، ڕۆڵی ناوبژیوانی دەبینی، لە نێوان کورد وعێراقدا. دوای نسکۆ، هێنری کیسنجەر، بە گاڵتەجاڕییەوە ئەم کردەوانەی ڕاڤە کردبوو، وە وتبووی کە نابێ ئەو کردەوەیەی بە نهێنی

---

[١] وزيري أشو: دوسية البارزاني في محفظة ستالين الفولاذية، ت: د. اسماعيل حصاف، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر- هولير، ٢٠٠٨، ل ١٤

ئەنجام دەدرێ، لەگەڵ ئەو کارانەدا کە وەك ئەرك جێبەجێ دەکرێن، تێکەڵ بە یەکتر بکرێن..[1]

شتەکان، بە خواستی کورد نەبوون. بۆیە، دواتر ولە بەهاری (١٩٧٤ز)، تا سەرەتای (١٩٧٥ز)، شەڕێکی قورس وبەردەوام لە نێوان گەلی کورد ورژێمی عێراقدا دەستی پێکرد. سەرەنجام، هەردوولا زیانی زۆریان بەرکەوت، شارەزایان وفڕۆکەوانانی سۆڤیەت، هەروەها سوپا وتۆپخانەکانی ئێران، لەم شەڕەدا بەشدار بوون. خاکی کوردستان، بووە گۆڕەپانی شەڕ وکێشە وکۆنە قینەکانی ئێران وعێراق. دواتر، نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵی خۆی خستە گەڕ، بۆ ناوبژیوانیکردنی ئێران وعێراق، بەوەی درێژە بە دانیشتنەکانی ئەستەنبووڵ بۆ ئاشتەوایی بدرێت ودواتریش لە بەرواری (١١/ ١٠/ ١٩٧٤ز)، یەکەم دانوستان لە بارەگای ڕێکخراوەکە لە نیویۆرك بکەن. ئەمە، بێجگەلەوەی (میسر)یش زەمینەسازیی بۆ ڕێککەوتنی هەردوولا دەکرد. هەڵبەت، مەیلێکی دوو لایەنە هەبوو بۆ ئەم دانوستانە، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی دوو وڵات، خەریك بوو دەکەوتە مەترسییەوە. دیارە، ئەمریکاش، گەلانی دەوڵەتان دەلاوێنێتەوە، نەك گەلانی بێدەوڵەت. هەربۆیە، بارزانی بەو هۆیەوە وتەیەکی بەناوبانگی مێژوویی هەیە، کە وتوویەتی: "کورد، هاوڕێی ڕاستەقینەیی نییە."[2]

سەرکردایەتی شۆڕش، بیری لە ڕێککەوتنی نێوان ئێران وعێراقی نەدەکردەوە. ئەوەبوو، سەدام بڕیاریدا ڕاستەوخۆ دانوستان لەگەڵ شادا بکات، چونکە هەردووکیان هەستیان بەوە دەکرد کە شەڕی ناڕاستەوخۆ چیتر خەریکە دەبێتە ڕاستەوخۆ. دوابەدوای ئەمە، شاندی سەرکردایەتی شۆڕش، چاویان بە سەرۆکی میسر (ئەنوەر سادات) کەوتبوو، بەلام ناوبراو شاندەکەی دڵنیا کردبووەوە کە "مافی کورد لەم دانوستانەدا پێشێل ناکرێ." وێڕای ئەم گفتوگۆیانە، لە کۆتایی مانگی دووی ساڵی (١٩٧٥ز)، کیسنجەر، بە نهێنی وبۆماوەی (٢٤) کاتژمێر، بە مەبەستی ڕێککەوتن، سەردانی بەغدا دەکات. دواتر، بارزانی، لە تاران لە (١١/٣/ ١٩٧٥ز) ودوای چەند ڕۆژێك چاوەڕوانی، چاوی بە شا کەوتبوو. شا، هەوڵی ڕێککەوتنی هەردوولای لە (جەزائیر) بە ناوبژیوانی سەرۆکی جەزائیر (هەواری بومەدیەن)، پێ ڕاگەیاندبوو. بارزانی، دوای دیدارەکەش تا (١٩/ ٣/ ١٩٧٥ز)، بڕیاری بەردەوامیدان بە شۆڕی دابوو، بەلام لە ژێر کۆمەڵێك هەڕەشەی جددی بۆ سەر هێزی پێشمەرگە لەلایەن ئێرانەوە، فەرمانی کۆتایی پێهێنانی شۆڕشی دابوو.

ڕێککەوتنەکە، بە هەوڵی ئەمریکا وڕۆژئاوا ئەنجام درا. هەروەها، پێشتر، شا ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نزیککردنەوەی ئیسرائیل ومیسردا بینیبوو، واتە ئێران گاز ونەوتی ئیسرائیلی دابین کرد. بۆیە، پێشتر ئیسرائیل ئامادەی هیچ جۆرە یارمەتی وپشتگیرییەك لە شۆڕش نەبوو. دیارە، میسریش ناوبژیوانی عێراق وئێران بوو. لە کۆتاییدا، کاتێك، شا لە جەزائیر گەڕایەوە، هەستی بە سەرکەوتن وئاسوودەییەکی زۆر کرد. پاشان، لە بەرواری (٦/ ٣/ ١٩٧٥ز)دا، هەردوولا، (ڕێککەوتننامەی جەزائیر)یان ڕاگەیاند.[3]

دەکرێت بپرسین، بەرژەوەندی کورد لەم بگرە وبێنەیەدا، لە کوێدابوو؟ ئەدی گەلی کورد، چ

---

[1] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢

[2] اكراد، التعداد الكلي: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ٢٠/ يوليو/ ٢٠١١، ar.wikipedia.org

[3] نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١– ١٩٧٥، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣– ٢١٩

سوودێکی بینی؟ ئایا، کورد نەبووە ئەو مقاشەی کە شای ئێران بەکاری هێنا؟ کوا بەڵێنەکانی ولاّتان؟ کورد، لە کوێی هاوکێشە سیاسییەکاندا بوو؟ ئاخۆ، لەو گەمە سیاسییەدا، کورد کارەکتەرێکی کارا بوو؟ بەو پێیەی، ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە وپەنابەری کورد لە نێوخۆی خاکی ئێراندا دەگوزەران وڕژێمی شا داڵدە وهاوکاری دەکردن، بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ورزگاربوون لەدەست کۆت وبەندی ڕژێمی بەعس، ئەدی بۆچی هاوکاری کوردەکانی خاکی خۆیی نەدەکرد، لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆدا؟ تەنانەت، نووسینی تابلۆیەك بە کوردی ڕێگەپێدراو نەبوو. ئایا، ئەو شۆڕشە پیرۆزە تایبەت نەبوو بە کوردەکانی کوردستانی باشوور؟ بۆچی کوردەکانی ڕۆژهەلاّت، ئەگەرچی هاوسۆزیش بوون، پێبەپێی برا باشوورییەکانیان شۆڕشیان ڕانەگەیاند؟ ئایا، شۆڕشێکی نەتەوەیی سەرتاسەریی کورد بوو کە گوتار وناسیۆنالیزمی کوردی ئامادەگی باشی تێدا هەبوو، یان مۆرکی ناوچەگەریی پێوە دیاربوو؟ ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێین: ئایا ئەو شۆڕشە مەزنەی گەلی کورد بووە ئەزموونێك، تا کورد لە سیاسەتی دیماگۆجی ئەو ولاّتانە تێبگات وبە هەڵەکانی خۆیدا بچێتەوە وسوودی لێوەرگرتبێت؟

**گوڵێك، شیرینتر لە خونچەی بەهار**
**ناسکتر، جوانتر لە شەوبۆی نازدار**
**گەشتر لە دیدەی وەنەوشەی نزار**
**گوڵێکە، ناوی گوڵی سەربەستی**
**مەردە ئەو گەلەی بگاتە دەستی [١]**

### ت- لاوازیی هەستی نەتەوایەتی

گەر پێناسەیەکی تەواوی نیشتمانپەروەری بکەین، دەتوانین بەوەی بچوێنین کە: "هەستکردنی تاکەکانی نەتەوەیەکە، بەوەی پەیوەستبوونێك هەیە، کە کۆیاندەکاتەوە وهەروەها لە نەتەوەکانیتریان جیادەکاتەوە. بەمانای، پەیوەندییەکی ڕیشەیی، زمانەوانیی، ڕۆشنبیریی، شارستانیی، مێژوویی، ئابووریی، سیاسییە. دیارە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە چەمکی (ناسیۆنالیزم).

جیاکردنەوەی هەر نەتەوەیەك، بەپێی توخمە بابەتییەکانی (پێناسەی بابەتیی)، هەروەك زمانی هاوبەش، ئایین، کەلتوور، ڕۆشنبیریی، وزۆرێکیتر، لاواز دەبێت وجێگای ڕەخنەگرتنە. ئەگەر، بێتو ئەو نەتەوەیە، بە شێوازی دیکە وبە شێوەی بەردەوام خۆی نەسەلمێنێت. واتە، ئێمە بەم شێوەیە، پەنامان بردە بەر (پێناسەی خودیی) نەتەوەکان، بۆ سەلماندن وبەردەوامبوونیان. هەڵبەت، ڕوانینی بابەتیی وڕوانینی خودیی، دەتوانێت دەروازەیەکی ئاوەلاّ بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی نەتەوایەتیی بکاتەوە، ودەمانگەیەنێتە یەکێکی دیکە لە پێکهێنەرەکانی بوونی نەتەوە ونەتەوایەتیی، کە ئەویش "هۆشیاریی

[١] بەشێك لە هۆنراوەی (گوڵی سەربەستی)ی شاعیری مەزنی کورد، بەختیار زێوەر.

وئاگایی نەتەوەییە، وسەرەنجام، سەربەنەتەوەبوونی لێسەوز دەبێت..[1]

بنچینەی زاراوەی ناسیۆنالیزم، لە ئەوروپا، لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا دەرکەوت. هەرچەندە، هەندێك لە باوانی کڵێسە لە ئەوروپا، بەرگرییان لەم زاراوەیە کردبوو، بەوەی تاوانبارکردنێکی ئاکاریی ئەوان لەخۆ دەگرێت. ئەوان، وایانلێکدەدایەوە کە دەستەواژەی ناسیۆنالیزم لە نێوان تاکەکاندا بەدی دەکرێت، کاتێك یەك کەلتوور کۆیان دەکاتەوە. بەڵام، گەر یەك نەتەوە نەبن، ئەوا جیایان دەکاتەوە..[2]

گەورەترین ولەمێژترین نەخۆشی کورد، لاوازی هەستی نەتەوایەتییەتی. ناکرێت، بوترێت نییەتی، ناشکرێت بوترێت وەك نەتەوەکانی تر لێوانلێوە. ناسیۆنالیزم، دیاردەیەکی یەکجار ئاڵۆزە وتا ئێستا بە چەندین شێوە پێناس وڕاڤە ولێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە، سەرەڕای درێژی تەمەنی ئەم دیاردەیە، کەچی لەئاستی تیۆریدا کەمتر گرنگی پێدراوە..[3]

بیرمەند (ئێرنست گێڵنەر)، * کاتێك باس لە ناسیۆنالیزم دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە "ناسیۆنالیزم بە گشتی پرەنسیپێکی سیاسییە وپێیوایە دەبێت یەکەی ڕامیاری وناسیۆنالیزم لەگەڵ یەکتردا بگونجێن. هەروەها، دەشێت ناسیۆنالیزم وەك سۆزێك وبزاوتێك لە ڕوانگەی ئەم پرەنسیپەوە باشترین پێناسەی پێبکرێت. لە کاتێکدا، سۆزی نەتەوایەتی، تووڕەبوونە لەو پێشێلکارییەی بەرامبەر ئەم پرەنسیپە ئەنجام دەدرێت، یان نیشاندانی ڕازیبوونە بەرامبەر بەدیهاتنی ئەم پرەنسیپە. ئەوەشی جۆش ودنەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم دەدات، سۆزێکی لەم جۆرەیە..[4]

لێکۆڵەر (ئازاد قەزاز)، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بە ناوی (ناسیۆنالیزم عەقڵگەراییە)، ئاماژە دەدات ودەڵێت: "مرۆڤ، تەواو لە جەستە وڕۆح پێکهاتووە، بۆیە دەوترێت ئەسڵی وشەی ناسیۆنالیزم دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی (ناتوس)ی لاتینی، کە واتای "لەدایکبوون" دەبەخشێت. بەمانای، ناسیۆنالیزم، لەدایکبوونەوەی نەتەوەیەکە. کاتێك، مرۆڤ بەم چەشنە توانی خۆی بناسێتەوە، مانای وایە توانیویەتی خۆی لە نەتەوەکانی تر جیا بکاتەوە، لەهەمان کاتدا، دەتوانێت سنووری جوگرافی وڕۆحیی خۆیشی دیاری بکات. چونکە، ئەو نەتەوەیە، لە دۆخی سۆزی نەتەوایەتییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ عەقلانیەتی

---

[1] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣

[2] ماهي القومية؟: منتديات زهران، ٢٨/ ١٢/ ٢٠٠٨، www.zahran.org

[3] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم و سەفەر، کورد لە دیاسپۆرا، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠٠٥،ل٤٠

* ئێرنست گێڵنەر: یەکێك لەگرنگترین توێژەرانی بواری فەلسەفە وئەنسرۆپۆلۆژیا وکۆمەڵناسی وناسیۆنالیزم بووە. ناوبراو لە (٢٩/ دیسەمبەر/ ١٩٢٥ز) لەپراگ (کۆماری چیك) لەدایك بووە، خێزانەکەی تا ساڵی (١٩٣٩ز) لەپراگ ژیانیان گوزەراندووە. پاشان ئەم خێزانە کۆچیان کردووە بۆ ئینگلتەرا، ناوبراو لەوێ درێژەی بەخوێندن داوە و لەزانکۆی (ئۆکسفۆرد) خوێندنی تەواو کردووە، دواتر بووەتە مامۆستا لەلەندەن. ناوبراو لەساڵی (١٩٦٢ز)ەوە بووەتە مامۆستای زانکۆ ولەبوارەکانی لۆژیك وفەلسەفە ومیتۆدی زانستیدا وانەی وتووەتەوە. گێڵنەر، بێجگەلە زانکۆکانی ئینگلتەرا، لەچەندین زانکۆی جیهانی وانەی وتووەتەوە. لە (٥/ نۆڤەمبەر/ ١٩٩٥ز) لەپراگ، لەتەمەنی (٦٩) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

[4] ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم: و: ئارام جەمال سابیر، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٦٧

نەتەوایەتی..

زەحمەتە، بتوانین هەست بەوە بکەین کە هەستی نەتەوایەتی کورد لە کەیەوە دەستی پێکردووە. ئەمڕۆکە، شوێنەواری ئەو هەستە مەگەر لەلای هەندێك تاك بە کاڵوکرچی بەدی بکرێت، دەنا وەك پرۆژە تروسکایی تێدا نییە. بەڵام، لەو کاتەی تاکێکی کورد ئەو هەستەی لا خوڵقابێت کە بۆ بە زمانی خۆی نەدوێت ونەنووسێت وسنووری جوگرافی خۆی بەدەست خۆیەوە نەبێت، وشانازی بە زمان وکەلتووری خۆیەوە نەکات، وەك دەڵێن لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی ونالی ونووسراوەکانی حاجی قادری کۆییدا دەرکەوتوون. ئەم هەستانە، گشتیان سۆزی نەتەوایەتین، وەلێ سەختە هۆشیاریی نەتەوەیی تا هەنووکەش سەریهەڵدابێت." [١]

ئەم بۆچوونەی لێکۆڵەر، لەگەڵ پێناسەی (نەتەوە لەڕووی زاراوە)ی بیرمەند (بوید شیڤەر)دا [*] هاوتا دەبێت، کە بڕوای وایە:"وشەی (Nation) لە وشەی (Natio)ی لاتینییەوە هاتووە کە بنچینەکەی وشەی (Natus)ەو هەردوو وشەکەش (Nation وNatus ) لە وشەی (Nascor)ەوە وەرگیراون، کە مانای "لەدایکبوون" دەگەیەنێت. واتە، (نەتەوە)، ئاماژە بووە بۆ کۆمەڵە خەڵکێك کە لە شوێنێکی دیاریکراو وتایبەتدا لەدایك بوون.." [٢]

گەر دی هەبوا مە، پادشاهەك
لایق نەدیا، خودێ کولاهەك
غالب نەدەبوو لەسەر مە، ئەڤ ڕووم
نەدەبوا خەرا پە، ددەست بووم
ئەمما ژ ئەزەل، خودێ وەسا کر
ئەڤ ڕووم وعەجەم، ل سەر مە ڕاکر [٣]

واتە: ئەگەر ئێمە نەگبەت نەبوینایە و وەکو میللەتانیتر پادشایەکمان هەبوایە، ئەم ڕۆم وعەجەمە وا گاڵتەیان پێنەدەکردین.

---

[١] ڕۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (٧٧٧)، پێنجشەممە، ٢٤/ ٧/ ٢٠٠٨

[*] بۆید شیڤەر: بۆید کارڵزك شیڤەر،ساڵی (١٩٠٧ز) لەکریستلاین لە(ئۆهایۆ) لەئەمریکا لەدایك بووە، لەزانکۆکانی (مەیامی، ئۆکسفۆرد، ئۆهایۆ) خوێندوویەتی، ساڵی (١٩٢٩ز) بڕوانامەی ماجستێر ودکتۆرای بەپلەی (زۆر باش) بەدەست هێناوە. ساڵی (١٩٥٠ز) بووەتە هاوڕێ (زمیل)ی دامەزراوەی (فوڵبرایت). ناوبراو لەچەندین زانکۆی جیهانیدا خوێندوویەتیووانەی وتووەتەوە. لەنێوان ساڵانی (١٩٤٧– ١٩٥٣ز) چەندین پۆستی باڵای زانکۆکانی وەرگرتووە، هەر لەسەرۆك بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا سەرۆکی بەشی مێژوو، هەروەها وانەبێژ لەزانکۆی کۆڵۆمبیا لەنیویۆرك، وە مامۆستای مێژوو لەزانکۆی ئارکانساس و.......هتد. شیڤەر لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمیشدا، بووەتە ئەفسەر لە(هێزی ئاسمانی ئەمریکایی). پاشان لەچەندین کۆمەڵەی مێژوویدا کاری کردووە. چەندین بەرهەم وبابەتی بەپێز وگرنگی هەیە لەبوارەکانی مێژوو، ناسیۆنالیزم، زانستە کۆمەڵایەتییەکان..

[٢] بوید شیفر: القومیه عرض و تحلیل، دار مکتبة الحیاة– بیروت، لبنان، ١٩٦٦، ص ٢٠

[٣] چەند دێڕێکی شاعیری گەورە ونیشتمانپەروەر، هێژا (ئەحمەدی خانێ)

وەك درێژەپێدانێك بەم بابەتە، بیرمەند (ئەنتۆنی دی سمس) * كاتێك پێناسەی (نەتەوەخوازی) دەكات، ئاماژە بەوە دەدات كە "بزوتنەوەیەكی ئایدۆلۆژییە، هەوڵ بۆ بەدەستهێنان وهێشتنەوەی ئۆتۆنۆمی ویەكێتی وناسنامەی دانیشتوانێك دەدات، كە هەندێك لە ئەندامانی نەتەوەی ڕاستەقینە پێكدەهێنن یان لە ڕێگەی نەتەوەبووندان." [1]

جارێكیدی، دەكرێت بپرسین، ئاخۆ كورد ئەو بزوتنەوە ئایدیۆلۆژییەی بەرهەم هێناوە كە بەهۆیەوە هەوڵی یەكێتی ویەكپارچەیی خاكی كورد بدات، وناسنامەی كورد بەدەست بهێنێت وكورد بەرەو نەتەوەبوون بەرێت؟ ئایا پرۆژەی بوون بەنەتەوە هاتووەتە ئاراوە؟

هەڵبەت، مێژوو، وەڵامگۆی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە، وەلێ پاش ئەوەی كەسایەتی (بەدرەدین ئاقسونقور هەزار دیناری)، میری (خەلات)* بەڕەگەز تورك، كۆچی دوایی دەكات، یەكێك لە دەستوپێوەندی میر بە ناوی (قوتلۆغ) كە ڕەگەز ئەرمەنییە، بە هەڵی دەزانێت ودەسەلات دەگرێتە دەست، بەلام تەنها حەوت ڕۆژ حوكمڕانی دەكات وكوردەكان لەسەر كار لایدەبەن. خەڵكی خەلات، لەسەر ئەوە ڕێكدەكەون كە كەسایەتی (محەمەد كوڕی بەكتمر) ودایكی كە ڕەگەز توركن وپێشتر (هەزار دیناری)لە زیندان توندی كردبوون، دەریانبهێنن وبیانكەنە فەرمانڕەوای خەلات. بەلام، ناوبراو لەپاداشتی ئەم چاكەیە، دەستی بە خراپەكاری وچەوساندنەوە وئازاردانی كوردەكان كردبوو.. [2] گەر كورد، توانیبێتیان میرێكی ڕەگەز ئەرمەنی لابەرن وتوركێكی لەجێ دابنێن، ئەدی لەپای چی میرێكی كوردیان دانەناوە بە فەرمانڕەوای خۆیان. هەموو ئەم ڕاستییانە، ئەوە دەسەلمێنن كە هەستی نەتەوایەتی لای كورد، لە ئاستێكی زۆر نزمدا بووە. تەنانەت، لەوە دەچێت كورد زۆر بە كەم تەماشای خۆیی كردبێت. یان ئەم كارە پشتڕاستكردنەوەی ئەو وتەیەیە كە دەڵێت: " كورد كەسێتییەكی تێكشكاوی هەیە." [3]

لە لاپەڕەكانی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبیدا، ئاماژە بە شاری دیاربەكر (ئامەد) كراوە وچەندین زانیاری مێژوویی بەهاداری تێدا تۆمار كراوە. دەڵێت: ((..... لەو ڕۆژەوە، ئەم دیاربەكرە لە باوكەوە بۆ كوڕ ماوەتەوە وهەر خۆیان حكومەت بوون. (مەبەست كورد وحكومەتی كوردییە– نووسەر). لە زەمانی سوڵتان سەلیمی یەكەمدا، كە (سوڵتان مەلیك موزەفەر) فەرمانڕەوای دیاربەكر بوو، پاش ڕۆیشتنی سەلیم خان بۆ غەزای چالدێران، كوردەكانی دیاربەكر دەستیان بە چەتەیی وڕاو وڕووت كرد ولە ڕێگاكانی (كەماخ وتورجان وبایبوورد وقەڵای خانیجە)وە، زۆریان زیان بە لەشكری موسڵمانان گەیاند.

---

* ئەنتۆنی دی سمس: ساڵی (١٩٣٣ز) لەلەندەن لەدایك بووە. بیرمەندێكی سۆسیۆلۆژیستە، دامەزرێنەری "قوتابخانەی لەندەن بۆ ئیكۆنۆمی"یە. ناوبراو پرۆفیسۆری ئیتنی ونەتەوەخوازییە لەزانكۆی ئابووری لەندەن. پێشتر ماستەر ودكتۆراكەی لە بواری "كۆمەڵناسی" لەزانكۆی ئابووری لەلەندەن بەدەست هێنابوو. خاوەنی چەندین بەرهەم وبابەتی گرنگە، لەبوارەكانی كۆمەڵناسی وناسیۆنالیزم وئابووری و....هتد.

[1] ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازی، و: هوشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وبلاوكردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٨

* خەلات: شارێكی كۆنی كوردە، لە سەرچاوە مێژووییەكاندا بە (خێلات) و(ئەخلات) ناوبراوە، دەكەوێتە ڕۆخی ڕۆژئاوای دەریاچەی (وان)ەوە. گرنگی ئەم شارە لە كۆتایی سەدەی (پێنجی كۆچی/ یازدەی زایینی)دا زیاتر دەركەوتووە.

[2] حكيم عبدالحمن زبير البابيري: مدينة خه لات، الطبعة الاولى، دار سپیرێز للطباعة و النشر– دهوك، ٢٠٠٥، ص ١٠٤

[3] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٤٥٣

ئەم هەواڵە، گەیشتە سەلیم خان. ئەویش، نامەیەکی زۆر نەرم ودۆستانەی بۆ فەرمانڕەوای دیاربەکر نووسی، وتیایدا وتبووی "براکەم، تکام وایە پیاوەتیمان لەگەڵ بکەیت وڕێگەی ئەو کوردانە نەدەی خراپە بکەن وپێشیان لێبگری."

فەرماندەی دیاربەکر، کە ئەم نامەیە دەخوێنێتەوە، لە وەڵامدا بۆی دەنووسێتەوە: "هەر کاتێ تۆڵەت لە شا ئیسماعیل سەندەوە، وەرە تۆڵە لە دووچار سەد هەزار (٢٠٠٠٠٠) کوردە تفەنگدارەکانی دیاربەکری منیش بستێنەوە." سوڵتان سەلیمیش دەڵێ، مادام حاکمی دیاربەکر خۆی ئەم ڕێگایەی بۆ دانایین، ئیشەڵڵا وادەکەین." ئەوە بوو، لە شەڕی چاڵدێراندا، عەجەم شکان وسوپای عوسمانی بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە. لە ئەرزەڕۆمەوە، "محەمەد بیقلیی پاشا"ی بە سەد هەزار کەسەوە ناردە سەر دیاربەکر وگەمارۆی دا...... لە لای ماردینەوە، سوپایەکی زۆر دەرکەوت ونامەبەران نامەیەکیان بۆ بیقلیی پاشا هێنا، کە خوێندیەوە لە خۆشیاندا باڵی گرت، وگوتی: "کوڕینە، حەزرەتی مەلا ئیدریس، * فەرمانڕەوای ئامێدی کە لە چاڵدێران فریامان کەوتبوو، ئەوا لێرەش بە چل هەزار کەسەوە گەیشتە یارمەتیمان. ئەمە سوپای ئەوە، بابێن ئەوانیش لەملامانەوە بوەستن." کوردەکانی ناو قەڵاکە، کە ئەمەیان دی، ترسیان لێنیشت، پاشان بە پێی ئاشتینامەیەك قەڵاکەیان دا بەدەستەوە.)) [١]

دەڵێن، مێژوو، خۆی دووبارە دەکاتەوە. گەلۆ، لە سەردەمانی ڕژێمی بەعسیشدا، چەندین کەسایەتیەی کورد بە چەشنی مەلا ئیدریس، هەردەم لە خزمەت ڕژێمی بەعسدا بوون وپێشەنگی هەموو پەلاماریك وشاڵاوێکی تاڵانکاری ودزی وجەردەیی وڕاووڕووتی دێهاتەکانی باب وباپیرانیان بوون. لێ، هەردەم ئەوان ڕێنوێنیکەری حکومەتی شۆڕش بوون بۆ هەر شاڵاوێك ودەستدرێژییەك کە دەکرایە سەر ناوچەکانی خاکی کوردستان وهێزەکانی پێشمەرگە وگەلێکی بێدیفاع. گوڵەوەچنەی مەبەست، ئەوەیە کە نەبوونی هەست وهۆشیاری نەتەوەیی ودروستنەبوونی پیرۆزییەکانی خاك وگەل ونەتەوەیەك لە

---

* مەلا ئیدریسی بەدلیسی: پێدەچێت لە نێوان ساڵانی (١٤٥٢- ١٤٥٧ز) لەدایك بووبێت. شوێنی لەدایکبوونەکەشی، نادیارە بەوەی یا لە دیاربەکر یاخود لە بەدلیس لەدایك بووە، بەڵام لەوەدەچێت بەدلیس ڕاستتربێت، لەبەرئەوەی پاشگری بەدلیسی هەڵگرتووە. هەروەها، نازناوی (مەولانا یا حەکیمەدین یاخود کەمالەدین)ی لێنراوە. لە بنەماڵەیەکی خانەدان داکەوتووە وکەسێکی زانا ودیپلۆماتێکی کوردی ناوچەی بەدلیس بووە. ناوبژیوانی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ومیرنشینە کوردییەکان بووە وبە زیرەکی ولێهاتوویی خۆی وبەپێی پرۆتۆکۆلێك، دوای شەڕی چاڵدێران (١٥١٤ز)، توانی زۆرینەی میرنشینە کوردییەکان لە سەدەی شازدەدا بە بێ شەڕ بخاتە ناو قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە. واتە بە فەرمی دان بە دەسەڵاتی عوسمانیدا بنرێت، لە بەرانبەر شێوە ئۆتۆنۆمییەکی لۆکاڵی بۆ میرنشینەکان. لە پاداشتی ئەم کارەش، سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢- ١٥٢٠ز)، دەسەڵاتێکی فراوانی بە ناوبراو بەخشی وڕێگەشی پێدا بە خواستی خۆی پلە وپۆست بە میر وسەرۆك هۆز وبنەماڵە خانەدانەکانی کورد ببەخشێت. ناوبراو، کتێبێکی بە ناوی (هەشت بەهەشت)ەوە نووسیوە، کە باس لە هەشت سوڵتانی عوسمانی لە (سوڵتان عوسمان تا سوڵتان بایەزیدی دووەم) دەکا، وبە زمانی فارسی نووسیویە. لە ڕاستیدا، ناوبراو هێندەی لە خزمەتی سوڵتان ودەسەڵاتی عوسمانیدا بووە، ئەوەندە خزمەتی بە کورد وکوردستان نەگەیاندووە وبگرە هەوڵەکانیشی بۆ کورد نەرێنی بووە. ناوبراو لە (١٢/ ١١/ ١٥٢٠ز) دا لە ئەستەنبووڵ کۆچی دوایی دەکا.

[١] سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی: کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، و: سەعید ناکام، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٩، ل ٣٣- ٣٤

زەینی ئەم جۆرە کەسانەدا، وبگرە لە لای بەشێکی تریش لە تاکی کورد، هۆکاری ئەم دەرەنجام وکارە قێزەون وخۆفرۆشتن وخاك فرۆشتنەیە.

لە لاپەڕەکانی (٣٨٤٠- ٣٨٤٣)ی کتێبی (٥)ی (قاموسلئەعلا- قاموس الاعلی)، لە (ئەستەنبوڵ ١٣١٤- ١٨٩٦ز)، کە پێشتر وەك گەورەترین ئینسایکلۆپیدیای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئاماژەی پێدرا، وتایبەت بوو بە کوردستان. جارێکیتر تیایدا هاتووە: "کاتێك خەلافەتی عەباسی لاواز بوو، لە هەموو شوێنێکی ولاتە ئیسلامییەکاندا، چەندین پاشا ومیر دەسەلاتیان گرتەدەست. هەروەها، ژمارەیەك لە سەرکردە کوردەکان لە موسڵ ودیاربەکر وجزیرە وقەلا، ولاتیان داگیرکرد وحکومەتی بچوك بچوکیان دامەزراند. بەلام، ئەوان بیریان لە دەوڵەتێك وەکو "بەڕێوەبەرایەتی" نەکردەوە، کە هەموو ئەو شوێنانەی پێشتر باسمان کرد (واتە کوردستان- نووسەر) بگرێتەوە، کە لەسەر بنەمای بنەچەی کوردان دامەزرابێت. تەنانەت، سەلاحەدینی ئەییوبی بەناوبانگ، کە سەر بەو خەڵکە (مەبەست کوردە- نووسەر) بووە، دەوڵەتێکی لە میسر دامەزراند ولەگەڵ کوڕەکانیدا فەرمانڕەوایی دیمەشق وحەڵەب وحیجاز ویەمەنیان دەکرد. لەگەڵئەوەی، کە نەوە وخزمەکانی، فەرمانڕەوا وحکومەتی بەهێزی جۆراوجۆریان دامەزراند، بەلام کوردستان کەوتبووە دەرەوەی دەسەلاتی ئەوانەوە." [١]

گەلۆ، ئەوەتا تورکان هەست بەو کەموکوڕییەی ئێمە دەکەن، ئەدی لەپای چی خۆمان لەهەمبەر ئەو کەموکوڕییەدا بێهەست ونەزان بین. هەرچەندە، لەگەڵئەوەی دەوڵەتی عوسمانی، هەرگیز بە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە سەر خاکی کوردان ولە سنووری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتەکەی ولە هەناوی خۆیدا ڕازی نەدەبوو، بەلام ئەوەش مایەی سەرسوڕمانی ئەوان بووە، کە نەتەوەیەکی وا گوێ بە ئایندە وداهاتووی خۆی نەدا وهەلێکی وا لە کیس خۆی بدا. هەربۆیە، هەردەم گەلی کورد لە مالی خۆیدا، کرێچی بووە. ناکرێت، هەست بە بوونێکی سروشتییانەی ناسیۆنالیست بە بێ ناسیۆنالیزم بکەین. واتە، ناسیۆنالیست بە بێ بوونی ناسیۆنالیزم، پرۆژەی نەتەوەیی لە هزریدا نییە. دیارە، نەبوونی ناسیۆنالیزم، ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی جڤاتێك لە گەلەوە بۆ نەتەوە فەراهەم ناکات. جا لەبەرئەوەی، گەلی کورد خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نییە، ئەوا ناکرێت وێنای نەتەوەیەك بکەین کە ناوی کورد بێت، بەڵکو هەر لە قۆناغی گەلدا دەمێنێتەوە. هەربۆیە، دەوترێت ئەوە ناسیۆنالیزم ودەوڵەتە، کە نەتەوە دێننە بەرهەم. سەربار، دەبێت گەلی کورد هەوڵی زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی وناسیۆنالیزم بدات، تا لە ڕێی پرۆژەیەکی نەتەوەییەوە، دەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن سەروەری بۆخۆی بێنێتە دی.

سالی (١٩١٨ز)، (ودرۆ ویلسۆن)ی سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە جاڕنامە چواردە خالییە بەناوبانگەکەی خۆی پێشکەش بە کۆنگرێسی ئەمریکا کرد، بیری لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکردەوە. پەیماننامەی نێونەتەوەیی (سیڤەر)، کە لە گەلاوێژی (١٩٢٠ز)دا ئیمزا کرا، ڕەوابوونی داخوازییەکانی ژانراڵ (شەریف پاشا)ی بە فەرمی

---

[١] E. af Wirsen: کۆمسیۆنی ویلایەتی موسڵ، لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١

قبوولٚ کرد. بەڵام، بۆچی ئەم دەوڵەتە کوردییە هەرگیز دانەمەزرا؟

وەڵامی ئەم پرسیارە پڕ ئێش وژانە، سادە نییە، هەرچەندە بەرپرسیاریێتی سەرەکی ئەم مەسەلەیە، لە ئەستۆی زلهێزەکانی کۆلۆنیالیزمی ئەو کاتە، واتە بەریتانیا وفەرەنسادا بوو، کە نەخشەی ناوچەکەیان بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان وبێ ڕەچاوکردنی خواست وئامانجی خەڵکی ناوچەکە، داڕێژا. یەکێکیتر لە هۆیەکانی ئەم هەرەسهێنانە، ئەوە بوو کە پێکهاتەی کەلتووری کۆمەڵگای کورد لەو سەردەمەدا، بەهۆی ململانێ خوێناوییەکانی نێوان گەورە کوردەکان، پارچە پارچە ببو. ڕابەرانی کورد، نەیاندەتوانی بەسەر ناکۆکییە مێژووییەکانیاندا زاڵ ببن وپاش ئەوەش، گەلێك لە کوردان باوەڕیان بە بەڵێن وگفتەکانی جەنەراڵی تورك، (مستەفا کەمال) دەربارەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی موسوڵمانی کورد وتورك کردبوو. بۆیە، بڕیاریان دابوو کە هەموو هێزی خۆیان لەم ڕێگەیەدا بخەنە گەڕ. بەڵام، کاتێك کە ئەم دەوڵەتە دروست بوو، وە لە پەیماننامەی (لۆزان)دا، کە لە (پووشپەڕی ١٩٢٣ز)دا بەسترا، وبە فەرمی ناسرا. مستەفا کەمال، کتوپڕ ئەو بەڵێنانەی کە لەبارەی خودموختاری کوردستانەوە دابووی، خستییە ژێر پێ، ودواتر (مەجلیسی نەتەوەیی) کە (٧٥) نوێنەری کوردی تێدا بوو، هەڵوەشاندەوە. ناوبراو، تەنانەت قوتابخانە کوردییەکانیشی داخست وهەموو دیاردە کلتوورییەکانی کوردیشی قەدەغە کرد..[1]

گەر، ئەوە دوا بڕیار وهەڵوێستی ڕاگوزەریانەی ئەتاتورك بێت، ئەدی هەڵوێستی ئیمپریالیزمی ئەو کات، بە تایبەت بەریتانیا، هیچی لەوە کەمتر نەبووە. کاتێك، دوا ڕاپۆرتی لێژنەی لێکۆڵینەوەی سەر بە "کۆمەڵەی گەلان" ئاماژە بەوە دەدات کە: "..... گەلی کورد، نە عەرەبە، نە تورکە، نە فارسە." .... وە ئەوانەی لەو ناوچانەشدا نیشتەجێن (واتە ویلایەتی موسڵ کە باشووری کوردستانە)، کوردن، ...... خۆ ئەگەر لایەنی ئیتنی بەهەند وەرگرین، ئەوا دەبێت دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بێتە دی."

هەڵبەت، ئەم ڕاپۆرتە بە دڵی ئینگلیز نەبووە، بۆیە چەندین بەهانەی بۆ ئەم بابەتە هێناوەتەوە. دواجار، ڕا وبۆچوونی خۆی لە ڕاپۆرتێکی تردا ئامادە کردووە وخستوویەتییە بەردەم لیژنەکە، بەم شێوەیە: " دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ، پێکدێن لە کورد کە نیوەیەتی، وە عەرەب وکەمە نەتەوە ناموسوڵمانەکانیتری وەك ئێزدی وکریستیانی وجوو، کە نیوەکەیتریێتی. دیارە، عەرەب وئێزدی وکریستیان وکلدانی وجوو، ئارەزوومەندن بە مانەوە لە سنووری عێراقدا. بەڵام، ئاسوورییە نەستوورییەکان، نە لەگەڵ مانەوە لە چوارچێوەی تورکیا وە نە لەگەڵ عێراقدان، بەڵکو خوازیاری پارێزگاریلێکردنی بەریتانیان. هەرچی ماوەتەوە، تورکمانەکانن کە بە هەموو شتێك ڕەزامەندن وکاریگەرییان بۆ سەر ئەنجامەکان نییە. ئێستا، بەم شێوەیە، خواستی نیوەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ زۆر بە باشی زانرا. وەلێ، ڕیفراندۆم بۆ ئەم نیوەیە بێسوودە. بەڵام، نیوەکەیتر کە کوردن، زۆرینەیان ساویلکەن، بە باشی ناتوانن ویستی خۆیان دەرببڕن وگوزارشت لە ڕا وبۆچوونی خۆیان بکەن." [2]

---

[1] فیلیپ کرینبروك، کریستییەن ئالیسۆن: کولتوور وناسنامەی کورد، و: وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٠

[2] خالد دلير: كيف الحقت كوردستان الجنوبية بالدولة العراقية؟، الطبعة الثانية- السليمانية، كوردستان، ٢٠٠٤، ص ١٨-١٩

چونکە ناوچەی ململانێکە زۆر فراوان بوو (مەبەست لە ویلایەتی موسڵە– نووسەر)، وە نەدەکرا تەنها بە شێوەیەکی سنووریی بناسرێت، لەبەرئەوە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کێشەی مووسڵ، ئەم بەڵگەنامە وڕاپۆرت وبۆچوونانەی بەریتانیای ڕەتکردەوە. لە هەمان کاتدا، لیژنەکە پێی وابوو ئەو بۆچوونەی کە تورکەکانیش پێشنیاریان کردبوو بۆ ئەنجامدانی دەنگ وەرگرتن (ڕیفراندۆم)، سەرکەوتوو نییە. لەبەرئەوەی، بە گشتی، خەڵکەکە ڕادەی ڕۆشنبیری سەرەتاییان هەیە ودەرەبەگەکانیان ڕۆڵی گەورەیان لە کۆمەڵدا هەیە. واتە، ڕای گشتی خەڵك، ڕای سەرۆك هۆز وسەرکردەکان دەبێت. کەمایەتییە ڕۆشنبیرەکانیش، هەندێکیان پشتیوانییان لە تورکەکان دەکرد. لە لایەکیتریشەوە، لیژنەکە ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە دانیشتوانی شاری سلێمانی، سەربەخۆییان مەبەست بووە وبۆ مانەوە لەگەڵ تورکیادا مەیلێکیان نەبووە. هەربۆیە، دواجار لیژنەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە ڕیفراندۆم هەرگیز ئەنجام نادرێت، بەڵکو پێشنیارەکانی حکومەتی بەریتانیای پەسەند کرد. [1] بەم جۆرە، ئینگلیز، توانی کێشەی ویلایەتی موسڵ، کە خاکی کوردستانی باشووری ئەمڕۆی لەخۆ دەگرت، یەکلایی بکاتەوە ولە ڕوانگەی بەرژەوەندییە ستراتیژی وبالاکانی خۆیی ومۆنۆپۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکان وپاریگاریکردن لە ئاشوورییە نەستوورییەکان، ناوچە کێشە لەسەرەکە بە دەوڵەتی نوێی عێراقەوە بلکێنێت.

ڕۆژی (٣٠/ سێپتێمبەر/ ١٩٢٤ز)، کاتێك کۆمەڵەی نەتەوەکان، بڕیاریدا کۆمسیۆنێك بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی موسڵ وهێڵی سنووریی کاتیی بڕۆکسل دابمەزرێنێت. هەڵبەت، کەسانێکیش بۆ ئەو کارە دەستنیشان کران، مانای لیژنەیەك پێکهێنرا (ئەو لیژنەیەی پێشتر باسکرا). ئەوەی مەبەستە، ئەوەیە کە یەکێك لە ئەندامانی ئەو کۆمسیۆنە (لیژنەیە)، لە یاداشتەکانی خۆیدا، بەم شێوەیە باس لە بابەتێکی هەستیاری چارەنووسساز دەکات، کە تایبەتە بە نەتەوەیەکەوە. ئەو لە یاداشتەکانیدا، ئەوەی خستووەتە ڕوو، کە کاتێك بەنێو کوردانـدا گەڕاوە ودەربارەی ئەم بابەتە چارەنووسسازە پرسیاری لێکردوون، بەم جۆرە وەڵامیان داوەتەوە: (( ...... پرسیارم لە یەکێکیان کرد، وتم تۆ عێراق هەڵدەبژێری یان تورکیا؟ ڕێك وەڵامی دامەوە و وتی "ڕاستیت دەوێت، من هیچ حکومەتێکم ناوێت، چونکە هەموو دەوڵەتێك فێرە کە دەستبخاتە کاروبارمانەوە." بەو وەڵامەیش، دەیویست ئەوەمان پێبڵێ کە دەوڵەت ڕێگا لە ڕاو وڕووتمان دەگرێت (ئەمە بۆچوونی خۆیەتی– نووسەر). پرسیارم لە یەکێکی دیکە کرد، کە ئاخۆ ئەو کام دەوڵەت هەڵدەبژێرێت؟ لە وەڵامدا وتی: "تۆ پێم بڵێ، عەلی (یاخود هەر ناوێکیتر) چی وەڵام داویتەوە؟" منیش بۆم ڕوونکردەوە کە مومکین نییە ئێمە بتوانین قسەی یەکێك بۆ یەکێکیتر بگێڕینەوە، چونکە دەبێت بە نهێنی ئەوە لای خۆمان بپارێزین. پاشان لێم پرسی، باشە بۆ ئەو پرسیارە لە من دەکەیت؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: "چونکە من دەمەوێت بە پێچەوانەی عەلییەوە دەنگ بدەم." ئەو پیاوە، ئا بەو شێوەیە بۆ کێشەیەکی هەستیار بیریدەکردەوە، واتە دەنگدان لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە دەگۆڕا، ئەوان زیاتر بە قسەی خاوەن زەوییەکانیان دەکرد.... )) [2]

---

[1] د. فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی مووسڵ، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی دیبلۆماسیەتی عێراق– بەریتانیا– تورکیا وڕای گشتی، و: محەمەد شاکەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك– سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٠٠– ١٠١

[2] E. af Wirsen: کۆمسیۆنی ویلایەتی موسڵ، لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧– ٧٨

دیاره، هەندێ ڕا وبۆچوونیش کارتێکردنی ململانێی نێوان سەرۆك تیرەکانی پێوە دیار بوو. ڕووی دەدا، شاهیدێك لە ئەندامێکی لیژنەکەی دەپرسی، کە کەسێکی دیاریکراو ڕای چی بوو؟ بۆئەوەی ئەمیش بە پێچەوانەی ئەوەوە ڕابدات. زۆرجار، ئەوان وەلامی پرسیارەکانیان نەدەدایەوە ووایان بە باش دەزانی سەرۆك تیرە یان ئاغای گوند وەلام بداتەوە، زۆریش هەبوون لەبەر ناشارەزاییان لە کێشەکە، نەیان دەتوانی وەلام بدەنەوە.. [1]

بیرەوەرییە ئاماژەپێدراوەکان ونووسراوەکانی ئەو یاداشتە، ئەوەی دەخستە ڕوو، کە زۆرینەی گەلی کورد، بێباك بوون لە هەمبەر نیشتمان ودەوڵەت وئایینەدەی خۆیان. تەنها، بەرژەوەندی کەسیی خۆیان بەلاوە گرنگتر بووە لە بەرژەوەندی بالای نەتەوەیەك. ئەمە لە لایەك، لە لایەکیترەوە، ناکۆکی وعەقڵییەتی خێلایەتی وکینەی کەسیی وناوچەگەریی، یەکلاکەرەوەی سەرجەم کێشەکان بووە. بۆیە، هەردەم نەمانتوانیوە بڕیارێکی چارەنووسساز وئاوەزمەندانە بدەین. هەر لەبەرئەوەیە، کە دەوترێت "ناسیۆنالیزم عەقڵگەراییە." جا، گەر خۆمان وابین، ئەدی لەپای چی گلەیی لە کەسانیتر بکەین.

## پ- کاریگەریی ئایینی

بە درێژایی مێژوو، ئایین کاریگەریی خۆی بەسەر کۆمەڵگا مرۆییەکانەوە هەبووە، جا ئایینە ئاسمانیە پیرۆزەکان بێت یا سەرزەمینییەکان، یەکتاپەرستی بێت یا دوانە پەرستی وفرە پەرستی.

ستراکتووری کۆمەلایەتی کوردستان، وەك چۆن دەگونجێت بەپێی ناسنامەی کۆمەلایەتی، ئابووری پێناسە بکرێت، هەر بەمجۆرەش دەکرێت لەسەر بنچینەی ناسنامەی ئایینی نەتەوەیی لێکبدرێتەوە. ڕێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە کوردستان، چەندە یارمەتیدەری یەك بوون، هێندەش یارمەتی دابەشبوون ولەتکردنی کۆمەلایەتی، ڕۆحیی کۆمەڵی کوردیان داوە. لەلایەك، کوردانی سەر بە یەك ڕێبازی تەریقەت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنەمای بیری خێلایەتی، هەست بە پەیوەندی وئینتیمایەکی ڕۆحیی هاوبەش دەکەن. لەلایەکیترەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی ڕێبازەکانی تەریقەتی سۆفیزمدا، ململانێ وناکۆکی قووڵ لە کوردستان، لەسەر بنەمای جیاوازیی تەریقەت دەردەکەوێت. زۆرجاریش، شێخەکانی تەریقەت، ئەوانەشیان کە سەر بە یەك ڕێبازی تەریقەت بوون، لەسەر مەسەلەی فراوانترکردنی پێگەی جەماوەریی وکۆکردنەوەی مورید ولایەنگر، کە بنچینەی دەسەلاتیانە، لەگەڵ یەکتریدا کەوتوونەتە ململانێ ودووبەرەکی.. [2]

هەردەم، کورد، زۆر زیاتر لەوەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز کاریگەریی بەسەرەوە بووبێت، تا هەنووکەش، کورد خۆی، زۆر زیاتر لەوە پەیوەستتر بووە پێوەی. سەرخانی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای

---

[1] د. فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی مووسڵ، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی دیبلۆماسیەتی عێراق- بەریتانیا- تورکیا وڕای گشتی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩

[2] د. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دا (١٨٨٠- ١٩٢٥)، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣٤

کوردی، سەرخانێکی (خێڵایەتی– ئایینی) بووە، هەربۆیە ئایین ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبووە وهەیە لە شۆڕشە کوردیەکاندا، هەر لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە (١٨٨٠ز)، تا حوکمدارییەکان وڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود وبگرە دوای جەنگی جیهانی دووەمیش.. لە ڕۆژگارێکدا، کە نەخوێندەواری ڤایرۆسێکی کوشندە بوو لەنێو جەستەی کۆمەڵگای کوردەواریدا، شێخان وپیاوانی ئایینیی لە کوردستان، توێژی خوێندەوار وڕۆشنبیری دیاری نێو خەڵك وکۆمەڵ بوون، بۆیە شتێکی سەیر نەبوو لە مێژووی سیاسیی کوردستان وناوچەکەدا، کە ڕۆڵ بگێڕن وڕێبەرایەتی بەشی زۆری ڕاپەڕینەکانی کورد بکەن..[1]

ئەوەش ژبیر نەکەین، لەو ڕۆژگارەدا، کە ئایین تێکڕای بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکەمانی گرتبووەوە وتا دەهات جێپێی خۆی قایم دەکرد، بەپێچەوانەوە لە ئەوروپای خۆرئاوا، جۆرێك لە کاڵبوونەوەی ئایین بەدی دەکرا. لەوەش زیاتر، دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەری بوو، کە جێپێی بە ئایین لەق کردبوو. لەم ڕووەوە، بیرمەند (بوید شیڤەر)، ئاماژەی بەوە دابوو کە: "پاش ئەوەی ناسیۆنالیزم وەك ئایین سەیرکرا، ئەدی ناسیۆنالیزم توانی بەرەنگاری یاسا سروشتییەکان ببێتەوە، ئەمەش لەڕێی پروپاگەندەکردن بۆخۆی. لێرەوە، بوو بە گەورەترین هێز وسەرنجڕاکێشترین وبلاوترین ئاشتەنگ. بەپێچەوانەشەوە، چەند خۆی بخواتەوە، هێندەش بەهێز دەبێت وگڕوتینی زیاد دەبێت..[2]

بیرمەند (ویل دیورانت)، [*] کاتێك باس لە ئایین دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە:" چەند مەعریفە پێش بکەوێت یان گۆڕانی بەردەوامی بەسەردا بێت، ئەوەندەش ڕووبەڕووی ئەفسانە ولاهوت دەبێتەوە، کە زۆر بە خاوی بەرەوپێش دەچن، ئەوسا خەڵك وەك کۆت وزنجیری قورس و وەك بەربەستی قێزەون هەست بە سانسۆری پیاوانی ئایینیی دەکەن، بەسەر هونەر وئەدەبەوە. مێژووی فیکریی، لە قۆناغێکی وەهادا، دەچێتە قاڵبی ململانێی نێوان زانست وئایینەوە.[3] لە کۆمەڵگای ئەوکاتەی کوردستاندا، ئەو ململانێیە بەدی نەدەکرا. لەبەرئەوەی، زانست لە ئاستێکدا نەبوو کە بتوانێت بەرەنگاری ئایین ببێتەوە، بەڵکو ئایینی ئیسلامی پیرۆز، هەردەم یەکلاکەرەوەی کێشەگەلێك وهەڵسەنگێنەری تێکڕای بوارە جیاجیاکان بووە.

باشترین نموونە، بۆ کاریگەریی ئایینی ئیسلامی پیرۆز، بەسەر ناسیۆنالیزم وهەست وسۆزی نەتەوەییەوە، وەبیرخستنەوەی ئەفسەری سەربازیی کورد (سەلاحەدینی ئەییوبی)یە، کە ڕۆڵێکی

[1] د. جەعفەر عەلی ڕەسول: سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دا (١٨٨٠– ١٩٢٥)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧– ١٠٨

[2] بوید شیفر: القومیه عرض و تحلیل، دار مکتبة الحیاة– بیروت، لبنان، ١٩٦٦، ص ٣٥٤

[*] ویل دیورانت: ولیام جەیمس دیورانت (١٨٨٥– ١٩٨١ز)، فەیلەسوف ومێژوونووس ونووسەرێکی ئەمریکی بوو، خاوەنی گرنگترین کتێبە (چیرۆکی شارستانیەت) کە لە دانانیدا خێزانەکەی (ئاریل دیورانت) یارمەتیدەری بوو. ناوبراو ساڵی (١٩٦٨ز) مەدالیای (پۆلیتەرز)ی وەرگرت، وە ساڵی (١٩٧٧ز)یش مەدالیای (ئازادی) وەرگرت. ماوەی زیاد لە (٥٠) ساڵ لە دێیەکی ئەمریکیدا ژیانی بەسەر بردبوو لەپێناو دانانی ئەو کتێبە گرنگەی ئاماژەی پێدرا، وە کە پێکهاتبوو لە یازدە بەرگ. لە ڕاستیدا چیرۆکی شارستانیەت (قصة الحضارة) ئینسایکلۆپیدیایەك بوو دەربارەی فەلسەفەی مێژوو.

[3] ویل دیورانت: مێژووی شارستانێتی، و: ئازاد بەرزنجی، نەبەز کەمال نوری، دانا ئەحمەد مستەفا، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٦٠

سەرەکی گێڕابوو لە ڕاستکردنەوەی تەرازوی هێز بەلای ئیسلامدا. دیارە، لە (شەرەفنامە)ڕا، ئاماژە بە ئاکاری ناوبراو دراوە، کە چەند ئازا وداد پەروەر ودەستودڵ باش بووە. لەسەردەمی ئەودا، (میسر) گەیشتبووە چڵەپۆپەی گەشە ونموونەی ئارامیی. وەلێ، چەندین کاری خزمەتگوزاریشی ئەنجامدابوو، هەر لە مەدرەسەی قەڕافەی گەورە وگچکە ونەخۆشخانە وخانەقا وزۆر شتیتر.. [1] لەوەش گرنگتر، ناوبراو، تا مردن لەپێناو ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا جەنگابوو. مێژوو، گەواهیی نەبەردییەکانی ئەو دەدات لەوەی پێگەی ئیسلامی لەو ناوچە فراوانەدا چەسپاندبوو. کاتێکیش، ناوبراو کۆچی دوایی کردبوو، تەرمەکەی لە نزیك مزگەوتی ئەمەوی لەشاری (دیمەشق)، بەخاك سپێردرابوو.

هەژیی گۆتنە، دەکرێت بپرسین، کەسایەتی سەلاحەدین لەگەڵ ئەو هەموو نەبەردی وخۆڕاگری وکارە دیارانەی ئەنجامیدابوو، بێجگەلە خزمەت کردن بە ئایینی ئیسلامی پیرۆز وپێگە وشوناسی عەرەب، چ کارێکی دیاری کردبوو بۆ کورد؟ ناوبراو، چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەفسەرە کوردە پلەدارەکانی سوپای عوسمانیدا هەبووە، کە بە دڵسۆزییەوە فەرمانەکانی سوڵتانیان جێبەجێ کردووە؟ ئەو، هەردەم، بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە ئایینی ئیسلامی پیرۆز کردووە. بەلاَم، نەیتوانیوە سوود لە خوازیاریی کریستیانەکان لە دەستبەسەراگرتنی خاکی قودسی پیرۆز وپێگەی ئیسلام وەربگرێت، یاخود لاوازیی دەسەلاَتی ئەوکاتەی عەرەب بقۆزێتەوە، لە بەرژەوەندی کورد. ئاشکرایە، لەو کاتەدا پێگە ودەسەلاَتی جیۆسیاسی ئەو، هەرگیز کوردستان نەبووە، بەڵکو شام ومیسر ویەمەن وباکووری ئەفریقیا بووە. ئەمڕۆکە، جیهانی ئیسلامی ودەسەلاَتداران وڕۆشنبیرانی عەرەب، هەردەم وەك سەرکردەیەکی ئیسلامیی، سەیری ناوبراو دەکەن، نەك وەکو کوردێکی دڵسۆز بۆ ئایینی ئیسلامی پیرۆز.

لە پەراوێزی یەکێك لە بەڵگەنامە بەریتانییەکان، لە (٣/ کانونی دووەم/ ١٩٠٩)دا، پلەدارێکی بەریتانی، بەناوی (دەبلیو، ب، هێرد) لە نامەیەکیدا بۆ حکومەتی بەریتانی، ئاماژەی بەوە دابوو، کە لە مزگەوتی گەورەی شاری دیاربەکر، بە ئامادەبوونی (دە هەزار) کەس، ئاهەنگێکی ئایینیی تایبەت گێڕدرابوو. لەو ئاهەنگەدا، بڕوانامەیەك (وثیقة) لەلایەن (سێ هەزار) کەسەوە واژو کرابوو، کە تیایدا پەیوەستبوون و وەلائی خۆیان بۆ سوڵتان وشەریعەتی محەممەدی، دووپات کردبوەوە. ناوبراو، لە نامەکەیدا ئەوەی نووسیبوو کە: " هیچ گومانی تێدا نییە، کە پروپاگەندەکردن بۆ شەریعەت، زۆرینەی جەماوەری کوردی نەزان ڕازی دەکات." [2]

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، گەلی کورد، زۆر زیاتر لە نەتەوەکانیتری ناوچەکە، پەیوەستتر بوون بە ئایینی ئیسلامی پیرۆزەوە. هەموو ناوچە وخێڵ وکایە وسەرخان وداکەوت وبگرە نەوە لەدوای نەوەش، لە خزمەتی ئاییندا بوون. هەرچەندە، ئەوە کارێکی پیرۆزی پێویست وبەجێیە، بەلاَم دەکرا کونجێکیش بۆ هەستی نەتەوایەتی وخۆییبوون بڕەخسێنرایە، تاوەکو نەوەکانی ئەمڕۆ، مانای سەربەخۆییان بزانیایە. دیارە، ئەمە لە کاتێکدایە، کە نەتەوەکانیتر لەڕێی ئایینەوە، توانیویانە بوون وقەوارەی سیاسی وپێگەی جوگرافیی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، واتە بەدەستهێنانی دەوڵەتی ئایینیی

[1] شرفنامەی شرفخانی بدلیسی: و: هەژار، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد– نەجەفی پیرۆز، ١٩٧٢، ل ١٦٢

[1] الکورد في الوثائق البریطانیة: ت: د. عثمان علي، المصدر السابق، ص ١٠٥

وئايينزايي، كه تێكڕاى هۆز وخێڵ وناوچه وديالێكته جياجياكانيان لەخۆ دەگرێت. ئەمە بێجگەلەوەى، تێكڕاى خاكى كوردستان، بەو يەكانەى كە ئامارەشيان پێكرا، خزێنراونەتە نێو سنوورى ئەم دەوڵەتانەوە، بۆيە هەردەم گەلى كورد وەك كەمينەيەك مامەڵەى لەگەڵدا كراوە.

شايستەى وتنە، نەتەوەى عەرەب، پێشتر ولە سەردەمى خەليفەى ڕاشدينەوە كاريان لەسەر بەعەرەبكردنى (تعريب) تێكڕاى دامودەزگاكانى دەسەڵاتى ئيسلاميى كردووە. هەرگيز، ڕێگەيان نەداوە، پايە هەستيارەكانى دەسەڵات لەلايەن كەسانێكى سەر بە نەتەوەكانيتر داگير وبەكارببرێت. هەردەم، شانازييان بەوەوە كردووە كە زمانى ڕەسەنى ئاخاوتنيان عەرەبييە، بەوەى زمانى قورئانى پيرۆز وباووباپيرانيانە. بەڵام، خۆى لە خۆيدا، پەيڕەوكردنى جۆرێك لە هەست وسۆزى نەتەوايەتييە، كە دەشێت لە خانەى پرۆسەى نەتەوەييدا جێگەى بكرێتەوە، ئەمەش كارێكى ئاوەزمەندانەيە. شتێكى شاراوە نييە، كە نەتەوەى عەرەب بەهۆى كاريگەريى ئايينەوە، تواني گەورەترين ئيمپراتۆريەت وشارستانيەت بۆخۆى بپچڕێ. كەچى، گەلى كورد، لەگەڵئەوەى هەردەم يارمەتيدەرى ئەو نەتەوانە بووە بۆ دامەزراندنى شارستانيەت ودەسەڵاتەكانيان، بەو مانايەى كە هەردەم ئامراز بووە، بەڵام لە هەمان كاتيشدا پشتگوێخەرى ئامانجى سەرەكى وئاييندە وقەوارە وبوونى خۆيشى بووە. هەڵبەت، لەگەڵئەوەى زمانى كوردى لەنێو نەتەوەكانيتردا، ڕێگەپێدراو نەبووە ومايەى سووكايەتيپێكردن وگاڵتەجاڕيى بووە، گەلى كورد، خۆيشى خەتابارە لەوەى هێندەيتر زمانى دايكى پەراوێز كردبوو. ديارە، نووسينى هەموو بابەتێك، بە زمانى عەرەبى وتوركى وفارسى، بێجگەلە كوردى بووە. زۆر سەيرە، لەوەدەچێت گەلى كورد لەو سەردەمانەدا، بەتايبەت منەووەرانى كورد، ئەو كارەيان بەلاوە زۆر سانا بووبێت.

ئەمە، لە ڕووى زمانەوە، ديارە لە ڕووى ئايينيشەوە، بگرە خراپتر بووە. وەكى باسكرا، پێناچێت كونجێك بۆ هەستى نەتەوايەتى مابێتەوە، ئەو هەولانەشى لەملا ولەولا دراون، هاريكاريى وگوێبيست وپشت وپەنايەكى باشيان بۆ نەڕەخساوە، بۆيە هەر زوو پوكاونەتەوە وزۆرجاريش بە هاندانى دوژمنان، ئەو كەسانە بە لادەر ومسقۆف لەقەڵەم دراون. كارێكى زۆر ئاسايى بووە، كوردێكى موسوڵمان، خوێنى برا كوردەكەى، بەڵام لە ئايين وئايينزايەكيتر بڕێژێ. ئەمڕۆشى لەگەڵدا بێت، گەلى كورد، زۆر بە شانازييەوە ڕێز لە ئايين دەگرێت، بەڵام دەبێت كەمەكێك وشيار ببێتەوە لە ئاست هۆشيارى نەتەوەيدا، وئارەقى شەرمەزاريش بسڕێت، لەو حاڵەت و واقيعەى بوونى ئەمڕۆى گەلێكى زۆر وزەوەندى بێ دەوڵەتى تێكەوتووە.

بە سەرنجدان لەم ڕاستييانە، ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەبێت، كە هەردەم ناسيۆناليزم وهەستى نەتەوايەتى وخەباتى مێژوويى گەلى كورد بۆ بەدەستهێنانى خواستەكان ومافە ڕەواكان، لە سەردەمى خەلافەت وبالادەستيى سوڵتاندا، جۆرێك لە خاوبوونەوە وكاڵ وكرچيى وملكەچبوونى بەخۆوە ديوە. لەبەرئەوەى، ئەو جۆرە دەسەڵاتانە، هەڵگرى سيمبولێكى پيرۆز وبەهايەكى ڕۆحيى بەرز بوون، كە هەرگيز دەربڕينى ناڕەزايى قبوڵ نەدەكرد. هەردەم، دژايەتى سوڵتان بە تاوانێكى گەورە لەقەڵەم دەدرا، بەوەى ئەو كارە مەترسى وكاريگەرييەكى ئەوتۆى لە زەينى تاكى كورددا دروست كردبوو، كە بەخشينى لەودنيا مەحاڵ دەبوو. بەمەش، هەست وسۆزى ئايينيى زاڵ دەبوو بەسەر هەست وسۆزى نەتەوەييدا.

تێكستە مێژووييەكان، ئەو بەڵگەنامە حاشاهەڵنەگرانەن، كە ڕاستى ئەم حەقيقەتانەمان بۆ

دەخەنە ڕوو. لاپەڕەکانی مێژوو، ئەوەیان تۆمار کردووە کە جیاوازی مەزهەبیی، هۆکاری دروستبوونی شەڕ وشۆڕ وئاژاوەگێڕی نێوان دانیشتوانی شارەکانی شارەزوور بووە. لەم ڕووەوە، ئیبن موهەلهەل، باسی لەو شەڕە فەوتێنەرە کردووە کە ساڵی (٣٤١ ك- ٩٥٢ز) لەنێوان دانیشتوانی شاری (بیر) کە شیعەی زەیدی بوون، لەگەڵ دانیشتوانی شاری (نیم ئەزری) ڕوویداوە، کە سەرەنجام بیرییەکان دەشکێن وچەندین کەسیان لێدەکوژرێت وماڵ وکەلوپەل وزەوی وزاریان دەسوتێنرێت..[1]

هەروەها، لە (ڕاپەڕینی قۆچگیری) ساڵانی (١٩٢٠- ١٩٢١ز)، کە لە ناوچەی دێرسیم ڕوویدا، جیاوازی مەزهەب وبیروڕا لە نێوان کورداندا، یارمەتیدەرێکی باشی تێکشکانی ئەو یاخیبوونە بووە. کوردە سوننییەکان، ئەم یاخیبوونەیان بە ڕاپەڕینی عەلەوییەکان زانیبوو، وە گومانیشیان لەوە هەبوو کە پەیوەندییان بە ئەرمەنییەکانەوە هەبێ، بۆیە بۆی بەپەرۆش نەبوون.. [2] دواتر، لە میانەی ڕاپەڕینی (شێخ سەعیدی پیران)دا لەساڵی (١٩٢٥ز)، هۆزە کوردە عەلەوییەکانی دێرسیم، بەتایبەتی (هەرمك ولولانەکان) بەهۆی بەشدارینەکردنی پێشووی هۆزە کوردییە سوننەکان لە ڕاپەڕینی قۆچگیریدا، ئەمانیش پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید نەبوون. بەوەی، یاخیبوونی سوننییەکانە دژ بە حکومەتێکی تورکیی سوننی مەزهەب..[3]

سەربار، ئەمڕۆ، کە سەردەمی گلۆبالیزەیشنە، کورد هەمان کێشە وهەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە. ئەوەتا لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پارلەمانی تورکیادا، کە لە (١٢/ ٦/ ٢٠١١ز)دا ئەنجام درا، ئەگەرچی بەرزبوونەوەی کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی تورکیادا، لە (٢٢) کورسی ساڵی (٢٠٠٧ز)ەوە بۆ (٣٦) کورسی لە ساڵی (٢٠١١ز)دا، بەلای زۆرێك لە چاودێرانی سیاسییەوە، گەڕانەوەی متمانە بوو بە سیاسییەکانی باکووری کوردستان، لێ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ناوچە کوردنشینەکانی "دێرسیم، ئورفە، شەمشوور، ماراش، مەلاتیا"دا، بێهیواییەکی دیکە بوو. بەو پێیەی کە کوردەکان، لەبری (بەدەپە)ی کوردی، (جەهەپە)ی کەمالییان هەڵبژارد. واتە، ئەو پارێزگایانەی کە بە (عەلەوی) ناسراون وپەیڕەوی مەزهەبی شیعە دەکەن، ئەگەرچی زۆرینەشیان کوردن، کەچی لەم هەڵبژاردنەدا دەنگیان بە (بەدەپە) نەدا و(جەهەپە)یان هەڵبژارد. هۆکارەکەشی، وەك زۆرێك لە شارەزایانی سیاسی ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەوەیە کە مەزهەب لای عەلەوییەکان لە ناسنامە گرنگترە. بەمەش، زوڵمێکی گەورەیان لە خۆیان وناسیۆنالیزمی کوردی کرد.

سترانبێژی ناسراوی کورد، (فەرهاد تونج)، کە خۆی بۆ نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی پارێزگای دێرسیم لە پارلەمان کاندید کردبوو، تەنیا (١٠) هەزار دەنگی بەدەستهێنابوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە (تونج) لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە خزمەتێکی گەورەی پارێزگاکە وبزاڤی سیاسی کوردیی لە تورکیادا کردووە. بەهۆی هەڵوێستەکانیشیەوە، چەندینجار ڕووبەڕووی زیندانیکردن بووەتەوە. دیارە، ناوبراو هەر لەبەرئەوەی سوننی مەزهەب بووە، بۆیە ئەوەندەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. بەمەش، تووشی

---

[1] د. حکیم احمد خوشناو: الکورد وبلادهم عند البلدانیین والرحالة المسلمین (٢٣٢- ٦٢٦هجري/ ٨٤٦- ١٢٢٩میلادي)، الطبعة الاولی، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزیع- دمشق، سوریا، ٢٠٠٩، ص ٣٠٣

[2] ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤

[3] ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٨

نیگەرانیی وبێهیواییەکی زۆر بووە لە ئاست خەڵکی دێرسیم. لەبەرانبەردا، سەرۆکی پارتی (جەهەپە)، (کەمال کلچدار ئۆغلۆ)، لەبەرئەوەی خەڵکی دێرسیم بوو، لەم هەڵبژاردنەدا دەنگیان پێدا..[1]

کوردستان، لە سالآنی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی ودواتریش، شێوە ژیانی کۆمەلآیەتی، ئابووریی ،کشتوکاڵیی ،گوندنشینی وشێوازی سەرەتایی بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵی بەسەردا زاڵ بوو. چ لە شارەکان، چ لە گوندەکان، خێڵ بنەمای پێکهێنانی بونیادی کۆمەلآیەتی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو. ئەوەی سەرپەرشتی کاروبارە جیاجیاکانی خێڵیشی دەکرد، بریتی بوو لە دەسەلآتی بێسنووری شێخ ودەرەبەگەکان. بە مانایەکیتر، فەرمان وبڕیاری شێخان ودەرەبەگەکانی کورد، نەك تەنها هێزی کۆمەلآیەتی، بەڵکو هێزی یاسایی وکارگێڕیشی هەبوو. بۆیە، دەیانتوانی لە سالآنی جەنگ ودواتریشدا، ڕۆڵی کاریگەر لە ململانێ ناوچەیی ونێودەوڵەتییەکاندا ببینن وسەرکردایەتی جولآنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی گەلی کوردیش لە ئەستۆ بگرن.

شێخ مەحموودی نەمر، کە زیندووترین سومبولی خۆڕاگریی وشۆڕشگێڕیی سەردەمی نوێ بووە، باشترین وگونجاوترین نموونەیە، کە لێرەدا جارێکیتر ئاماژەی پێبدرێت. شێخی نەمر، کە نەك هەر تەنیا پیاوێکی ئایینیی وخاوەنی پاشخانێکی ئایینیی قووڵیش بووە، بەڵکو یەکەمین ڕێبەری دیاری کورد بووە، کە پشتگیریی بانگەوازی جیهاد وغەزای تورکەکانی دژی بەریتانیا کردووە. ڕۆژی (١٢/ نیسان/ ١٩١٥ز)، بە خۆیی وژمارەیەك جەنگاوەری کوردەوە، شان بەشانی ئەوانەی کە پێیان دەوترا "موجاهیدینی عەرەب" لە بەرژەوەندی تورکە عوسمانییەکان لە (شوعەیب)ە، دژی ئینگلیز بەشداری شەڕی کرد. هەر لەو ساڵەدا، شێخ، بە ژمارەیەك جەنگاوەرەوە ولەسەر داوای بەشێك لە سەرۆك عەشیرەتە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژهەلآت، لە شەڕی دژ بە هێزەکانی ڕووسیا، لە سنووری پێنجوێن، بەشداریکرد وتوانی پەلاماری ڕووسەکان بۆسەر ناوچەکانی باشووری کوردستان بوەستێنێت. دوای ئەوەی عوسمانییەکان، داوای بەشداریی جەنگیان لە شێخ کرد، بە گوتەی (ئەحمەد خواجە)، بە ماوەیەکی کەم، بە هەزاران سوارە وپیادەی کورد بە ناوی غەزا ودیینەوە، بە چەك وخۆراکی خۆیانەوە ڕژانە ناو سلێمانییەوە.

وەك دواتر، ئەنجامی ڕووداوەکان دەریانخست، جوولآنەوەی سیاسی کورد، هیچ بەرژەوەندییەکی سیاسی ونەتەوەیی لەو شەڕانە وکۆمەك بە هێزەکانی تورکرا، نەبووە. بەڵکو، ئەوانە شەڕێك بوون، لەبری تورکی موسوڵمان وبە پلەی یەکەم، لە ژێر دروشمی فریودەرانەی جیهاد وغەزای تورك، دژی ئینگلیز وڕووسیا ولە بەرژەوەندی سێکوچکەی ستەمکاریی تورکدا کراون..[2]

مێژوونووس ولێکۆڵەری ناوداری کورد، (دکتۆر کەمال مەزهەر)، * لە دیمانەیەکی سازکراو

---

[1] هەولێر: ژمارە (١٠٧٦)، پێنج شەممە، ٢٣/ ٦/ ٢٠١١، ل ٣

[2] د. جەعفەر عەلی ڕەسول: سۆفیزم وکاریگەریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا (١٨٨٠– ١٩٢٥)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢– ١٧٥

* کەمال مەزهەر: دکتۆر کەمال مەزهەری ئەحمەدی حاجی ڕەسووڵ، ساڵی (١٩٣٧ز) لە ناحیەی (ئاغجەلەر) لە کەرکووك لەدایك بووە وباوکی ئەفسەری پۆلیس بووە. یەکێك لە کەڵە مێژوونووسانی کوردە وخاوەنی چەندین توێژینەوە ونووسین وبابەتی مێژووییە وبە چەندین زمان نووسینی هەیە وە مامۆستای زانکۆیە وکەسێکی ڕۆشنبیر ولێهاتووە. ناوبراو ساڵی

لەگەڵ یەکێك لە گۆڤارە کوردییە ناوخۆییەکاندا، ئاماژەی بەوە دابوو کە: "شێخ مەحموود، لە شەڕی شوعەیبەوە، چەکی دژی ئینگلیز هەڵگرتبوو، وە لەگەڵ ئۆزدەمیر پاشا کە پیاوی مستەفا کەمال ئەتاتورك بوو، وەفدی ناردبوو بۆلای وپەیوەندی لەگەڵدا دروستکردبوو. ئیتر چۆن دەتەوێت بەریتانییەکان دژت نەبن؟ لە هەمان کاتدا، گەر بەریتانییەکان نەبوونایە، ئەو نەختە مافەی کە هەشمانبوو نەمان دەما." [1]

گەلی کورد، نابێت ئەوەی لەبیر بچێت، کە هەردەم بەناوی پیرۆزییەکانەوە لەناوبراوە وڕاگوێز وئەنفال وجینۆساید کراوە. لەگەڵئەوەی قورئانی پیرۆز، پڕیەتی لە وتەی پیرۆز ودانایی وسۆز ومیهرەبانیی، بەڵام، عەرەب وتورك وفارس، بە ناوی بنەما ئایینییەکان وپیرۆزیی ئیسلامەوە گەورەترین تاوانیان لە هەمبەر گەلی کورد ئەنجام دەدا، کە مێژوو شاهیدێتی. سەربار، تاوانەکانی ئەنفالی بەدناو (١٩٨٨ز)، شایەتحاڵی ئەو داکەوتە تاڵەی ئەو سەردەمەن. هیچ سەیر نییە، گەر بڵێین بەر لە سەردەمانێك، هەمان تاوانی ئەنفال بەرانبەر بەو گەلە بێدیفاعە کرابێت. ئەوەتا، گەڕیدەیەکی فەرەنسی بەناوی (ژان پاتیستان پوژولا) (١٨٠٩– ١٨٦٤ز)، لە گەشتنامەکەی خۆیدا، کە ساڵی (١٨٤٠ز) بە ناوی (سەفەر بۆ ناو ئاسیای بچووك)، لە پاریس لە دوو بەرگدا چاپی کردووە، بۆخۆی گەواهی ئەم ڕاستییانە وئەم ماڵوێرانییە دەدات.

ڕەنگە، گەواهیدانی ناوبراو بۆ هێرشەکانی (حافز پاشا) بۆ سەر ئیمارەتی (سۆران)، لە هەموان زیاتر بێت. هەروەها، زیاتر لە چوار گەڕۆکی فەرەنسی، باسی ئەم هێرشە دەکەن وهەمووشیان لەو کاتەدا لەوێ بوون. پوژولا، باس لەو ماڵوێرانییە دەکات کە چۆن حافز پاشا بەسەر کورددا هێناویەتی. باس لەوە دەکات، کە چۆن چوار هەزار کورد (ژن وپیرەمێرد)، بەدیل گیراون وکارەساتی جەنگ، لەناو شار وئاواییە کوردییەکاندا دەگێڕێتەوە. ناوبراو، ئاماژە دەدا ودەڵێ: "دوای شکستی ڕەواندوز، یاخیبووەکان (واتە کوردەکان– نووسەر)، تووڕە بەدەست خیانەتی یەکێك لە سەرکردە سەرەکییەکانیان، (واتە بەگی ڕەواندوز– نووسەر) بە بێهیواییەوە، شەڕیان دەکرد وبە دڵڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو سەربازە تورکانە دەکرد، کە دەکەوتنە بندەستیان. لە وەڵامی ئەم کردەوەیەدا، ڕەشید محەمەد پاشا

---

(١٩٥٥ز) خوێندنی ناوەندی تەواو کردووە، ودواتر چووەتە (خانەی مامۆستایان)ی بەرز (کۆلێژی پەروەردە– دواتر) لە بەغدا وهەر لەوێش ساڵی (١٩٥٩ز) خوێندنی بەکالۆریۆسی بە پلەی (شەرەف) بەدەستهێناوە. لێرە بەدواوە کەمال مەزهەر کۆچ دەکات بۆ یەکێتی سۆڤێتی جاران بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا. هەر لەوێ لە ساڵی (١٩٦٣ز) لە (پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی) سەر بە ئەکادیمیای زانستە سۆڤێتییەکان بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست دێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو هەر بەردەوام بووە لە خوێندن بۆیە ساڵی (١٩٦٩ز) بڕوانامەیەکی بەرزتر لە هەمان پەیمانگا بەدەست دێنێت (دکتۆرای ناووك) کە لەو کاتەدا بە بەرزترین بڕوانامە لە خاکی سۆڤیەتدا لەقەڵەم دەدرا. پاش ماوەیەك کەمال مەزهەر دەگەڕێتەوە بۆ عێراق ودەبێتە مامۆستای بەشی مێژوو لە کۆلێژی ئاداب، دواتریش لە ساڵی (١٩٨١ز) پلەکەی بەرزدەکرێتەوە بۆ (مامۆستا– استاذ). لە نێوان ساڵانی (١٩٧١– ١٩٧٥ز) لە (کۆڕی زانیاری کورد) کاری کردووە وپاشان پۆستی (ئەمینداری گشتی) و(یاریدەدەری سەرۆکی کۆڕ بۆ کاروباری زانستی) گرتووەتەدەست. ئێستاش وەك خوێندکارێك هەردەم لە کۆشش وهەوڵداندایە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە مێژووی گەلی کورد وزانستی مێژوونووسی.

[1] عەبدوڵڵا زەنگەنە: بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە (دیمانە وگفتوگۆ لەگەڵ د. کەمال مەزهەر)، چاپی یەکەم، لە چاپخانەی گرین گلۆری لە بەیروت بەچاپ گەیەنراوە/ هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٩، ل ١٦٣

فەرمانی دەرکرد، لەگەڵ بەدیلگرتنی کوردەکان، سەریان بپەڕێندرێ. ئەم تۆڵەسەندنەوە وەحشەتناکە، سێ مانگ درێژەی کێشا، تا نزیکەی (١٠) هەزار کوردی چەکبەدەست، لە کاتی ئەشکەنجەداندا مردن. ژمارەی سوپای عوسمانی کە لەو ماوەیەدا لەناوچوون بە (٤) هەزار سەرباز دەخەمڵێنرێ، ژمارەیەکی بێشوماری ئاواییە کوردییەکانیش، تالأن وبڕۆ کران وسوتێنران."

پاشان دەڵێ: "دوای مردنی پاشا، سوڵتان سەرکردایەتی سوپای دایە (حافز پاشا)،...... دوای ئەوەی زیاتر لە (١٥) هەزار کوردی دەستبەسەر کرد، (٦) هەزار خێزانی لەم نەتەوەیە گوێزایەوە بۆ دیار بەکر...... لە هەمان کاتدا، لەناو دانیشتووانەکانی (تەلەعفەر) وشوێنەکانیتردا (٥٠٠) پیاوی بە سەربازگیریی برد وتێکەڵاوی هێزەکانی ئیمپراتۆریای کردن..... لە بناری، گاشەبەردە سووتاوەکانی (ئەلەجەداغ)، لەسەر زەوییەکی تەپوتۆزاوی وبێسێبەر، (٤) هەزار زینداني کورد، لە هەموو زایەند وتەمەنێك دەبینرێن. تەنانەت، یەك پارچە قوماشیشیان نییە بۆئەوەی ڕەشماڵێکی لێدروست بکەن. ئەم بەدبەختانە، لەوەتای شەش ڕۆژ دەبێت،هەموو خواردنێکیان، تەنها کەمێك نانی ڕەش وقومێك ئاوە. لە ماوەی سێ ڕۆژدا، نزیکەی بیست منداڵ لە باوەشی دایکیاندا مردن..... حافز پاشا، پرۆژەیەکی هەیە بۆ جێنشینکردنیان، لە چەند گوندێکی هەمەچەشنەی پاشالیکی خۆیدا، زەوییان پێدەدات بۆ چاندنی..... لە گەشتەکەمدا بۆ (ئەرگە)، بۆ ئۆردووی عوسمانی، پازدە گوندی کوردیم ژمارد، کە لەلایەن سوپای عوسمانییەوە تێکوپێك درابوون. نزیك ئەم کەمپە، بارەباڕی مێگەلی مەڕ وبزن، کە لە کوردەکان ڕفێندرابوون، دەنگی دەدایەوە. جەنگی (٨/ ئاب/ ١٨٣٧ز)، گەورەترین گورز بوو لە کوردەکان وەشێنرا......"[1]

مەبەستگۆی ئەم ڕووداوە مێژووییانە، جارێکیتر ئەنفالمان وەبیردێنێتەوە. واتە، نەك لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، بەڵکو لە سەردەمانێکی پێشتریشدا، هەمان پرۆسەی ئەنفال وجینۆسایدی بەدناو دەرهەق بە گەلی کورد پێڕەوکراوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا. جا ئەو پرۆسەیە، چ مەغزایەکی ئایینیی یا ئیتنیی یاخود سیاسی وزۆرێکیتری هەبووبێت. هەرکاتێکیش، دوژمنانی گەلی کورد، هەستیان بە مەترسی زیادبوونی نارەزاییەکان یان بەئاکام گەیشتنی بزوتنەوەیەکی میللی وهەر جۆرە جموجووڵێکی گەلی کورد کردبا، ئەوا ڕاستەوخۆ بە ناوی پیرۆزییەکانی ئایینەوە، بە توندترین شێوە ئەو ناڕەزایی ویاخیبوون وڕاپەڕینانەیان سەرکوت دەکرد. هەڵبەت، ئەم کردارەش، زۆرجار بۆ دوژمنان ئەستەم نەبووە، بەوەی هەردەم دەستە وتاقمێك لە نێوخۆی گەلی کورددا دەرکەوتوون، کە بەکرێگیراو ویارمەتیدەرێکی دڵسۆزی دوژمنان بوون.

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، مێژوو ناوی (مەلا ئیدریسی بەدلیسی) وکارەکانی لە لاپەڕەکانی خۆیدا تۆمار کردووە، کە دەکرێت لێرەدا وەك نموونەیەکی زیندووی ئەو کەسانە ئاماژەی پێبدەین، کە هەردەم لە خزمەتی بێگانە ودوژمنانی گەلی کوردا بوون. ناوبراو، لەگەڵئەوەی کەسێکی بەدەسەڵات ودیپلۆمات ودانا وژیر بووە، بەڵام بەهۆی هەوڵەکانی ئەوەوە بوو کە لە دوای شەڕی چاڵدێرانەوە

---

[1] گەشتنامەی پوژۆلا بۆ کوردستان ساڵی ١٨٣٧: وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی- هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٥٣- ٦٦

(١٥١٤ز)، زۆربەی خاکی کوردستان بە میرنشینە کوردییەکانیشیەوە، کەوتە ژێر ڕکێفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە. دەکرا، ناوبراو بە پێچەوانەوە، هەوڵەکانی بۆ ئەوە بخستایە گەڕ، کە دەرەنجام دەوڵەتێك یان فدراسیۆنێکی خێڵەکیی یا ئایینیی یا کەلتووریی وهەر شێوەیەکیتر، وە یاخود گردبوونەوەیەکی سەرتاسەریی کوردی پێ بهاتبایە بەرهەم. خۆ لەو کاتەدا، دەوڵەتی سەفەوی بەجارێك پەرێشان ببوو، کە شا ئیسماعیل بێجگەلە قوتاربوون، هیچی دی بۆ نەمابووەوە. لێ، دەوڵەتی عوسمانیش، ئەو سەرکەوتنە، بڕستی لێبڕیبوو، هەرچەندە خەڵکانێکی میرنشینە کوردییەکان، لە ساتەوەختی ئەو شەڕەدا وبەهۆی فاکتەری مەزهەبییەوە، ولە دژی قەتڵوعام وداگیرکارییەکان وماڵوێرانییەکانی سەفەوییەکان، یارمەتیدەرێکی باشی عوسمانییەکان بوون.

کەواتە، چی دەبوو، ئەگەر لەبری خۆبەدەستەوەدان وخۆبچووککردنەوە، بانگەوازی یەکێتی ودروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی پڕ شۆڕەت بدرایە؟ گەر، مەلای بەدلیسی، هێندە بەتوانا بێت کە زۆرینەی میرنشینە کوردییەکان بە ئاشتی بانگێش بکات بۆ ئەو کارە، ئەدی لەپای چی پێچەوانەکەی نەکردە ئامانج؟ خۆ ئەگەر، کەسێك بێت وبڵێت، لەوانەیە بەو هۆیەوە قەتلوعامی کوردان بکرایە، ئەوا دەبێت ئەوەش بزانێت کە لەو کاتەوە تا هەنووکە، کورد ڕووبەڕووی چەندین پرۆسەی جینۆساید وئەنفالی دوژمنان بووەتەوە بە چەندین قۆناغ. واتە، لەگەڵ خۆبەدەستەوەدانیشدا، کەچی هەوەس هەر لەسەر سەرکوتکردن وتواندنەوەمانە.

نووسەرێکی تورك، کاتێك باس لە سەرگوزەشتەی مەلا ئیدریسی بەدلیسی دەکات، بەم شێوەیە دێتە گۆ: "...... وەك دەگێڕنەوە، ئیدریسی بەدلیسی، دەگەڵ پێنج هەزار چەکداری کرێگرتە وگوێ بە فەرمان، هەڵدەکاتە سەر دیاربەکر. سەرلەشکری سەفەوی، قەرەخان، هەمبەر ئەم هێزەی عوسمانی، بەرگە ناگرێ وناچار هەڵدێ ودەچێ لە قەڵای ماردین خۆ قایم دەکا. لەشکری عوسمانی، پاش ئەوەی دیاربەکر لە عەجەمان دەستێنێتەوە، لەسەر خوایشتی ئیدریسی دەچێتە سەر قەڵای ماردین وئەوێش دەگیرێ..... لەو سەردەمە وەملاوە، هەروەك دیاربەکر وماردین، وەسەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی دەخرێ، هەروا وە هەوڵ وکۆششی ئاشتییانەی ئیدریسی بەدلیسی، ڕێککەوتننامەی نێوان کورد وتورك وەناو سوڵتان سەلیمۆ، لێل میرە کوردێل کوردستانا مۆر ئەکرێ وبەم جۆرە (٢٥) بیست وپێنج میرنشینی (خان نشینی) کوردی بەدلیس وئورمێ وعیتاق وئامێدی وجزرە وئەگیل وهۆزان وگارزان وپالۆ وسعێرت وحسنکێف (قەڵاکەیف) ومەیافارقین وجزیرەی ئیبن عومەر، وە ئاشتی، بە فەرمانڕەوایی عوسمانییەوە دەبەسترێن. سوڵتان سەلیم، دە بەرابەر ئەم سەرکەوتنە گەورە وپیرۆزانەدا، ئیدریسی بەدلیسی بە پاداشتی شایستە سەربڵند دەکا. فەرمانێکی بۆ دەنێرێ، ناوچەی دیاربەکر ودەوروبەری لەسەر تاپۆ دەکا." [١]

نووسەر، لە بەشێکیتری کتێبەکەیدا، فەرمانێکی شاهانەی سوڵتان سەلیم دەخاتە ڕوو، کە بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنانەوە بۆ بەدلیسی ناردووە وئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی: "........... مەلا حەکیمودین

---

[١] محەمەد بایراقدار: ئیدریسی بدلیسی، و: شکور مستەفا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٠

ئیدریس، خواوەندی گەورە درێژە بە کەمالأتت بدا، ئەم فەرمایشتە پادشاهانە بڵیندەمت دەگاتیٚ، دەبیٚ بزانی نامەکەت بە دەرگای بەختەوەرم گەیشت، ئەوەی لە تۆ چاوەنۆڕ دەکریٚ و وامی ئەستۆیتە بە جوانیت جێبەجیٚ کرد، وبووی وە مایەی دەسگیرکردنی سەرلەوەری دەڤەری دیاربەکر، وهەر خۆشت پارێزگاکانی دیکە سەروبەر دەنێی، نوازشت ودلأوایی بڵیندم لە هەقت زۆر وزەوەندن. دەوباری ئەوڕۆی تێیداین، تا دوای شەشەلأن، دوو هەزار فلۆری دراوی فەرەنگی وکەوڵە ساموورێك وشەکێکی تیسکن ودوو شیری بڕای زێرکفتی کالأن کەمخای فەرەنگیت لۆ بەدیاری ناردران. وە تەمای خوای فرە دلأوا، کە ئەوانەت دەگەنیٚ، بە لەشساغی وەریان دەگری ولەبەریان دەکەی وخەرجیان دەکەی، لەپای خزمەت وپاداشتی سەرڕاستی ونیهادپاکیدا، بە بڕێك لە نوازشتی هەمەڕەنگی فەرمانڕەوایی پرشنگدارم لەقەڵەم دران. بەر خوردار وبەختەوەربی..." [1]

سەرباری هەژاری ونەخوێندەواری وداگیرکاری ومالۆێرانی وجینۆساید وقاتوقڕی، کاریگەریی ئایینییش، بووە فاکتەرێکیتری لێکترازان وجودایی وزاڵبوون وئەکتیڤبوونی چەمکەکانی سەرکوتکاریی ودیسپۆتیزم وتۆتالیتاریزم، بە ڕووی کورددا. مانای، قورستربوونی ژیانی تاکی کورد لەنێوخۆی خودی کۆمەڵگای کوردیرا.

## ح- بالأدەستیی خێلأیەتی

هیچ گومانی تێدا نییە، کە جڤاکی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی، مۆرکی گوندنشینیی یان دەشتەکی بەسەریدا زاڵ بووە. ئەمەش، بووەتە هۆی ئەوەی کە چۆنیەتی ژیان وگوزەران وپەیوەندییە ئابوورییەکان وکۆمەلأیەتییەکانی دەستنیشان بکات، وەك کۆچەرییەك نەك وەکی شارستانییەك. هەڵبەت، کۆمەڵگای کوردیش، یەکێك لەو جڤاکە ئیسلامییانە بووە کە باسی پێشووی بەسەردا جێبەجیٚ دەبێت. بەوەی، بۆندی نێوان تاکەکانی، بنچینەیەکی خێڵەکی یان هۆزگەرایی هەبووە. لە لایەکیترەوە، گەڕان بەدوای لەوەڕگا ومێرگ وخاکێکی بەپیت، یەکێك لەو دیاردانە بووە کە گەڕۆکە ئیسلامییەکان تێبینییان کردووە وهەڵوێستەیان لەسەری هەیە، بەشێوەیەك کە داتاکان بووەتە زانیاریگەلێکی باش دەبارەی ئەو خێڵ وهۆزانە، بۆ ئێمە.

لەم ڕووەوە، چاکەکاری دەگەڕێتەوە بۆ گەڕۆکە موسڵمانەکانی سەدەی چواری کۆچی، لە دەستنیشانکردنی ناوی زۆرینەی خێڵ وتیرە کوردییەکان، وخاك ومالٌبات وجێنزرگە وخێوەتگە وقەلأکانیان. بەتایبەت، (مەسعودی وئیبن حوقل وئەستەخری ومەسعەر بن موهەلهەل ویاقوتی حەمەوی- المسعودي وابن حوقل والاصطخري ومسعر بن مهلهل وياقوت الحموي). [2]

لە مێژەوە، کورد وخێلأیەتی، ئاشنایەتییان هەبووە بە شێوەیەك کە تەواوکەری یەکتر بوون، هەنووکەش هەر کاریگەری هەیە. واتە، خێڵ سیمای سەرەکی کۆمەڵگای کوردی بووە. مێژوونووسان

---

[1] محەمەد بایراقدار: ئیدریسی بدلیسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠

[2] د. حكيم احمد خوشناو: الكورد وبلادهم عند البلدانيين والرحالة المسلمين (٢٣٢- ٦٢٦هجري/ ٨٤٦- ١٢٢٩ميلادي)، مصدر سابق، ٢٦٠- ٢٦١

ورۆژهەلاتناسان، پێشەنگی ئەوانە بوون کە ئاماژەیان بەو ڕاستیانە داوە. لەوانە، ڕۆژهەلاتناسی ڕووس (ڤلادیمێر مینۆرسکی)، * وەلێ چاوی بە میرنشین وقەوارەی سیاسی کوردی نەکەوتووە، بەلکو هۆز وپیاوماقولانی بینیوە. بۆیە، بنەمای تێگەیشتنی بۆ کورد ومێژوو وجوگرافیای ولاتی کوردان، ناسینی هۆز وتیرەکانیان وشوێنی هاتوچۆیان بووە. هەربۆیە، دەلێت: "لای هەمووان ڕوونە، کورد، هۆزی ڕەوەند وشارین بە تێکەلاوی لەگەلْ یەکدی دەژین." [1]

سەرباری بابەتی خێلایەتی، کاتێك ئاماژەمان بەوە دا، کە ناوبراو لەگەلئەوەی میرنشین وهۆزە کوردییەکانی سەردەمانی پێشووی نەدیوە، یاخود هاوسەردەمی ئەوان نەبووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مینۆرسکی لەخۆڕا یان دەماودەم ئەو زانیارییانەی دەربارەی مالباتە کوردییەکان نووسیبێ. بەلکو، ناوبراو سوودێکی زۆری لە شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی بینیوە. مینۆرسکی، ئەو ولاتی کوردانەی کە لە ژمارەیەك میرنشینی کوردی خاوەن ئۆتۆنۆمی دروست ببوو، کە لە لاپەڕەکانی شەرەفنامەدا خرابووە ڕوو، بە کوردستانی مەزنی ناونابوو. [2]

یەکێ لە دیاردە هەرە زەقەکانی کۆمەلگای کوردەواری، خۆی لە پاشماوە وشوێنەواری پەیوەندییە خێلەکییە نەریتییەکان وستراکتووری جڤاکیی کورد دەنوێنێ. ئەو بنیاتە، سیستەمێکی دەرەبەگایەتی تایبەتی لە خۆیدا حەشارداوە، ونەریتەکانی چەندین سەدەی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە، وخزاوەتە هەموو درزێکی کۆمەلی کوردەوارییەوە وشوێنەواری قوولْ ونەسڕاوەی تایبەتمەندی لەسەر باری ئەتنۆ– دەروونیی گەلی کورد بە گشتی وهەموو تاکێکی کوردیش بەجێهێشتووە.. [3]

دەوری خێلْ لە مێژووی کورداندا، هێشتا هەمەلایەنە تەماشا نەکراوە. لە سەیرکردنی گیروگرفتەکانی مێژووی تازە وهەرە نوێی بزوتنەوەی کوردیدا، ڕوانینێکی نێگەتیڤانە بۆ خێلْ سەری هەلداوە. خێلْ، بە یەکێك لە تەگەرە سەرەکییەکان دانراوە، لەسەر ڕێگای پرۆسەی یەکبوونی (ئێتنۆ سیاسی) کورداندا. پارتیکولیاریزمی (پارچە پارچەیی یان پەرتوبلاویی) خێلەتی، بە نەفرەتی مێژووی کوردی ناوبراوە. هەمیشە ئایدیۆلۆژیای خێلەتی، سەرکەوتووانە بەکارهێنراوە بۆ کپکردنی خەباتی نەتەوەیی– ئازادیخوازی کوردان–، ئەوەش فاکتێکە قسەی لەسەر نییە.. [4]

---

* ڤلادیمێر ڤیودۆرۆڤیچ مینۆرسکی، ڕۆژی دووشەممە (٥/ شوبات/ ١٨٧٧ز) لە شارۆچکەی (کورجیڤا)ی باکووری خۆرئاوای مۆسکۆ لەدایك بووە. لە (٢٥/ مارت/ ١٩٦٦ز) دا کۆچی دوایی کردووە. ڕۆژهەلاتناسێکی ڕووس بووە، دۆستێکی کورد وشارەزای ناوچەکە و زمانە ڕۆژهەلاتییەکان بووە. ناوبراو، خاوەنی چەندین بەرهەمی مێژوویی دانسقەی تێر وتەسەلە، دەربارەی کورد وکوردستان.

[1] تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم: ڤلادیمێر ف مینۆرسکی، و: ئازاد عوبێد سالح، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامە نووسی وچاپ وبلاوکردنەوە– هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٨، ل ١٢٧– ١٢٩

[2] ی. ئی. ڤاسیلییێڤا: شەرەفخانی بەدلیسی، سەردەم، ژیان، نەمری، و: د. ئارام عەلی، چاپی یەکەم، مەلبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٩٨

[3] پرۆفیسۆر م. س لازەرێف: کورد وکوردستان فاکتەرەکانی دروستبوونی کێشەکە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥– ٤٦

[4] ی. ئی. ڤاسیلیەڤا: کوردستانی خوارووی ڕۆژهەلات– لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦١

نووسەر (دەیڤد مەکدویڵ)، [*] لە ڕوانگەی خێڵایەتییەوە ئاماژە بە ڕووخانی کۆماری مەهاباد دەدات، بەوەی: " لە جەنگی جیهانی دووەمدا، بۆشایی دەسەڵات، هۆکاری دروست بوونی ئەم کۆمارە بوو. ڕاستە، بە ڕووکەش حکومەتی ئێرانی لەپشت ڕووخانییەوە بوو، بەڵام لە ڕاستیدا سەرکەوتنی کۆماری مەهاباد، وەك گوزارشتێك لە چەمکی (ئیتنی– نەتەوەیی) ودواتر داڕمانی، دەرەنجامی کەلتوری خێڵایەتی بوو، کە باڵادەست بوو بەسەر کاروباری کوردیدا.." [1] پوختەی مەبەستی ناوبراو، کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی عەقڵییەتی خێڵایەتی نێو کورد بووە.

کاتێك، میرنشینە کوردییەکان، لە نێوجەرگەی کوردستاندا سەریانهەڵدا، چەندین دەسەڵاتی سیاسی وئیداری سنوور دیاریکراویان بۆخۆیان چڕی. بەڵام، لە ڕووی پراکتیکەوە، ناتوانرێت بوترێت ئەم میرنشینانە هاوشێوەی دەوڵەتۆچکە یاخود هاوشێوەی میرنشینەکانی نیمچە دورگەی عەرەب بوون، بەوەی ئەوانەی باسکران دەسەڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن دامەزراوە، وەکی دەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن سەروەری ڕەفتار دەکەن. هەرچی میرنشینەکانی لەمەڕ ئێمەش بوو، هەرگیز خاوەن سەروەری تەواو ودامەزراوە نەبوون ودروستکراوی دوو ئیمپراتۆریەتەکەی ناوچەکە بوون، یاخود بە فەرمانی ئەوان جوڵاونەتەوە، ڕاستریش وایە بڵێین دروستکراوی بۆشایی دەسەڵات بوون. لەگەڵئەوەی هەلی زێڕینیش دەرەخسا، بەڵام عەقڵییەتی خێڵایەتی نەیدەهێشت بە شێوەیەکی سروشتیی گەشە بکەن ودواجار ببنە دەوڵەت لەسەر جوگرافیای خۆیان. هەربۆیە، سەرلەبەری شۆڕش وڕاپەڕینەکانی کورد، نەیانتوانیوە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن هەتا سەر، لەبەرئەوەی هەڵگری تۆوی ناسیۆنالیزم وپرۆژەیەکی نەتەوەیی نەبوون، بەڵکو دەرەنجامی توندوتیژی وکاردانەوە وکارلێکی بەرژەوەندییەکان بوون.

نموونەیەکی تر، تایبەت بە باڵادەستی خێڵانی کورد، ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان بووە. دیارە، ملنەدانی شێخی بارزان بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق، بەڵگەی بوونی گیانی فیداکاری وبەرگری وخۆبەدەستەوەنەدانە، کە ئەوەش لە دەرکەوتنی بنەماڵەی بارزانەوە، بەتایبەتی لە سەروەختی شێخ عەبدولسەلامەوە، بووەتە بەشێك لە کەلتووری ئەم بنەماڵەیە. بەڵام، بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستا نییە، کە وەکی "ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی سەرتاسەریی" سەیر بکرێت، بەوپێیەی هەڵگری "گوتاری نەتەوەیی" بووبێت. ڕەنگە تاکە ڕەگەزێك، کە بشێت بە ڕەگەزی گوتاری نەتەوەیی دابنرێت، ئەوە بێت کە ئەو ڕاپەڕینە لەلایەن پێکهاتەیەکی کوردی ولەسەر جوگرافیای خاکی کوردستان ودژ بە دەوڵەتی داگیرکەری ئەو جوگرافیایە ولەو سەردەمەدا کراوە.." [2]

واتە، زیاتر کاردانەوەیەکی سروشتیی بووە، بەرانبەر ئەو زوڵمەی لە گەلی کورد کراوە لەو ساتەوەختەدا. بەڵام، ئەوەی مەبەستە بوترێت، ئەوەیە کە ڕاپەڕینێکی ڕزگاریخوازی سەرتاسەریی "هەر چوار پارچەکەی کوردستان" نەبووە، کە پرۆژە وگوتاری کوردیی، ئامادەباشی تەواو بووبێت وکار لەسەر سەرخستنی شوناس وسیمبول ویەکپارچەیی گەلی کورد کرابێت. بەمانای ئەوەی، هەرچەندە ڕاپەڕینێکی کوردیی بووە، بەڵام بەشێکی گەلی کورد بەو شۆڕشە هەستاوە نەك تێکڕای گەل لە هەر

---

[*] دەیڤد ماکدویڵ: مێژوونووسێکی هاوچەرخە کە زۆرینەی بابەتەکانی تایبەت بە مێژووی کورد وکوردستانە.

[1] دیڤید مکدول: تأریخ الاکراد الحدیث، ت: راج آل محمد، الطبعه الاولی، دار الفارابي– بیروت، لبنان، ٢٠٠٤، ص ٣٥٧

[2] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣١٢

چوارپارچەکە، کاردانەوەیەك بووە دەرهەق بە توندوتیژی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکیتر، بەپێی پرۆژەیەکی نەتەوەیی پێشوەخت کارنەکراوە، بەڵکو شۆڕشی خێڵێکی کوردی بووە لە پێگە وجوگرافیایەکی تایبەتیی خاکی کوردستاندا، بەرانبەر دامودەزگای داپڵۆسێنەری حکومەتی عێراقی ئەو سەردەمە، لە چرکەساتێکی تایبەتدا.

لە سەردەمی حوکمداریی شێخ مەحموددا، ئینگلیز، دەرفەتێکی تری بە کورددا، بەڵام لەبری یەکخستنی هاوکێشە سیاسییەکان لەگەڵ ئینگلیز وبەشداری کارای گەمە وتێڕوانینێکی واقعییانە بۆ مەسەلەکە وهەڵسەنگاندنی بارودۆخ وپێگەی کورد. بەپێچەوانەوە، شێخ، دژایەتی ئینگلیز ولایەنگریی عوسمانیی وئۆزدەمیری هەڵبژارد، بەمەش جارێکی تر کورد لە تاقیکردنەوەی ئەمجارەی ئینگلیزدا دەرنەچوو. کەواتە، لەگەڵ نەبوونی ئەخلاقیەت وبوونی فرۆفێڵ لە سیاسەتدا، بەڵام کورد خۆی ئامادە نەبووە، بەپێی بەرژەوەندی خۆی وهاوکێشە وگەمەی سیاسی کار بکات. دیارە، هۆکەشی نەبوونی ستراتیژیی وعەقڵی سیاسی نەتەوەییە، کە هەردووکیان بەرهەمی ناسیۆنالیزمن..[1]

لایەنگریی توندی کورد، بۆ تاکگەرایی وخێڵەکی وسەرقاڵبوون بە ململانێ ناوخۆییەکان وڕازینەبوون بە کۆبوونەوە لەژێر ئاڵای کوردێکیتردا، چەندین شۆڕشی کوردی کۆن ونوێی بە شکست گەیاندووە. کاتێك، شەریف پاشای ئەفسەر ودیپلۆماتی گەورەی کورد، لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، هەوڵی دەدا بۆ ڕازیکردنی ناوەندە سیاسییەکانی ئینگلیز وفەرەنسا، بۆ ئەوەی کوردستانی سەربەخۆ دابنێن. کەچی، زۆربەی گەورەکانی کورد، بەرقییەیان دەنارد بۆ ئەو ناوەندانە وهەوڵەکانی شەریف پاشایان ڕەت دەکردەوە، وئەوەیان ڕادەگەیاند کە پابەندن بە مانەوە لەگەڵ برا دینییەکانیان (واتە تورك)، کە ئەتاتورك وکۆمەڵە تۆرانییە ڕەگەزپەرستەکەی ڕابەرایەتییان دەکرد..[2]

وەڵامگۆی قسەکان، هەمان مەبەستەکانی پێشوو دەخەنەوە ڕوو، کە کاریگەریی ئایین وململانێ وعەقڵییەتی خێڵایەتی وناوچەگەریی وباش سیاسەتنەکردن وئامادەنەبوونی دیسکۆرسی نەتەوەیی، هۆکاری هەڵەکانی سەرکردە وشۆڕشە کوردییەکان بوون، بە درێژایی مێژوو.

لە ڕاپۆرتێکی سەربەخۆی تایبەت بە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، دەربارەی کێشەی کورد، کە لە حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٣ز)دا، نووسراو وئامادە کراوە. لە بەشێکیدا، هاتووە: "..... لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦– ١٩٨٠ز)، شەڕ لە نێوان (پارتی دیموکراتی کوردستان) و(یەکێتی نیشتمانیی کوردستان)دا لەسەر دەسەڵاتی ناوچەیی قەوما......"[3] دیارە، (پ. د. ك.) و(ی. ن. ك.)، لەبەرئەوەی بە فەلسەفە وناوچەگەریی جیۆگرافی وجیاوازی شێوەزمان لەیەك جودان، بۆیە هەندێجار هاریکاری یەکتریان کردووە وهەندێجاریتریش خوێنی یەکترییان ڕشتووە..[4]

وێڕای ئەو قسە وباسانەی کرا، ئەم ڕووداوانە، پشت ڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستییەن کە:

---

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢١٥

[2] د. ئەحمەد مەحموود ئەلخەلیل: مێژووی کورد لە شارستانی ئیسلامدا، و: زرار عەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند– سلێمانی، ٢٠١١، ل ٩٤

[3] د. کەمال مەزهەر: کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، ل ٥٦١

[4] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢

**عەقڵییەتی خێڵایەتی، هەردەم بەسەر عەقڵی سیاسیی کوردەوە باڵادەست بووە. هەڵبەت، عەقڵییەتی کورد، هەموو کات لەسەر بنەمای ئەو چەمکە خەلدونییە کاریکردووە کە دەڵێت:" من دەسەڵاتی خۆمم دەوێت، ئەگەرچی ڕووبەری ئەو دەسەڵاتە بە ئەندازەی ڕووبەری بەردێك بێت." [1]**

**لە (١/ ١٢/ ١٩١٨ز)دا، حاکمی مەدەنی لە بەغدا، ئارنۆڵد وێڵسن، بە فڕۆکەیەك بەرەو سلێمانی بەڕێکەوت ونامەیەکی بە شێخ مەحموود دابوو، کە دەیکردە "حوکمدار" یان فەرمانڕەوای هەموو ئەو ناوچانەی ئەکەوتە نێوان زابی گەورە وڕووباری دیالەوە. ئەو ڕووبەرەی کە گەورەترین بەشی ناوچە کوردییەکەی ناو قەڵەمڕەوی ویلایەتی موسڵی پێکدەهێنا. بەڵام، ناوبراو دوو مەرجیشی لەگەڵدا هەبوو، یەکێکیان ئەوەبوو کە دەبوایە هۆزەکان ئازادانە حوکمی شێخ مەحموودیان قبوڵ بکردایە. ئەویتریان، ئەوەبوو کە ئەبوایە بە ڕاوێژی بەریتانییەکان حوکمی بکردایە.**

**وەك دواتر، شێخ بەسەرهاتەکەی بۆ "باباعەلی" کوڕی گێڕاوەتەوە،**

**ئارنۆڵد وێڵسن پێی وتووە: "تۆ ئەبیتە فەرمانڕەوا ومەیجەر نوئێلیش دەبێتە ڕاوێژکارت، وڕێنوێنییەکانی ئەو جێبەجێ ئەکەیت."**

**شێخ مەحموودیش پرسیویەتی: "مەبەستت ئەوەیە کە ئەو هەرچییەکی وت، من وابکەم؟"**

**وێڵسنیش وتوویەتی: "زۆر ڕاستە، مەیجەر نۆئێل چی وت، ئەوە ئەکەیت."**

**شێخیش وەڵامی داوەتەوە: "لەو حاڵەتەدا، با مەیجەر نۆئێل ببێتە فەرمانڕەوا ومنیش دەبمە ڕاوێژکاری."**

**پێدەچێت، ڕووبەڕووبوونەوەکەی نێوان شێخ وبەریتانییەکان، هەر زووبەزوو بووبێت بە بنەمایەك بۆ خراپ لێکحاڵیبوون.. [2]**

**ئەوەش ژ بیر نەکەین، هەرچەندە نکووڵی لەوە ناکرێت، کە سیاسەتی بەریتانیای ئەو سەردەمە وپێشتریش وئیستاش، پڕیەتی لە هەلپەرستی، بەوەی ئەوان هیچ کار وکاردانەوەیەك ناکەن، گەر لە بەرژەوەندی خۆیان نەبێت. لە هەموو هاوکێشەیەکی سیاسی ئیقلیمیی ونێودەوڵەتیدا، هەرگیز ئاشتی تا سەر نییە، شەڕیش تا سەر نییە، بەڵام بەرژەوەندی تا سەر هەیە. بەمانای، ئەگەر گێڕانەوەکە بەو شێوەیەش بووبێت، ئەوا هیچ نەنگی وشوورەیی نییە، گەر سەرکردەیەك لەبەر بەرژەوەندی گەلەکەی، ڕاسپاردەی کەسانێکیتر قبوڵ بکات کە لە بەرژەوەندی گەلەکەیدا بێت. کەسانێك، کە بە گەورەترین هێز لە ناوچەکەدا دادەنرێن. دەبوایە، شێخی نەمر ئەوەی بزانیایە، کە لەگەڵئەوەی ئینگلیزەکان ئەویان وەك حوکمدارێك لە ناوچەکەدا داناوە، گەر بەپێی ڕاسپاردە وبەرژەوەندییەکانی ئەوانیش نەجووڵێتەوە، ئەوا بە ئاسانی لەو پۆستەی لایدەبەن. دیارە، سەرکردە عەرەبەکان، ئەو ڕاستییەیان باش دەزانی، بۆیە لە پێگەی خۆیاندا مانەوە بە جێگیری.**

**هەر لە سەرەتاوە، شێخی نەمر، هەوڵی ئەوەی دەدا کە بەهۆی ئەو دەسەڵاتەیەوە کە پێی بەخشرابوو، تێکڕای ناوچەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. هەڵبەت، ئەمەش بەلای ئینگلیزەکانەوە**

---

[1] **عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١١١**

[2] **دەیڤید کۆرن: ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکاند بە عێراقەوە- پێرسی کۆکس وئارنۆڵد تی. وێڵسن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧- ٢٨**

کارێکی نەخوازراو بووە. لەبەرئەوەی، پێشتر بە شێخیان ڕاگەیاندبوو کە وەلائی سەرجەم ناوچە وهۆز وخێڵ وتیرە کوردییەکان، دەبێت ئازادانەبێت. ئەمە، وبێجگەلەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکان، گەواهی دەدەن وئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە کەسایەتی مەیجەر نۆئێل، چەندە دڵسۆزی گەلی کورد بووە. خۆ ئەگەر، شێخی نەمر، ڕاسپاردەکانی ناوبراویشی جێبەجێ بکردایە (لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ شێخی نەمر)، ئەوا پێگە وسنوور ودەسەڵاتەکەشی نەدەکەوتە مەترسییەوە، واتە ئاییندەی گەلی کورد نەدەکەوتە مەترسییەوە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییانەش، حاکمی مەدەنی عێراق (ئارنۆڵد وێڵسن)، لە سەرەتای مانگی ئازاری (١٩١٩ز) دا، لە بەغدا ولە کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەفسەران وپلەدارانی ئینگلیزدا، کە بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی کوردستانی باشوور وهێدی هێدی کەمکردنەوەی دەسەڵات ونفووزی شێخی نەمر ساز کرابوو، دوو بڕیاری نابەجێی دەرکردبوو. یەکەمیان، ئەوەبوو کە "مەیجەر سۆن" شوێنی "مەیجەر نۆئێل" بگرێتەوە. دووەمیان، ئەوەبوو کە ڕێبدرێت بەو هۆز وخێڵانەی پێشتر لەژێر قەلەمڕەوی دەسەڵاتی شێخدا بوون، ئازادانە جیاببنەوە.[1] بەمەش، یەکەم گەلی کورد، دووەم شێخی نەمر، زەرەرمەندی یەکەم بوون، بەوەی بە یاسا هەوڵدرا پێگە ونفووزی شێخ سنووردار بکرێت. هەروەها، کەسایەتییەکی باشی ئینگلیز بە کەسایەتییەکی شەڕەنگێز ودوژمنکار بگۆڕدرێتەوە. واتە، هەموو ئەمانە، کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانەیان لەسەر گەلی کورد دەبێت.

**لەبیرم دێ، سولە یمانی کە دارولمولکی بابان بوو**
**نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو [2]**

[1] د. عمر محمد محمد کریم: القضیة الکوردیة في سیاسة الحکومات العراقیة ١٩٣٢- ١٩٤٥، المدیریة العامة للصحافة والطبع والنشر، مدیریة الطبع والنشر- السلیمانیة، ٢٠٠٩، ص ٣٩- ٤٠

[2] بەشێك لە شیعری دارولمولکی بابان، کە لە دیوانی شاعیری گەورەی کورد، شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە وەرگیراوە.

## تەوەری دووەم/ هۆكارە لاوەكییەكان:

### أ- كەمی ڕێژەی دانیشتووانی كورد

سەرچاوە مێژووییەكان وتوێژینەوەكانی ڕۆژهەڵاتناسان لەمەڕ كورد، هەریەك بە جۆرێك، باس لە ڕێـژەی كـورد دەكـەن، واتـە نـەبوونی ژمارەیـەكی سـتاندارد وپێوانـەیی ڕاسـتەقینە بـۆ هـەژماركردن وئامارگریی (احصائیة). بۆ نموونـە، ڕۆژهـەڵاتناس ومێژوونووسـی ئەرمـەن، (ئەرشـاك ساڤراسـتیان)، * كاتێك باس لە سەرژمێری وئامارگریی ئەو كاتەی عوسمانییەكان دەكات، ئامـاژە بـەوە دەدات كـە: "هـەتا سـاڵی (١٩١٤ن)، پرەنسـیپی سـەرەكی عوسمانییـەكان، بـۆ تۆمـاركردنی سـەرژمێری، بریتـی بـووە لـە زیادكردنی ڕێژەی (٢٥ ٪) بۆ ژمارەی ڕاستەقینەی توركەكان، وە كەمكردنەوەی ڕێژەی (٢٥ ٪) بۆ تێكڕای نەتەوەكانیتر، لەنێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. ئاماژەی بەوەش دابوو، كاتێك، توركیای كۆماریی، لە ساڵی (١٩٢٧ن)دا یەكەمین سەرژمێریی خۆیی ئەنجامدابوو، وە بەهۆی ئەوەی پێشتر لە ساڵانی (١٩١١- ١٩٢٣ن)، توركـەكان كوشـتارێكی زۆریـان لێكرابـوو، بۆیـە لـەم سـەرژمێرییەدا ڕێـژەی توركـەكانی (٥٠ ٪) زیاد ونەتەوەكانیتر (٥٠ ٪) كەمتر كردبووەوە."

شایسـتەی وتنـە، ڕۆژهەڵاتناسـی نـاوبراو، ئەوەشـی خسـتببوە ڕوو كـە: "سـاڵی (١٩١٥ن)، ڕاوێژكارێكی ئەڵمانیی، وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی، كتێبێكی دەربارەی توركیا بڵاوكردبووەوە، كە تیایدا ڕێژەی كوردی بە (٨٠٠٠٠٠) كەس مەزەندە كردبوو. بەڵام، ڕۆژهەڵاتناس ئەم ڕێژەیەی كوردی زۆر بە دوور لە ڕاستییەوە زانیبوو، لەبەرئەوەی كەسی ڕاوێژكار، كوردەكانی عێراق وسووریاشی لەگەڵدا كۆكردبووەوە. لە تەوەرێكیتردا، ساڤراستیان باس لەوە دەكات كە، دواتر ئاژانسی كۆمەڵەی گـەلان (وكالة عصـبة الامـم)، سـاڵی (١٩٢٥ن)، ولـە سـەروبەندی ناكۆكییـەكانی سـنووری موسـڵدا، بـە فـەرمی ڕێـژەی كوردەكـانی خسـتبووە ڕوو، بـەم شـێوەیە: لـە توركیـا: ١٥٠٠٠٠٠، لـە ئێـران: ٧٠٠٠٠٠، لـە عێـراق: ٥٠٠٠٠٠، لـە سـووریا وشـوێنەكانیتر: ٣٠٠٠٠٠ كـەس. كـۆی گشـتی: ٣٠٠٠٠٠٠ (واتـە، سـێ ملیـۆن كەس)." [١]

بە وتەی ئەفسـەری ئینگلیـز، مەیجـەر نوئێل، ولـە یاداشـتەكانی خۆیـدا، كە لـە سـاڵی (١٩١٩ن)دا نووسـیبووی، تیایـدا ئامـاژەی بـەوە دابـوو كـە: "لـە ئـەنجامی شـارەزایی وقـاڵبوونم لـەم ئاقـارەدا، ولـە توێژینـەوە وپشـكنینی سـەرژمێرییە ڕەسمییـەكانی عوسمـانی، گەیشـتوومەتە ئـەو دەرئەنجامـەی كـە سەرژمێرییەكانی دەوڵەت (٤٠ ٪)ی فڕیان بەسەر ڕاستی و واقیعەوە نییە. بەپێی ناوچە وڕادەی وریـایی

* ئارشـاك ساڤراسـتیان: توێـژەر ومێژوونووسـێكی ئەرمەنییـە، كـە بابەتگـەلێكی مێـژوویی ولێكۆڵەرانـەی زۆر وزەوەنـدی تایبەت بە كوردی هەیە.

[١] ارشاك سافراستیان: الكرد وكوردستان، ت: الدكتور احمد محمود الخلیل، الطبعة الثانیة، مطبعة دار سردم للطباعة والنشر- السلیمانیة، ٢٠٠٨، ص ١٨٦- ١٨٧

**خـەڵك وڕەگـەزی دانیشـتووان، ڕادەی گـزی وسـاختەکاری لـە سـەرژمێرییەکان وحەشـاردانی ژمـارە ڕاستەقینەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونـە، گـزی وسـاختەکردن لـە ناوچـە شـاخاوییەکاندا ولـەناو کۆچـەریی ودێهات نشینەکاندا دەگاتە چڵەپۆپە، بەڵام لە شار ودێهاتە باشەکانی دەوروپشتدا، ساختەکاری دێتە کزی وکەم دەبێتەوە." [1]**

**کەواتە، ئەو ڕێژەی (٤٠ ٪)ەی ئەفسەری ناوبراو، لە ڕێژەی (٥٠ ٪)کەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەن، کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، زۆر نزیکە وفاکتێکی مێژووییە. واتە، عوسمانییەکان هەردەم بەم میکانیزمە ئیشیان کردووە. لە لایەکیترەوە، مەیجەر نوئێل، سەرژمێرییە سەرەکییەکەی ساڵی (١٩٠٥ز) دەخاتە ڕوو، کە بە بڕوای ئەو، زۆر بە وردی وکارامەیی کراوە. بەڵام، ئاماژە بەوە دەدات کە: "خەوش وپەڕپووتی، تەنها لە پاراستن وموعامەلاتی تازەدایە کە پڕن لە پۆخڵەوات. ئەمە، کارێکی وای کردووە کە دەست بخرێتە ناو تۆمارەکان وبشێوێنرێت. هۆی سەرەکی ئەو خەوش وکەلێنانەش، ئەمەیە کە: کاربەدەستانی تورکیا، خۆیان لاواز وبوودەڵە بوون. هۆیەکیتریش، ئەوەیە کە کوردەکان لە سەرژمێرییەکان تەرێزیان دەکرد، تورکەکانیش تا ڕادەیەك هەر تەرێزیان دەکرد، چونکە ئەمانیش هەر لەوە دەترسان کە کوڕەکانیان بخەنە تۆمارەوە وببرێن بۆ خزمەتی سەربازی." [2]**

**مێژوونووس، پرۆفیسۆر (پاڤیچ)، [*] کاتێك باس لە سەرژمێریی کورد دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە: "لە کوردستاندا، سەرژمێرییەکی تەواو نییە، ئەوەشی هەبێت سەرژمێرییەکی بەشییە وهەموو ئەو سەرژمێرییانەی کراون بابەتیی نین." مێژوونووس، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە زۆربەی کات پشت دەبەسترێت بە سەرچاوە وئاماری ناکوردی، کە تیایدا ئەوپەڕی ژمارەی گشتی کوردەکان (لە جیهاندا)، خۆی لە (٩٤٠٠٠٠٠) کەس دەدات. هەروەها، ئاماژە دەدات ودەڵێت: "لە یەکێك لە سەرژمێرییە ڕووسییەکاندا، ژمارەی گشتی کوردەکان، دەگاتە (٦١٢٤٠٠٠) کەس. بەڵام، لە هەندێك سەرچاوەی ڕووسیتردا هاتووە، کە کوردەکان، ژمارەی دانیشتووانیان نزیکە لە (٧٠٠٠٠٠٠) کەسەوە. لەوانە، (٢،٥) ملیۆنیان لە تورکیا وئێران و(١،٢) ملیۆنیش لە عێراقدان. ئەمەش لەوکاتەدایە، کە ژمارەی کوردەکان بەپێی سەرژمێرییەکانی وڵاتانی ئەوروپا، لە نێوان (٤) تا (٤،٥) ملیۆن کەسدایە. بەڵام، ئەم ژمارەیە لە سەرچاوە کوردییەکاندا، دەگاتە نزیکەی (١٣٠٠٠٠٠٠) کەس (بەپێی سەرژمێریی ساڵانی شەستەکان وحەفتاکانی سەدەی ڕابردوو– نووسەر) کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە: لە تورکیا: (٧) ملیۆن، لە ئێران: (٤) ملیۆن، لە عێراق: (١،٨) ملیۆن، لە سووریا: (٧٥٠) هەزار کەسە." [3]**

**لەلایەکیترەوە، بەپێی هەردوو هاوپێچی ژمارە (٢)، (٥)ی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، کە بەرواری (١٩/ نیسان/ ١٩٣١ز) وشاری (بەیرووت)ی لێدراوە، کەسایەتی کورد، کۆلۆنێل (تۆفیق وەهبی)، تیایدا داواکارییەکانی گەلی کوردی ئاڕاستەی سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی**

---

[1] **یاداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستان: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩**

[2] **یاداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستان: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥**

[*] **پرۆفیسۆر پاڤیچ: مێژوونووس وپرۆفیسۆرێکی مێژووی یۆگۆسلاڤییە، لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان وسەرەتای حەفتاکاندا، کتێبی (کوردستان ومەسەلەی کورد)ی نووسیوە.**

[3] **پرۆفیسۆر پاڤیچ: کوردستان ومەسەلەی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠– ٢٣**

**ئینتیـداب، کۆمەڵـەی نەتـەوەکان لـە جنـێڤ کـردووە، ئامـاژەی بـەوە داوە کـە ژمـارەی دانیشـتووانی کوردستانی باشوور (عێراق)، لە (٨٠٠٠٠٠) کەس زیاترە..** [1]

**بـەپێی بەڵگەنامەیـەکی بـەریتانی، زۆر نهێنـی، ژمـارە (FO.٣٧١/١١٤٦٠) لـە (١٠/ شـوبات/ ١٩٢٦ز) کە لە (ئای. ئاڕ. بۆردلۆن) (جێگری نێردراوی گشتی مەزن لە عێراق) (نائب المندوب السامي العـام في العـراق)ەوە بـۆ سـێر (لیـۆ. ئـیم. ئیمـری) (وەزیـری کاروبـاری کۆلۆنیالـەکان) (وزیـر شـؤون المستعمرات) نێردراوە، (پێشتر، ئاماژە بە بەشێکی ئەم بەڵگەنامەیە درا) وە کە تیایدا، کۆمەڵێك باس وخواسی نێوان حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا وحکومەتی عێراقیی ئەو سەردەمە، لەمەڕ بڕیارێکی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) (عصبة الامم) وتایبەت بە پرسی کورد، خراوەتە ڕوو. وەلێ، لە خاڵی شازدەی ئەم ڕاپۆرتـە (بەڵگەنامـە)ی جێگـری نێـردراوی گشـتیدا، نـاوبراو ئامـاژەی بـەوە داوە، کـە:" کـورد (١٧ ٪)ی ڕێـژەی دانیشـتووانی عێـراق پێکـدێنن."** [2] **دەبێـت ئـەوە بـاش بـزانین، ئـەو ڕێـژەی (١٧ ٪)یـەی کـە لـە بیستەکانی سەدەی پێشوودا ئینگلیزەکان ئاماژەیان پێداوە، هەمان ئەو ڕێژەیە، ئەمڕۆ لە پارلەمانی عێراقی فیدراڵدا، دووبارە بووەتـەوە. بـەڵام، کەسـانێك هـەن، کـە گوایـە پارلـەمانتارن وهـەڵگری متمانـەی بەشێکی گەلی عێراقن، لە ژێر کلاوڕۆژنەی پارلەمانی عێراقدا، بە گومانەوە دەڕواننە دۆزەکە وئـەو ڕێژەیـە بە گەورەکراو وناڕەوا وزیادەڕۆیی دەزانن.**

**وێڕای ئەوانەی باسکرا، (وەدیع جوەیدە) ئاماژە بەوە دەدات کە: "تا سـاڵی (١٩٥٠ز)، ئامـارێکی چەسـپاوی دانیشـتوانی ئـەو وڵاتانـەی کوردیـان تێـدا نیشـتەجێیە، نـەبووە." لەمبارەیـەوە، ئامـاژە بـە ئەفسـەری بـەریتانی (سـی. جـەی. ئێدمۆنـدز)** * **دەدات، وەك یـەکێك لـە نووسـەرە سـەرەکییەکانی سـاڵی (١٩٥٠ز)، کـە سـەبارەت بـە کـورد نووسـیویەتی، تـەواوی ژمـارەی کـوردی بەوانـەی سـوریا ویـەکێتی شورەویشەوە بە (٥) ملیۆن کەس لە قەڵەمداوە. لەلایەکی ترەوە، نووسەر، ئاماژە بە چەند کەسایەتییەکی تـر دەدات کـە دەربـارەی ڕێـژەی کـورد ئامـاریـان ئەنجامـداوە لـە کـات وشـوێنی جیاجیـادا، هـەر لـە (٣٦٨٠٠٠٠)، (٣١٧٠٠٠٠)، (٣٨٠٠٠٠٠)، تا (٧٢٤٥٨٦٦)..** [3]

**مێژوونووسی گەورەی کورد (محەمەد ئەمین زەکی بـەگ)، ئاماژە بـە (٤٦٨٠٠٠٠) دەدات بـۆ ئـەم**

---

[1] **کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا: لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی: سەلمان عەلی، زنجیرەی کتێب (٩)، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٦٢، ٧٢**

[2] **الکورد في الوثائق البريطانية: ت: د. عثمان علي، المصدر السابق، ص ١٥٥**

* **سی جەی ئێدمۆندز: سیسێل جۆن ئیدمۆندز (١٨٨٩– ١٩٧٩ز)، کارمەندێکی سیاسی بەریتانی بوو لە عێراق، لە بواری کوردناسی وزمانی کوردیدا پسپۆڕ بووە. ساڵی (١٩١٢ز) پەیوەندی بە کاروباری دەرەکی بەریتانیای مەزنەوە کرد، وساڵی (١٩٥٠ز)یش بە پلەی وەزیر خانەنشین کرا. لە میانی کاری سەربازیدا ڕێزی لێنرا، چونکە سێ جار ڕەوانەی مەیدانی شەڕ کرابوو. ناوبراو یەکێك بوو لەو چەند کارمەندە سیاسییانەی ڕەوانەی کوردستانی عێراق کران وهەر لە (١٩٢٢– ١٩٤٥ز)ی لە بەڕێوەبەرایەتی مەدەنی عێراق کاریان دەکرد. ئێدمۆندز لەو کارەیدا زانیارییەکی چاکی دەربارەی کوردستان پەیداکرد وچەندین لێکۆڵینەوەی لەو بارەیەوە نووسیوە. هاوکات لەگەڵ زانای گەورەی کورد (تۆفیق وەهبی)دا پێکەوە فەرهەنگی (کوردی– ئینگلیزی)یان داڕشتووە. دواتر بووەتە مامۆستای زمانی کوردی لە زانکۆی لەندەن.**

[3] **پ. د. وەدیع جوەیدە: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، بنەما وپەرەسەندنی، و:ی. پ. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی سیما– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣٣– ٣٧**

ئاماره، هەروەها لە پەراوێزی کتێبە بەنرخەکەیدا، ئاماژە بە (بلەج شێرکۆ) دەدات کە ساڵی (١٩٣٠ز) دەربارەی ئەم بابەتە بە عەرەبی نووسراوێکی لە میسر بڵاوکردووەتەوە وژمارەی کوردی بە زیاد لە (٨) ملیۆن کەس لەقەڵەمداوە.. [١] (دەیڤد ماکدویل)، ساڵی (١٩٩٦ز)، باس لە ڕێژەی دانیشتوانی کورد دەکات، بەوەی (٢٤– ٢٧) ملیۆن کەسن.. [٢] بەپێی ئەو مێژووە، ئەم ئامارەی ناوبراو دوورە لە ڕاستییەوە..

بەپێی نوێترین ئامار، کە لە ویکیپیدیاوە وەرگیراوە، تێکڕای ژمارەی دانیشتووانی نەتەوەی کوردی لە جیهاندا بە (٥٥)ملیۆن کەس لەقەڵەمداوە، کە بەم شێوەیە دابەش بوون:

سەرەتا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەستپێدەکات، تورکیا (٢٢ ملیۆن)، ئێران (٨ ملیۆن)، عێراق (٦ ملیۆن)، سووریا (٤ ملیۆن)، کە دەکاتە (١٠ ملیۆن). پاشان، (١٥ ملیۆن)ەکەی تر کە ماوە، بەسەر کیشوەرەکانی ئەوروپا، ئاسیا، ئەمریکا، ئوستورالیا، ئەفریقادا دابەشبوون.. [٣]

لەگەڵئەوەی مەرج نییە ئامارەکان ڕاستبن، بەڵام تێکڕا جەخت لەو ڕاستییە دەکەنەوە کە کەمی ڕێژەی کورد لەچاو ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب وتورك وفارسدا ڕاستییەکی مێژووییە. هەربۆیە، وەك یەکێك لە فاکتەرەکان، کورد بە درێژایی سەردەمانێکی دواتر، ژێردەستەی ئەو نەتەوانە بووە، کاتێکیش ڕاپەڕینی کوردان بەرپا بووە، زۆر بەئاسانی، گەورەترین سوپا وچەك وجبەخانەی بۆ ئامادە کراوە، ئەمە بێجگەلەوەی کارلێکی بەرژەوەندییەکان وپرۆتۆکۆلەکانی دژ بە کورد، وە سیاسەتە دوژمنکارییەکانی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وسەفەوی، کاریگەرییان زۆر زیاتر بووە.

مێژوونووس (ڕۆبێرت ئۆڵسن)، لە پێشەکی یەکێك لە کتێبەکانیدا، ئاماژە بە ڕێژەی دانیشتوانی کورد دەدات وبە زیاتر لە (٣٥) ملیۆن کەسی خەملاندووە، کە نەوەی شارستانییەتی (ماد)ن، وزۆرینەیان بەسەر چوار دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وکەمەکێکیان بەسەر وڵاتانی یەکێتی شوورەوی جاراندا دابەش بوون.. [٤] لە بەرهەمێکیتریدا، ناوبراو، ئاماژەی بە بابەتی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران دابوو، وە باسی لەوە کردبوو کە کوردەکان توانیبویان نزیکەی (١٥٠٠٠) جەنگاوەر کۆبکەنەوە، لە کاتێکدا تورکەکان توانیبویان زیاد لە (٥٢٠٠٠) سەرباز ئامادە بکەن.. [٥] وێڕای، فرۆکە وئۆتۆمۆبێلی سەربازی وتۆپخانە وچەك وجبەخانەیەکی زۆر وزەوەند. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کە ڕێژەیەکی زۆری کورد، هاوکاری تورکان بوون بۆ دامرکانەوەی شۆڕش وڕاپەڕینی براکانیان. لەمبارەیەوە، ناوبراو، ئاماژە بەوەش دەدات کە بەشداربوانی ڕاپەڕینەکە نزیکەی هەموو کوردە زازا زمانەکانی ناوچە شاخاوییەکانی (لیجە– خانی– چەسەقچۆر) وە بەشێك لە کرمانج زمانەکانی (جبران، حەسەنان) لەگەڵ (میللی)یەکان

---

[١] محمد أمین زکی: کورد و کوردستان، جلد ١– ٢– ٣، چاپخانەی (دار السلام)– بەغدا، انتشارات سیدیان– مهاباد، ١٩٣١، ل ٣٧– ٣٨

[٢] دیڤید مکدول: تأریخ الاکراد الحدیث، ت: راج آل محمد، الطبعه الاولی، دار الفارابي– بیروت، لبنان، ٢٠٠٤، ص ٣٤

[٣] اکراد، التعداد الکلي: من ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة، ٢٠/ یولیو/ ٢٠١١، ar.wikipedia.org

[٤] روبرت اولسن: المسألة الکردیة في العلاقات الترکیة– الایرانیة، ت: محمد احسان رمضان، الطبعة الاولی، من منشورات دار آراس للطباعة والنشر– اربیل، کوردستان العراق، ٢٠٠١، ص ٧– ٨

[٥] ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣– ١٦٤

بوون. بەڵام، لەبەرانبەردا هۆزەکانی ناوچەی (شەرنەخ، جزیرە، سیرت، میدیات، ماردین، وان، گەودان، مام خوڕان، ئێزدیان، ئالان، گورگان، گارسانیس) بێلایەن یاخود بەشدار نەبوون. هەروەها، هۆزە زیلەکانی (بوروکان، میلان، حەیدەران، شادیلی، سەمسی، عەبدۆیی، جەلالی، داکوری، ژیرکان، ئادمان، تورولار)، ئەمانە نەك بەشدار نەبوون، بەڵکو شانبەشانی دەوڵەتی تورك دژی جەنگاوەرانی کورد دەجەنگان..[١]

گەر، چەند سەدەیەك بگەڕێینەوە دواوە، بە تایبەت بۆ سەدەی شازدەهەم وسەردەمی ڕاپەڕینە خێڵەکییەکانی کورد، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە ململانێی نێوان دوو زلهێزی ئەو سەردەمەی ناوچەکە (عوسمانی وسەفەوی)، هەروەها کوشتار وبارگرانی باج وخەراج وناهەمواریی کۆمەڵگای کوردەواری، چ کاریگەرییەکی نەرێنییان لەسەر ئاییندەی میرنشین وبنەماڵە ومالْبات وخێزانە کوردەکان دروست کردووە. بڕێ ڕووداو، کە هەر لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە لە ژیانی گەلی کورددا ڕوویاندا، ئەم نەتەوەیەی تووشی شەڕ وهەرایەکی سەخت کرد. هەر لە پاش شەڕی چاڵدێران (١٥١٤ز)، کوردستان کرا بە دوو بەشەوە. دیارە، بڕێ میرنشینی کورد، سەربەخۆیی خۆیان بە ڕەسمی لەدەستدا. سەر بە دەوڵەتی عوسمانی وسەفەویکردنی کوردستان، خۆشبەختی وبەختەوەریی بۆ کورد نەهێنا. بەڵکو، بە پێچەوانەوە، گەشەکردنی ژیانی ئابووری وکۆمەلاْیەتی ئەم گەلەی بەجارێك شێواند وخاکی کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕ وشۆڕی دووڕودرێژ، وگەلی کورد بوو بە هێزی ماددی ومەعنەوی ئەم شەڕ وشۆڕانە. مێژوونووسانی سەردەمی بەدلیسی، وای دەردەخەن کە لە شەڕ وشۆڕی نێوان عوسمانی وسەفەویدا، بڕێ ویلایەتی کورد تالاْن وسوتێنراون.

خەراج وباج وسەرانە ومولْکانەیەکی زۆر قورس، بەسەر کورددا سەپێنرابوو. دەوڵەتی سەفەوی وعوسمانی، نەتەوەیەکی هاوخوێن وبرای یەکدییان لێکدی ڕاستکردەوە وئاگری دوژمنایەتی نێوانیان خۆش دەکرد. پشت بەو ڕاستییانەی لە سەرچاوەکاندا نووسراون، بە درێژایی سەدەی شازدە، تەنیا هەر لە شەڕ وشۆڕەکانی عوسمانی وئێرانی وشەڕی تیرەگەریی نێوخۆ، پتر لە (١١٢) هەزار کورد لەناوچوون. شەرفخانی بەدلیسی،* کە بۆخۆی دان بەم نالەبارییەدا دەنێت، ژیانی میرە کوردێکی جانفولاد

[١] ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧ -١٥٦

* میر شەرەفخانی بەدلیسی: ڕۆژی (٢٥/ شوبات/ ١٥٤٣ز) لە قەلاْی (کەرەهروود) لە (قوم) لەدایك بووە. میر شەمسەددینی باوکی، لە هۆزی (ڕۆزەکی یان ڕۆژەکی) یە. هەشت ساڵ پێش لەدایکبوونی شەرەفخان، عوسمانییەکان میر شەمسەددینی باوکیان لەسەر تەختی میریی لابردبوو، ئەویش لە ڕقا دابوویە پاڵ سەفەوییەکانی دوژمنیان. لەبەرئەوە، شەرەفخان زۆربەی ژیانی لەگەڵ گەورە پیاوانی ئێراندا بردەسەر. لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە، باوکی ناردبوویە پایتەخت، لەوێ چەند ساڵێك لەگەڵ کوڕانی (شا تەهماسبی یەکەم) وخزمەکانی خوێندبووی. ناوبراو لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە تێکەڵ بە کاری میری ببوو. واتە ساڵی (١٥٥٤ز) کرابووە میری (سەلیان ومحەمەد ئاباد) لە ناوچەی (شیروان) لە باکووری ئازەربایجان. دواتر گوێزرابووەوە شاری (هەمەدان) وتا ساڵی (١٥٦٠ز) مابووەوە. ساڵی (١٥٦٦ز)، نازناوی میری هۆزی ڕۆزەکی پێبەخشرا. ساڵی (١٥٦٨ز) بووە فەرماندەی ئەو لەشکرەی ڕاپەڕینی (خان ئەحمەد خان)ی لە (لاهیجان)ی ناوچەی (گەیلان) دامرکاندەوە. ساڵی (١٥٧٦ز)، کە شا ئیسماعیلی دووەم هاتە سەر تەخت، شەرەفخان کرایە میری میرانی هۆزانی کوردی ئێران. ساڵی (١٥٧٨ز) کاتێك شای ناوبراو کوژرا و(محەمەد خودابەندە)ی کوڕی هاتە سەر تەخت، ئیدی ئێران بەرەو شەڕ وئاژاوەیەکی گەورە هەنگاوی نا. بۆیە لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٥٧٨ز)یەوە

(جانبولاد، گیانپۆلاّ- نووسەر) ناو، بە نموونە دێنێتەوە ودەنووسیّ:" تا ئاخرۆئۆخریی تەمەنی، کە (٩٠) ساڵی تێپەڕاندبوو، لە (٧٠) کوڕ، تەنیّ هەر (١٠) کوڕی بە سەلامەتی مابوونەوە." ئەم ژمارەیە با زۆریشی فوو تێکرابیّ، بەلاّم وا دەگەیەنیّ کە زۆربەی ئەو خەڵکە، لەو شەڕانەدا کە بۆ نەتەوەی کورد هیچ مانایەکی نەبوو، لەناوچووبوون.

ئیدی بەمجۆرە، لەم ڕاستییانەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە ئاکامی دەستێوەردانی هەردوو دەوڵەتی ناوبراو لە کوردستاندا، هێزی بەشەریی کەم بووەتەوە، وباری ئابووری بەجارێك تێکچووە کە مانی ئاسایی نەتەوەی کورد کەوتووەتە مەترسییەکی گەورەوە. یەکێك لەو ڕووداوانەی، لە سەدەی شازدەدا، ورەی بە گیانی کوردەواری بەردابوو، سەرەڕۆیی وکەللەشەقی کاربەدەستان وهەمەکارەی سوڵتان وشا وبەکۆمەڵ کورد قەلارکردن بوو. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، لە سەردەمی سوڵتان مورادی سێیەمدا، لەجیاتی تورکیّ کە بە دەستی کوردیّ کوژراوە، سەد نەجیبزادەی کورد ئیعدام کراوە. بەدلیسی دەنووسیّ: "سەرلەبەری ماڵ وسامانی ئەوانەی ئیعدام کرابوون، وەسەر خەزێنەی سوڵتان خران." ئەوەی ڕاستی بێت، کورد لە سەدەی شازدەهەمدا، بە ئاگری ناکۆکیی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی وسەفەوی دەسووتا. بۆ نموونە، کاتێك شا (تاماسپی یەکەم)، دەکەوێتە گومانەوە لە پەیوەندی نێوان عوسمانییەکان وتیرەی (دونبولی). ڕاستەوخۆ، (٤٠٠) کەسی بە یەك قەڵەم لەم تیرەیە بە ئەحمەد بەگ وسمایل بەگ وجەعفەر بەگیشەوە کوشتبوو. بەدلیسی دەنووسیّ: " (٣٠) کەسی دیکەش، لەوانەی لە دەرباری شادا خزمەتیان دەکرد، کوژران." هەر لەم سەردەمەدا، ولەبەرئەوەی چارەنووسی کورد کەوتبوە بەر هێرش ودەستێوەردانی عوسمانی وسەفەوی، ئەمە پاڵی بە سەرلەبەری تیرە وهۆزە کوردەکانەوە نا، لە دژی هەردوو دەوڵەتی ناوبراو، بۆ سەربەخۆیی خۆیان دەست بدەنە خەبات وتێکۆشان..[1]

دەکرێت بپرسین، گەر دەرگاکانی دۆزەخ لەو کاتەدا، بە ڕووی گەلێکی نەخوێندەواری خێڵەکی هەژاری دواکەوتووی وەك گەلی کورددا کرابێتەوە، ئەدی چلۆن ئەم گەلە نافەوتێت وڕێژەی دانیشتووانەکەشی بە شێوەیەکی ئاسایی ودروست زیاد دەکات؟ چلۆن سەرلەبەری گەلێك قڕنابێت، کە کەوتبێتە نێوان بەرداشی ململانیّ وڕق وکینەی دوو زلهێزی نامرۆڤدۆستی ئەو سەردەمە؟ کەواتە، زۆر زۆر ئاساییە، کە ڕێژەی دانیشتووانی گەلی کورد نەك هەر زیاد نەکات، بەڵکو کەمیش ببێتەوە..

گەلی کورد، بەو هۆیە وهۆگەلێکیترەوە، بە درێژایی مێژوو نەیتوانیوە پرۆژەیەکی نەتەوەیی

---

شەرەفخان بە خۆیی و(٤٠٠) چەکدارییەوە دایە پاڵ عوسمانییەکان ولە (نەخجەوان)ەوە ڕووی کردەوە کوردستانی باکوور. دواتر بۆ ماوەی دە ساڵ لەو شەڕانەی سوڵتان (مورادی سێیەم)دا بەشداری کرد. ناوبراو، لە تەمەنی (٥٣) ساڵییەوە خۆی بۆ مێژووی کورد ومیرنشینە کوردییەکان تەرخان کرد. شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی، لە شاکارە هەرەگرنگ وبەناوبانگەکەی ناوراوە کە ساڵی (١٥٩٦ز) دەستی پێکردووە ولە هاوینی (١٥٩٨ز)دا تەواوی کردووە. هەرچەندە ساڵی کۆچی دوایی ناوبراو ساغ نەبووەتەوە، بەلاّم بە وتەی نەوەی داهاتووی شەرەفخان، پێدەچێت ساڵی (١٦٠٣ یان ١٦٠٤ز) کۆچی دوایی کردبێت وئێستاش گۆڕ ومەرقەدەکەی لە شاری (بەدلیس)ە.

[1] د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر: مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا، وەرگێڕانی: شوکور مستەفا، زنجیرەی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاّوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٤٣- ١٤٤

بەرهەم بهێنێت، کە خەسڵەتەکانی فیدراسیۆن وگوتار وناسیۆنالیزمی کوردیی لەخۆ بگرێت. بەڵکو، تێکڕای هەوڵەکانی، مۆرکی مەزهەبیی وناوچەگەریی وعەقڵییەتی خێڵایەتیی بەسەریدا زاڵ بووە. واتە، ئامانجێکی ڕوونی سەرتاسەریی نەبووە، کە ببێتە هۆی یەکیەتییەکی جوگرافی یاخود تەنانەت یەکێتییەکی خێڵەکی. ئەمە بێجگەلەوەی، کە پێشتر ئاماژەمان بە شاڵاوگەلێك وجۆرێك لە جینۆساید وسوکایەتیپێکردنی نەتەوەیەکی دێرین، لە خاکی باب وباپیرانیاندا کرد. واتە، هەردەم تاکی کورد، وەکی کاڵایەکی بێبەها سەیر کراوە کە هیچ نرخ وقورساییەکی نەبێت. هەربۆیە، وشەی کورد، لە سەردەمانێکی زوودا وبەتایبەت لە سەردەمی شاڵاوی ئیسلامیدا، مانای (کۆچەریی) گەیاندووە. لە سەدەی یازدەدا، بە بۆچونی ڕۆژهەڵاتناسان، وشەی کورد مانای چەتە وڕێگری گەیاندووە، دواتر ولە ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا، ئەو گەلە خێڵەکییەی گەیاندووە کە بە کوردی دواون, تا دواتر مانا ودەلالاتی تەواوی خۆی وەرگرتووە..[1]

واتە، مەخابن، لەو ڕۆژگارانەدا، گەلی کورد بە ڕێگر ودز وجەردە ناوبراوە. ئەمەش، بۆ سووکایەتیپێکردنی ئەو گەلە دێرینە قارەمانەی خاك وماف وشوناسی خۆیی لێزەوت کرابوو. گەلۆ، لەگەڵ هەموو ئەو خەتایانەی خرابوونە ملی کوردەوە، لەگەڵ ئەو هەموو بێباکییەی کورد بەرانبەر دواڕۆژی خۆی، بەڵام کەسانێکیش هەبوون ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعە تاڵەی گەلەکەیان کردبووە ئامانج. هەربۆیە، بە خوێنی گەشی شەهیدان، چەندین ڕاپەڕین وشۆڕشی چەکداری وڕزگاریخوازیی گەلەکەمان، لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کران. هەڵبەت، کاتێك کەسان ودەستە وتاقم ونێردراوانێك، دێنە کوردستان وداکەوتی جڤاکێکی گەلی کورد دەبینن، یاخود لە ڕووداوێکدا کاری نابەجێ وچەتەگەرییان بەرانبەر دەکرێت، ئەمە ڕەنگدانەوەی واقعی گەلێك، یان گوزارشت لە تێکڕای گەلی کورد ناکات. بەڵکو، لەنێو گەلێکی داگیرکراوی نەخوێندەواری هەژاری چەوساوەدا، ئاساییە لەو شتانەش ڕووبدەن. نابێت ئەوەش لە یاد بکەین، کە هەردەم گەلی کورد بە پیاوەتی وئازایەتی ومیهرەبانی ودڵسۆزی ناسراوە. مەیجەر نوئێل وتەنی:"نازانم بۆچی ئەوروپاییەکان، باسێکی پوختی میواندارییی ونەریت وڕەوشتی کوردەکانیان نەکردووە، کە خاوەنی مێژوویەکی دێرینن؟"[2]

لە سەدەی نۆزدەدا، گەڕیدەیەکی فەرەنسی بە ناوی (هێنری بندیە) وە، کاتێك گەشتێك بە خاکی کوردستان ومیسۆپۆتامیادا دەکات، چەندین زانیاری گرنگ دەربارەی هەڵسوکەوت وتۆپۆگرافیا وژینگە وترادسیۆن وپێگەی کوردان تۆمار دەکات. لە کۆتایی یاداشتەکەیدا، وتەیەك دەربارەی کورد وکوردستان دەنووسێت، کە ئەمە کورتەیەکییەتی: "...... کورد، لەگەڵ خۆڕاگرییان، خاوەن هەست وسۆزیشن. زۆر گرنگی بە قسە وبەڵێنەکانیان دەدەن، گەر کوردێك بەڵێنی ئەوەی پێدای کە بە ڕاستی دەتگەیەنێتە شوێنێك، ئەوا بێشك وبێترس دەتوانیت پشتی پێ ببەستیت، بۆ ئەو کارە. بەڵام، ئەگەر لە بەرانبەردا تۆ

[1] دیڤید مکدول: تأریخ الاکراد الحدیث، ت: راج آل محمد، الطبعه الاولى، دار الفارابي– بیروت، لبنان، ٢٠٠٤، ص ٤٩

[2] یاداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستان: وەرگێڕانی: حسین احمد جاف، حسین عثمان نێرکسەجاڕی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨

خاوەنی قسە وبەڵێنی خۆت نەبیت، ئەوا هیچ دوور نییە هێرش بەرێتە سەرت وبتکوژێ." [١]

هەر لە هەمان سەدەدا، کەسێکی وەك (ئەسفەهانی)، [*] کاتێك گەشتێك بە ناوچەکانی ڕەواندز وشنۆ وورمێ دەکا، ودواتر لە دووتوێی کتێبێکدا، گەورە ودرشتی ئەوانەی بینیویەتی وپێیدا تێپەڕ بووە وەك گەشتنامەیەك دەینووسێتەوە. ناوبراو، لە بەشێکی گەشتنامەکەیدا، ئاماژە بە میر (محەمەد)ی پاشای ڕەواندز دەدات، ودەڵێت: "گەورەی ڕەواندز، پیاوێکی ژیر وزانا وجوامێر ودەست ودڵ کراوەیە. خاوەنی، سەروەت وسامانێکی زۆر وزەوەند وخزمەتکار وچەکدارێکی زۆرە. سەر بۆ هیچ کەس نەوی ناکات، بەڵکو خۆی ناوبانگ وکەسایەتییەکی هەیە. بە شێوەیەك، کە لەو کاتەی من سەردانی ئەو ناوەم دەکرد، ئەو خەریکی دروستکردنی تۆپ وقەڵای پتەو بوو. وەك دەڵێن، بەڵێنەکانی دەهێنایە دی وئەوەی بیگوتایە، ئەنجامی دەدا. ئەو ناوچەیەی ئەوی لێدەژی، گەرمێنە، کوردان ناچارن لە زستاندا ڕوو بکەنە ئەوێ ولەوێ بمێننەوە. سنووری ئەو، هەموو ساڵێك جێگەی هەواری دووسەد هەزار ماڵە، کە بەهۆی ترسی لەناوچوونی ئاژەڵەکانیان وزۆری ئاو ولەوەڕی ئەو شوێنە، هەموو ساڵێك لەوێ دەژین........ ئەو، دەسەڵاتدارە وفەرمانەکانی جێبەجێ دەکرێ. کەسێك، لەو بازرگانانەی لە لای موسڵەوە هاتبوون بۆ شنۆ، دەیگێڕایەوە کە ساڵی پار لە کاتی گەڕانەوە بەرەو موسڵ، بوخچەیەکی لێ ون دەبێ. بەڵام، لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ڕەواندز، هەمان بوخچەی دەبینێ، کە لە گۆڕەپانی ڕەواندز بە بڕیاری ئەو ( واتە میر محەمەد، پاشا کوڕەی ڕەواندز- نووسەر)، بە دارێکدا هەڵواسرابوو. لە ماوەی یەك ساڵدا، کەس نەیوێرابوو دەستی بۆ ببات، یان خۆی بکات بە خاوەنی، تا ئەوەی خاوەنەکەی گەڕایەوە وشتەکەی خۆی بەدەست گەیشتەوە." [٢]

لە لایەکیترەوە، جیهانگەڕێك، کە لەم کاتانەدا لە بەغداوە چووە بۆ ڕەواندز، وتوویەتی وڵاتی ژێردەستی عوسمانییەکان، بە ئاشکرا پەرێشان بووە، جووتیارەکان لەدەست پۆلیس وکاربەدەستان ڕایان دەکرد. بەڵام، کە لە (پردێ) پەڕیوەتەوە وچووەتە سنووری (محمد پاشا)وە (فەرمانڕەوای میرنشینی ڕەواندز- نووسەر)، دیویەتی گوندەکان ئاوەدان وکشتوکاڵ لە گەشەدایە ودانیشتوان پۆشتە

---

[١] هنري بندية: رحلة الى كردستان وبلاد مابين النهرين، ت: د. يوسف حبي، الطبعة الاولى، من منشورات دار ئاراس للطباعة والنشر- اربيل، كوردستان العراق، ٢٠٠١، ص ١٥١

[*] عەبدولڕەزاق ئەسفەهانی: ڕۆژهەڵاتناسێکی فارسی شیعە مەزهەب بووە. ناوبراو، دەوروبەری ساڵی ( ١٨١٤- ١٨١٥ز) گەشتێك بە ناوچە کوردییەکانی (ورمێ وشنۆ وڕەواندز)دا دەکات، ودواتر سەرەنجامی تێبینییەکان وگەشتەکەی ودەستنووسەکانی لە دووتوێی کتێبێکی پڕبایەخ بە ناوی (گەشتنامەی ئەسفەهانی)یەوە دادەڕێژێت. ئەم دەستنووسانە، ساڵی (١٨٦٥ز) گەیشتووەتە (کتێبخانەی قەیسەری ڤییەننا) ولەوێ پارێزراوە. دواتر، ساڵی (١٨٩٦ز)، لەلایەن دکتۆر (ماکسیمیلیان بیتنەر)ەوە کراوەتە ئەڵمانی وپێشەکی بۆ نووسراوە، بە (٨٣) پەراوێزی نایاب ودەقە ئەسڵییەکەیەوە وەکو خۆی بڵاوکراوەتەوە. هەرچەندە، دکتۆری ناوبراو، ئەم بەرهەمە وەرگێردراوەی خۆی ناونابوو (ناوچەی کوردنشینی شنۆ وشاری ورمێ). ئەم گەشتنامەیە، یەکێکە لەو دەقە نووسراوە کۆنانەی تیشك دەخاتە سەر مێژووی نزیکەی (٢٠٠) ساڵی لەمەوپێشی (ورمێ وشنۆ وڕەواندز).

[٢] عەبدولڕەزاق ئەسفەهانی: گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ شنۆ و ورمێ وڕەواندوز، و: زاهیر محەمەد ڕەشید، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٣٧- ٣٨

وپەرداخن وبەکۆمەڵ هاتوونەتە سەر ڕێگەکە بۆ بەخێرهێنانی خۆی وئەو سەردارەی لەگەڵیدا بووە. [1]

مێژوونووسی ئەرمەن، ئەرشاك ساڤراستیان، لە کتێبی (کوردستان وکوردەکان)دا، دەنووسێ: "دەبینین کورد، لە ئاستی لەتلەتی وململانێ وکێشمەکێشە خێڵەکی وناوخۆییەکاندا، بەرەو ئاستی وشیاری نەتەوایەتی ویەکگرتنی کۆمەڵایەتی هەنگاوی نا، کە پێشتر ئەمەی بەخۆوە نەدیبوو. هەر بانگخوازییەك، لە هەر سەرکردەیەکی کورد بهاتایە، هەموو گەلی کورد بەپیریەوە دەچوو. هەرچەندە، بزوتنەوەی کوردی، بە شێوەیەکی ئەوتۆ یەکگرتوو نەبوو، کە لە ئاستی حەزەکاندا بێ، بەڵام هەڵەیە گەر سووکایەتی بە توانا و وزەیان بکرێ. داب ونەریت ورەوشتی سەرەتایی کوردەکان، لەلایەن زۆر لە گەشتیاران، بە گاڵتەجاڕی باسی لێوە کراوە. بەڵام، ئەمڕۆ ڕۆشنبیرە کوردەکان، ئازایەتی وتواناکانی خۆیان سەلماند کە مرۆڤی چالاکن. ئەو ڕاستییەی کە نابێ لەبیر بکرێ، ئەوەیە کە کوردەکان لەگەڵئەوەی لە دێرزەمانەوە لە بار ودۆخێکی سەخت ونالەباردا ژیاون، کەچی توانیویانە بوون ومافی خۆیان بسەپێنن، خۆڕاگر وبەتوانا بن، ولە ژێر ئەم دۆخە ناهەموارەدا ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام داوە. ئەمڕۆش، گەلێك هەیە پێی دەوترێ کورد، ئەمان لە هەمان ئەو ڕووبەرە جوگرافیایەدا دەژین کە (گۆتییەکان) بەر لە (٤٠٠٠)ساڵ لێی دەژیان." [2]

پێدەچێت، لە سەدەی بیستەمیشدا، کەسێکی وەك (مەیجەر سۆن) هەمان هەڵوێستی (مەیجەر نوئێل)ی بووبێت. ئەوەتا، لە دەسپێکی بەشی یەکەمی گەشتنامەکەی بە خاکی کوردستاندا، ئەوە دەخاتە ڕوو وە دەڵێت: "من، لەم نەتەوەیە سۆزێکی ڕەسەنی ئەوتۆم بەدەستهێنا، زۆر زیاتر لە هەر یەکێك لەو کۆمەڵە بیانییانەی کە پێشتر پێیان دەگەیشتم وبەدیم دەکردن. هەربۆیە، من بە کۆڵێك چاکەوە قەرزارباریانم.." [3] هەروەها، لە بەشی دووەمیشدا، دەڵێت: "لە مێژووی کورددا، گەلی کورد هێندە نەناسراوە. هەرگیز، لە ڕوانگەی گەلی ئینگلیزەوە، شتێکی ئەوتۆ دەربارەی کورد نەزانراوە، تەنها ئەوە نەبێت کە مۆرکێکی تەقلیدییان هەیە وهەمەچەشنەن. وەك ئەوەی، ئازان، لادەرن، ترسناك، هەڵچوو، کەم سەنگین، پەروەردەی شاخە بەرزەکانن، هەر شتێك بێتە ڕێیان تێکی دەدەن، موسڵمان ونەسرانی وەك یەك سەردەبڕن، بەرگری لە هەموو هەوڵێکی ملکەچکردن دەکەن، گەر میرنشین ودەوڵەتانی چواردەور بیەوێت دەستەمۆیان بکات. دەربارەی شووناس وبنەچە ومێژووشیان، لەو بڕوایەدام ئەوەی دەربارەیان دەزانرێ، زۆر کەمترە لەوەی دەربارەی هەر گەلێکیتر دەزانرێ." [4]

---

[1] صاڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢١١

[2] ئەرشاك سافراستیان: کوردستان وکوردەکان، و: خالید هەرکی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی وئەدەبی نما، چاپخانەی شەهاب- هەولێر، کوردستان، ٢٠١٠، ل ١٢٣- ١٢٤

[3] سون (میرزا غلام حسین شیرازي): رحلة متنكر الی بلاد مابین النهرین وكردستان، من اصطنبول الی السلیمانیة، ت: فؤاد جمیل، الجزء الاول، الطبعة الاولی، مطابع الجمهوریة- بغداد، ١٩٧٠، ص ١٠

[4] سون (میرزا غلام حسین شیرازي): رحلة متنكر الی بلاد مابین النهرین وكردستان، من السلیمانیة الی بغداد- الاكراد، قبائلهم ودیارهم، ت: فؤاد جمیل، الجزء الثاني، الطبعة الاولی، مطابع تایمس- بغداد، ١٩٧١، ص ١٤١- ١٤٢

گەرچی، مسیۆنێرێك بە ناوی (ژاك ڕێتۆریَ)، * بە هاوەڵی "لیۆن" (نوێنەری پاپا)، لە ڕۆژی (١١/ ئاب/ ١٨٧٤ز)دا دەگەنە میزۆپۆتامیا، پاش گەشتێکی دوورودرێژ وچنینەوەی زانیاری ورد لەسەر کورد وهەڵسوکەوتیان بەرامبەر کریستیانەکان، (هەرچەندە لەو وەسفکردنەدا ناهەقییەکی زۆری بەرانبەر گەلی کورد کردووە– نووسەر) ئاماژەی بەوە دابوو: " ناتوانم ئەم سەربوردەیە تەواو بکەم، بێئەوەی ستایشی دەسەڵاتدارانی تورك نەکەم کە زۆر یارمەتییانداوم، ئەوە بۆ من قەرەبووکردنەوەیەکی شادمانە بوو بۆ ئەو ئازار وئەشکەنجەیەی لەلایەن کوردەوە چەشتم".[١]

لە کۆتاییدا، ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، پاش ئەم هەموو مەینەتی ودەربەدەرییەی بەسەر کورددا هاتووە، پێویستە گەلی کورد، بەتایبەت ڕۆشنبیران ومامۆستایان ومنەووەرانی، بیرۆکەی دیسکۆرس وپرۆژەیەکی نەتەوەیی گەڵاڵە بکەن، کە هەڵگری بنەماکانی یەکێتی ویەکڕیزی وهەستی نەتەوەیی ولەخۆبوردەیی بێت. گەلۆ، ئاشکرایە بەدیهێنانی "خەونی مێژوویی کورد،" بە خۆڕێکخستنەوە وفیدراسیۆن ویەکهەڵوێستیی ویەکدەنگیی دەبێت.

## ب- سایکۆلۆژیای تاکی کورد

نووسەرە هاوچەرخەکان، ئارەزوویەکی ئاشکرایان هەیە بۆ ڕاڤەکردنی بنەما سیاسییەکان، لەژێر ڕۆشنایی یاسا سایکۆلۆژییەکاندا. وەکو چۆن دەبینین، دەوڵەتە دیمۆکراتەکان، دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕای گشتی، ئاواش دەبینین خودی ڕای گشتی خۆیشی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شێوازەکانی پڕوپاگەندە وڕاگەیاندنەوە. سایکۆلۆژیای نویَ، بایەخ بە غەریزە وهەست وسۆز دەدات ودێت لە لایەنی دەروونیی کۆمەڵە وگرووپەکان دەکۆڵێتەوە. هەموو ئەو کارانەش، بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریان هەیە، لەسەر زانستە سیاسییەکان، چونکە هەستی نەتەوەیی، تا ڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەست ونەستی مرۆڤەکان وبڕوا وبۆچوونی ئایینیی ودابونەریتی مێژووییان. دیارە، دابونەریتی خەڵکیش، هێزێکی کاریگەرە لەنێو ژیانی سیاسیدا. حکومەتە مۆدێرنەکان، سایکۆلۆژیا، بە کۆمەڵێك شێوە بەکاردێنن، بەتایبەتی لەنێو هێزەکانی سوپا وخزمەتگوزاریی مەدەنی ودادگاکاندا. لە ڕاستیدا، "سیاسەت، ڕەگ وڕیشەی خۆی لە سایکۆلۆژیاوە وەردەگرێت، کە بریتیە لە توێژینەوە لە دابونەریت وهزر وڕووگەی بیرکردنەوەی مرۆڤ." [٢]

توێژینەوە ولێکۆڵینەوە، لەسەر کاریگەریی تاکەکان لە سیاسەتدا، ئەو بابەتەیە کە دەروونناسی سیاسی دەیگرێتەوە، بەتایبەتی، ئەو زانستەع لە بڕیارسازیی سیاسیدا گرنگی زۆری هەیە وجێی سەرنجی زۆرێك بووە. هەرچۆنێك بێت، فرەڕەنگیی، لە دەروونناسی سیاسیدا، دەبێتە هۆی دەرەنجامی

---

* ژاك ڕێتۆریَ: لە (٢١/ ئاب/ ١٨٤١ز) لە (چاریتیَ سوغ لوار) لە فەرەنسا لەدایك بووە، لە (١٤/ ئادار/ ١٩٢١ز) دا لە موسڵ لەنێو ئاسوورییەکاندا کۆچی دوایی دەکات. مژدەبەخش وکەسایەتییەکی ئایینیی کرستیانی بووە.

[١] ژاك ڕێتۆریَ: گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، و: نەجاتی عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، لە بلاَوکراوەکانی بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٦٩

[٢] ڕایمۆند گارفیلَ گیتیلَ: زانستە سیاسییەکان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥

جیاواز لەو زانستەدا. بەلای زۆربەی دەروونناسە سیاسییەکانەوە، خودی واقعییەت نیە، کە دەستنیشانی ڕەفتاری تاکەکان دەکات، بەڵکو ئەو بۆچوونەیە کە دەربارەی واقیع هەیانە. لە بڕیارە سیاسییەکاندا، ئەو وێنەیەی کە سیاسەتمەداران لەسەر مەسەلەکانی واقیع هەیانە وپاشکۆی کەسایەتیشیانە، کارتێکەرییەکی چارەنووسسازانەی دەبێت. بە شێوەیەکی گشتی، دەرونناسی سیاسی، تایبەتمەندییە دەروونناسیەکانی گەمەکارانی سیاسی دەگرێتەوە. هەروەها، گرنگی بە کەسایەتی ڕابەرانی سیاسی دەدات. بەم پێیە، هەڵسوکەوتی ڕابەرانی سیاسی، بریتی دەبێت لە: "بەواقیعیکردنی بزوێنەر وهاندەرە دەروونییەکان، وئەو گرفتە تایبەتییانەی کەسەکان لە قۆناغی منداڵییانەوە، لە دەروونیاندا دەگوزەرێن وپێوەی خەریکبوون وهەن." [1]

مێژوونووس، (باسیلی نیکیتین)، [*] لە دیراسەیەکی وردی سۆسیۆلۆژی ومێژوویی کورددا، ئاماژەی بەوە دابوو کە نالەباریی کەش وهەوا وبەربەستە سروشتییەکان وکوێستانەکان وبێشە وچەم وکەژ وکێوە چڕە هەزار بەهەزارەکانی خاکی کوردستان، زەحمەتێکی زۆری بۆ تاکی کورد دروست کردووە، تا بەهۆیەوە نەتوانێ بە ئاسانی گوزەران بکات. دیارە، گەڕان بەدوای لەوەڕگای باشدا، سەرەتاییترین ومێژووییترین کێشەی خێڵ وهۆزە کوردییەکان بووە، چ لەناو خۆیاندا، چ لەگەڵ دەرەکیدا. ئەمە بێجگەلەوەی، قورسیی هەڵسوکەوت وگواستنەوە لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکیتر، بەتایبەت لە کاتی لەوەڕاندنی مەڕ ومالاتدا، کۆششێکی زۆری ویستووە. بۆیە، زاڵبوون بەسەر ئەم حەمکە زەحمەت وبەربەستە سروشتییانەدا، هێزێکی زۆری جەستەیی وئیرادەیەکی پۆلاێینی ویستووە. لەبەرئەوە، تاکی کورد زۆر هەستیارە بەرانبەر بەو واقیعەی تێیدایە. بەلام، هەر سەختیی سروشت نییە کە هەڵسوکەوت وخوڕەوشتی تاکی کوردی ڕێکخستووە، بەڵکو بوونی دوژمنانی چواردەوریش، هۆکارێکیترە کە وادەکات کورد هەردەم ئامادەباش وخاوەنی ئازایەتییەکی بێوێنە بێت.

مێژوونووس، باس لەوەش دەکات کە ئەم هۆکارانە، دیارترین سیفەتی کوردیان دەرخستووە، ئەویش ئارەزوومەندییانە بۆ کوشتار وجەنگاندن. سەربار، ژیانی ئازادانەی کۆچەریی وهەوڵدانیان بۆ بەدەستهێنانی باشترین مێرگ ولەوەڕگا، یاخود بۆ زۆرترین ڕاووشکاریی، بارودۆخێکی دەروونیی وای بۆ ڕەخساندوون کە دژ بە هەموو زۆرلێکردنێك بن، هەردەم خۆیان لە هەموو پەیوەستبوونێك بەدوور گرتووە. ژیان، ئەوەی فێری تاکی کورد کردووە کە "جیهان موڵکی کەسە ئازاکانە." دیارە، ئەم مۆرکە تایبەتییە، بە درێژایی مێژوو، هەردەم تاکی کوردی ڕووبەڕووی مەترسی ولەناوچوون کردووەتەوە، بەلام

---

[1] حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسی، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٦٤- ٦٥

[*] باسیلی نیکیتین: زانای کۆمەڵناسی ومێژوونووسێکی پۆڵۆنی بووە کە لە ساڵی (١٨٨٥ز)دا لەدایك بووە، هەرچەندە زۆرجار بە ڕۆژهەلاتناسێکی ڕووسی ناوزەد دەکرێت. کونسوڵگەری ڕووسیا بووە لە ئێران وئەندامی کۆمەڵەی ئاسیایی وکۆمەڵەی ئەنسرۆپۆلۆجی (anthropology) لە پاریس وە ئەندامی هەمیشەیی لە دامەزراوەی جیهانیی بۆ زانستی وەچەکانی مرۆڤ (السلالات البشریە) وئەندامی نامەبەری ئەکادیمیای دپلۆماسیی جیهانیی بووە. زۆربەی ژیانی خۆی بۆ توێژینەوە ولێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی کورد وکوردستان تەرخانکردووە، لەو بارەیەوە چاکەی زۆری بەسەرمانەوە هەیە کە وەچە وبنەچەی کوردی بە ڕاستی خستووەتە ڕوو. مەخابن ناوبراو ساڵی (١٩٦٠ز) کۆچی دوایی کردووە.

له هەمان كاتدا، هەمان تاك ملكەچی یاساگەلێكی توندوتیژتر بوونەتەوە، ئەویش یاساكانی نێو خێڵە، كە تێیدا فێری خۆڕاگریی ودیسپلین وقوربانیدان دەبن..[1]

گەرچی باسەكە تایبەتە بە ئەقڵییەت وسایكۆلۆژیای تاكی كورد، بەلاّم پێدەچێت تروپكی دەسەلاّتە داگیركەرەكانی كوردستانیش هەمان ئەقڵییەت وبیروبۆچوون وتێڕوانینیان هەبووبێت، بەلاّم چەشەكراو بە داتا ودەرەنجامە مێژووییەكان وپلانی ستراتیژی وهەڵسەنگاندنی زانستی. ئەولیا چەلەبی، لە سیاحەتنامەكەیدا، هۆی ڕاستەقینەی شەڕی سوڵتانی عوسمانی بۆ سەر خانی بەتلیس دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆكارێك، كە دەكرێت لێرەدا بە سایكۆلۆژیای ئەو سەركردانەی ناوزەد بكەین. چەلەبی دەڵێت: "... لەپاش هەموو شتێك، (مەلیك ئەحمەد پاشا) پێی گوتم، (ئەولیا) دەزانی لە بناغەوە ئەم شەڕەم بۆ كرد؟ گوتم، نەوەڵلاّ نازانم. پاشا گوتی، ساڵی (١٠٤٨) كە (سوڵتان مراد خان) بەغدای گرت، لە گەڕانەوەیدا خانی بتلیس نەهات خەزا پیرۆزانەی لێ بكات. مراد خان، زۆر دڵی ڕەنجا وبە منی گوت: (ئەحمەد، وەك قەرزی خوا لەسەرت فەرز بێت، كە تۆڵەی من لە خانی بتلیس بستێنیتەوە.) پاشان، لەو كاتەدا كە من حەوت مانگ جێگری (ئیبشیر پاشا) بووم، ئەو شەوەی ئیبشیر بە سوپاوە هاتە ناو (ئەستەموڵ)، شەو سوڵتان مراد هاتە خەونم، لەسەر چیای وان ڕاوەستابوو، نانێكی خوێناوی بەدەستەوە بوو. پێی گوتم، (ها، لەتێكی بدە بە چیا ولەتێكی بە خانی بتلیس). بەوە، قسەكەی پێشوویم بیركەوتەوە وئەم شەڕەم ساز كرد. هۆی ئەم شەڕە، سوڵتان مراد بوو...."[2] سەد مەخابن، هەوەس وخەون وگفت وبۆچوونی كەسێك، تەختی میرنشینێكی كوردی دێرینی بەرەو لەناوچوون برد.

یاخود كەسایەتی سیاسەتوانی كورد، دكتۆر موكەڕەم تاڵەبانی،[*] لە چاوپێكەوتنێكیدا ئەو ڕاستییەی خستبووە ڕوو، كە (سەدام حسێن)ی دكتاتۆری پێشوو، لە كاتی خۆیدا، ئامادەیی خۆیی نیشاندابوو قەرەبووی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بكاتەوە، بەلاّم هەرگیز ئامادە نەبووە داوای لێبوردنیان

---

[1] باسيلي نيكيتين: الكرد– دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ت: الدكتور نوري طالباني، الطبعة الثالثة، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر– السليمانية، ٢٠٠٧، ص ١٢٩– ١٣٢

[2] سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی: كورد لە مێژووی دراوسێكانیدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠

[*] دكتۆر موكەڕەم شێخ جەمال تاڵەبانی: كەسایەتییەكی سیاسەتمەدار وڕۆشنبیرێكی گەورەی كوردە، كە زۆربەی تەمەنی لە بواری سیاسەت ومەعریفە وئیداریدا بەسەر بردووە، ئەمە بێجگەلەوەی هەردەم خەریكی نووسین بووە. پێشتر وەزیری ئاودێری بووە وسەركردەیەكی بالاّی حزبی شیوعی عێراقیش بووە ولەسەردەمی ڕژێمی بەعسیشدا كاربەدەست بووە، ئێستاش لەژیاندا ماوە. موكەڕەم ساڵی (١٩٢٣ز) لە شارۆچكەی (كفری) سەر بە شاری كەركووك لەدایك بووە. ساڵی (١٩٤٦ز) لە كۆلێژی یاسای زانكۆی بەغدا دەرچووە. بەوهۆیەوە ماوەیەك لە شاری كەركووك پیشەی پارێزەر بووە. ساڵی (١٩٧٣ز) لە یەكێتی سۆڤێتی جاران توانی بڕوانامەی دكتۆرا لە زانستە ئابوورییەكان بەدەستبهێنێت. ساڵی (١٩٤٧ز) یەكێك بووە لەو ستافەی بوونەتە پارێزەری ڕابەری حزبی شیوعی عێراقی (یوسف سەلمان یوسف)ی ناسراو بە (فەهد). هەر لە سەردەمی پادشایەتیدا دكتۆر موكەڕەم تووشی گرتن ودوورخستنەوە وڕاوەدوونان بووە. كاتێكیش ڕژێم لەناوچوو وە عێراق بووە كۆماریی، ناوبراو لە (١/ ١/ ١٩٥٩ز)دا بووە بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی (ئینحیسار) لە شاری بەغدا. پاشان وەك پشكنەری گشتی لە وەزارەتی كشتوكاڵی عێراقی كاری دەكرد. بەلاّم دوای كودەتای ساڵی (١٩٦٣ز)، هێزەكانی گاردی نەتەوەیی بۆ ماوەی (٣) ساڵ دەستگیری دەكەن. پاش ئەوەی چەندین پۆست لە سەردەمانێكی جیاجیادا بەدەستدێنێت، ئیدی لە (١٠/ ٥/ ١٩٧٩ز)دا بۆدواجار خۆی خانەنشین دەكات.

لێ بکات.[1] ئایا، ئەمە هزر وبیرکردنەوە وناخ وسایکۆلۆژیای کەسێکی شەڕەنگێزی پیاوکوژ ناگەیەنێت، کە گەلانی ولاّتانی عێراق وچواردەوری خستبووە گێژاو ومەینەتییەوە؟ ئەقڵییەتی سەدام، بەم میکانیزمە کاری دەکرد، بۆیە لەگەڵئەوەی خاك وگەلی عێراقی بەرەو هەڵدێر برد، لێ چارەنووسی خودی ئەم کەسە سایکۆپاتەش، لە ئیمپراتۆرەوە بۆ ڕسوایی هەنگاوینا.

جێگای داخە، زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانی شۆڕش وجولاّنەوەکانی گەلەکەمان، نەیانتوانیوە خوێندنەوەیەکی ورد بکەن، لەسەر ئەو مەسەلانەی کە شۆڕشەکانیان بەهێز دەکات، لە بەرانبەر داگیرکەر ودوژمناندا. ئەگەرچی، گەلێکی وەك کورد، لە نێوان سێکوچکەی داگیرکەران (عەرەب، فارس، تورك) دوچاری دەیەها وسەدەها تەنگوچەڵەمە بووە، وە هەمیشە لە سێ لاوە فشاری بۆبراوە. بەلاّم، بەداخەوە، تا ئێستاش پیلانەکان ژێربەژێر هەر درێژەی هەیە ویەك ستراتیژ ویەك ئاڕاستە ویەك ئەقڵییەت وبیروبۆچوونیان لەبارەی مەسەلە هاوبەشەکانیان، لە هەمبەر کورد هەیە.

لەو سەروبەندەشدا، سەرکردە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان، هەنگاوێکی ئەوتۆ نانێن ونەیانناوە بۆ یەکگرتنەوە، یان هەر هیچ نەبێت، خاڵی هاوبەشیان هەبێت بەرانبەر بە مەسەلەی ڕەوای گەلە دابەشکراوەکەیان. تەنانەت، زۆرێکیان، هەمیشە سڵیان لە یەك کردووەتەوە وتا بۆیانکرابێ دژایەتی یەکترییان کردووە. بۆ نموونە، "سمکۆی شکاك" ویستوویەتی هاریکاری شێخ مەحموود بکات، کەچی لە بەرانبەردا گومانی خراوەتە سەر. یاخود، "مەلا مستەفای ڕەحمەتیی،" ویستوویەتی هاریکاریی کۆماری مەهاباد بکات، بەلاّم لە سەرەتادا هاوکاریکردنەکەیان ڕەت کردووەتەوە وپاشان قبوڵیان کردووە. سەرکردەی شۆڕشەکانی گەلەکەمان، لە هەر پارچەیەکی کوردستان بووبێت وشۆڕشی کردبێ، تەنها لەو چوارچێوەیەدا درێژەی بە شۆڕش داوە. بۆیە، دەتوانین بڵێین زۆربەیان درووشمیان بۆ "کوردستانی گەورە" بەرز نەکردووەتەوە.

بەڵێ، هیچ گەلێك بەقەد گەلی کورد، سەرکردەی سیاسی نەبووە. ئەوەتا، لە نێوان پتر لە (٥٥-٦٠) پارت وکۆمەڵەی سیاسی جیاجیا لە هەر چوارپارچەی کوردستان، ئەگەر بیانژمێرین، خۆی لە (١٠٠٠) سەرکردەی سیاسی دەدات، لەوەش دەچێت زیاتر بن. دیارە، بیروڕای جیاواز، ئایدیۆلۆژیای دژ بەیەك، نەبوونی یەك هەڵوێستی یەکگرتوو بەرانبەر بە مەسەلەی بالاّی گەلەکەمان، نەخوێندنەوەی بڕیاری یەکتر، دابەشبوون بەسەر دوژمنانی یەکتردا، .....هتد، سیمای سەرەکییان بێت. هەر ئەمەش، وای لە سەرکردە سیاسییەکانی گەلەکەمان کردووە، بە درێژایی مێژوو وشیارانە مامەڵ لەگەڵ دەوروبەردا نەکەن. جگەلەوەی، زۆرجار باڵی خیانەت شکستیان بە شۆڕش وڕاپەڕینەکان هێناوە، وبوون بە مایەی خاوبوونەوەی شۆڕشەکان لە مێژوودا. یاخود، هەڵەی سەرکردەی سیاسی شۆڕشەکان، بە جارێ چۆکی بە ئیرادەی گەلی کوردمان داوە ولە نێوان شەو وڕۆژێکدا، شۆڕش نغرۆ بووە.[2]

ئەمڕۆ، گەلی کورد، لەگەڵئەوەی لە بارودۆخێکی تایبەت وهەلومەرجێکی تەواو جیاواز لەگەڵ

---

[1] سیاسەتمەدارێك دەفتەری بیرەوەرییەکانی هەڵدەداتەوە (د. موکەڕەم تاڵەبانی): ئامادەکردن و وەرگێڕانی: محەمەد مێرگەسۆری- دلاوەر عوسمان، چاپی یەکەم، لە بلاّوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی- سلێمانی، ٢٠١١، ل ١١

[2] کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی بیستەم، ژمارە (٥٥٣٦)، چوارشەممە، ٢٠/٧/ ٢٠١١، ل ٤

ڕابردوویـدا گـوزەران دەکـات، کەواتـە لێکدانـەوە وهەڵسـەنگاندنێکی تـەواو جیـاواز لەگـەڵ قۆناغـەکان وسەردەمانی پێشوویدا پێویستە. چەندینجار، باس لە پێویستیی، بوونی چوارچێوەیەکی سیستماتیک کـرا، کـە مەبەسـت لـە دەوڵـەتێکی کوردییـە، تـا بەهۆیـەوە نەتـەوەی کـورد، بێتـە بەرهـەم. بـەڵام، ئـاخۆ دروستبوونی ئەم دەوڵەتە، هەروا ئاسانە؟ هەڵبـەت، پێویستمان بـە میکانیزمێك هەیـە، تـا لەڕێیـەوە ڕۆح بکرێتـەوە بـە جەسـتەی گـەلی کورددا. لێرەدا، دەبێـت ئـیش لەسـەر دۆزینـەوەی ئـەو "ڕۆح"ە بکـەین، ولـە کەسێکدا بەرجەسـتەی بکـەین، کـە نوێنەرایـەتی سـەرجەم گـەلی کـورد بکـات. دەکرێـت، ئـەو ڕۆحـە، وەك "سوپەرمان"ی "نیچە" * وێنای بکەین، کە بە مرۆڤێکی بەرزی لەقەڵەم دابـوو. مرۆڤێـك، کـە هـەوڵ دەدات ڕەگ وڕیشەی دۆگما وبەها باوەکان ڕیشەکێش بکات. بۆ داڕشتنی بناغەی مێژووی خۆی وداهێنانی ئەو مێـژووە، دژی نـەریت وکـەلتووری بـاو وزاڵبـوو، ڕادەوەسـتێت. ئـەو مرۆڤـە، بـوونێکی داهـاتووی هەیـە، ونەوەی خۆی لە داهاتووی خۆیدا هەڵگرتووە. واتە، ئەو نەوەیەی، دەیەوێت پێی بگات ودایبهێنێت. [١]

گـەلی دۆسـت وبرادەرینـە، پێدەچێت، ئـەمڕۆ گـەلی کـورد پێویسـتی بـەو ژمـارە زۆر وبێشـومارەی سەرکردەکانی نەبێت. بەڵکو، پێویستە تەنها یەك سەرکردە، بەڵێ ئەگـەر بکرێـت تـەنها "یـەك سـەرکردەی ناسیۆنالیست،" بوونی هەبێت. خۆ ئەگـەر ئەمـەش مـەحاڵ بـوو، ئـەوا یـەك سـەرکردە بـۆ هـەر پارچـەیەك، بـەڵام بـە مـەرجێك هـەر چواریان لەسـەر بابەتـەکانی کـورد هـاوڕابن، وجڵـەوی نەتەوەکـەی خۆیـان بگرنـە دەست. تەنها بەم شێوەیە، جیهانی دەرەوە دەتوانێت وەکی قەوارەیەکی سیاسی مامەڵەمان لەگەڵ بکات. دەبێت، سایکۆلۆژیای ئەو سەرکردانە دروست بێت، لـەڕووی هەسـتی نەتەوایـەتی، دەسـتپاکیی، دانـایی، سیاسەت ودیپلۆماسیەتەوە، نابێت کەسانێکی تۆتالیتار ودەروون نـەخۆش بن، بـەڵکو بەرژەوەنـدی بـاڵای نەتەوەکەیان، سەردەفتەری کارەکانیان بێت. میکانیزمی ڕێچکەی کوردایـەتی بگـۆڕن بـۆ شـێوازێکی کـارا وکاریگـەرتر، هـەمان قـەوانی سـواوی سـاڵەهای سـاڵ لێنەدەنـەوە، ئاوەزمەنـد وئاوەزبـاوەڕ کـار بکـەن. پێدەچێت، دۆکیۆمێنت وئەزموونێکی هەڵەداری زۆروزەوەندی گەلەکەیان لەبەردەمدایە، تا چیتر بەهەڵەدا نەچـنەوە. مێـژوو، گـەواهی ئـەوەش دەدا کـە نەتـەوەکانیتر، لـە مێـژووی سـەربەخۆیی وسـەرفرازیی وبەدەسـتهێنانی دەوڵـەتی نەتـەوەیی خۆیانـدا، تـەنها سـەرکردەیەکی مێـژووییان وەك "کاریزما"یـەك هەڵبـژاردووە. ئـەویش، بەئەمەکـەوە چـارەنووس وشۆڕشـی ڕزگاریخوازانـەی گەلەکـەی بـەرەو ئاسـۆی سەربەخۆیی وئازادیی وسەرفرازی بردووە.

بـەو پێودانگـەی کـە وتـرا، ئـەمڕۆی گـەلی کـورد (بـە گشـتی) پێویسـتی بە"یەکێتییـەکی ڕۆحیـی سەرتاسـەریی" یـان "پـان کـوردیزم" هەیـە، کـە بەهۆیـەوە هـەوڵ بـدرێت، ڕۆحـی نەتـەوەیی کـورد کـارا

---

* فریـدریك ڤیلـهیلم نیتشـە: (١٨٤٤- ١٩٠٠ز) لەبنەماڵەیـەکی ئـایینی پرۆتسـتانتییە، نـاوبراو لەقوتابخانـە وزانکـۆ، زمانـە کلاسیکییەکانی خوێنـدووە. کەسـێکی زیـرەك ولێهـاتوو بـووە، لەتەمـەنی (٢٥) سـاڵیدا گەیشـتووەتە پلـەی پرۆفیسـۆر, کـە شتێکی دەگمەن بووە، هۆکارەکەشی بۆ خوێندنـەوەی بەرهەمـەکانی شـۆپنهاوەر دەگەڕێتـەوە. نیتشـە لەگـەڵ شـۆپنهاوەردا هاوڕا بوو سەبارەت بەنەبوونی خودا. وەك تراژیدیایەك، هـەر لەتەمـەنی (٤٥) سـاڵییەوە، بەهـۆی پلـەی سـێیەمی نەخۆشـی سیفلسەوە، دووچاری نەخۆشی دەروونی بووە. ساڵی (١٩٠٠ز)، بەشێتی وبێچارەسەری کۆچی دوایی کردووە.

[١] د. محەمەد کـەمال: نیتشـە وپـاش تازەگـەری، چـاپی دووەم، دەزگـای چـاپ وپەخشـی سـەردەم- سلێمانی، کوردسـتان، ٢٠٠٩، ل ١٠٤- ١٠٦

وزینـدوو بکرێتـەوە. دیـارە، ئـەم هـەنگاوەش، بـە دروسـتبوونی فدراسـیۆنێکی کـوردیی سەرتاسـەریی وجیهانیی، لە ئێستادا پێدەچێت ئەستەم بێت، بەوەی گەلی کورد بە گشتی ولـە واقیعدا، دابەشکراوە بەسـەر چـوار دەوڵـەتی نەتـەوە جیـاوازدا، ئەمـە وبێجگەلـەوەی خـودی کـورد لـەناو خۆشـیدا فرەئـەدگار وبیروبۆچـوون وئایـدیۆلۆژیا وئـایین ومەزهـەب وئاراسـتە وتێڕوانینـە، سـەرەڕای ئـەوەی سـنوورە دەستکردەکانیش، کوردیان لە ڕووی پێگە وشێوەزمان وهزرەوە دابەشکردووە.

کەواتـە، سـەرەتا، هـەنگاوی یەکـەمی ئـەو یەکێتییـە ڕۆحییـە: خولّقانـدنی پەیوەسـتبوونێکی تۆکمەی ڕۆحییە، لەنێو تاکەکانی گەلی کورددا بە گشتی، کە هاوشێوەی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی بێـت، تـا لـە ڕێیـەوە تـاکی ناسیۆنالیسـت وکوردپـەروەر فەراهـەم ودیسکۆرسـی کـوردی لـە پرۆژەیـەکی نەتەوەییـدا یـەکخرێت. هـەنگاوی دووەم: دژە دیاسـپۆرایە، لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆی هەرێمـەکان وکوردسـتانی گـەورە بـە گشـتی ودواتـریش نێودەوڵـەتی، کـە بەهۆیـەوە مـاڵی کـورد سـەرلەنوێ ڕێـك دەخرێتـەوە وچیتر تـاکی کـوردیش "پێگـە وبـەها وبـوونی" بـۆ دەگەڕێتـەوە وهەوڵـدان بـۆ گەیشـتن بـە هەندەران نابێتە خواستی سـەرەکی، بـە شێوەیەك کە هـەموو وەلائـی بـۆ نیشتمانی دایك بێت. هەڵبـەت، ئاراستەکردنی تێکرای حزبە کوردستانییەکانیش بۆ کارێکی وەها، ئاسان نییـە. بۆیـە، دەبێت تواناکان یەکخرێن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە نەتەوەییـە. هەنگاوی سێیەم: بەشداریکردنی سەرکردایەتییەکی سیاسی هاوبەشی گەلی کوردە، لەسەر ئاستی هەموو هەرێم وپارچەکان..[1] واتـە، ئەو سەرکردایەتییە، ستراکتووری ئەنجوومـەنێکی سـەرکردایەتی هێـزە سیاسـییەکانی هـەر چـوار پارچـەکە بێـت. خـۆ ئەگـەر ئەمەش نەکرا، ئەوا لـە ڕێـی کۆنگرەیـەکی نەتـەوەیی کوردییـەوە، یـاخود لـە ڕێـی دەزگا ودامەزراوەیـەکی یاسایی هاوشێوەی پەرلەمانەوە ئەم هەنگاوە، لە گەمەی سیاسی نێودەوڵەتییدا بنرێ، کە لە قۆناغێکیتر ودوای پلورالیزەکردنی قەوارەیـەکی ڕەنگاڵـەی کـوردی دێـت، کـە چیتر دپلۆماتکردن وسیاسـەتکردن لـە ئاییندەدا، گرنگترین ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن.

ئەوانـەی باسـکران، تێکـڕا گریمانـەن، بـۆ خولّقانـدنی پرۆژەیـەکی نەتـەوەیی، کـە هـەڵگری یـەك دیسکۆرسی نەتەوەیی کوردی بێت. هەرچـەندە، لـەم ڕۆژگـارەدا کـە چەمکی (نامـەحاڵ) ئامادەباشـە، ولـە سیاسەتیشـدا هـیچ شـتێك مـەحاڵ نییـە، دروسـتبوونی دەوڵـەتی کـوردی، دەشـێت پـێش یـان پـاش ئـەم بۆچوونە گریمانەییانـە بێـت. بـەڵام، لـە ڕاسـتیدا، ئەوانـەی وتـران زۆر پێویسـتن بـۆ بناغـەی دەوڵـەتێکی نەتەوەیی هاوچەرخی تۆکمەی تەندروست. گەر، لە دووتوێی ئەم بۆچوونانەوە بڕوانینە ئەمڕۆی جیهان، ئەوا دەبینین کە چەمکی بەجیهانیبوون (گلۆبالیزەیشن) بۆ خۆی بەرهەمی ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییانەیە کـە لـە مـاوەی (مۆدێرنیتـەی دووەمـدا)، لـە پرۆسێسـێکدا لـە ڕۆژئـاوا سـەریهەڵداوە. بـەڵام، لێـرەدا ئـەم پرسیارە قوت دەبێتەوە: ئەی جێگەی هەوییەتی کوردی، لەم پرۆسێسی پێشوەچوونەدا لەکوێیە؟

کێشەکە، لێرەدا قووڵتر دەبێتەوە کە دەبینین کوردەکان قەت لە مێژوودا تەجروبەی (مۆدێرنیتەی یەکـەم)یان نـەکردووە، کـە سـەردەمی دروسـتبوون وسـەرهەڵدانی دەوڵەتـە نەتەوەییـەکان وپاشـان دروسـتبوونی کۆمـەڵگای مەدەنییـە. لەگەڵئـەوەی، ئیتنیسـیتەی کـوردی بـە قورسـی شـوێنەواری

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤

مۆدێرنیتەی دووەمی پێوەدیارە (واتە سەردەمی بەجیهانیبوون)، بەڵام هەوڵی گەڕان بەدوای دەسەڵاتی نەتەوەییدا لەلایەن کوردەکانەوە، بمانەوێ ونەمانەوێ، ئەمە تایبەتیی بزوتنەوەی کوردی دەباتەوە بۆ سەردەمی مۆدێرنیتەی یەکەم، یانی سەردەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی..[1] ئاشکرایە، کە ئەمەش پشتڕاستکەرەوەی قسەکانی پێشووە.

ساڵی (١٩٢٤ز)، لە ڕاپۆرتی لیژنەی نێودەوڵەتی سەر بە کۆمەڵەی گەلان، بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان عێراق وتورکیادا، هاتووە: "کورد، نەتەوەیەکی زۆر جەنگاوەرن وسەرشۆڕی بۆ کەس ناکەن. بەڵام، یەك وتە نین وشتێك کۆیان ناکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، توانیویانە بە باشی وخۆش دراوسێیەتی لەگەڵ ئەو گەلانەی لە نیشتمانەکەیان نیشتەجێن، بژین." [2]

مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە، بەلای ئێەی کوردەوە دەبێت ڕوون بێت، گەر خۆمان گێل نەکەین. ئەوەتا، بێ سێ ودوو جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە کورد یەك قسە نین وهیچ شتێك کۆیان ناکاتەوە. مانای، یەکێتی لە نێوانیاندا نییە، ئەمەش کوشندەترین نەخۆشییە کە بە درێژایە مێژوو، تووشی کورد هاتووە. خۆ ئەگەر، سیاسەتی ئیمپراتۆریەتەکانی چواردەور فاکتەری ئەو جودابوونەوە ولێکتێنەگەیشتنە بووبن، ئەوا زاڵبوونی ئەقڵییەتی خێڵەکی وململانێ ناوخۆییەکان ونەخوێندەواریش، سەرەکیترین هۆکار بوون.

هەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونانە، ئەوەتا لە ڕاپۆرتێکی شەش لاپەڕەیی بەڵگەنامەیی بەریتانیدا، کە بە (شاڕاپۆرتی ڕاپۆرتان) ناوزەد کراوە، وە بە ژمارەی (N.A., F.O., ٩٧٣/٦٨٩) ودەربارەی (کێشەی کورد لە عێراق)، کە مایسی ساڵی (١٩٩٢ز) نووسراوە، ئەم ڕاستییانە خراونەتەڕوو. سەرەتای ڕاپۆرتەکە، بە وتەیەکی بەڕێز جەلال تاڵەبانی دەستپێدەکات، کە لە نیسانی ساڵی (١٩٩١ز) دا وتوویەتی. پاشان، ئەمەش دەقی ڕاپۆرتە بەریتانییەکەیە:

"کورد، کە ژمارەیان لە پازدە ملیۆن تێدەپەڕێت، وەك گەلێکی عەشرەتیی خاوەن کلتوور ونەریت وزوبانی خۆیانن وبەلایەنی کەمەوە، سێ هەزار ساڵە هەن. بەڵام، لەگەڵ ئاواتی زۆری ڕزگاربوونیان لە داگیرکەری بیانی، هەرگیز لەژێر ئالای یەك سەرۆکدا کۆنەبوونەتەوە....... دووبەرەکی هۆزایەتی لەنێو کورددا، هەمیشە قووڵ بووە، ئەوەی کە حکومەتە ناوەندییەکان هەمیشە لەگەڵ جیاوازی سیاسیی نێوان سەرۆك هۆزە موحافیزەکان وچەپڕەوە ڕادیکاڵەکاندا دەیانقۆزنەوە. کۆسپێکی دیکەی گەورە، لەبەردەم یەکگرتنی ڕیزەکانی کورددا، تەشەنەسەندنی نەخوێندەواری وجیاوازی دیالێکتەکانی زمانەکەیانە." [3]

شرۆڤەی ئەم ڕاپۆرتە، وەڵامگۆی ئەو ڕاستییەیە کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، گەلی کورد هەوڵی دەرخستنی تەنها سەرۆکێك بدات، کە خەمخۆر وهەڵگری ئالای نەتەوەیی کورد ویەکخستنی تێکڕای ڕەنگاڵەکان وجێبەجێکردنی کارە ستراتیژییە هەنووکەییەکان بێت. ئەوەتا، حکومەتی بەریتانی، لەو ڕاپۆرتەیدا ئەوەی خستووەتەڕوو، کە پێویستە گەلی کورد، چیتر لەژێر ئالای یەك سەرۆکدا کۆببنەوە.

---

[1] سیاوەش گۆدەرزی: هەوییەتی کورد، میدیا، تاراوگە، فیدراڵیزم، و...، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال– سلێمانی، ٢٠١١، ل ٧٢

[2] د. ئەحمەد مەحموود ئەلخەلیل: مێژووی کورد لە شارستانی ئیسلامدا، و: زرار عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١

[3] د. کەمال مەزهەر: کورد وکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٩

واتـه، ئەگـەر ئـەم بۆچوونە ڕای ئـەوان بێـت، ئـەوا پێویسـتە گـەلی کـورد بـەتێکڕا وزۆر بەپەلـە ئـەم کـارە بێنێتـەدی. ئەمـە، بێجگەلـەوەی لـە ڕاپۆرتەکـەدا ئاماژە بـە زینـدوویی خێڵایـەتی وهۆزگـەرایی دراوە، وەك نەنگیی ودواکەوتوویی گـەلێکی دێـرین. هـەروەها، جارێکیتر باس لـە نەخوێنـدەواری کـراوە. دواتـریش، ئاماژە بە عەقڵییەتی کۆنزەرڤاتیزمیی وفەندەمێنتاڵیزمیی وئیتیکی حکومەتە ناوەندییـەکان، ویـاریکردن بە ئاوەزی بەرەکان وتاکی کورد، لەو ناوەدا کراوە.

ئەگەر لە ناوخۆ، هەموومان ڕێکباین
وێکڕا ملکەچی تاك سەروەرێك باین
ڕۆم وعەرەب وعەجەم تەمامی
سەرتا پایا نمان دەبووە غولامی
دین ودەوڵە تمان بۆ خۆ ڕێك دەخست
عیلم وحیکمە تمان دەخوێند بست بە بست [1]

کاتێـك، کۆمسـیاری بـەرزیش، وازی لـە سیاسـەتی پێـدانی مـافی سـەربەخۆیی بـە کوردسـتانی باشوور هێنا، وسیستمی بەڕێوەبردنی وەك شوێنەکانی دیکەی عێراق، لەوێش پیادەکرد، لێ ئـەم بڕیـارە، لە ڕاستیدا تەنها لەلایەن کۆمسیاری بەرزەوە نەدرابوو، بەڵکو سیاسەتی لەندەنیش هەر بەو جۆرە بوو. لە ناوەڕۆکی بەیاننامەیـەك لـەو پەیوەندییـەدا، ئـاوا هـاتووە: "ئێمـە، دامەزرانـدنی کوردسـتانی سـەربەخۆی باشـوور، لـە ژێـر سەرپەرشـتی بـەریتانیادا بـە ئـەرکی خۆمـان دەزانـین. بـەڵام، بـە لەبەرچـاوگرتنی دواکەوتوویی ئەم ناوچەیە وکەمی ڕێگەی پەیوەندی وگەیشتن ونەبوونی یەکێتی لەناو هۆزەکاندا، ناچار بـوو ین لـە ڕێگـەی دیکـەوە، دەسـتمانکرد بـە گێڕانـەوەی یاسـا وهێمنـی ولەبـەر هۆکـارە ئـابووری وجوگرافییەکان، پرسی سەربەخۆیی هەڵدەگرین بۆ داهاتوو." [2]

بێجگەلەوەی، هەمان مەبەستی قسەکانی پێشوو دووبارە بووەتـەوە، کـە خـۆی لـە نەخوێنـدەواری ونـەزانی ودواکـەوتوویی ونـەبوونی یەکێتییـەکی سەرتاسـەری نێـو هـۆز وخێڵـە کوردییـەکان ونـەبوونی سیسـتمێکی پێشـکەوتووی ژیارانـە بـۆ کۆمـەڵگای کـوردی ئـەو سـەردەمە ونـەبوونی یـان دواکـەوتوویی هۆکارەکانی پەیوەنـدیکردن، هـەروەها وێـڕای کاریگـەریی فاکتـەرەکانی ئـابووری وجوگرافیـا کـە ئامـاژەی پێدراوە، بەڵام لێرەدا شتێکی تـازە هاتووەتـە نێـو بابەتەکـەوە، کـە مەبەسـتی ئـەو پەیوەندییـە ئـاڵوگۆڕەی نێوان بەریتانیای مەزن وکۆمسیاری باڵا، دەخاتـە ژێـر پرسـیارگەلێك، کـە ئایینـدە وچارەنووسـی گـەلێکی بێدەرەتان دیاری دەکا. ئەویش ئەو بڕگەیەیە کە دەڵێت "پرسی سەربەخۆیی هەڵدەگرین بۆ داهاتوو."

بێمکووڕیکردن، مەبەست لە سەربەخۆیی گەلی کوردە. بەڵام، ئایا ئـەو سـەربەخۆییەی لـەو کاتـەدا

[1] شا چیرۆکە شیعری مەم وزین، شاکاری خانی، شاعیری گەورەی کورد.

[2] سـەرهەنگ شـێخ عەبـدول وەحیـد: کـورد ونیشـتمانەکەی، و: سـامان عەبـدوڵڵا، چـاپی یەکـەم، بەڕێوەبەرایـەتی خانـەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٦١

هەڵپەسێردرابوو، یان وەلانرابوو یاخود بابڵێین کاتی جێبەجێکردنی گونجاو نەبووە، ئایا ئێستاکێ کاتی هاتووە وگونجاوە بۆ جێبەجێکردن؟ واتە، ئایا پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەك بەسەر ئەو ڕاسپاردە وبۆچوونانەدا، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە گەلی کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن سەروەری خۆی، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیپێدا بنرێ وبتوانێ پەیوەندی نێودەوڵەتی ببەستێ؟ ناکرێت، بە شێوەیەك سەیری ئەو ڕاسپاردانە بکەین کە تەنها بۆ ڕاییکردنی یەکتر بووە، یان بۆ کات کوشتن وهەڵخەڵەتاندنی خۆیان یاخود گەلێك بووە. بەڵکو، هەر هیچ نەبێت، گەر پابەندبوونی یاساییشی نەبووبێ، ئەوا جۆرێك لە پابەندبوونی ئاکاریی ودپلۆماتیی وپیشەیی دووسەرەی لەخۆگرتووە. هەڵبەت، ڕۆژگار ئەوە دەسەلمێنێ کە کاتی بەجێهێنانی ئەو ڕاسپاردەیە هاتووە یان نا. هەرچەندە، پێدەچێت ئێستاکە بەهۆی گۆڕانکارییە هەنووکەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، وبەهۆی فاکتەرگەلێکی ئابووری وسیاسی وجیۆسیاسی وجیۆپۆلەتیکی ولەسەرووی هەمووشیانەوە، کارلێکی بەرژەوەندییەکان، کاتێکی زۆر گونجاو بێت بۆ بەجێگەیاندنی ئەو کارە.

جارێکیتر، گەر بگەڕێینەوە سەر بابەتی سایکۆلۆژیا، دەکرێت ئاماژە بە ڕەفیق حیلمی بدەین،لێ لە یاداشتەکانیدا ئەوەی خستووەتەوە ڕوو، کە سەرکردە کوردەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەردەم بە گفت وبەڵێن وکاریگەریی ئایین وپارە وخەڵات وپلە وناونیشان وشۆرەتی عوسمانییەکان ودواتریش کەمالییەکان، تەفرە دراون وبەئاسانی هەڵخەڵەتاون. واتە، ئەوە سایکۆلۆژیای سەرکردە کوردەکان دەردەخات لەو کاتەدا، کە هێندە نەخوێندەوار وسیاسەتوان نەبوون.

لە بەشێکیتردا، باس لە شێخی نەمر دەکات، کە تورکەکان بە فڕوفێڵ تەفرەی دەدەن تا بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. ئەوەتا، باس لە نوێنەرانی ئۆزدەمیر دەکات، کە چۆن سەرقاڵی نامەهێنان وبردنی نێوان ئۆزدەمیر وشێخ بوون. لەوەش گرنگتر، ئەوەیە کە دیوەخانی مەلیکی کوردستان، ببووە میوانخانەی ئەفسەر ونامەبەران وجێی لێکۆڵینەوەی نامە ومەزبەتەکان. تەنانەت، بەشێکی خەڵکی سلێمانی وبەشێك لە کۆلکە مەلاکان، (فەتوا)ی ئەوە دەدەن کە هەرچی (منەوەرانی کوردستان)ە، دەبێت لەگەڵ سیخوڕەکانی ئینگلیزدا بکوژرێن. دەڵێت: "شێخ مەحموود، کە وای دەردەخست متمانەی گەورەی بەمن هەبوو، لەم لایەنەوە هەموو شتێکی لێشاردبوومەوە. وا دیاربوو، منی بە دۆست ولایەنگری خۆی ئەزانی وباوەڕی بەمە کردبوو. بەڵام، وەکیتر، بە دوژمنی تورکی دائەنام." [١]

دیارە، بەم هۆیە وهۆگەلێکیترەوە، چیتر سیاسەتی ئینگلیز، ئەوە نەبوو کە ئیتر ئاوڕ لە شێخ بدەنەوە. هەربۆیە، ویستیان لە ترسی ئەوەی جارێکیتر شۆڕش لە لایەن کوردەکان لە باکوور وعەرەبەکان لە باشوور هەڵنەگیرسێتەوە، لەبەرئەوەی دەبووە قورساییەکی ئابووری زۆر لەسەر خەزێنەی بەریتانیا، وەلێ وایان بە باش دەزانی کە حوکمی کوردستان زیندوو بکەنەوە وئەمجارە (حەمدی بەگی بابان) لە جێی شێخ دابنێن. ئەمەش، گەمەی سیاسی ساتەوەختی ئینگلیز بووە، کە هەردەم لە کاتی نشوستیدا قەوانی حوکمداریی لێداوەتەوە وهانی کوردانی داوە بۆ بەگژاچوونەوەی تورك.

[١] ڕەفیق حلمی: یادداشت، کوردستانی عراق وشۆڕشەکانی شێخ مەحموود، بەشی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوان- بەغدا، ١٩٨٨، ل ٦٢٧

بەلاّم، دواتر مێژوونووسی کورد، ئاماژە بەوە دەدات کە ساردی دەکەوێتە نێوان حەمدی بەگ وئینگلیزەوە. هۆکارەکەشی، ئەوەیە کە دیسان (ئۆزدەمیر) نامەشی ناردووە بۆ حەمدی بەگ وهەڵیخەڵەتاندووە. گوایە، موسڵ، هەر دەدرێت بە تورك وئینگلیزیش کورد دەدەن بە دەستەوە، وجوان نییە بۆ ئەو کە دوای ئینگلیز بکەوێت. حەمدی بەگیش، وەلاّمی داوەتەوە کە تورکی خۆش دەوێت وباسی برایەتی کورد وتورکیشی کردووە. ئینگلیزەکانیش، ئەم نامەیەیان بەردەست کەوتووە وبەو هۆیەوە وازیان لە حەمدی بەگ هێناوە. لەوەش زیاتر، نووسەری ئەم یاداشتانە کە ڕەفیق حیلمییە، دەڵێ: "خۆم لەگەڵ ئەحمەد تەقی وفەتاحی ئەمینی عەتار (ژنبرای شێخ)، بە ناوی حوکمداری کوردەوە، ساڵی (١٩٢٢ز) چووینەتە لای ئۆزدەمیر (سەرۆکی لەشکرە بچووکەکەی تورك)، لە ڕەواندز. لەوێشەوە، لەگەڵ فەوزی بەگ وڕەمزی بەگدا، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ گەورەکانی حکومەتی ئەنقەرە سەبارەت بە مەسەلەی کورد، چوونەتە تورکیا..[1]

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا، دەکرێت بپرسین، ئایا ئەم ئۆزدەمیرە چی بوو وا ئەم هەموو کەڵەپیاو وشۆڕشگێڕ ومنەووەرانەی کوردی هەڵخەڵەتاند؟ یەکێ نەیزانی، دوان نەیانزانی، یان هەر هەموو نەزان بوون؟ کەواتە، گەر بڵێین زۆرینەی کورد سیاسەتزان نەبوون، ئەوا بێشك ڕاست دەکەین. گەر ئەوانە، لەبەردەم سیحری کەسێکدا واقیان وڕما ومەست وسەرسام بوون. گەلۆ، ئاخۆ نەتەوەیەك لەبەردەم دەوڵەتێکدا چی بەسەر دێت؟

---

[1] ناهیدە ڕەفیق حیلمی: بەسەرهاتی ڕەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٥، ل ١٥٤– ١٩١

# دەرەنجام

ئەدگاری گۆڕانکارییە سیاسییەکان ورووداوە هەنووکەییەکانی ڕۆژهەلاتی ناڤین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، کە ئەمڕۆکە پێدەچێت ڕێڕەوی سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان وشێوازی گەمەی سیاسی، جۆرێك لە گۆڕانکاری بەخۆوە دیبێ. گەر، چاوێك بە لاپەڕەکانی مێژوودا بخشێنینەوە، هەڵبەت لێکچوونێك لە میکانیزم ونەخشەڕێگا وکۆئامراز وئەنجامەکانی جەنگە یەکلەدوای یەکەکانی زلهێزانی دوێنێ وکردە سەربازییەکانی ئەمڕۆدا بەدی دەکەین. لێ، سەردەم وجۆری چەکەکان وتەکنەلۆژیا وبکەرەکان، گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، گەرنا هەمان گەمە وهاوکێشەی سیاسی وپێگەی جوگرافی ونەخشە ولەوەش گرنگتر، هەمان وتەی ئیمپریالیزم وبەرژەوەندی وداگیرکاریی دووبارە دەبنەوە.

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، کاتێك بەرژەوەندی وخواستی زلهێزان، بەتایبەت بەریتانیای مەزن، لەسەر ئەوە بوو، کە دەوڵەتێکی کوردی وەك نێوەند لە نێوان تورکیای کەمالی وعێراقی عەرەبی چاوەڕوانکراو، یاخود سنووری ولاتانی عەرەبی تازەنەخشێنراودا دروست بکەن، بەلام دەرەنجامی کۆتایی بەرژەوەندییە بالاکان وهاوکێشە سیاسییەکانی دەوڵەتانی ئیقلیمی ونێودەوڵەتی وئەقڵیەتی خێڵەکی کوردی، کە گەورەترین کۆسپ وڕێگر بوون لەبەردەم ئەو پرۆژەیەدا، نەیانهێشت گەلی کورد ئەو خەون وئاواتەی بێتەدی، ودواجاریش نەیتوانی فریای ئەو شەمەندەفەرە بکەوێت کە تازە کەوتبووە جووڵە وئالای سەربەخۆیی وئازادی ئەو نەتەوانەی هەڵکردبوو، کە تازە بە بوونی خۆیان شاد ببوون.

واتە، لەبری ئەوەی وەکی ئەرمینیا وعێراقی عەرەبی، کە بوونە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، کوردیش بە هەمان مافی چارەنووسی خۆی یان دەوڵەتی خۆی بگەیشتبا، لێ وەك پاشکۆیەك بەو دەوڵەتە نوێیەی بە دەستی کاربەدەستانی سیاسی بەریتانی نەخشێنرابوو، لکێنرا. ئەمەش بەمانای، ڕەتکردنەوەی ڕاسپاردە (١٤) خاڵییەکەی سەرۆکی پێشووتری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ودرۆ ولسن) بوو، کە باسی لە پێویستیی بەدەوڵەتبوونی ئەو نەتەوانەی سنووری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکرد، کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم لەدەست عوسمانییەکان ڕزگاریان ببوو، بەلام هێشتا ئەو نەتەوانە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان نەبوون. یاخود، وەلانانی بڕگەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی پەیماننامەی (سیڤەر)ە، کە هەر لە سەرەتاوە بە مردوویی لەدایك ببوو.

گەلی دۆست وبرادەرینە، ئەوڕۆ پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەك بەسەر ئەو ڕاستی ونەهامەتییە گەورەیەرا، بەسەر وشکبوونی ئاواتی گەلێکی ستەمدیدەدا، بەسەر چەندین شۆڕش وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد وئەو هەموو خوێنڕشتنەی ڕۆڵەکانی کورد لەپێناو ئازادیرا، ئیدی سەرلەنوێ ئاواتەکان چرۆ دەکەن، باخی خەونمان شین دەبێ، ئایدیالیزمەکان دەبنە ڕیالیزم، بزر دەبێتە بوون، چیتر کۆیلە وانەی ئازادی دەڵێتەوە، گەرووی دەمەکان بۆ نەغمەی سەربەخۆیی دەکرێنەوە. ئیدی، لەوە دەچێت، گەلی کورد پەنجەکانی لەگەڵ کەمانچەی دەوڵەتدا بۆ ژەنینی جوانترین ئاوازی سروودی سەروەری، نەرم بکات. دووبارە، دوژمانی دوێنێ، هەمان خواستی پێرێیان بەسەردا هاتبێ. جارێکی دی، بە جۆرێك لە جۆرەکان، بابەتی ڕاسپاردە وبڕیارگەلەکان هاتبێتنەوە بەر مەیان. پێدەچێت، تازە بە

تازە، (ئەوان) لە گرنگیی ئازادی ونەریێنی هەڵەکانی دوێنێی خۆیان گەیشتبن، یاخود بەرژەوەندی ئەمڕۆ ودەرەنجامی سیاسەتی سبەی، ئەو ڕاستییانەی پێ قبوول کردبن. نەخێر، لەوەش زیاتر، پێدەچێت هەوڵەکانی خۆمان وداکەوتی ئەمڕۆی گەلانی جیهان، جێبەجێکەری ئەو ڕاستییانەبن. یاوەکو، بەری درەختی دیموکراتییە وتامکردنی تایبەتە بە گەلی کورد. هەرچۆنێك بێت، ئەمە ڕاستییەکە وحاشاهەڵنەگر، چیتر بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێ، نکوولی لە بوونی گەلێکی قارەمان ناکرێ. هەربۆیە دەوترێ، داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ، قەت بەرناگرێ.

ئەوانەی وتران، ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین، لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی ئەمڕۆی زلهێزان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لێ هەوڵەکانی گەلی کوردیش بەگشتی وبەتایبەت لە کوردستانی باشوور، کە ئێستا هەرێمی کوردستانی عێراقە ودوێنێ (ویلایەتی موسڵ) بوو، زیاتر بەرەو تەندروست ودیموکراتیزەبوون دەچێ. ئەوجا ئەوەش، فاکتەری تێڕوانینێکی ناوازەی ئاوەزباوەڕیی حکومەتی هەرێم بۆ پێشهاتەکان ومیکانیزمی سیاسەتە ناوخۆیی ودەرەکییەکانی بێت، یان بوونی ئۆپۆزسیۆن وخوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی عقلانی بۆ دەسەڵات بێت، وە یاخود ئامادەباشیی خودی کۆمەڵگا بێت بۆئەوەی لە قۆناغی دیموکراسی سیاسییەوە بەرەو قۆناغی دیموکراسی کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی وکەلتووری هەنگاو بنێ، وەیان وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، کارلێکی بەرژەوەندی ولەبەرچاوگرتنی بڕی سوود وقازانج بێت. گرنگ ئەوەیە، ئێستا گەلی کورد لە سەرەتای پرۆژەیەکی نەتەوەییدایە کە دەرخستنی ڕەگەز وشووناس وفەرهەنگ وزمان وکەلتوور وئایین، دەبێتە سەردەفتەری کارەکانی. بەمەش، ڕەوڕەوەی مێژوو وەك مەکۆیەك، گەلی کورد دەگەیەنێتە ئەو وێزگەیەی بەر لە سەدەیەك خودی کورد لەوێندەرێ بوو هەر لەوێش جێهێڵرا، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە هەمان کورد چاوەڕوانی گەڕانەوەی هەمان ئەو شەمەندەفەرە بکات، کە نزیك بووەتەوە ولێدانی شووتەی بووەتە کەڕەنای سەربەخۆیی، کە پێشتر گەلانی هاوسێی هەڵگرتبوو، وگواستبوونیەوە بۆ هەوارگەی نوێی خۆیان.

کۆتا وەلام، ئەوەیە کە دەبێت پێش هەموو شتێك گەلی کورد یەکڕیزیی ویەکدەنگیی خۆی بپارێزێ وتۆکمەتری بکات. تاکی کورد، ئەرکی سەر شانی خۆی بزانێت، ولۆیالی (ولاء)ی بۆ خاك ونەتەوەکەی هەبێ. پاشان، لەسەر حکومەتی هەرێمیشە کە ئەرکی خۆی لە ماف وخۆشگوزەرانیی هاوولاتیان جێبەجێ بکات وهەوڵی بەهێزکردنی هەژموونی خۆی بدا، بەوەی هێزی سیاسی فەرمانڕەوا بکاتە دەسەڵاتی سیاسی ڕاستەقینە. لەوەش گرنگتر، کارکردنە لەسەر دروستکردن وبەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی وبوونی تاکی کورد. زۆر لەوانەش گرنگتر، پەڕینەوەی دەسەڵاتە لە دیموکراسی سیاسییەوە بۆ دیموکراسی کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی وئابووری وزۆرێکیتر، وپاشان پەیڕەوکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ویەکسانی وشەفافیەت وبەیاساکردنی دەسەڵات. بەم جۆرە، دەسەڵات، ڕەوابوون ومانەوەی خۆی مسۆگەر دەکات. لەبەرئەوەی، تەنها تاکەکانی کۆمەڵگایە، کە بڕیاردەری مانەوەی حکومەتەکان وهێزە سیاسییەکانن، لە سیستمی دیموکراتی وپێشکەوتوودا. هەروەك (لینکۆڵن) دەڵێت: دیموکراتی دەسەڵاتی خەڵکە، لە ڕێگەی خەڵکەوە ولەپێناوی خەڵکدا.

**ئازاد تۆفیق خەیات**

**بەهاری ٢٠١٢**

## پاشكۆكان:

### اتفاقية سيفر
### ١٠ أغسطس ١٩٢٠
### الجزء الخاص بالأكراد
### القسم الثالث : كردستان

#### البند ٦٢

ستحضر لجنة مركزها القسطنطينية مؤلفة من ثلاثة أعضاء تعين كل واحد منهم إحدى الحكومات الثلاث . الإنجليزية والفرنسية والإيطالية ، وذلك فى خلال ستة أشهر من تاريخ تنفيذ اتفاقية الاستقلال الذاتى هذه بشأن المناطق التى يقيم فيها العنصر الكردى الكائنة شرقى الفرات . وقبلى الحد الجنوبى لأرمينيا . كما يمكن تحديدها فيما بعد . ويجرى الحد التركى مع سوريا والعراق طبقًا للوصف المبين فى النصين الثانى والثالث من الفقرة الثانية من البند رقم ٢٧ ، أما فى حالة عدم الاتفاق على أى موضوع فإنه يحال بمعرفة أعضاء اللجنة كل منهم إلى حكومته . ويجب أن يشمل هذا المشروع الضمانات الكافية لحماية الكلدان والآشوريين والأقليات الأخرى جنسًا ودينًا فى داخل هذه المناطق . ولهذا الغرض ستعاين لجنة من ممثلى بريطانيا وفرنسا وإيطاليا والعجم والكرد الأماكن لتعرض وتقرر التصحيحات . وإذا رؤى أنه يجب إجراؤها على حدود تركيا . إذ إنه بناء على نصوص هذه الاتفاقية ينطبق الحد المذكور مع حد العجم .

#### البند ٦٣

« تتعهد الحكومة العثمانية ابتداء من اليوم بأن تقبل وتنفذ قرارات كل من لجنتى القومسيون المذكورتين فى البند رقم ٦٢ فى خلال ثلاثة أشهر من تاريخ التبليغ الذى ستعلن به » .

#### البند ٦٤

« إذا قدم فى ميعاد سنة ابتداء من تاريخ تنفيذ هذه الاتفاقية الشعب الكردى المقيم فى المناطق المعينة بالبند رقم ٦٢ طلبًا لجمعية الأمم مفصحًا بأن أغلبية شعب هذه المناطق يرغب بأن يكون مستقلاً عن تركيا . وإذا أنست الجمعية المذكورة أن هذا الشعب قادر على الاستقلال أوصت بذلك فتتعهد تركيا من الآن بأن تعمل بهذه التوصية، وتتنازل عن جميع حقوقها وامتيازاتها فى هذه المناطق ، وستكون تفصيلات هذا التنازل موضوع اتفاق خاص يعقد بين أهم دول الحلفاء وبين تركيا . ففى حالة حصول التنازل ، وعندما يحصل لا ترفع أى معارضة من قبل دول الحلفاء المذكورة نحو اتحاد الأكراد المقيمين فى جزء من أراضى كردستان الداخلة إلى اليوم فى ولاية الموصل اتحادًا بمحض إرادتهم مع حكومة الأكراد المستقلة » .

* * *

## رسالة الملك محمود إلى السوفييت

« رسالة الملك محمود إلى السوفييت ١٠ يناير سنة ١٩٢٣ » إلى حضرة سيادة قنصل روسيا المظفرة المجيدة فى أزربيجان : مع تأكيد احترامى أرسل تحياتى . فى سنة ١٩١٧ عندما طرق العالم صوت الحرية الحقيقية وتحرير الشعوب من أنياب ومخالب الطغاة والجناة المفضوحين . رحبت به جميع الشعوب والأقوام المستعبدة على وجه الأرض ترحيبًا كثيرًا ، وقامت بالنضال والتضحية فى سبيل الحرية متأملة من شرف وحسن نية الشعب الروسى تحقيق آمالها ومطاليبها ، أما ما يخص حقوقنا فمعلوم فى أغلب الجرائد كيف أن البريطانيين المتعطشين لسفك الدماء وامتصاص دماء الشعب أنزلوا بالشعب الكردى تلك الضربات القوية والشديدة للغاية من المدفعية والأسلحة النارية والقنابل المحرقة دون تفريق بين النساء والأطفال والرجال ، وذلك سنة ١٩١٩ أى قبل أربع سنوات . وعندما أراد الشعب الكردى والمستعبد تحقيق حقوقه ومطاليبه المشروعة والقانونية فى العاصمة - السليمانية - ولسوء حظ الشعب الكردى فإن الأوضاع الداخلية فى حكومة روسيا المجيدة كانت تسير بشكل لا يسمح لها بأن تتعقب أوضاع الشعوب الأجنبية المستعبدة المضطهدة . إن هذه الحالة قد استمرت إلى أن ظهر الشعب الروسى القوى بفطرته وحسن نيته وصدق غايته حيث تمكن - الحمد لله - أن يكشف عن قدرته العظيمة أن الشعب الكردى المستعبد المضطهد يتشرف بأن يراجعكم حول الأمور الآتية . إن جميع شعب كردستان الجنوبية ميال جدًا إلى صداقة ومساعدة الحكومة الروسية المجيدة ، وإلى التضحية فى سبيل هذه الصداقة كشرط أساسى وضرورى الاعتراف رسميًا بحقوقنا القومية والرسمية ، ولأجل إظهار علاقتنا هذه إلى الرأى العام العالمى ، وتقوية قدرتنا ونفوذنا بصورة عامة ، وإضعاف قدرة العدو يحتاج من جانبنا إلى بعض المدافع والرشاشات والطائرات والأسلحة ومعداتها ومؤنها . وسيخبركم التفاصيل شفهيًا القائد الخيال العقيد رشيد أفندى وسكرتيرى عارف أفندى ، وأخيرًا لنا الأمل فى أن تحقق الحقوق القومية والقانونية للشعب الكردى الذى يمد إليكم حالاً يد الصداقة والأخوة . تلك الأخوة والصداقة والاتحاد التى يرغب فيهما معكم جديًا وقلبيًا و، معلوم لديكم جميعًا أمر الهدنة وضد من كانت ثورتنا فى كردستان الجنوبية موجهة . وكذلك علاقات الحكومة المجاورة بكل ذلك . وطبعًا فإنه ليس بالإمكان أن نكتب لكم عن جميع أعمالنا بالتفصيل فى الوقت الذى لا توجد بيننا وبين الحكومة السوفييتية التى نعتمد عليها ونحسبها سندًا لنا علاقات دبلوماسية حتى الآن . ولكننى أتمكن من أن أقول شيئًا واحدًا هو أن الشعب الكردى بأجمعه يعتبر الشعب الروسي محرر الشرق . لذلك فهو حاضر ومستعد لأن يربط مصيره بمصيره . وأن أهم ما يشغل بالنا هو قضية مساندتنا . إن الشعب الكردى ينتظر بفارغ الصبر تأسيس العلاقات بيننا . وإذا أقيمت هذه العلاقات وتحقق التكامل والتضامن الذى أحلم به فحينذاك سيتحرر الشعب الكردى . ومن الجدير بالذكر أنه إذا تحققت هذه الواقعة الهامة فستكتب مجهوداتنا ونضالاتنا كلنا بحروف ذهبية فى التاريخ .

**التوقيع**

**ملك كردستان**

**محمود**

* * *

# نامەی کیسنجەر بۆ بارزانی

**دەقی نامەکە**

ئازیزم جەنەراڵ 	١٩٧٥/٢/٢٢

بەوەرگرتنی نامەکەی مێژووی ١٩٧٥/١/٢٢تان زۆر دڵخۆش بووم و دەمەوێ ڕێزی خۆمان بۆ ئێوە و گەلەکەتان و پاڵەوانیەتییەکانتان دەرببڕم. ئەو گیروگرفتانەی ڕووبەڕووتان دەبنەوە بەڕاستی زۆر زلن و، ڕێزی خۆم بۆ ئەو شیکارییە سەربازی و سیاسییانەتان دەردەبڕم کە لە نامەکەتاندا هاتووە. دەمەوێ لەوە دڵنیا بن کە نامەکەتان جێی بایەخێکی زۆرە لەسەر باڵاترین ئاستەکانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەر ئەو بایەخە گەورەیەی کە ئەو بابەتە لای ئێمە هەیەتی.

ئەگەر ویستتان کەسێکی باوەڕپێکراو بۆ واشنتۆن بنێرن بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر بدات بەحکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبارەی بارودۆخەکە، ئەوا دڵخۆش دەبین و شەرافەتمەند دەبین کە لێرە پێشوازیی لێ بکەین. من دڵنیام کە نەدرکاندن و نهێنی لەبارەی پرسەکەوە هۆکارێکی هەتا بڵێی گرینگ و بەبایەخە بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی تا ئێستە تەواومان کردووە. ئەو نهێنییە شان بەشانی پەرۆشیمان بۆ سەلامەتیی خۆتان ئەو هۆیە بوو وای لە من کرد دوودڵ بم بۆ پێشنیازی چاوپێکەوتنی من لەگەڵ ئێوە لێرە. چاوەڕوانی وەڵام دەبم لە ئێوەوە.

ئیدی جوانترین ئاوات و ڕێزم قەبووڵ بفەرموون

هنری کیسنجەر H.K.

**نامەکان لە ویکیپیدیاوە وەرگیراون**

## نامەی بریجنێف بۆ بارزانی بەبۆنەی ڕێککەوتننامەی ئادار

دۆستی ئازیز مستەفا بارزانی

بەپێخۆشبوونێکی قوولەوە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی چارەسەری کێشەی کوردمان بەشێوەی چارەسەرییەکی ئاشتییانە، زانی. بەبۆنەی ئەم دەسکەوتە گرینگەی کە سنوورێک بۆ جەنگی درێژی نێوان برایان دادەنێت و، دەبێتە هۆی چەسپاندنی یەکەتیی نیشتمانی و دۆستایەتی لە نێوان نەتەوەکانی عێراق، بێگەردترین پیرۆزباییتان پێشکێش دەکەم. بروامان وایە کە دانپیانان و چەسپاندنی ئاشتی و متمانە لە عێراق ڕێی ئەوە بەکورد دەدات کە بەمافە دیموکراتییە نیشتمانییەکانی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا شاد بێت و ئاسۆی لەباری بۆ دەکاتەوە بۆ کارکردنی بنیاتنەرانەی ئاشتییانە بۆ کورد و عارەب و خۆشگوزەرانییان. بێگومان ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد زەبرێکی پشتشکێن بەئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دەگەیەنێت کە هەوڵ و تەقەلا دەدەن پوازێک لە نێوان هەردوو گەلی برادا داکوتن. هیوای خۆمان دەردەبڕین بەوەی کاتێک ئێوە گیانێکی نیشتمانپەروەرانەی هۆشیار و هەست بەبەرپرسایەتی کردنی نیشتمانیتان لە ماوەی وتوویژ لەگەڵ حکوومەتدا پێشان دا، ئێوە بێگومان لە داڕۆژدا یارمەتیی بەرفرەوانکردنی هاوکاریی نێوان هەموو هێزە دیموکراتەکانی دژ بەئیمپریالیزم لە کۆماری عێراقدا دەدەن لە پێناوی پەرەپێدانی بەردەوام لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

سکرتێری گشتیی کۆمیتەی ناوەندیی
حزبی شیوعیی سۆڤیەت
لیۆنید بریجنێف

**نامەکە لە ویکیپیدیاوە وەرگیراوە**



وێنەیەکی ناوازەی شێخ سەعیدی پیران (*).

پـێش دووسـاڵ بـەر لەهەڵایـسانی شۆڕشـی ١٩٢٥ ، شـێخ سـەعید ئـەم وێنەیـەی لـە زێدی خـۆی لـە شارۆچکەی (بالو) گرتووە ، پشتی وێنەکە بەزمانی تـورکی و بـە پـیتی لاتـینی شـوێنی وێنـەگرتن و شارەکەی لەسەرە ، کەوێنەگری (پیزار)ە بەرامبەر دائیرەی بەلەدیەی شاری (ئیلازیگ - ئیلازیغ).

مێژوو : ساڵی ١٩٢٣ .

شوێن : شارۆچکەی بالو.

بۆنە : یادگاری .

**وێنەکە لە ویکیپیدیاوە وەرگیراوە**



**شێخ مەحموودی نەمر، یەکەم مەلیکی کوردستان**

**وێنەکە لە ویکیپیدیاوە وەرگیراوە**




کۆمەڵێك لە ئەفسەر و سەرباز و چەکدارەکانی سەردەمی یەکەم حوکمڕانی (حکومەتی) شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی .

ئەفسەرەکان جلی سەربازیان لەبەردایە ، ئاڵاکەی کوردستان کەوێنەی مانگێکی تیایە بەدەستی یەکێك لە چەکدارەکان بەزکراوەتەوە . لەناویاندا ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکە لەبەردەم ئاڵاکەدا دانیشتووە* هەروەها لەنێو ئەوانەدا چەند سەرەك عەشیرەتێك ئامادەبوون .

مێژوو : ساڵی ١٩١٩ .

شوێن : ناو مزگەوتی گەورەی سلێمانی .

بۆنە : دوای پێك هێنانی یەکەم حکومەتی شێخ مەحمود ی حەفید لە ١٩١٨/١١/١٨ بەچەند مانگێك بۆ سوێند خواردن وەك نەریتێکی ئەو دەمانە ، لە مزگەوتی گەورەی شارەکە ئامادە دەبوون تاوەکو سوێند بخۆن**

* تەختی ئاڵاکە - ڕەنگی شینە وێنەی مانگەکەش سپی یە .

** دوای پیشاندانی وێنەکە لەلای زۆر لە کەسانی شار ، بەڵام کەسیان نەناسراونەتەوە .

**وێنەکە لە ویکیپیدیاوە وەرگیراوە**



*The First Division of the National Army takes oath to serve the Kurdish nation, July 11, 1922, in front of the flag of the government of Shaikh Mahmud*

Unknown/Courtesy Rafiq Studio

**دووەم کابینەی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی نەمر**

**وێنەکە لە ویکیپیدیاوە وەرگیراوە**




**پێشەوا قازی محەمەد وبەشێك لە ئەندامانی حکومەتەکەی**

**وێنەکە لە ویکیپیدیاوە وەرگیراوە**



شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی
بەغدا - کانوونی یەکەمی ١٩٥٨

**وێنەکە لە ویکیپیدیاوە وەرگیراوە**




ل.چ : ١- عومەر مستەفا(عومەر دەبابە) ٢- محەمەد ئەمین فەرەج(رەئیس حەمە ئەمین)
٣- جەلال تاڵەبانی(مام جەلال) ٤- حەسیب صاڵح(ئەندازیار و داڕێژەری بینای حەسیب صاڵح – سلێمانی پالاسی ئێستا) ٥- ؟ شەشەم و حەوتەم ، دوو کارمەندی ئوتێلەکەن

مێژوو : ١٩٧٠/٣/٢١

شوێن : صدر القناة (قەناتی جەیش)— بەغدا

بۆنە : بانگهێشتکردن بۆ ئاهەنگی یادی ساڵانەی جەژنی نەورۆز .

**وێنەکە لە ویکیپیدیاوە وەرگیراوە**



سەرداری هەورامان مەحموودخانی دزڵی
یەکەم دڵسۆز و پاڵپشتی شێخ مەحموود

**وێنەکە لە ویکیپیدیاوە وەرگیراوە**


Simko in Sulaimania

Unknown/Courtesy Rafiq Studio

**سمکۆی شکاك وکۆمەڵێك لە جەنگاوەرانی**

**وێنەکە لە ویکیپیدیاوە وەرگیراوە**

# سەرچاوەکان:

## سەرچاوە کوردییەکان:


١. ئەرشاک سافراستیان: کوردستان وکوردەکان، و: خالید هەرکی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی وئەدەبی نما، چاپخانەی شەهاب- هەولێر، کوردستان، ٢٠١٠
٢. د. ئەحمەد مەحموود ئەلخەلیل: مێژووی کورد لە شارستانی ئیسلامدا، و: زرار عەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند- سلێمانی، ٢٠١١
٣. ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازی، و: هوشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٤
٤. دوکتۆر ئەفراسیاو هەورامی: کورد لە ئەرشیفی ڕووسیا وسۆڤیەتدا، زنجیرەی کتێب (٩٠)، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، ٢٠٠٦
٥. ئاندرو هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧
٦. ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان- سلێمانی، ٢٠١١
٧. ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەرستانی دەرزی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی- سلێمانی، ٢٠٠٩
٨. د. ئەلبێرت عیسا: ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی سەردەمی فاشیزم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٨
٩. باقر یاسین: مێژووی خوێناوی عێراق، و: حەمە صاڵح گەلاڵی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان- سلێمانی، ٢٠٠٤
١٠. بەرزان ئەحمەد کوردە: کورد ودەوڵەت، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١
١١. پرۆفیسۆر پاڤیچ: کوردستان ومەسەلەی کورد، و: عبدالخالد صابر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٦
١٢. تاریق محەمەد عەبولڕەحیم: ڤلادیمێر ف مینۆرسکی، و: ئازاد عوبێد ساڵح، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامە نووسی وچاپ وبڵاوکردنەوە- هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٨
١٣. د. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: سۆفیزم وکاریگەریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا (١٨٨٠- ١٩٢٥)، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی (٩)- سلێمانی، ٢٠٠٨

١٤. حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسی، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩

١٥. حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وسیاسی، و: سامان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، زنجیرە (١٩٢)، چاپخانەی گەنج- سلێمانی، ٢٠٠٩

١٦. خەلیل عەبدوڵڵا: زمانی کوردی لە دەستورەکانی عێراقدا ١٩٢٥- ٢٠٠٥، ژمارەی زنجیرە (٤٦)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٢

١٧. دەیڤید کۆرن: ئەو دوو پیاوەی کوردیان لکاند بە عێراقەوە- پێرسی کۆکس وئارنۆڵد تی. وێڵسن، وەرگێڕانی: ئاوات عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاك، ٢٠٠٧

١٨. ڕایمۆند گارفیلڵ گیتیلڵ: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسولڵ وموحسین ئەدیب، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی وچاپ وبڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی،٢٠١٠

١٩. ڕەفیق حلمی: یادداشت، کوردستانی عراق وشۆڕشەکانی شێخ مەحمورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوان- بەغدا، ١٩٨٨

٢٠. ڕەفیق حلمی: یادداشت، کوردستانی عراق وشۆڕشەکانی شێخ مەحمورد، بەشی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوان- بەغدا، ١٩٨٨

٢١. ڕەفیق حلمی: یادداشت، کوردستانی عراق وشۆڕشەکانی شێخ مەحموود، بەشی سێهەم، ئامادەکردنی پاکیزە ڕەفیق حلمی، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی- بەغدا، ١٩٩٢

٢٢. ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ١٩٩٩

٢٣. ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم: و: ئارام جەمال سابیر، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، ٢٠٠٤

٢٤. ژاك ڕێتۆری: گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٨

٢٥. سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی: کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، و: سەعید ناکام، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٩

٢٦. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم: یادەوەرییە سیاسییەکانم، و: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، کوردستان، ٢٠١٠

٢٧. سیاسەتمەدارێك دەفتەری بیرەوەرییەکانی هەڵدەداتەوە (د. موکەڕەم تاڵەبانی): ئامادەکردن و وەرگێڕانی: محەمەد مێرگەسۆری- دلاوەر عوسمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی- سلێمانی، ٢٠١١

٢٨. سـياوەش گـۆدەرزی: هەوییـەتی کـورد، میـدیا، تاراوگـە، فیـدراڵیزم، و....، بەڕێوەبـەرێتی چـاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال- سلێمانی، ٢٠١١
٢٩. سـەرهەنگ شـێخ عەبـدول وەحیـد: کـورد ونیشـتمانەکەی، و: سـامان عەبـدوڵلا، چـاپی یەکـەم، بەڕیوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠١٢
٣٠. شرفنامەی شرفخانی بدلیسی: و: هەژار، لـە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کـورد- نەجەفی پیرۆز، ١٩٧٢
٣١. د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر: مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا، وەرگێڕانی: شوکور مستەفا، زنجیرەی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٩
٣٢. شێخ ڕەشید شێخ عەبدولرەحمان قادر: بەریتانیا- تورکیا- ئێران- کورد (١٩١٥- ١٩٣١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١٠
٣٣. صاڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٤
٣٤. دکتۆر عوسمان عەلی: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران جەمال بابان زادە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی، ژمارە (٨)- هەولێر، ٢٠١٠
٣٥. دکتۆر عوسمان عەلی: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران جەمال بابـان زادە، بـەرگی دووەم، چـاپی یەکـەم، لـە بڵاوکراوەکـانی پـەیمانگای جیهـانیی فیکـری ئیسلامی، ژمارە (٨)- هەولێر، ٢٠١٠
٣٦. عەبدولڕەزاق ئەسفەهانی: گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ شنۆ و ورمێ وڕەواندوز، و: زاهیر محەمەد ڕەشـید، چـاپی یەکـەم، لـە بڵاوکراوەکـانی مەکتـەبی بـیر وهۆشـیاری (ی.ن.ك)، دەزگـای چـاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩
٣٧. عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧
٣٨. عەبدوڵلا زەنگەنە: بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە (دیمانە وگفتوگۆ لەگەڵ د. کەمال مەزهەر)، چاپی یەکەم، لە چاپخانەی گرین گلۆری لە بەیروت بەچاپ گەیـەنراوە/ هـەولێر، کوردستان، ٢٠٠٩
٣٩. عیسـی پـەژمان: نهێنییـەکانی بەسـتنی پـەیمانی ١٩٧٥-ی ئەلجـەزایر، لـە ئارشـیفی تـەواو نهێنـی ساواك، و: ناصری ئیبراهیمی، سوئێد، ١٩٩٧
٤٠. فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو، و: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایـەتی خانـەی وەرگێڕان- سلێمانی، ٢٠٠٨
٤١. فیلیـپ کرینـبروك، کریسـتییەن ئالیسـۆن: کولتـوور وناسـنامەی کـورد، و: وریـا ڕەحمـانی، چـاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، ٢٠٠٨
٤٢. د. فـەرهاد پیربـاڵ: کـورد لـە دیـدی ڕۆژهەڵاتناسـەکانەوە، دەزگـای چـاپ وبڵاوکردنـەوەی ئـاراس- هەولێر، ٢٠٠٦

٤٣. د. فـەرهاد پیربـاڵ: کـورد لـە دیـدی ڕۆژهەڵاتناسـەکانەوە، چـاپی سـێیەم، ئەندێشـە بـۆ چـاپ وبلاْوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٩
٤٤. د. فاضـل حسـین: کێشـەی ویلایـەتی مووسـڵ، لێکۆڵینەوەیـەك دەربـارەی دیبلۆماسـیەتی عێـراق- بەریتانیا- تورکیا وڕای گشتی، و: محەمەد شاکەلی، چاپی یەکـەم، چاپخانـەی خـاك- سـلێمانی، ١٩٩٩
٤٥. د. کـەمال مەزهـەر: کـورد وکوردسـتان لـە بەڵگەنامـە نهێنییـەکانی حکومـەتی بـەریتانیادا، بـەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گلۆری- بەیروت/ هەولێر، هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩
٤٦. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو، چاپی دووەم، دەزگـای هیڤـی بـۆ چاپ وبلاْوکردنـەوە- هـەولێر، ٢٠٠٧
٤٧. کـەریم یەڵـدز: کـورد لـە عێـراق، و: شـاهۆ بورهان،چـاپی یەکـەم، بەڕێوەبـەرێتی خانـەی وەرگێـڕان- سلێمانی، ٢٠٠٧
٤٨. کوردستانی عێـراق لـە بەڵگەنامـەکانی وەزارەتـی دەرەوەی بریتانیـادا: لـە ئینگلیزییـەوە وەرگێڕانـی: سـەلمان عـەلی، زنجـیرەی کتێـب (٩)، بـەرگی یەکـەم، لـە بلاْوکراوەکـانی بنکـەی ژیـن- سـلێمانی، ٢٠٠٥
٤٩. گەشتنامەی پوژولا بۆ کوردستان ساڵی ١٨٣٧: وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵلاّ، لە بلاْوکراوەکـانی ئەکادیمیای کوردی- هەولێر، ٢٠٠٩
٥٠. گەیلان عەباس: فەرهەنگی ڕامیاری، چاپی یەکەم، لە بلاْوکراوەکانی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکان، کۆمپیوتەر وفۆتۆکۆپی بەفر- سلێمانی، ٢٠١٢
٥١. محمـد أمـین زکـی: کـورد وکوردسـتان، جلـد ١- ٢- ٣، چاپخانـەی (دار السـلام)- بەغـدا، انتشـارات سیدیان- مهاباد، ١٩٣١
٥٢. محمد ڕەسوڵ هاوار: کورد وباکووری کوردستان لە سەرەتای مێـژووەوە تـا شـەڕی دووەمـی جیهـان، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاْوکردنەوەی سلێمانی- سلێمانی، ٢٠٠٧
٥٣. محەمەد ڕەسووڵ هاوار: سەرجەمی بەرهەم- وتارە کوردییـەکان، بـەرگی چـوارەم، لـە بلاْوکراوەکـانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٨
٥٤. مسـعود بـارزانی: بـارزانی وبزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، چـاپی یەکـەم، بـەرگی سـێیەم، بەشـی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٤
٥٥. مسـعود بـارزانی: بـارزانی وبزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، چـاپی یەکـەم، بـەرگی سـێیەم، بەشـی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٤
٥٦. مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگـای چـاپ وبلاْوکردنـەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧
٥٧. مەیجەر سۆن: سلێمانی ناوچەیەك لـە کوردسـتان، و: مینـە، چـاپی یەکـەم، مەڵبەنـدی کوردۆلـۆجی (٨)- سلێمانی، ٢٠٠٧

٥٨. مارتین ڤان برونەسن: ئاغا وشێخ ودەوڵەت، و: د. کوردۆ عەلی، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠

٥٩. مارتین ڤان برونەسن: ئاغا وشێخ ودەوڵەت، و: د. کوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١

٦٠. میریلا گالیتی: کلتووری کوردی لە دانراوی ئیتالییەکاندا، و: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆك، ٢٠٠٨

٦١. پرۆفیسۆر م. س لازەرێف: کورد وکوردستان فاکتەرەکانی دروستبوونی کێشەکە، و: دکتۆر جەبار قادر، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی، ٢٠٠٠

٦٢. مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠- ١٩٢٠، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٦

٦٣. د. محەمەد کەمال: نیتشە وپاش تازەگەری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩

٦٤. مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم و سەفەر، کورد لە دیاسپۆرا، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠٠٥

٦٥. محەمەد بایراقدار: ئیدریسی بدلیسی، و: شکور مستەفا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٩

٦٦. د. محەمەد عەبدولغەنی: جوگرافیا وپەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، و: جەزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥

٦٧. ناهیدە ڕەفیق حیلمی: بەسەرهاتی ڕەفیق حیلمی، بەشی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠٠٥

٦٨. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا ١٩٦١- ١٩٧٥، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٨

٦٩. هیوا عەزیز سەعید: ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری کوردستان (١٩٠٠- ١٩٥٨)، بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ وبڵاوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠٠٦

٧٠. هیوا عەزیز سەعید: ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠- ١٩٣٩)، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)- سلێمانی، ٢٠٠٣

٧١. هەژار غفور سعید: پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی پرەنسیپە گشتییەکانی دانانی دەستوور، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٢

٧٢. ویلْ دیورانت: مێژووی شارستانێتی، و: ئازاد بەرزنجی، نەبەز کەمال نوری، دانا ئەحمەد مستەفا، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٧

٧٣. پ. د. وەدیع جوەیدە: جولانەوەی نەتەوەیی کورد، بنەما وپەرەسەندنی، و:ی. پ. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی سیما- سلێمانی، ٢٠٠٨
٧٤. یاداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستان: وەرگێرانی: حسین احمد جاف، حسین عثمان نێرکسەجاری، مطبعة اوفسیت حسام- بغداد، ١٩٨٤
٧٥. ی. ئی. ڤاسیلیەڤا: کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات- لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، و: د. ڕەشاد میران، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٩
٧٦. ی. ئی. ڤاسیلییڤا: شەرەفخانی بەدلیسی، سەردەم، ژیان، نەمری، و: د. ئارام عەلی، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك- سلێمانی، ٢٠٠٨
٧٧. E. af Wirsen: کۆمسیۆنی ویلایەتی موسڵ، لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، و: کاوە ئەمین، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێران- هەولێر، ٢٠١٠

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١. أرشاك سافراستیان: الکرد وکردستان، ت: أحمد محمود الخلیل، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزیع- دمشق، سوریا، ٢٠٠٨
٢. ارشاك سافراستیان: الکرد وکوردستان، ت: الدکتور احمد محمود الخلیل، الطبعة الثانیة، مطبعة دار سردم للطباعة والنشر- السلیمانیة، کردستان، ٢٠٠٨
٣. باسیلي نیکیتین: الکرد- دراسة سوسیولوجیة وتأریخیة، ت: الدکتور نوري طالباني، الطبعة الثالثة، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السلیمانیة، ٢٠٠٧
٤. بوید شیفر: القومیه عرض و تحلیل، دار مکتبة الحیاة- بیروت، لبنان، ١٩٦٦
٥. حکیم عبدالرحمن زبیر البابیري: مدینة خه لات، الطبعة الاولى، دار سپیرێز للطباعة و النشر- دهوك، ٢٠٠٥
٦. د. حکیم احمد خوشناو: الکورد وبلادهم عند البلدانیین والرحالة المسلمین (٢٣٢- ٦٢٦هجري/ ٨٤٦- ١٢٢٩میلادي)، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزیع- دمشق، سوریا، ٢٠٠٩
٧. د. حامد محمود عیسى: القضیة الکردیة في العراق من الاحتلال البریطاني الى الغزو الامریکي ١٩١٤- ٢٠٠٤، الطبعة الاولى، عربیة للطباعة والنشر، مکتبة مدبولي- القاهرة، ٢٠٠٥
٨. خالد دلیر: کیف الحقت کوردستان الجنوبیة بالدولة العراقیة؟، الطبعة الثانیة- السلیمانیة، کوردستان، ٢٠٠٤
٩. دیڤید مکدول: تأریخ الاکراد الحدیث، ت: راج آل محمد، الطبعه الاولى، دار الفارابي- بیروت، لبنان، ٢٠٠٤

١٠. روبرت اولسن: المسألة الكردية في العلاقات التركية- الايرانية، ت: محمد احسان رمضان، الطبعة الاولى، من منشورات دار آراس للطباعة والنشر- اربيل، كوردستان العراق، ٢٠٠١
١١. زبيغنيو بريجنسكي: الفرصة الثانية، ثلاثة رؤساء وازمة القوة العظمى الاميركية، ت: عمر الايوبي، دار الكتاب العربي- بيروت، لبنان، ٢٠٠٧
١٢. سون (ميرزا غلام حسين شيرازي): رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، من اصطنبول الى السليمانية، ت: فؤاد جميل، الجزء الاول، الطبعة الاولى، مطابع الجمهورية- بغداد، ١٩٧٠
١٣. سون (ميرزا غلام حسين شيرازي): رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، من السليمانية الى بغداد- الاكراد، قبائلهم وديارهم، ت: فؤاد جميل، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، مطابع تايمس- بغداد، ١٩٧١
١٤. د. عمر محمد محمد كريم: القضية الكوردية في سياسة الحكومات العراقية ١٩٣٢- ١٩٤٥، المديرية العامة للصحافة والطبع والنشر، مديرية الطبع والنشر- السليمانية، ٢٠٠٩
١٥. د. غانم محمد الحفو، أ. د. عبدالفتاح علي البوتاني: الكورد والاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١- ١٩٥٨، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع- دمشق، سوريا، ٢٠٠٨
١٦. د. فرست مرعي:كردستان في القرن السابع الميلادي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه- السليمانيه،٢٠٠٦
١٧. الكورد في الوثائق البريطانية: ت: د. عثمان علي، تسلسل الكتاب (٣٥)، الطبعة الاولى، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر- اربيل، ٢٠٠٨
١٨. د. محمد زكي البرواري: الكورد والدولة العثمانية، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع- دمشق، سوريا، ٢٠٠٩
١٩. هنري بندية: رحلة الى كردستان وبلاد مابين النهرين، ت: د. يوسف حبي، الطبعة الاولى، من منشورات دار ئاراس للطباعة والنشر- اربيل، كوردستان العراق، ٢٠٠١
٢٠. وزيري أشو: دوسية البارزاني في محفظة ستالين الفولاذية، ت: د. اسماعيل حصاف، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر- هولير، ٢٠٠٨

**گۆڤارەکان:**

1. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد: بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، ١٩٨١
2. نوێبوون، گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٣)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ئەیلولی ٢٠١١
3. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەری دەکا، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، کانونی دووەم ٢٠١٢

**ڕۆژنامەکان:**

1. کوردستانی نوێ: ساڵی حەڤدەهەم، ژمارە (٤٧٤٨)، چوارشەممە، ١٧/ ١٢/ ٢٠٠٨
2. کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٣٦)، چوارشەممە، ٢٤/ ١١/ ٢٠١٠
3. کوردستانی نوێ: ساڵی بیستەم، ژمارە (٥٣٩١)، یەکشەممە، ٣٠/١/ ٢٠١١
4. کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی بیستەم، ژمارە (٥٥٣٦)، چوارشەممە، ٢٠/٧/ ٢٠١١
5. کوردستانی نوێ: ساڵی بیستەم، ژمارە (٥٦٠١)، هەواڵ وڕاپۆرت، یەکشەممە، ٩/ ١٠/ ٢٠١١
6. ئاسۆ: ژمارە (٧٧٧)، پێنجشەممە، ٢٤/ ٧/ ٢٠٠٨
7. هەولێر: ژمارە (١٠٧٦)، پێنج شەممە، ٢٣/ ٦/ ٢٠١١

**ماڵپەڕەکان:**

1. أسماء هانم: جيوستراتيجي، اجابات، ٢١/ ٩/ ٢٠٠٩، ejabat.google.com
2. ارنست رينان: ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ٩/ اوكتوبر/ ٢٠١٠، ar.wikipedia.org
3. اكراد، التعداد الكلي: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ٢٠/ يوليو/ ٢٠١١، ar.wikipedia.org
4. جيوسياسية: من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ٢٤/ يوليو/ ٢٠١١، ar.wikipedia.org
5. دراسة موجزة لتاريخ الكورد وكوردستان الحلقة (١- ٢): الجمعية الكوردية اللبنانية الخيرية، ٢٧/ ٣/ ٢٠٠٨
6. ماهي القومية؟: منتديات زهران، ٢٨/ ١٢/ ٢٠٠٨، www.zahran.org

**<u>پارچە شیعری شاعیرانی کورد:</u>**

١. ئەحمەدی خانیٚ
٢. ئەحمەد موختار جاف
٣. بابە تاهیری هەمەدانی (عوریان)
٤. بەختیار زیٚوەر
٥. حەمدی
٦. دڵدار
٧. شیٚخ مەحموودی نەمر، (نووربەخشی)
٨. شیٚخ ڕەزای تاڵەبانی
٩. هەژار موکریانی